




# کۆمەڵێک وتووێژو چاوپێکەوتنی

## هاوڕێ عەلی بداغی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

**بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی**

# پێڕست

١- **عەلی مێهرپەروەر:** ڕێژیم هەرچی بکا ناتوانێ بەو ساختارەوە خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕێک بخاو گۆڕان بەسەرخۆیدا بێنێ.................................................................................................................. ٤

٢- **عەلی مێهرپەروەر:** حزبالله ئەهرومی فشاری ئێرانو سووریەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل................................................................................................................ ١٠

٣- **سمایل بازیار:** ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕیە کرد کە لە شەستەکاندا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو..................................................................... ١٤

٤- **مستەفا شەڵماشی:** ئەنترناسیونال سۆسیالیست دەبێ چالاکانەتر بەرگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بکا.................................................................................................................. ٢٩

٥- **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە...................................... ٣٥

٦- **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ............................ ٤٢

٧- **ئاگری ڕۆژهەڵاتی:** حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ هەوڵ بۆ پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاو بدەن........ ٤٩

٨- **د.کامران ئەمینئاوە:** کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە.................................................................................... ٥٤

٩- **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە.................................... ٦٨

١٠- **مستەفا مەولوودی:** شوناسخوازیی سەرانسەریی ئێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆڕاگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا.... .................................................................................................................. ٨٠

١١- **د. ئاسۆ حەسەنزادە:** با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە... .................................................................................................................. ٨٧

١٢- **ناسر باباخانی:** ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ!......................................... ٩٥

١٣- **مستەفا مەولوودی:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی نادەروەستە و گۆڕان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا ئەستەمە.................................................................................... ١٠٥

١٤- **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو.......... ١١١

١٥- **مستەفا مەولوودی:** بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین..... ١٢٣



سەرچاوە
Serchawe

١٦- مستەفا مەولوودی: هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە ئازاد و دێموکراتیکن، نە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنییان دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران هەیە.......................................................................... ١٣١
١٧- حیزبە کوردییەکان و پرسی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی.............................. کوردستان ..... ١٤٢
١٨- مستەفا مەولوودی: مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت............... ١٥١
١٩- مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوتره.......................................................................................... ١٥٦
٢٠- مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت....................... ١٦٤
٢١- مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات.... ........................................................................................................... ١٧١
٢٢- مستەفا هیجری: ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن........ کوردکاناڵ ..... ١٧٦
٢٣- مستەفا مەولوودی: سەرەڕای ستراتیژیی جیاوازی لایەنەکان پێویستە ناوەندی هاوکاری بەرین بێتەوە، یان دەنا ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنین.......................................................................... ١٨٤
٢٤- حەسەن شەرەفی: پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە............................................................................................................ ١٩٤
٢٥- عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا بووە............................................................................................................... ٢٠٠
٢٦- مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت................................................................... ٢٠٩
٢٧- مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان......................................... ٢١٣

ئەم چەند دیمانەیە لەگەڵ هاوڕێ عەلی بداغی ئامادە کراون:

٢٨- کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ.........................
............................................................................................ دیمانە: شەونم هەمزەپوور ..... ٢٢١
٢٩- ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا........................................ ئا: شیوا مورادیان ..... ٢٣٠
٣٠- هێزە کوردییەکان دوژمن و نەیاری هاوبەشیان هەیە و دەبێ هێز و توانای خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ڕێکبخەن.................................................................................. دیمانەی جەماڵ ڕەسووڵی ..... ٢٣٦

## عەلی مێهرپەروەر: ڕێژیم هەرچی بکا ناتوانێ بەو ساختارەوە خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕێک بخاو گۆڕان بەسەرخۆی‌دا بێنێ...



**وتووێژ سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا**

**ئاماژە:**

**نزیک کەوتنەوەی کاتی هەڵبژاردنی نۆهەمین خولی سەرکۆماریی ئێران، ڕەددی سەلاحییەتی بەربڵاوی کاندیداکان، گەڕاندنەوەی ئاغای موعین بە حوکمی حکوومەتی بۆ شانۆی هەڵبژاردنو پرسی کوردو هەڵبژاردن تەوەری چەند باسێکن کە لەم وتووێژەدا بەڕێز کاک عەلی مێهرپەروەر تیشکیان دەخاتە سەر.**

**"کوردستان"**

**عەلی بداغی:** شورای نیگابان لیستی تەئیید کراوای کاندیداکانی بە ڕەتکردنەوەی ١٠٠٦ کاندیدا ڕاگەیاند. ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی موعینو دواتر تەئییدی سەلاحییەتی لە ڕێگەی حوکمی حکوومەتیی خامەنەیی‌یەوە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**عەلی مێهرپەروەر:** بە پێی یاسای بنچینەیی، شورای نیگەهبان تەنیا ئەرکی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکاندا

پێسپێردراوە نە بەڕێوەبەری هەڵبژاردنەکانو دیاریکردنی کاندیداکان. لە قانوونی ئەساسیدا ـ سەرەڕای بۆچوونی تەبعیزئامیزی ـ هاتوە کە چ کەسانێک دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەن. دەبوا ئەو مەرجانە کە لە یاساکەدا هاتون لانیکەم بۆ ڕێزدانان بۆ یاسا هەر ئەوە لەبەرچاو بگیرایەو ئەوە خەڵکن کە تەشخیس دەدەن کێ موناسبەو کێ موناسب نیە. با لەوە گەڕێین تەفسیرێک کە شورای نیگەهبان لە یاسای بنەڕەتی کردوویەتی بۆ خۆی مافی نەزارەتی ئیستسوابیی داناوەو بە پێی ئەو تەفسیرە داتاشراوە حەق بە خۆی دەدا کێ تەئیید بکاو کێ ڕەد بکاتەوەو خۆشی بە بەرپرس نازانێ کە دەلیلو مەدرەکی ئەو ڕەدکردنە یا قەبووڵ کردنە بە بیروڕای گشتی رابگەیەنێ.

راستە هەروەک لە پرسیارەکەتان دا هاتبوو شوورای نیگەهبان لە کۆی ١٠١٤ کەس کاندیداتور ١٠٠٦ کەسی رەدکردوونەوەو ٨ کەس کە دووکەسیان بەپێی راسپاردەی خامەنەیی وەک باستان کرد بە حوکمی حکوومەتی کە ئەویش بۆخۆی مەعلووم نیە لەکوێوە هاتوەو سەرچاوەی یاسایی ئەو حوکمە حکوومەتیە چیە؟ پەسند کراون. یەکێک لەو راسپردەکراوانە ئاغای موعینە کە بەستراوە بە قۆڵی بەناو ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتی حاکمەوە کاندیدای جەبهەی موشارکەتی ئیسلامیە. کاتێک موعین لە لایەن شورای نیگەهبانەوە رەد کرایەوە جەبهەی موشارکەت رایگەیاند ئەگەر موعین تەئیید نەکرێ هەڵبژاردن تەحریم دەکا. من پێم وایە سفارشی خامەنەیی بۆ تەئییدی موعین لەبەر ئەوە نەبووە کە کەشو هەوایەکی دیموکراتیک بخوڵقێنێ بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە لانی کەم جەبهەی موشارکەت کە بەهەرحاڵ بە نیسبەت خۆی تاڕادەیەک لایەنگری هەیە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا. جگە لەوەش هەر لە ئێستاوە کە موعین قەبووڵی کردوە وەک کاندیدا لە سایەی حوکمی حکوومەتیدا بمێنێتەوە دەبێ خۆی بە بەرمێنەتی خامەنەیی بزانێ یا لە راستیدا ئەوە خامەنەیییە کە پێی دەڵێ قسەی ئاخر من دەیکەم. جێی گومان نیە ئەو کەسانەش کە شوورای نیگەهبان پێشتر تەئییدی کردبوون، ئەوانیش هەر بە تەئییدی خامەنەیی بوون رەزامەندیی ئەوی لەسەر بووە. پێویستە لێرەدا قامک لە سەر یەک مەسەلە دابنێین ئەویش ئەوەیە کە شورای نیگەهبان بۆ دیاریکردنی بە وتەی خۆی سەلاحییەتی کاندیداکان هیچ پێوانەیەکیان نیە یا بڵێین بە یەک پێوانە چاو لە هەموو کاندیداکان ناکا. نموونەیەکی جالب هەیە کەسێک بە ناوی زەوارەیی ماوەی ٨ ساڵ یەکێک لە ئەندامانی شوورای نیگەهبان بووە سەلاحیەتی کاندیداکانی دیکەی تەئیید یا رەد کردۆتەوە کەچی ئێستا سەلاحییەتی خۆی رەد کراوەتەوە سەیر ئەوەیە ئیعترازی بەو رەد کردنەوەیە هەیە، بەڵام کاتێک بۆخۆی لە شورادا بوو ماوەیەکیش تەنانەت وەک دەمڕاستو قسەکەری شورا دەردەکەوت ئامادە نەبوو هۆی رەد کردنەوەکان بۆ خەڵکی شی بکاتەوە کەچی ئێستا بۆخۆی کەوتۆتە نێو داوی شورای نیگەهبان.

**عەلی بداغی:: گرووپی بە ناو ریفۆرمخوازی کورد پشتیوانیی خۆی لە ئاغای موعین دەربڕی بوو. رەدکردنەوەی سەلاحییەتی موعین لە هەنگاوی یەکەم داو دواتر گەڕاندنەوەی بۆ شانۆی هەڵبژاردن ئەگەری چ گۆڕانێک لە ریزی ئەم گرووپەو ئاکامی هەڵبژاردن دا دروست دەکا؟**

**عەلی مێهرپەروەر**: بەخۆشییەوە پلەی ئاگاهیو وشیاریی خەڵکی کوردستان بەرادەیەک چۆتەسەر کە ئێستا خەڵک دەزانێ دەبێ چ بکا، دەزانێ بۆ دەنگ بداو دەزانێ بۆ دەنگ نەدا. خەڵکی کوردستان دووجار ئیسلاحخوازانی حکوومەتییان تاقی کردۆتەوە، جارێک لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦و جاری دووهەم لە ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ٨٠ دا بە داخەوە هەر دوو جارەکە ئەو تاقیکردنەوانە ئاکامی تاڵیان بووە. بۆیە زۆر دژوارە لەگەڵ ئەوەی دەزانن پرۆسەی ریفۆرمخوازی حکوومەتی تووشی شکستو تێک رمان بووە بۆ سێهەم جاریش ئەو رێگە بگرنە بەرو هیوای پێ ببەستن. لەو پێوەندییەدا ئەو کەسانەی کە خۆیان ناو ناوە ریفۆرمخوازی کورد، هەوڵێکی بێئاکام دەدەنو وەڵامێکی ئەرێنی لە خەڵکی کورد وەرناگرن. وەختێک خاتەمی بەو پشتیوانییە بەرینەی خەڵک نەی توانی، یا نەی ویست، یا نەی توانی بە خەڵک بڵێ ناتوانمو هەشت ساڵ نەخشی پەیکەری دەم بە بزەی نێو ویترینی پێشانگای کۆماری ئیسلامیی گێڕا، کارێکی لە دەست نەهاتو ئیسلاحاتی حکوومەتیشی زیندەبەچاڵ کرد بەڕاستی تاقمێک بە ناوی ریفۆرمخوازی کورد دەتوانێ چ دەستە گوڵێک لە یەخەی خەڵکی کوردستان بدا؟ ئەوان دەزانن ئێستا کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو لە عێراق بە تایبەتی دەتوانێ قسەی خۆی بکاو تەنانەت ئەو حکوومەتە دیکتاتۆریانەش کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە حیساب بۆ هەڵوێستی کورد دەکەن، لە وەها هەلومەرجێک دایە کە ئەو تاقمە دەیانهەوێ لە نەخشی نوێنەرایەتیی کورددا خۆ دەربخەنو سواری شەپۆلی هەستی روو لە گەشەی نەتەوەیی کورد ببنو  پێشا پێش بەرکوڵی لێبکەن. دەبوا کاتێک ئەو گرووپە لەگەڵ پێشوازیی ساردی خەڵکی کورد بەرەوڕوو بوون، رەدکرانەوەی کاندیداکەیان بە دەرفەتێکی لەبار داناباو خۆیان لەو گەمە لەپێشدا دۆراوە دەربهاویشتایەو رزگار بکردایە. من پێم وایە ئێستاش درەنگ نەبووەو ئەوانەش دەتوانن دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی خەڵکو نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکو "نا" بەو هەڵبژاردنە بڵێن.

**عەلی بداغی**: گرووپی ریفۆرمخوازی کورد لە کۆبوونەوەکانیان لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا نەیانتوانی سەرکەوتنێک لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیان وەدەست بێنن. ئێوە راتان وایە ئەوە دەنگی "نا" بە ریفۆرمخوازیی حکوومەتییە یا رەتکردنەوەی حاکمییەت لە تەواوەتیی خۆیدا؟

**عەلی مێهرپەروەر**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئیشارەم پێکرد خەڵکی کوردستان دووجار بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار بەشدارییان  کرد بە هیوای ئەوە کە بتوانن لەو رێگایەوە دەلاقەیەک بۆ نەفەس کێشانی ئازادانە بکەنەوە, بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیو لە تاقیکردنەوەکەدا ئاکامی تاڵیان وەرگرت. ئەوە چ دەگەیەنێ یا باشتر بڵێین چ دەسەلمێنێ؟ ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بە خەڵکی کورد دەڵێ کە ساختاری ئەو رێژیمەو زەرفییەتی ئەو نیزامە توانای تەنانەت ریفورمو چاکسازیی نیەو ئیسلاحاتی تێداناکرێ. ساختاری ئەو نیزامە لە سەر بنچینەی ویلایەتی فەقیە دامەزراوە. ئەوە نیە قسەی ئەوەڵو ئاخر وەلیی فەقیە دەیکا، نابێ لە رێژیمێک کە شێوەی بیرکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش، چاوەڕوانی بکەی وەک سەدەی بیستو یەک هەڵسوکەوت بکا. لەوانەیە لە تیکنۆلۆژیی سەدەی بیستو یەک کەڵک وەربگرێ بەڵام لە

خزمەتی ئەو بۆچوونانە کە ئیمڕۆ بۆ ئیدارەی وڵات کاراییان نیە. لە کورتی ببڕمەوە تا لە نیزامێک دا ئایین وەک ئیدئۆلۆژی, حاکم بێ، ئازادیو دیموکراسی لەو وڵاتەدا جێگەی نابێتەوە.

هەر بۆیە خەڵک وەڵامی مەنفی بە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی، وەڵامی رەدیش بە ناو ریفۆرمخوازانی کورد دەدەنەوەو هاتونە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو رێژیمە لە تەواوەتی خۆیدا تاریخ مەسرەفی بەسەرچووەو دەبێ لە رەگو ریشەوە بگۆڕدرێ. ئەو جۆرە مانۆرانەش بۆ خەڵەتاندنی خەڵک ئەوەندە دووپات کراونەتەوە کە جەماوەر لێیان بێزار بووە.

**عەلی بداغی:**: ریفۆرمخوازانو بە تایبەتی ریفۆرمخوازنی کورد تەئییدی سەلاحییەتی ئاغای موعین بە تێپەڕین لە شورای نیگەهبانو ئەوەش بە سەرکەوتنێکی گەورە دەبینن. دەکرێ ئەوە لە جێدا بەسەرکەوتنێک بۆ ریفۆرمخوازانو هەنگاوێک پاشەکشە لەلایەن پاوانخوازانەوە بزانین؟

**عەلی مێهرپەروەر**: راسپاردن بۆ تەئییدی موعین لەلایەن خامەنەیییەوە ناکرێ وەک پاشەکشەی شورای نیگەهبان دابنرێ بەڵکوو حەرەکەتێکە کە دەتوانێ بە زیانی بەناو ریفۆرمخوازانیش تەواو ببێ. هۆیەکەشی ئەوەیە موعین پێشتر رای گەیاندبوو بە دژی حوکمی حکوومەتی هەڵوێست دەگرێ کەچی ئێستا بە پێی ئەو حوکمە، دەتوانێ لە کێبەرکێی هەڵبژاردن دا بەشدار بێ. ئەگەر حوکمەکەی رەد بکردایەتەوە زیاتر دەیتوانی لە نێو خەڵک دا مەقبووڵیەت بۆخۆی دەستەبەر بکا، ئێستا کە قبووڵی کردوە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ خەڵک درۆی کردوە.

وەک پێشتریش باس کرا تەئییدی سەلاحییەتی کاندیدای جەبهەی موشارکەت بۆ هێنانە سەر سندووقی لایەنگرانی ئەو جەبهەیەیە نە بۆ سەرکەوتنی کاندیداکەیان. مەسەلەیەکی دیکەش کە جێگای ئاماژە پێکردن ئەوەیە کە خەڵک لە هەڵبژاردنی شوراکانی شارو دێو هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی حەوتەمی مەجلیس دا پەیامی خۆیان گەیاندە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی. ئەوان باوەڕێکیان بە ئیسلاح پەزیری نیزام نیە تا بگا بە ئیسلاحخوازانی حکوومەتی. رێفۆرمخوازان جارێکی دیکە کەسی عامە پەسندتریان لە خاتەمی دەست ناکەوێ دیتمان کە خەڵک کردەوەی ئەویشیان تاقی کردەوەو بە جارێ روویان لە ریفۆرمخوازانی بێدەسەڵات وەرگێڕاوە.

**عەلی بداغی**: ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە تا چەندە دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو دنیای دەرەوەدا کاریگەریی هەبێ؟

**عەلی مێهرپەروەر**: پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئاخوندەکان سەرەڕای دروشمی قەبەو بریقەدارو بە رواڵەت دژی غەرب بە

تایبەت ئەمریکا لە کاتی ئەستەمو چارەنووسسازدا ئەهلی سازانو مامەڵەکردننو تا رادەیەکیش لەو کارەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بۆیە رەنگ بێ بۆ کورتخایەن بتوانن هێندێک لە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە درێژخایەن دا ناتوانن. چونکە ساختاری کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا دژی پرۆسەی ئاشتی، ئازادیو دیمۆکراسیو مافی مرۆڤەو ئەو چەمکانەش ئێستا ویستی زۆربەی خەڵکی جیهانو لە ناوچەش دا مەسەلەی رۆژە.

رێژیم هەرچی بکا ناتوانێ بەو ساختارەوە خۆی لەگەڵ ئەو رەوتە رێک بخاو گۆڕان بەسەرخۆیدا بێنێو لە نێوەرۆکەوە بگۆڕدرێ. سەرکۆماریش لەو سیستمەدا نەخشێکی کاریگەری نیە لە زنجیرەی دەسەڵات دا هەم بە پێی یاسا وەک پلە بەندی کەسی دووهەم وەک دەسەڵاتیش کەسی چەندەمە. ئوروپاییەکانیش ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوە دەوڵەت بەسەرکۆماریشیەوە نیە کە قسەی یەکەم دەکا، بەڵکوو نەخشی بنەڕەتی لە دەستی رێبەرو ئەو نیهادانە دایە کە لە ژێر ئەمرو نەهی رێبەر دانو لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتینو هەڵبژێردراوی خەڵک نین.

ئەوەی ئێستا بە هانای رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا هاتوە قازانج پەرستیی ئوروپاییەکانو جەزابیەتی بازاڕی تیجاریی ئێرانو ئەو ئیمتیازە ئابوورییانە بووە کە ئوروپاییەکان دەستیان کەوتون. بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەو مەترسییانە ئێران بۆ جیهانی ئازادی دروست کردووە دەیکا وەک پشتیوانی لە تیرۆریزمو هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ناوکیو دژایەتی لەگەڵ سوڵحی جیهانی و... ئوروپاییەکان ناچار دەکا بۆ پاراستنی لانی کەم خۆیان لەبەرانبەر هەڕەشەی چەکی ئەتۆمیی ئێران، هەڵوێستێکی جیددیو لێبڕاوانە لە بەرانبەر ئێران دا بگرن.

**عەلی بداغی**:: ئەگەری هێنانە دەرێی رەفسەنجانی لە نێو سندووقەکانی دەنگ ڕا یەکجار لەسەرێیە. رەفسەنجانی دەتوانێ رزگاریدەرو کەشتیوانی رێژیم لە نێو ئەو دەریا خرۆشانەی کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران تێی کەوتوە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەگەر خاتەمی وەک رێبەری ئیسلاحخوازانی حکوومەتی ئیمتیحانی خۆیداو بۆ دنیای دەرەوە دەرکەوت نە هیچی پێدەکرێو نە دەیهەوێ هیچ کارێک بکا، رەفسەنجانییش وەک پیاوی ناوبراو بە پراگماتیستو ئەهلی کردەوەش ٨ ساڵ وەک سەرکۆمار لەمەیدان دا بوو. دەرکەوت گەندەڵی، فەساد، ئاوسانی دراوی، بێکاریو نابەسامانیی ئابووری لە سەردەمی رەفسەنجانی دا ریشەی داکوتاوە ئێستاش خەڵک بەدەستیانەوە دەناڵێنن. جگە لەوانە رەفسەنجانی یەکێک لە گەورەترین پشتیوانانی تیرۆریزمو تیرۆریستانە. لەراستیدا لە سەردەمی رەفسەنجانیدا بوو کە قەتڵەزنجیرەییەکان بە تایبەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەستیان پێکرد تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە سەرەتای سەرکۆماریی رەفسەنجانیدا بوو. قەتڵی شاپووری بەختیار، دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاورێکانیو زۆر لە رێبەرانی ئۆپوزیسیۆن لە کاتی سەرکۆماریی رەفسەنجانیدا روویان دا. حوکمی دادگای میکونووس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنگرە لە تاوانباربوونی

ڕەفسەنجانی‌دا. بۆیە ڕەفسەنجانی نەتەنیا ناتوانێ کەشتیوانێکی باش بێ بەڵکوو بۆخۆی قەیران خوڵقێنەو تۆفان زایە.

دەورانی ڕەفسەنجانی بەسەرچووەو خەڵکی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی شەشەمی مەجلیس پەیامی خۆیان گەیاندە ناوبراو.

**عەلی بداغی**:: دوا وتە و سەرنجتان لەم پێوەندی‌یەدا؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەگەر بمانەوێ بە کورتی جەمعبەندی‌یەک لە قسەکان بکەین پێمان وایە خەڵک ئاگایانە ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە کوردستانیش نە وادەو بەڵێنە ڕەنگاورەنگەکان، نە مانۆردانی گرووپی بەناو ریفۆرمخوازی کورد، نە شانۆسازی‌یەکانی دیکە کاریگەری‌یەکی ئەوتۆیان لە ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان دەبێ.

هەروەک حیزبەکەمان بە راشکاوی ئەو هەڵبژاردنەی تەحریم کردوە لێرەشەوە داوا لە خەڵک دەکەین ڕۆژی هەڵبژاردن بە نەهاتنەدەر لەماڵو نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ جارێکی دیکەش پەیامێکی روونو ئاشکرا بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم بنێرن کە "نا" بۆ ئەم ڕێژیمەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤١٤

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: مانگی ٦ی ٢٠٠٥

**عەلی مێهرپەروەر: حزبالله ئەهرومی فشاری ئێرانو سووریەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل.**



**وتووێژ رۆژهەڵاتی نێوەراست لەنێو ئاگری شەرێکی دیکەدا.**

**پرسیار: شەڕی نویێ "ئیسرائیلو حزباللە" لە لوبنان بە کوشتنی چەند سەربازو رفاندنی ٢ سەربازی دیکەی ئیسرائیلی هەڵگیرسا لە راستیدا گیرانی ئەو دوو سەبازە هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بوو؟ یان هۆکاریتر؟**

**وەڵام:** لە پێشدا دەبی ئەو بلێین کە هەڵگرسێنەری ئەو شەڕە لەو قۆناخەدا حزباللە بوو. بەڵام بۆ حزباللە ئەو شەڕەی هەڵگیرساند، دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکار بکرین:

**الف:** رێکخراوی حەماس چەند رۆژ پێش ئەو رووداوە سەربازێکی ئئیسرائیلی رفاند بووو ئیسرائیلیش و هەم بۆ تۆڵەکردنەوەو هەم بۆ ئازادکردنی سەربازەکەی هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر بارێکەی غەزە دەست پیکردبوو. لە غەزە شەرێکی توند کە ویرانیو کوژرانو برینداری زۆری لێکەوتبووەوە لە ئارادا بووو ئێستاش درێژەی هەیەو مەسەلەکە چارەسەر نەکراوە. حزباللە بەو هەنگاوەی ویستویە بەرەیەکی دیکە بکاتەوە کە قورسایی شەڕەکە لەسەر غەزە کەم بکاتەوە ئەوە دەکرێ وەک یەکێک لە هۆکارەکان ئاماژەی پێ بکرێ هەر چەند هۆکاری سەرەکی نیە.

**ب:** ماوەیەکی زۆرە کە حزب الله فشاری لەسەرە بۆ ئەوەی چەک دابنێ‌و وەک حزبێکی سیاسی لە لوبناندا چالاکی سیاسی بنوێنێ هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئەو بیانوە بە حزبالله دەدا کە خۆی لەژێر ئەو فشارە رزگار بکا هەرچەند ئەو حەرەکەتە دەبێتە هۆی سوور   بوونی زیاتری ئەو لایەنانە کە خوازیاری چەک دانانی حزباللەن.

**ج:** حزبالله ئەهرومی فشاری ئێران‌و سوورییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل. بڕیاری هێرش بۆ سەر ئیسرائیل‌و رفاندنی ئەو دوو سەربازی ئیسرائیلیە دەتوانین بڵێن زیاتر لەوە  کە لە لایەن حزباللەوە درابێ لە لایەن ئێران‌و بە مەشوەرەتی سووریە دراوە. بەڵام بۆ ئێران‌و سووریە ئەو شەڕیانە هەڵگیرساندوە؟

**دەکرێ بەو هۆکارانە نا ماژە بکەین:**

١- ئێران کە یارمەتیدەری سەرەکی بە حزباللەیەو لە راستیدا دەستنیای ئێرانەو حزباللەی بۆ وەها رۆژانێک دەوێ. ئێران لەو رۆژانەدابە توندی کەوتوە ژێر فشار بە هۆی مەسەلەی ناوکی‌و وڵاتانی ١+٥ بەجیدی داوایان لێکرد کە پێش بەستنی کونفرانسی G8 لە رووسیە ئێران وەڵامی ئەرێ یان نە بە پێشنیاری ئەو وڵاتانە سەبارەت بە مەسەلەی ناوکیی بداتەوەو ئەو مەسەلە یەکێک لە باسە سەرەکیەکانی وڵاتانی گرووپی G8 دەبوو. خوڵقاندنی قەیرانی شەڕی لوبنان و ئیسرائیل یان حزباللەو ئیسرائیل مەسەلەی ناوکی ئێران دەخستە پەراوێزو باسی ئەو قەیرانە هەواڵی سەرەکی راگەیەنە گشتییەکان دەبێ.

٢- ئێران بەو کارە بە رۆژئاوا نیشان دەدا کە ئەگەر بیهەوێ ئاژاوە بنێتەوە ئامرازی ئەو کارەی لە بەردەست دایەو لە راستیدا وەک ئەهرومێک کەڵکی لێوەردەگرێ.

٣- ئێران دەیهەوێ کێشەکە بکاتە کێشەی کوفرو ئیسلام و لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئیسرائیل بە سەمبولی کوفر بە موسلمانان دەناسێنێ بۆخویشی وەک داکوکیکار لە داخوازی ئومەتی ئیسلامی دەناسێنی. ئەو کارە زیاتر لە نێوخۆی وڵات کەڵکی لێوەردەگیرێ.

٤- ئێران بۆی دەردەکەوێ کاربردی ئەو چەکو چۆڵانە تەحویلی حزباللەی داوە چەندە، کاریگەریەکەی چەندەیەو لە راستیدا بە تاقیيان دەکاتەوە.

٥- لاریجانی لە هەوڵەکانی خۆی بۆ قەناعەت پێکردنی وڵاتانی ١+٥ بۆ ئەوەی وەڵامی پێشنیارەکانیان دوای کۆبوونەوەی گرووپی G8 بداتەوە سەرنەکەوتو لەوێ یەک راست سەردانی سووریەی کردو پاش ئەو سەردانە بوو کە حزبالله هێرشی بۆ

سەر ئێسرائیلو رفاندنی ئەو سەربازانەی دەست پێكرد

**پرسيار:** ئەوەی كە بڕیارنامەی شورای ئەمنییەت لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی لوبنان لە لایەن ئەمریكاوە وتو كرا، بەو مانایە كە جاری بڕیارنامەی دیكە پەسەند ناكرێو دەبێ چاوەڕوانی قووڵتر بوونەوەی ئەو شەڕە بین؟ ئێوە دوا ئاكامەكانی ئەو شەڕە لەچی دادەبینن؟

**وەڵام:** وتوكردنی بڕیاراتی شوورای ئەمنیەت بەتایبەت ئەو بڕیاراتە كە ئیسرائیل تێیدا مەحكوم دەكرێ لە لایەن ئەمریكاوە یەكەم جار نیەو دوا جاریش نابێ ئەمریكا پشتیوانی هەرەشیلگیری ئیسرائیلەو ئەو مەسەلە چاوەروان كراو بوو. وادیارە ئاسۆیەكی روون بۆ كوتایی هاتنی ئەو شەرە لانیكەم لە كورتخایەندا بەرچاوناكەوێ. ئیسرائیل رایگەیاندووە تا سەربازەكانی ئازاد نەكا بەو شەرە درێژەدەدا ئەزمونیش نیشانی داوە كە حزباللە بەم زووانە دیلەكانی خۆی ئازاد ناكا. جگە لە مەسەلەی دیلەكان فاكتەری دیكە هاتوونەكایەوە ویرانی زۆری شارەكانی لوبنانو موشەك هاویشتنی حزباللە بۆ شاری حەیفا كە زیاتر لە ٥٠ كیلومیتر لە سنووری لوبنانەوە دوورەو كوژرانی چەندین كەس لەو شارە ئەوە لەلایەك توانای هێزی حزباللە نیشان دەداو لە لایەكی دیكە ئیسرائیل سوورتر دەكا كە حیسابی خۆی لەگەڵ حزباللە یەكسرە بكاتەوە لەوانەیە ئیسرائیل ئامادەیی تەواوی بۆ ئەو شەڕە نەبووبیو حزباللە بە سەریدا سەپاندبێتی بەڵام ئیسرائیل لانیكەم بیانوویەكی باشی وەچنگ كەوتووە كە گورزی خۆی لە حزباللە بوەشێنێ. تا چەندە ئیسرائیل لەو بەرنامەی خویدا سەردەكەوێ یان موشەكەكانی حزباللە چەندە لە حەیفا تێپەر دەبنو دوورتر دەپێكن هەر وەك حسن نصراللە ڕاگەیاندوە، داهاتوو نیشانی دەدا. بە كورتی دووپاتی دەكەمەوە ئەوە لە راستیدا ململانێی ئێران لە پلەی یەكو سووریە لە پلەی دووهەمدا لەگەڵ ئیسرائیلە لەسەر خاكی لوبنانی كوڵوڵ.

**پرسيار:** ئایا ئێران لەو شەرەدا ئەو لایەنەیە كە قازانج دەكا؟

**وەڵام:** ئەگەر ئاوای لیك بدەینەوە كە مەبەستی ئێران خوڵقاندنی قەیران بێ، سەرقاڵ كردنی ئیسرائیل بێ لە دووبەرەی شەڕدا، لە پەراوێزخستنی باسی مەسەلەی ناوكی ئێران وەك مەسەلەی رۆژ، نیشاندانی ئەهرمی فشاری خۆیو زەربە وەشاندن لە ئیسرائیل و نائەمن كردنی شارەكانی ئیسرائیل و... هتد لە كورتخایەن دا دەتوانین بڵێین ئێران قازانجی لێوەرگرتوە بەڵام ئەگەر ویران كردنی شارەكانی لوبنان ئاكامی شەڕەكەو هێزی ویرانكەری سپای ئیسرائیلو قووڵ بوونەوەی شەڕەكە ولاواز كردن یان تیكشكاندنی حزباللەو ساغ كردنەوەی وڵاتانی دەسەڵاتبەدەستو بڕیار بەدەستی جیهان لەسەر ئەو مەسەلە كە بەراستی ئێران ماكەی ئاژاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستداو پتەوكردنی بەرەی دژی ئێران بەتایبەت كزكردنی پشتیوانی رووسیەو چین لە ئێرانو كشان بەلای ئەمریكاو ئورووپاو پێداگری زۆرتریان بۆ فشار هێنان بۆ سەر ئێران

بەمەبەستی، وازهێنان لە پیتاندنی ئورانیومو ... بە زیانی ئێران تەواو دەبێ بە کورتی درێژە کێشانی شەڕە کە لەوە ناچێ قازانجی ئێرانی تێدابێ.

**پرسیار: ئەگەری ئەوە هەیە کە پریشکەی ئەو شەڕە بگاتە ئێران و سووریە؟ چونکی بەرپرسانی ئیسرائیل دەڵێن موشەکەکانی حزباللە موشەکی فەجری ٣ی ئێرانە؟**

**وەڵام:** شەڕ ئاگرێکە کە کەوتووەتەوە زەمینەش بەداخەوە بۆ پەرەسەندنی ئەو ئاگرە لەبارە. هیچ بە دووری نازانم ئەگەر شەڕەکە هەر بەوشێوە درێژەبکێشێو ئێران بیهەوێو نەیهەوێ وەک لایەنێکی شەڕە کە ناسراوە، پێی ئەویش بە شێوەیەکی روونتر دەگرێتەوە. لە راستیدا ئیسرائیل حزباللە بەدەستی ئێران دەزانێو ئێران بەلایەنێکی بەرانبەری خۆی دادەنێ هەم تیوەگلانی سووریەو هەم تێوەگلانی ئێران ئەگەر شەڕەکە بەربڵاوتر بێ چاوەڕوان دەکرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی جوولای ٢٠٠٦

---

## سمایل بازیار: ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کوردستانیان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە لە شەستەکان‌دا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو



**یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ لە وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ سمایل بازیاردا**

بانەمەڕی ئەمساڵ نیوسەدە بەسەر بڕگەیەکی گرینگی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و ڕاپەڕینی سیاسیی کورد لە ئێران ڕادەبڕێ. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی‌داو لە گەرمەی شەڕی ساردو هێمنی‌یەک کە حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ خۆی‌و دەسەڵاتەکەی دانابوو، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێ‌درا کە ئەو گۆمە مەندەی شڵەقاند. جووڵانەوەیەک کە باوەڕو ورەی بە ڕوحی خەباتگێڕیی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا کردەوە.

ڕاپەڕینی ٤٦ – ٤٧ ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێک‌شکا، بەڵام کاریگەری‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

**عەلی بداغی:** لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیەو ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات باسی لە چەند ڕەهەندێکی ئەو ڕاپەڕینە کردوە:

**سمایل بازیار:** ٥٠ ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی لەلایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێ‌خرا، بە ڕوانینی مێژوویی چۆن پێناسەی ئەو ڕووداوە دەکرێ؟ ئەوە ڕاپەڕین بوو؟ جووڵانەوە بوو؟ یان حەڕەکەتێکی سنووورداری نیزامی؟

ئەوەی باسی دەکەی لە زۆر جێگاو سەرچاوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، تەنانەت لە هەندێ جێ ناوی «شۆڕش»یشی لێنراوە. چونکی شۆڕش بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووریو کلتووریو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمن لە نووسراوەی ئاکادمیکیشدا دیتوومە کە بە شۆڕشیان ناوبردوە کە ئەوە ناتوانێ دەقیقو لەجێی خۆیدا بێ. بەرامبەر بەوەش هەیە کە دەیانەوێ زۆر بچووکی بکەنەوە، یانی بە ماجەراجووییو سەربزێویی ناو دەبەن. هەڵبەت وەک گوتم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەو بارەوە. ئی واهەیە عاتفی چاوی لێدەکا و زۆری گەورە دەکاتەوە، ئی واشە دەیەوێ بچووکی بکاتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ڕاپەڕین بووە، چونکی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەزمو ئیرادە پێوەندیی هەیەو پشتئەستووت بە فیکرو ڕێکخستنە. ڕاپەڕین بنەماکەی بۆ ئاگاهیو تێفکرین دەگەڕێتەوەو لاوەکان لە ڕاپەڕیندا دەوری سەرەکی دەبینن؛ چونکە ئارمانگەراو رادیکاڵنو بە گژ زوڵمو ستەمو چەوسانەوەدا دەچنەوە.

ئەم تایبەتمەندییانە بە تەواوی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-١٩٤٧دا دەبیندرێ. بە تایبەتیش کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری پەرە نەگرتو تەواو نەبووە جەماوەری. بۆیە بە ڕاپەڕین ناوهێنانی ئەو حەرەکەتە دەکرێ لە چەمکو زاراوەکانی دیکەی وەک شۆڕش، ڕاپەڕینو ... دەقیقتر بێ.

**عەلی بداغی:** ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کێ بوون؟ سەر بەکام ڕەوتی فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو کاتەدا بوون؟

**سمایل بازیار:** ئەوانەی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد تەرکیبێکن لە کۆمەڵێک خوێندکارو ڕووناکبیری شاری، وەک سولەیمان موعینی کە ساڵێکی لە زانکۆی تاران خوێندبوو، سمایل شەریفزادە کە دواساڵی خوێندنی لە بەشی ئەلەکترۆنیک زانکۆی تاران بوو، حەمەدەمینی سیراجی کە ڕشتەی «حقوق»ی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو، سالار حەیدەری کە خوێندکار بوو ئەویش لە سەرەتاکانی جووڵانەوەدا لەگەڵ بوو. کاک عەبدوڵلا موعینی ڕێبەرێکی دیکەی جووڵانەوەکەیە کە دیپلۆمی بووە و بێ ئەوەی بیەوێ بچێتە زانکۆ دێتە ڕیزی جووڵانەوەکە. بە گشتی ئەوان ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەن.

**عەلی بداغی:** ئەدی مەلائاوارە؟

**سمایل بازیار:** مەلا ئاوارەش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە پێگەیەکی ئایینی هەبوو، مەلایەکی ناوچەی سەردەشت کە لە حوجرەدا پێگەیشتووە، هەڵبەت ئەو بەو مانایە نییە کە چونکی زانکۆ نەچووە تێگەیشتنی سیاسیی نەبووبێ، پێچەوانە کەسایەتییەکی وشیاری سیاسیو مایەی بەهێزی ئەدەبیی هەبوو. شێعری «توتنەوان»ی ئەو جوانترین تەعبیرە لە مەینەتیو نەهامەتییەکانی جووتیارانی چەوساوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی ڕێبەرانی ئەو

جووڵانەوەیە توێژی خوێندکارانو ڕووناکبیرانی شار بوون. بەڵام زۆرینەی هێزەکەیانو بەدەنەیان لە جوتیاران، خەڵکی ئاساییو گوندنشینەکان پێکهاتبوون.

**عەلی بداغی**: ئەو کەسانەی ناوت هێنان یەکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بووە لەو کاتەدا، مەبەستم کاک سولەیمان موعینییە. دەمەوێ بپرسم ئەو ڕاپەڕینە چەندە وەڵامدانەوە بە زەروورەتێکی تاریخی لە سەر بەستێنێکی سیاسیی گونجاو و چەندە دەراوێشتەی قەیرانێکی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکڕات بوو؟

**سمایل بازیار**: کاتێک باس لە دیاردەیەک دەکەین ناکرێ «تەک سەبەبی» بۆی بچینو هەر فاکتەرێک بەبەڵگە بێنینەوە. بۆ خوڵقانی هەر ڕووداو و دیاردەیەک ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێکن دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە چۆنیان ئەولەوییەتبەندی دەکەین. ئەوە کە کامەیان فاکتەری سەرەکییە؟ هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە بووبێ؛ بەڵام بێگومان هۆکارێک قورساییو وەزنی زۆرترە لەوانی دیکە.

لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ئەو جووڵانەوەیە کراوەو کێشەکە یان جیاوازیی بۆچوونەکان لەو ئەولەوییەتبەندییەڕا سەرچاوە دەگرێ. ئی وایە دەڵێن ئەوە هەلومەرجی باشووری کوردستانو بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولە کە شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ داناوە. ئی واهەیە ئەو فشارانەی ڕاپەڕینی سیاسی لە باشووری کوردستان خستوویەتە سەر چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتو دەرەتانی تێکۆشانی پێنەداون، ئەوە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە قەیرانی نێوخۆییو کێشە نێوخۆییەکانی نێو حیزبی دێموکڕات. تەنانەت ئی واهەیە کە دەڵێ ئەوانە لە حەیفان خۆیان بە کوشتن داوە کە ئەمە ئیدی سەرسووڕهێنەرە بۆچوونی لەم چەشنە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکییانە بووە، تەنانەت لە پێش کۆنگرەی ٢ی حیزبەوە بووە، کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێ کەوتۆتەوەو درێژەی بووە.

**سمایل بازیار**: وایە، ئەوە دەزانم، بەڵام هیندێک کەس دەڵێن ئەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە دیارە ناکۆکیو تێبینیی من تایبەت لەسەر ئەو خاڵەیە. ڕاستە ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کەمو زۆر کاریگەرییان لەسەر بووە. بەڵام ئەوەی دەڵێ ئەوەیان بەسەردا سەپا ئەوە غەدرە، چونکی فاکتەری گرینگی باوەڕو ئیرادەیان لێ زەوت دەکا. چونکی ئێمە دەبینین هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕێبەریو کادرو پێشمەرگەی حیزب هەر لە باشوور ماونەتەوەو کێشەو گرفتیشیان نەبووە.

**عەلی بداغی: ئەمەیان ئی ئەو نەبووە کە ئەو بەشە لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان دروست نەکردوە بۆیە کێشەشیان نەبووە؟**

**سمایل بازیار:** بەڵێ وایە، ئەوانەی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یان وەرێخست ئەوانیش دەیانتوانی وەک ئەوان بێکێشە دانیشنو فارس گوتەنی « آهسته بیا، آهسته برو». بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەو شێوەیە دابنیشنو هیچ نەکەن. دیارە ئەوانیش کێشەی خۆیان بووە بەڵام وانەبووە کە ئەوەیان بەسەردا سەپابێ. هۆکاری سەرەکیی ئەوە دەبێ لە کەشو هەوای سیاسیی ئەو کاتدا بۆی بگەڕێی. ناکرێ ئەو دیاردەیە لە دۆخی ئێستادا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، دەبێ بگەڕێیەوە کاتی ڕووداوەکانو بزانی لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە.

جارێ با لە پێشدا با سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان لەو کاتی ئێراندا بکەین، با بزانین لە ئێران دەرەتانی چالاکی‌یەکی ئاسایی هەیە؟ بە تایبەت دوای ئەوەی کرانەوەیەکی سیاسی لە ساڵەکانی ١٣٣٩ تا ١٣٤٢ بەهۆی فشاری ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەندێ چاکسازی دروست ببوو. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری ئەو کات هەندێ دەرەتانی سیاسی بۆ خەڵک کردبۆوە کە تێیدا بەرەی نیشتمانی‌و ئەوانە دەستیان بە چالاکی کردبۆوە. لە کاتی جولانەوەی ٤٦ - ٤٧دا ئەو قۆناغە کۆتایی هاتبوو، ئەو دەرەتانە بچووکەش نەمابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ هەرای خومەینی‌یان سەرکوت کرد. ئیدی دوای ئەوە مەجالێک بۆ چالاکیی سیاسی نەما. مهەندیس بازرگان قسەیەکی جوانی هەیە لەو کاتدا. ئەو کە ئەندامی ڕێبەریی نێهزەتی ئازادی بوو لە کاتی دادگایی‌کردنیدا بە دادستانەکەی دەڵێ: «ئێمە ئاخرین کەسانێکین کە دەمانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی‌دا خەباتو تێکۆشانمان هەبێ.» ئەو کە بۆخۆی لە نێو کۆمەڵگاو لە هەناوی ڕووداوەکاندا بووە، پێشبینیی ئەوە دەکاو دەڵێ ئێمە ئاخر نەسڵین. نەسڵەکەی دیکە دەست بۆ چەک دەباو لە ڕێگەی دیکەوە خەبات دەکا، واتە لە ڕێگەی توندوتیژی‌یەوە.

**عەلی بداغی: یانی دەفەرمووی دۆخی سیاسیی ئەو کات ئەو شێوازەی بەسەردا سەپاندن یان ئیلهامیان لە شتێکی دی وەردەگرت؟**

**سمایل بازیار:** دەمەوێ بڵێم هەلومەرجێکی ئاسایی و یاسایی بۆ تێکۆشان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە یەکەم. دواتر با سەیرێکی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچەو جیهان بکەین. دەیەی ٦٠ی زایینی کە ئەو جووڵانەوەیەی تێدا کراوە دەیەیەکی زۆر تایبەتی‌یە لە سەدەی بیستەمدا. ئێریک هابزباوم بە دەیەی ڕادیکالیزمو شۆڕش ناوی دەبا. لە دەیەی ٦٠دا لە زۆر شوێنی دنیا رادیکالیسمو شۆڕشو ڕاپەڕین دەستی پێکردوە. چاو لێکە تەنانەت لە ئەمریکا لە دەیەی ٦٠ دایە کە ڕەشپێستەکان بە ڕێبەرایەتیی مارتین لوترکینگ بۆ مافە مەدەنییەکانیان ئاوا چالاکانە دێنە پێشێ. ئەوجار وەرە ئورووپا و سەیری بزاوتە خوێندکارییەکان لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بکە، بزانە چۆن لە پاریس پاشەکشە بە «دوگول» دەکا. لە جیهانی

سێیەم بە تـایبەت ئەوە بەرچاوترە. لە ڤێتنـامڕا بگرە تـا دێتە فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست تـا دەچێتە ئەفریقـاو تەنـانەت ئەمریکـای لاتـین. بە دەیـان وڵات لەو دەیەدا زنجیـری کۆلۆنیالیسمو دیلیـان پسـاندو هـاتنە سـەر نەخشـەی جوغرافیـای سیاسیی وڵاتـان. لەو دەیەدا خەبـاتی ڕزگـاریخوازی دەگـاتە لـوتکەی خـۆی. ئەوەی جـالبە، ئەوەی لایەنگـرانو هەروەها دژبەرانی ئەو جووڵانەوەو بزاوتـانەی سەرسام کردبوو ئەوەیە کە ئەوەنـدەی تۆمار کـراوەو ئـامـاژەی دراوەتـێ نیزیک بە٣٢ حـاڵەتو جـووڵانەوەو بزاوتـی چەکـداری هەیە لە دنیـادا. مەسـەلەن ڤێتنامیـیەکـان کە پێشـتر فەڕانسـەوییەکانیان تێکشاندبوو، لەو دەیەدا ئەمریکایـان بە تەواوی بە «چالش» کێشابوو. فەلەستینییەکان هەروەهـا. سەیر کە بزانە چۆن ئەلجەزایرییەکان هەر لە ڕێگای خەبـاتی چەکدارییەوە فەڕانسەوییەکانیان لە وڵاتـانی خۆیان دەرکرد، سـەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شۆڕشی چین هەر لە ڕێگای خەباتی چەکـدارییەوە بـوو، گۆڕانکارییـەکـان لە ئەمریکـای لاتـین. ئەو رادیکالیسمەو ئەو پەنـا بۆ چەکبردنە کاریگەریی زۆری لە سەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینـی ٤٦ - ٤٧ بـووە. هەر لە کوردستـانی خۆشمان، لە باشووری کوردستان ئەوکات خەبـاتێکی چەکدارانەی بەهێز هەیەو هەموو ئەوانە کـاریگەریی لەسـەر ئەوان بـووە. جـا کە سـەیر دەکەی دەبینـی زۆربەی ڕێبەرانی جـووڵانەوەکە کەسـانێکی لاون، پێشینەیـان لە خەبـاتو بزاوتـی خوێنـدکاریی ئێـران لەو سـاڵانەدا هەیە، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەدا هەبووە.

**عەلـی بـداغی:** بەشـی هەرە زۆری ئەو بزاوتـانەی جەنابت باسـت کـرد لەچـین، لە ئەلجەزایـر، لە ڤێتنـامو لە ئەمریکـاش سـەرکەوتن بە تـایبەت لە کوبـا؛ بەڵام لە کوردسـتـان نـا. هۆکـارەکەی چیـیە؟ ئـایـا ڕێبەرانـی جـووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵەچوبوون؟ ئایا ئیحساسی بڕیاریان دابوو؟

**سمایل بازیار:** ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ٦٠ کە جۆرێک لە ڕوحی خەبـاتگێڕی هەموو جیهانی گرتبۆوە، لە ئورووپا، لە جیهانی سێیەم بە ئەمریکاشـەوە. ئەو ڕوحە خەبـاتگێڕییە کـاریگەریی خۆی لە هەموو جێیەک دانـاوە. لە ڕاستیدا سـەرکەوتنی کوباییـیەکـان لە کوبـا لە ڕێگـای خەبـاتی چەکـدارییەوە بـوو. ئەو سەرکەوتنە بـوو ئولگوو، بـوو بە ئیلهـامـدەری زۆر لە شۆڕشگێڕەکان، لە لاوە ڕادیکـاڵەکـان لە زۆر وڵاتـان جـا لە ئـاسیا، لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتینو شوێنەکانی دیکەش.

هەلـومەرجی کوبـا جۆرێک بـوو زۆر ڕاحەت بە دەستیـانەوە هـات. ئەوان ١٩٥٧ لە چیاکـانی «سیرا مائێسترا» دەستیان پـێ کردو لە ١٩٥٩ سەرکەوتن. ئەو سـەرکەوتنەوە و بەدەستەوەهاتنەوە بـووە ئیلهامـدەری زۆر ڕاپەڕینەکـانی دیکە کەچـی لە زۆر جێیـان ئەمە سـەرکەوتنی وەدەسـت نەهێنـا. هەر یەکێـک لە ڕێبەرانـی ئەو جـووڵانەوەی کوبـا کە بەنـاوبـانگەو هەمـوومـان دەیناسین، چێگـوارا. ئەو ویستی عەینی ئەو شێوازە لە بۆلیوی کۆپی بکا بەڵام نەیتوانی، بۆ خۆیشی لەوێ کوژرا.

جا بێ ئەملاوئەولا ئەوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧. تەنانەت لە ئێرانێشدا ئەم کۆپیکردنە لە شۆڕشی کوبا کرا، ئەوەی سازمانی چریکەکان لە سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ کردیان، دیارە ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمن ناڵێم ئەوان ئیحساسی جووڵاونەتەوە، بەڵام لە لێکدانەوەکانیاندا ئەو وردبینییە پێویستەیان نەکردبوو. دەمەوێ بڵێم عونسوری ئیحساس لە وەڕێخستنی ئەو جووڵانەوەیەدا زۆر لاوازەو ئەوەی پتر تۆخو دیارە باوەڕبەخۆبوونو ئیرادەخوازیی ئەوانە.

**عەلی بداغی: دەکرێ وەک نموونە بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا باس بکەی؟**

**سمایل بازیار:** بەڵگە زۆرن. تۆ کە نامەیەکی کاک سولەیمان موعینی دەخوێنییەوە کە دێکۆمێنتەو هەیە، بۆت دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستاندا دیققەتی تەواویان نەکردوە. چونکی لە نامەکەدا وا باس دەکا کە هەلومەرج لەبارە، خەڵک پێیان پێوەست دەبێ و ئەوان تێیدا سەردەکەون. ئەوە ئیحساسی بوون نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لێکدانەوەکانیان ورد نەبووە، لە سەر بارودۆخی کوردستان.

لەگەڵتم بۆ ئەوەیان. چونکی دەبینی ئەو جووڵانەوەیە لە بەشی گوندنشینەکانی کوردستاندا دەکرێ، لە شوێنێک کە چەند ساڵێکە ئیسلاحاتی ئەرزی بە فەرمانی شا کراوەو خەڵکی گوندی بوونەتە خاوەنی مەزراو مووچە. سروشتییە لەو هەلومەرجەدا کار بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە سەختو دژوار دەبێ.

ڕاست وایە. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانێ ئەوە بێ.

دوایە وردتر دێینە سەر باسی هۆکارەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینە هەڵگری چ گوتار و گوفتومانێک بوو؟ لە بنەڕەتدا ئەو جووڵانەوەیە تیوریزە کرابوو، گوتاری تایبەت بە خۆی هەبوو؟

لە ڕاستیدا ئەوان گوفتومانێکی تایبەتییان نەبوو. ئەوان زۆر بە خێراو بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە. تۆ سەیر بکە ئەو ساڵەی کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ئەو ساڵە بوو کە حەمەڕەزا شا تاجی پاشایەتیی لەسەر دانا. حەمەڕەشا لە ساڵی ١٣٢٠ دەبێتە شای ئێرانێو لەسەر تەخت دادەنیشێ بەڵام دوای ٢٦ ساڵو لە ساڵی ١٣٤٦دا تاجگوزاریی کرد. کاتێک کە هەست بە سەقامگیری دەکا. ئەو کات ئیدی ژاندارمی ناوچەکە بوو، ئەمریکا ئەو نەخشەی پێدابوو، یانی نەک خۆی هەستی تەواوی بە ئەمنیەتی خۆیو وڵاتەکەی دەکرد، بەڵکوو لە پێناو ئامانجی بەرەی ڕۆژاوادا خۆی بە

پارێزەری ئەمنیەتی ناوچەکەش دەزانی. ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە جووڵانەوەکە لە چ کاتێکدایە، لە کاتی شەڕی سارددا. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بتەوێ بە گژی ڕێژیمێکی ئاوا بەو ئیمکاناتەو بەو جێگەو پێگەیە ڕاچی، دەبێ بە ئیمکاناتی زیاتر، بە وردبینیی زۆرترو بە دووربینیی باشترەوە دەست پێبکەی. خۆئامادەکردنی زیاتری دەویست هەم لەباری فیکرییەوە، هەم لەبواری ماددیو لۆجستیکییەوە کارەکەیان زۆر کتوپڕ بوو، ئەوە ڕەخنەیەکە لەو ڕاپەڕینە دەگیرێ، جا ڕەنگبێ هەلومەرجی باشووری کوردستانیش وای لێکردبن کە پەلە بکەنو دەست ببزوێن.

با یەک شتی دیکەش لە سەر ڕێبەریی جووڵانەوەکە بڵێم. تۆ کە چاو لە نامەکانیان دەکەی، بەشی زۆریان کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بوو، ئەویش چ جۆرە چەپێک، چەپی مائوییستی. ئەوان سەرسامن بە شۆڕشی چینو ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونەکانی شۆڕشی چینو بە تیۆرییەکانی مائۆ کە پێی لەسەر نەخشو دەوری گوندەکانو جوتیاران دادەگرت. ئەوەی کە دەیگوت ئاوردووی شۆڕش لە گوندەکان باشتر دەسووتێو گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەکانەوە. شۆڕشی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆ لەو ڕێگایەوە سەرکەوت، پێگەی سەرەکییان گوندەکان بوون، ئەرتەشی سووری مائۆ زۆرینەی هەرە زۆری جوتیارەکان بوون، ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی ڕێبەرانی ٤٦ - ٤٧ەوە هەبوو، هەڵبەت حاشاش لەوە ناکرێ کە کاریگەریی بیری نەتەوایەتیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**عەلی بداغی: باشە بۆ ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری چەپ ئەویش لەو جۆرەی؟ بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟**

**سمایل بازیار:** جیا لە تایبەتمەندیی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە کە باسمان کرد بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەوانو سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەدا هەبوو. سازمانی ئیقلابیی حیزبی توودە ئەم ڕێکخراوەیە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ لە ئورووپا بەشێک لە جوانەکانی ئەو حیزبە پێکیان هێنابوو. دیارە هەندێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش وەک فرووتن و قاسمیو سەغایی لەگەڵیان کەوتبوون، بەڵام زیاتر کەسانی وەک موحسین ڕیزوانی، مێهدی خانبابا تێهرانیو کورش لاشاییو ئەو تیپە کەسانە لە حیزبی توودە جیابوونەوەو سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان پێکهێنا. ئەوانیش تەواو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مائۆدا بوون، ئەو کاتەی بەرەی سۆسیالیستی لە دنیادا ئینشعابی تێکەوت، یانی یەکیەتیی سۆڤییەتو چین ڕیزی خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ئینشعابە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لە نێو حیزبە کۆمۆنیستییەکاندا ئەو جیابوونەوەیە ڕوویان دا. ئەم ڕێکخراوەیەی ئینقلابیی حیزبی توودەش لەو چوارچێوەیەدا دروست بوو. ئەوان یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە ریویزیونیسیت تاوانبار دەکردو دەیانگوت ئەوان پێداچوونەوەیان بە بنەماکانی مارکسیزمو لینینیسمدا کردوە. جا ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و کاریگەریی مائۆییسمیان بەسەرەوە بوو. ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧و ئەوانە پێکەوە پێوەندییان هەبوو.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خەباتکاری جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ چەپی مائۆییستی بوون بیرەوەرییەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە کورش لاشاییە. کورش لاشایی لە ئورووپارا گەڕاوە، هاتەوە باشووری کوردستانو تەقریبەن دوو مانگیان لەگەڵ بووە. لەگەڵ کاک سمایل شەریفزادەو کاک حەمەدەمین سیراجیو ئەوان زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەدا جەولەی کردوە.

دوایە دەڕواتەوە ئورووپا کە دێتەوە ئی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهاتوە، تەواو بووەو بەشێک لە ڕێبەرەکانی شەهید بوون. لە لابەلای بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا تێڕوانینی چەپی مائۆئیستیی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ دەبیندرێو بە تایبەتی لە نامەکانیاندا کە بۆ د. قاسملوو و کەریم حیسامییان نووسیوە کە تێیدا پێداگری لەسەر پێویستیی خەباتی چەکداریو دەوری جوتیارانو گوندەکان لە بەرپاکردنی شۆڕشدا دەبینین.

با ئەوەش بڵێم چەند ساڵ پێشتریش سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە ویستی لە نێو ئێلی قەشقایی لە باشووری ئێران لە خانو دەرەبەگەکان بە ڕیفۆرمەکانی شا لە بابەت زەویو زار ناڕازی بوون کار بکەنو ئاراستەی پێبدەن کە سەرکەوتوو نەبوون. دیارە ئەوەی قەشقاییەکان ملبادانو سەربزێویی خانو دەرەبەگەکان بوو بە ڕیفۆرمەکانی شا و ناچێتە چوارچێوەی ڕاپەڕین، چون فیکرو ڕێکخستنو ئیرادەی تێدا نەدەبینرا.

**عەلی بداغی:** باشە پێوەندیی نێوان سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەو خەباتکارانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ چۆن دروست بووە؟ ئەوان لە وڵاتانی ئورووپایی، ئەمان لە باشووری کوردستانو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سمایل بازیار:** ئەو پێوەندییە لە ڕێگای «مام جەلال»ەوە دروست بووە. دوای دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی جیابوونەوە ، مام جەلال یەکەم کەس لە ڕێبەرانی کوردە کە کاریگەریی ئەندێشەکانی مائۆی لەسەر بوو. یانی دەتوانم بڵێم مام جەلال زووتر لەو کاتو لە نیوەی پەنجاکانی زایینییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەو بۆ خۆی ئەو کات بۆ بەشداری لە فستیڤاڵێکی خوێندکارانی جیهان سەردانی چین دەکاو ئەوێ دەبینێو بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەمانە، واتە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە بێرلین نەفەریان هەیەو لەگەڵ ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی یەکتر دەبینن‌و بەو جۆرە پێوەندییەکان لەگەڵ خەباتکارانی ڕۆژهەڵات دروست دەکەنو کەسانێکی وەک کورش لاشایی دێنەوە بەکرەجۆ و لەوێ لەگەڵ سمایل شەریفزادەو ئەوان یەکتر دەگرنو دێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ڕێگای مام جەلالەوە ئەم پێوەندیە دروست بوو.

**عەلی بداغی**: بە هەموو ئەو سەرنج و تێبینی‌یانە ئەگەر بمانەوێ باس لە گرینگیی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بکەین دەبێ قامک لەسەر چی دابنێین؟ ئێوە گرینگیی ئەو جووڵانەوەیە لە چیدا دەبینن؟

**سمایل بازیار**: با لە پێشدا و سەرەتا بزانین ئەو ڕاپەڕینە لەبەرچی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی تێکۆشانی بووەو خەباتەکەی هەورازو نشیوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هەتا ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ لە ١١ی ڕەشەمەدا و لە میتینگەکەی مەهاباددا؛ جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دیارترین‌و بەرجەستەترین قۆناغی چالاکی‌و فەعالیەتێتی.

دیارە لەو ماوەیەدا خەبات بووە، چالاکی بووە، ئەندامانی ئەو حیزبە کەوتوونەتە زیندانەوە، بەڵام ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ گرینگترینی ئەو مێژووەیە. واتە لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ١٣٥٧ ئەمە لوتکەی چالاکی‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەگەر دەبینی لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەدا پێشوازی‌یەکی بەرین لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرا بەشێکی کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینەیە. ڕاستە بیرەوەری‌یەکانی کۆمار، نۆستالیژیای کۆمار ئێستاش لە بیری بەشێکی خەڵکدا هەر مابوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک کە ڕوو لە حیزب دەکەن، حیزبێک کە ساڵەهایە دوورە لە خەڵک‌و چالاکیی ئاشکرای نەبووە، خەباتەکەی کز بووە، ئەدی چۆنە پێشوازی‌یەکی ئاوای لێدەکرێ؟ ڕاستە بەرنامەو شوعارەکانی حیزب گرینگن، بەڵام بەبێ ئەملاوئەولا یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو پێشوازی‌یە لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ و ئاکامەکانیەتی. چونکی هەر دە ساڵ بوو ئەو ڕاپەڕینە تێکشکابوو. کەسایەتی‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە لە یادەوەریی خەڵکدا هەر مابوون. کەوابوو ئەمە خاڵێکی گرینگە. دواتر لە ئێراندا ئەمە یەکەمجارە کە ڕێکخراوێک بە کردەوە ڕوو لە خەباتی چەکداری دەکاو ئەو شێوازە بۆ خەبات لە دژی حکومەت هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە وەک فیکر هەبووبێ، بەڵام بە عەمەلی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یەکەم ڕێکخراوە کە پەنا بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دەبا. بە ڕوویەکی دیکەدا ئەو جووڵانەوەیە کاریگەریی بووە لەسەر ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەو شێوازە لە خەبات بگرنە بەر. دیارە ئەوەی مهەندیس بازرگان کە باسم کرد، لە دوای سالی ١٣٤٣ یەکەم بیر و گەراکانی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دروست دەبێ بەهۆی «بیژەنی جەزەنی»، ئەمیر پەرویزی پوویان‌و مەسعوودی ئەحمەدزادەو ئەوانەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٤٩ ڕێکخراوی فیداییانی لێکەوتەوە، ساڵی دواتر سازمانی مجاهیدنی خەلق کە ئەوانیش لە بیری خەباتی چەکداریدا بوون؛ لە کاتێکدا کە ئەو ڕێکخراوانە هەر لە فیکری ئامادەکاری دابوون ئەو لە کوردستانە کە چەخماغەی ئەم شێوازە لە خەبات لێدەدرێ. ئەمن گوتم کە یەکەم هەستەکانی چریکە فیداییەکان لە ساڵی ١٣٤٣ دروست دەبێ، بەڵام یەکەم کاری بەکردەوەیان ڕووداوەکەی سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ بوو. بەبێ ئەملاوئەولا جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە بووە. تەنانەت کاک سمایلی شەریفزادە لە سەردەمی خوێندکاریشدا لەگەڵ هیندێک لە خوێندکاران کە دواتر لەگەڵ چریکەکان کەوتن پێوەندیی بووە، نامەو نامەگۆڕینەوەیان لە نێواندا بووە، وەک عەلیرەزا نابدل، بێهرووز دێهقانی،

برای ئەشرەف دێهقانی کە دواتر هەردووکیان کوژران. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە چۆن ئەو ڕاپەڕینە هێمنیو ئارامیی ئێرانی شلەژاند. شا کە ئێرانی بە جەزیرەی ئارام لە دەریای تۆفانیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشوبهاند، ئەو گۆمە مەندەیان لێ شلەقاند. ئەوانە گرینگن.

**عەلی بداغی**: **باشە هەر گرینگە یان دەسکەوتیشی بووە؟**

**سمایل بازیار**: ئەو گرینگیيانە هەموو دەسکەوتی مەعنەوین. یەکێک لە دەسکەوتە مەعنەوییەکان درێژەدانی خەباتەو کاریگەریی لە سەر بەردەوامیی تێکۆشان داناوە. نەسڵی پاش ئەوانو نەسڵی دواتر کە من یەکێک لەوانم کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بووە. بەڵام ئەو نەسلەی کە بەدوای ئەواندا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوەبوو کۆمەڵێک لاو بوون کە لە زانکۆکانی ئێراندا دەیانخوێندو دواتر ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دروست کرد، ئەوە بەرهەمی کاریگەریی ئەوان بوو. یانی ئەو نەسڵەی دوایە بوونە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کاریگەریی ئەوانیان بەسەرەوە بوو. نەسڵی دواتر کە ئەمن بۆ خۆم یەک لەوانم، لە ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ کە دەچووینە شاخەوانی لە ناوچەی مەهابادو شارەکانی پیرانشارو سەردەشت، لەهەر مووچەیەک، لەهەر کانیاوێک کە لامان دەدا، خاوەن مووچەکە باسی کاک سولەیمانی موعینی کە بە کاک فایق دەناسرا، باسی ئەوانیان بۆ دەکردین، ئێمەش کاریگەریی ئەوانمان بەسەرەوە بوو. لام وایە لە کەم حوجرەی فەقێیان باسی مەلا ئاوارە نەکرابێ، زۆر کەس ناوی منداڵەکانی بە ناوی ئەوان دەکرد. هەروەها مینەشەم لە ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت ناوو ناوبانگی هەبوو. دیسان تۆ چاو لە مەهابادی ئەو کات بکە کە شارێکی بچووک بوو. لەو شارەدا کە چەند کەسی جوان ئەویش لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئەو شارەی لێ بکوژرێ، بزانە چ کاریگەرییەکی بووە. بۆ خۆت دەزانی کە باوکی کاک سولەیمان موعینی وەزیر بووە لە کۆماری کوردستاندا، بنەماڵەی شەریفزادە کە بازرگانێکی گەورەی شارەکە بوون، لەو شارە بچووکەدا کە دوو برای وەک کاک عەبدوڵلا و کاک سولەیمان موعینی، کاک سمایل شەریفزادە، کاک سەید فەتاح نیزامی شەهید دەبن چ کاریگەریی سایکۆلۆژیی قووڵی بەسەر شارەکەوە دەبێ. ئەو کاریگەرییە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧یش هەر مابوو، وەک گوتم ئێمە نەسڵی دووهەمی دوای ئەوان بووین. ئەم شەهیدانە بۆ ئێمە ئیلهامبەخشو ئۆلگوو بوون؛ چۆن «خوسرەو ڕەزبە»و «بیژەن جەزەن»ی‌و «حەمید ئەشرەف» بۆ لاوانی ئێران سەمبوولو ئۆلگووی موبارزاتی بوون، ئەوانیش بۆ ئێمەی لاوی کورد وابوون.

**عەلی بداغی**: **ئەدی چ شوێنکارێکی لەسەر ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی دانا. حکومەتی پاشایەتیی تووشی چ کاردانەوەیەک کرد؟**

**سمایل بازیار**: ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ حکومەتی پاشایەتیی تووشی شۆکو ڕاچڵەکانێکی گەورە کرد. ڕێژیمی پاشایەتی قەت

چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، باوەڕی نەبوو کە ڕووداوێکی لەو چەشنە ئەو دوڕگە ئارامەی! لێ تێکبدا، ساڵێک پێش ئەم ڕاپەڕینە شا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانیدا کە لەسەر پرسی کورد پرسیاری لێدەکا، دەڵێ ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نییە، هەموو لە نیژادی ئاریاییین‌و باسێک بەو ناوە نییە. بۆیە لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە کاردانەوەی زۆر خێرایان هەبوو. ئەوان دەسبەجێ ئەفسەرێکی بەناوبانگی ئەرتەشی شاهەنشاهی، «ئەرتەشبود ئۆوەیسی»ی ڕاسپارد کە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. ئەو هات لە جەڵدیان ستادێکی فەرماندەیی پێکهێنا. ئەوان زۆریان گرینگی بەوەدا کە نەهێلن ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکە پەرەبستێنێ. با ئەوەش بڵێم کە حکومەتی ناوەندی لە ئێران لەو ڕووداوەدا بوو کە یەکەمجار چەکداری کوردی بەشێوەی ڕێکخراو بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کوردی بەکارهێنا. بۆیە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینیە گرینگیی یەکجار زۆری پێدرا. ئەگەر چاو لە کتێبی «چپ بە روایت اسناد ساواک» دەکەی، ئەو کات دەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە چەندەی هەراسان کردوون‌و چەندە نیگەرانن لە نفووزی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە نێو خەڵکدا. تەنانەت لە یەکێک لە بەڵگەکاندا هاتووە کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوو ناکەنە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتی‌و حکومەییەکان، بەڵکوو ڕوو دەکەنە ئەوان هەتا بۆیان چارەسەر بکەن. یانی کاتێک کە چاو لە بەڵگەنامەکانی ساواک دەکەی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە چەندە ئەو جووڵانەوەیەو سەرکوتکردنەکەی بەلای حکومەتی پاشایەتی‌یەوە گرینگ بووە، بۆیە بە هەموو تواناوە سەرکوتی کرد. ئەوان جیا لە کۆکو پۆشتەی سەربازی هێزی ئاسمانی‌و هێلیکۆپتێریان بەکار هێنا. لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەش خەڵکێکی یەکجار زۆریان گرت‌و ژمارەیەکیان ئێعدام کرد.

**عەلی بداغی**: جوغرافیای تێکۆشانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ هەر لەو بەشە لە موکریاندا مایەوە کە باسمان کرد؟

**سمایل بازیار**: وەک گوتم جووڵانەوەکە کتوپڕ بوو، دوایە مەوداو دەرەتانیان نەدرایە. دیارە ئەوەش بڵێم ئەم ڕاپەڕینە تیمێکی لە ناوچەی ورمێش بووە، بەڵام زور زوو تیمەکەیان بەداخەوە لەنێو دەچێ، ئەو تیمەی نحۆ، ناسراوی بە باپیر شکاک فەرماندەیی دەکردن. بۆیە بەرنامەش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیای چالاکی‌یەکان هەبوو ئەگەر مەجالیان درابایە. هەروەها بەهۆی پێگەی سوننەتی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی موکریان کە دیارە ئەم کەمایسی‌یە دواتر لە بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی چارەسەر کراو جوغرافیای تێکۆشانی سیاسی لە کرماشانەوە تا ورمێ‌و سەڵماسی گرتەوە.

**عەلی بداغی**: بەر لەوەی وردتر باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی ئەم جووڵانەوەیە بکەین، دەپرسم بۆ کەمایەتی‌یەکی زۆر کەم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری جووڵانەوەکە بوون؟

**سمایل بازیار**: نا، ئەمن پێم وانییە کە بەشی زۆرینەی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە نەبووبێ. ئەی ئەوە نییە

لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەس، ئەویش کاک سولەیمان موعینی لە ڕێبەریی جووڵانەوەکەدا بووە. ناتوانم بڵێم بەشی زۆری حیزب لەگەڵ نەکەوتوە، لانیکەم نیوەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ جووڵانەوەکە بووە. دیارە ئەمن ئاماری وردم لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزب نییە کە لە باشووری کوردستان مانەوە، بەڵام وایە هەندێ سیمای ناسراوی حیزب هەبوون کە لەگەڵ نەکەوتن. ڕەنگبێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو بڕیارە ڕیسکێکی گەورە بوو. ئەتۆ دەست بۆ کارێک دەبەی کە ئیحتمالی ئەوەی تێدابچی یەکجار زۆرە، ئەمن هۆکاری سەرەکیی ئەمە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنمەوە. بۆ بەشدارییان نەکرد، ڕەنگبێ ئەگەر بەپێی هەلومەرجو تێگەیشتنی ئێستا لێکدانەوەی مەنتیقیی بۆ بکەن، مەسەلەن بڵێن هەلومەرجەکە گونجاو نەبووە. تەنانەت یەکێک لەوان لە بیرەوەرییەکانیدا بە «ماجەراجوویی» ناو دەبا، بۆ خۆی چونکی تێیدا بەشدار نەبووە دەڵێ ماجەراجوویی بووە. دەتوانم بڵێم چونکی زەربی ڕیسکی ڕاپەڕینەکە یەکجار لەسەرێ بووە، بۆیە خۆیان لێ نەداوە. ئەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد دەستیان لە گیانی خۆیان شوشتبووە. لە ژیاندا مانی تەنیا یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە (حەمەدەمین سیراجی) سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە.

**عەلی بداغی:** پشتیوانەکانی ئەو جووڵانەوەیە کێ بوون؟ دژبەرانی کێ بوون؟

**سمایل بازیار:** زۆر لەمێژە دەگوترێ، دەڵێن کوردەکان جیا لە شاخەکان دۆستی دیکەیان نییە، ئەو قسەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قۆناغە لە تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورددا قەت ئەوەندە ڕاست نەبووە. بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەو ڕاپەڕینە بووە. شاخەکانیان بووەو چوار - پێنج کلاشینکۆفو دوو تیربارو چەند تفەنگی کۆنی برنوو. کەس یارمەتیی نەداون، تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ خەباتی چەکداری بوونی پشتی جیبهە ئەسڵێکی ستراتیژیو بنەڕەتییە. ئەوان ئەوەشیان نەبوو.

با ئەوەمان لە بیرنەچێ لە دیوی کوردستانی عێراقدا حیزبی شیوعی لە ڕادەی تواناییو دەسەڵاتی خۆیدا زۆر جار فریایان کەوتوە.

**عەلی بداغی:** هەر ئەوە دەفەرمووی کە جیا لە کۆمەڵێک چەکی سووکو نیوەسووک ئیمکاناتی لۆجستیکیی دیکەیان نەبوە، ئایا ئەوە خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە نییە کە بە کەیفییەتەوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی زەبەلاح بۆتەوە؟

**سمایل بازیار:** پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەوان بە خێراییو پەلە دەستیان دایە کارێکی گەورە. لە ڕاستیدا ئەوان لە سفرەوە دەستیان پێکردو بێجگە لە ئیمانو وره هیچیان شک نەدەبرد.

**عەلی بداغی: گوتت کە جیا لە شاخەکان پشتیوانیان نەبووە، ئەدی دژبەرانیان؟**

**سمایل بازیار:** دژبەرانی دیارە کە بەپلەی یەکەم رێژیمی پاشایەتی بوو، وەک پێشتریش باسم کرد بۆ یەکەمجار بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە حکومەتی ناوەندی هێزی چەکداری کورد بەشێوەیەکی رێکخراو بە گژی جووڵانەوەی کورددا بکا. ئەوە زیانێکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئاغاوەتو دەرەبەگەکانیی کوردیش بە تایبەت لە ناوچەی بانە دەوری خراپیان گێڕا. ئەو هێزە ٤٠٠ - ٥٠٠ کەسەی وەدووی تێکۆشەرانی ئەم جووڵانەوەیە کەوتووە دەبینی بە چاوساغیی ئاغاوەتەکانی ئەو ناوچەیە بووە.

**عەلی بداغی: ئەدی لە ئاستی ئێراندا دەنگدانەوەی چۆن بوو، توانی پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە؟**

**سمایل بازیار:** ئەوکاتە تاکی حیزبی سەرتاسەری لە ئێران حیزبی توودە بوو، بەڵام حیزبی توودە چۆن هاتە نێو ئەو مەوزووعەوە. حیزبی توودە کە زانی رێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گرتوە، بۆ ئەوەی رێبەرانی ڕاپەڕینەکە بە لای رێکخراوی ئینقلابیدا نەکەونو بۆ خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە لە دەست نەدەن، چونکی ئەو کات رێکخراوی ئینقلابییان وەکوو دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد، ئەوانیش بە پەلەپەل وەخۆ کەوتن. هەڵبەت لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی بۆ ئەوەیان زۆر هاندەر بوون کە حیزبی توودە پشتیان بگریو پاڵپشتیان بن. بۆیە دەبینین ساڵی ١٣٤٦ لە بەغدا، ڕەزا رادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە؛ لەگەڵ کەریم حیسامی کە لە بوڵغارستان لە ڕادیۆ پەیکدا کاری دەکرد، لەگەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە پراگ بوو دێنەوە بەغدا. ئەوان لەوێ لەگەڵ کاک سولەیمان موعینیو کاک حەمەدەمین سیراجی دادەنیشن. ئەوە دەریدەخا کە دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ئەو حەرەکەتەدا بێتەفاوت نەبووە. کاک سمایل شەریفزادەو کاک سولەیمان موعینی بەردەوام لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پێوەندیدا بوون، لەگەڵ کاک کەریم حیسامیش. نامەکان ماون. ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ یەکتر بووە. ئەو نامانە هەنو بە ئێمە دەڵێن کە کەریم حیسامیو دوکتور قاسملوو بەردەوام پێوەندییان بە جووڵانەوەکە بووە. هەر ئەوانیش حیزبی توودە هان دەدەنو فشاریان بۆ دێننو حیزبی توودەش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی رێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە، بۆیە دانیشتنێکیان لەگەڵ رێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. لەوێ حیزبی توودە هیندێک بەڵێنیی یارمەتیو شتی دیکەیان پێدەدا؛ بەڵام هیچ شتێک لەو وادەو بەڵێنو قسانە شین نەبوو. هیچ شتێکیان نەکرد، تەنانەت هەندێک شەرتیشیان بۆ دادەنان، کە دەبێ ئەو ڕاپەڕینە چەپەکان، واتە باڵی چەپو پێشکەوتنخواز رێبەریی بکاو ئەوان باڵادەست بن تێیدا.

**عەلی بداغی: بە تۆخی باسی رۆڵی دوکتور قاسملوو دەکەی، دەتەوێ بڵێی دوکتور قاسملووش یەکێک لە رێبەرانی ئەو**

جووڵانەوەیە بوو؟

**سمایل بازیار:** دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە پێوەندیدا بوون. لە دانیشتنێکی دیکە کە کاک سولەیمان موعینیو کاک سمایل شەریفزادە بە مەبەستی بەرینکردنەوەی کادری ڕێبەری ڕاپەڕینەکە دەیکەن، دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی کاندید دەکەن. قەرار دەدەن دوکتور قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستانو لە بواری فیکریو پەروەردەییو فێرکاریدا یارمەتییان بدا بۆ ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی.

**عەلی بداغی:** ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ پەلو پۆ باوێ، ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ ڕێبەرییەکەی بەرینتر بکاتەوە؛ ئەدی بۆ تێکشکا؟ بۆ شکستی خوارد؟

**سمایل بازیار:** لە ڕاستیدا زۆر هۆکارن دەستیان داوەتە دەستی یەکتر هەتا ئەو جووڵانەوەیە تێکبشکێ. هەلومەرجی عەینی بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو، وە تەنانەت هەلومەرجە زێهنییەکەش. بەڵام هەلومەرجی عەینی بۆ ئامادە نەبوو؟ پێگەو چەقی تێکۆشانی خەباتگێڕانی ئەو ڕاپەڕینە گوندەکان بوو، ڕاستە دەبینین لە زۆر جێگادا خەڵکانێک بوون کە پێیان پێوەست بوون. هەر لە بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا دەردەکەوێ کە خەڵک بە ڕووی خۆشەوە وەری گرتوون، عەتفیان بۆ نیشان داون، یارمەتییان کردوون، پەنایان داون؛ بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕیفۆرمەکانی زەویو زار بە جۆرێک جوتیارەکانی بێتفاوت کردوە، شار هیچ دەورێکی نییەو بە کورتیو پوختی هەلومەرجی شۆڕشو ڕاپەڕین لەبارو ئامادە نییە. هەلومەرجەکەش سەخت بووە. ئەوەی وایکردبوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشاریان بخرێتە سەرو بازنە تێکۆشانو چالاکییەکانیان تەنگەبەرتر بێتەوە. هەروەها لە ژمارەی هێزەکانیان کەم دەبۆوە، بۆیە دەبینین کە کاک سمایل شەریفزادە شەهید دەبێ خۆیو چوار کەس لەگەڵی مابوونەوە کە تەنیا یەک لەوان لەو شەڕەدا بە برینداری ڕزگاری بوو و ئێستاش بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماوە.

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجە عەینییەکە ئامادە نییە، بارودۆخەکە سەختە؛ لە باری زێهنیشەوە دروشمی ڕاپەڕینەکە دیار نییە کە چییە، ستراتیژییەکی ڕوونی نییە، ڕێکخستنەکانیان لاوازن، لەوە بترازێ حیزب بۆ خۆی لەو کاتەدا لاوازە، تەنانەت دیار نییە کە بە ڕەسمی کێ کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکەیە. مەعلوومە کە کاک سولەیمانی موعینی دەبێ کەسی یەکەمی بەرپرسایەتییەکان بووبێ، چونکی ئەو تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە، بەڵام بە ڕەسمی لە هیچ کوێ ئەوە نەگوتراوە. یان وتەبێژەکەی کێ بووە. دەڵێن کاک حەمەدەمین سیراجی بووە، بەڵام دەبینی لە نێو خۆیاندا ئەو شتانەیان ساغ نەکردۆتەوە. وەک گوتم زۆر بەپەلە ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خستوە. سەرباقی ئەوە پێشتریش باسمان کرد، لەباری چەکو تەقەمەنیشەوە لە تەنگانەدا بوون. ئەوەشمان گوت کە پشتی جیبەهەشیان نەبوو، دواتر یەک ڕادیۆ و

چاپەمەنی نییە کە باسیان بکا، دەمەوێ بڵێم نە دەستیان بە ڕادیۆیەک ڕادەگا قسەی تێدا بکەن، نە ڕۆژنامەیەک هەیە هەواڵی چالاکییەکانیان بڵاو بکاتەوە. دوای شەهیدبوونیانە کە هیندێک لە ڕۆژنامەکانی حیزبە کۆمۆنیستییەکانو مەسەلەن ڕادیۆ پەیک، ئەویش بە هیممەتی کاک کەریم حیسامی باسیان دەکەن، ئەویش دوای شکانو تەواوبوونی.

ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە. دیارە وەک گوتم ڕێژیمیش زۆری پێ حەسساس بوو، بۆیە فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو.

**عەلی بداغی**: دوای نیوسەدە لەو ڕووداوە مێژووییە، ئەگەر بە کورتی هەستی خۆت، خوێندنەوەو ڕامانی خۆت لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ باس بکەی دەڵێی چی؟

**سمایل بازیار**: دەڵێم ئەوان نەسڵێکی لەخوبووردووی عەمەلگەرا بوون، ئەوە پێناسەی منە بۆ ئەو خەباتکارانە، بۆ ئەوان کە ئارمانخوازو بەبیرو باوەڕ بوون. ئەوان ئێستاش ئیلهامدەرن بۆ زۆر کەس بە تایبەت خوێندکارانی ئارمانگەرا و ڕادیکاڵ، ئەوان ئێستاش هەر وەک ئولگوو سەیریان دەکرێ.

ئەگەر کەسێکی وەک چێگوارا دەبێتە ئەو کەسایەتییە، دەبێتە ئولگویەک بۆ زۆربەی زۆری گەنجەکانی ئارمانخوازەکانی دنیا، ئەو پزیشکێکی ئارژانتینییە کە لە چیاکانی بۆلیوی دەکوژرێ؛ کاک سمایل شەریفزادەش مهەندیسێکی جەوانە کە ساڵێک دوای وی شەهید دەبێ. ئەو لە دارستانەکانی بۆلیەوی شەهید دەبێ، ئەمیش لە شاخەکانی کوردستان، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئارمانەکەیان هەر یەکە، هەر دووکیان دەست لە پێشەکانیانو ژیانی ئاساییان هەڵدەگرنو وەدووی ئارمانەکانیان دەکەون. چێگوارا دەیتوانی وەک پزیشکێک ژیانی ئاسایی خۆی لە ئارژانتین بکا، کاک سمایل شەریفزادەش وەک مهەندیسێک درێژە بە ژیانی خۆی بدا. شتێکی لەوە گرینگتر، ئەو پۆلە لە خەباتکارانی کورد کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕیە کرد کە ئەو کات لە دەیەی ٦٠ی دا لەسەرتاسەری جیهان لە کەفو کوڵدا بوو. لە هانۆی لە ویتنام، لە هاوانا لە کوبا، لە ئەلجەزایر، لە غەنا، لە پاریس، ئەوان کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحە خەباتگێڕیە کرد، یانی کوردستان لەو ڕەوتە بەجێ نەما. یانی کە باس لە دەیەی ٦٠ دەکەین، کوردستان غایب نییە، ون نییەو جێگەی خۆی لەم قۆناغە تاریخسازەی سەدەی بیستەمدا هەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## مستەفا شەڵماشی: ئەنترناسیونال سۆسیالیست دەبێ چالاکانەتر بەرگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بکا



**وتووێژ لەگەڵ مستەفا شەڵماشی لەبارەی دواین کۆبوونەوەی SI و بەشداریی حدک**

ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئەندامی ئەسڵی تێیدا ئەندامە، ڕۆژی هەینی، ۳۳ی سەرماوەز لە کاتالۆنیائی ئیسپانیا و لە شاری بارسەلۆنە کۆبوونەوەی بەرینی خۆی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون و نوێنەری حیزب لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکێش کرد.

ئەو کۆبونەوەیە دووەمین کۆبونەوەی دوای کۆنگرەی ۲۵ی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بوو و جیا لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؛ دوو لایەنی کوردیی دیکە تێیدا بەشداربوون کە بریتی بوون لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکرات PYD.

لەسەر چەندی و چۆنیی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە و چۆنیەتیی باس لە پرسی کورد لە تویێ مژار و باسەکانی کۆبوونەوەکانی بارسەلۆنا، «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی شاندی حیزب لەو کۆبوونەوانەدا پێک هێناوە:

**پرسیار:** کاک مستەفا ئەو کۆبوونەوەیەی ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست لەسەر بنەمای چی پێکهاتبوو؟ گرینگترین باس و تەوەرەکانی ئەم کۆبوونەوەیە چ بوون؟

**وەڵام:** ئەو کۆبونەوە یە لە سەر بناغەی ستراتیژییەک پێک هاتبوو کە سێ تێمای سەرەکیی دەگرتەوە. ستراتیژییەکە بریتی بوو لە بنیاتنانی داهاتوو لەگەڵ بەرەی چەپ لە دنیادا. ئەو سێ تێما سەرەکییەش کە باسیان لە سەر کرا بریتی بوون لە یەکەم، دێموکراسی، یەکسانی و هاوکاری. دووەم؛ کارکردن لە پێناوی سەقامگیری و ئاشتی لە جیهانی پڕ کێشەی ئێستادا و، سێهەم؛ پەرەپێدانی هەستی ئینسانی لە بەرامبەر قەیرانە ئینسانیەکاندا.

لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێکی زۆر باس و وتار پێشکێش کران و ئەنجامی زووربەی باسەکان دەهاتنەوە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی جیهانی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە. گرنگترینی ئەو بابەتانەش بریتی بوون لە ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی، ئابووری، پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ.

**پرسیار:** ئاکامگیری لەو باس و وتارانە چ بوون؟ ئایا نەخشەڕێیەکیان لێ ساغ کراوەتەوە بۆ چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و ئایا سیاسەتیان لەسەر دەکردرێ؟

**وەڵام:** لە کۆی وتارەکاندا جگە لەوەی کە هەرکەس باسی لە کێشەکانی وڵاتی خۆی دەکرد، بەڵام بەگشتی پێداگری هەموویان ئەوە بوو کە بەرەی چەپ و دیموکڕات پێویستە دەست لە پۆپۆلیزم هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کە لە پێناویاندا دامەزراوە، دەنا بە بەرەی ڕاستی دەدۆڕێنێ. جگە لەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پرەنسیپانە پێویستە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە دنیادا زیاتر چالاک بێ و لەو پاسیفیزمە بێتەدەر کە بەسەریدا زاڵە.
بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە گرنگانەی مرۆڤ هاوکاریی جیهانی پێویستە بە تایبەتی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە چەپ و دێموکراتەکاندا. هەمو ئەو مەسەلانەش بناغەی تیۆری و بۆچوونی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێک دێنن و ئامانج لە پێکهێنانی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵیش هەر پێکهێنانی ئەو بەستەرەیە.

**پرسیار:** ئێوە وەک حیزبی دێموکرات و ئەندامی ئەسڵی لەو ڕێکخراوەیەدا وتاریان هەبوو و جەنابت قسەت کرد. باسەکەین ئێوە چی بوو؟

**وەڵام:** وتارەکەی ئەمن سێ تەوەری سەرەکی و چەند تێبینییەکی لە خۆ دەگرت. تەوەری یەکەم هەڵسەنگاندنێکی وەزعی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوو لە ژێر سایەی دەسڵاتی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا. ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیم

لە بواری مافی مرۆڤ چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا، تیشک خستەسەر فشارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر کوردستان و دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر لە کوردستان و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە یەمەن.

تەوەری دووەم مەسەلەی بومەلەرزەماڵوێرانکەرەکەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بوو. لەو بوارەدا ئیشارەم بە قووڵایی کارەساتەکە و بەرفراوانی زیانە ئینسانی و ماددیەکانی کرد بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان و سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژیمم لە و مەسەلەیەدا لەقاودا کە چۆن هەوڵ دەدا گەورەیی کارەساتەکە بشارێتەوە و، بەربەست دەخاتە سەر ڕێی یارمەتیی کۆمەڵانی خەڵک و بۆخۆشی یارمەتییەکی ئەتۆ ناکا. هەروەها ئیشارەم بەوە کرد  جێگای تێڕامانە کە ڕێژیم داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکا تا بە هانای قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەوە بێن و دەبێ ڕێژیم شتێکی بۆ شاردنەوە هەبێ کە نایهەوێ تەنانەت ڕۆژنامەنووسانیش بە زۆر لەو ناوچە و دەڤەرانەدا ڕابرن. باسیشم لەوە کرد کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆن بە هانای خوشک و براکانیانەوە چون بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان و  لە کۆتایی ئەو تەوەرەی قسەکانمدا داوام لە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە یارمەتیدەر بن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەدا بە یارمەتیی ڕاستەوخۆ بە بومەلەرزەلێدراوان، نەک لە ڕێگەی ڕێژیمەوە.

تەوەری سێهەمی باسەکەشم مەسەلەی ڕیفراندۆمی باشوری کوردستان و گەلەکۆمەگی ئێران، عێراق و تورکیە بو، بۆ ئەوەی نەیەڵن گەلی کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا. لەو بارەوە تیشکم خستە سەر هێرشی نیزامیی ئێران و میلیشیای حەشدی شەعبی و ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ناوچە کێشەلەسەرەکانی باشووری کوردستان. لە کۆتایی ئەو باسەشدا داوام کرد کە پێویستە پشتیوانی لەوە بکرێ کە مافەڕەواکانی گەلی کورد کە لە دەستوری بنەڕەتیی عێراقدا هاتون جیبەجێ بکرێن، دەنا دیارە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا و دەوڵەتی خۆی ڕاگەیەنێ. کۆتایی وتارەکەشم بەوە بەست کە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێویستە چالاکانەتر بەرگری لە دێموکڕاسی، ئازادی، مافی گەلان، ئاشتی، یەکسانی و پێکەوە ژیان بکا لە هەموو جیهاندا.

**پرسیار:** لە دنیای پڕ کێشەی ئێستا و گۆڕانی بەردەوامی بەرژەوەندیی وڵاتان و بەو پێیەش هەڵویستی وڵاتان، ئێوە پێتان وایە ئێنتێرناسیونال سۆسیالیست لەکوێی ئەو هاوکێشانەدا جێدەگرێ و چ جێگە و پێگەیەکی بۆخۆی پێناسە کردوە؟

**وەڵام:** سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ یەکگرتنێکی بەرفرەوانە لە حیزب و ڕێکخراوە سۆسیال دیموکڕاتەکانی سەرانسەری جیهان کە بە هەرسێک ستاتوتەکەی واتە ئەندامی ئەسڵی، چاوەدێر و موشاویرەوە ١٥٠ حیزب و ڕێکخراوی لە سەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆ کردووەتەوە. هەر ئێستا ٤٩ حیزبی ئەندامی ئەو بەرەیە لە حکومەتی وڵاتەکەی خۆیان دان بە شێوەی

ئیئتیلافی یا حکومەتیان بەدەستەوەیە. بێگومان ئەو حیزبانە هەرکام بە گوێرەی قازانجەکانی وڵاتی خۆیان و حیزبی خۆیان، بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام ئەو قەتعنامە و بڕیارانەی کە لە کۆنگرەکان و کۆبونەوەکانی شوڕا دا بە تێکڕای دەنگ، یا بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێن، هەموویان دەبێ ڕەچاوی کەن و پێبەندی بن. بە گشتی سۆسیال ئینتەرناشناڵ لە ڕاددەی دنیادا دەکرێ بڵێین لە بەرەی چەپدا ڕادەوەستێ، کە باوەڕی بە دێموکڕاسی، یەکسانی (چ بۆ تاکەکان، چ بۆ نەتەوەکان و چ بۆ دەوڵەتەکان)، ئازادی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکەوەژیانی بە ئاشتی هەیە. لەباری جێگە و پێگەشەوە زۆر گەورەیە، بەڵام ئینکار ناکرێ تاکوو ئێستا لە ڕادەبەدەر پاسیڤە. لەو کۆبونەوەیەشدا هەموو قسەکەران و پەنێلگیران بە تێکڕایی ئەوەیان هێنایە گۆڕێ.

**پرسیار**: پرسی مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوە بندەستە و بێ مافەکان چ بەها و گرینگی و بایەخێکیان هەیە لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا، بەتایبەت دەبینین کۆبوونەوەکە لە شوێنێک گیراوە کە ماوەیەک لەوە پێش ڕاپرسیی سەربەخۆیی تێدا کرا، بەڵام دیمان کە چۆن لەلایەن وڵاتێکی بەڕواڵەت دێموکراتیکەوە سەرکوت کران؟

**وەڵام**: بەپێی بنەما فکرییەکانی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بێ، بێگومان دەبێ لایەنگری مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان بێ. لەو کۆبونەوەیەشدا کە لە ڕاستیدا میوانی خەڵکی کاتالۆنیا بوو، زۆر گرنگی درابوو بە کاتالۆنیەکان و پرسی چارەنووسیان؛ بە جۆرێک کە دوای وتاری سکرتێری سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ یەکەم نۆرەی قسەکردن درابوو بە میگوێل ئیسێتا، سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکڕاتی کاتالۆنیا. لە کاتێکدا کە سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی سەراسەریی ئیسپانیاش لە وێ بوو کە بۆخۆشی جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ بوو. هەروەها ئیوارەخوانی ڕۆژی یەکەم میوانی حیزبی سۆسیالیستی کاتالۆنیا بووین لە بارەگای ئەسڵیی ئەو حیزبە. جگە لەوەش بڕیارنامەیەک پەسند کرا کە تێیدا پیداگری کراوە لە سەر دانی دەسەڵاتی زۆرتر بە هەرێمی کاتالۆنیا.

**پرسیار**: ئەدی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا چی؟ لەکوێی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا کورد خۆی دەبینێتەوە؟

**وەڵام**: بۆ ئاگاداریی هەموو لایەل لەسەر یەک ١١ قەتعنامە، یا پەسندنامە لە سەر ئەو گەل و وڵات و مەسەلانە پەسند کران کە بریتی بوون لە:

پرسی چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کاتالۆنیا؛ لەسەر پێکهێنانی کومیتەی هەوڵدان بۆ یەکسانی؛ لەسەر چەند پرسێکی وڵاتانی گینە، هیندوراس، نیکاراگوا و هایتی؛ لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆرەی باکوور، لە بابەت پرسی کورد لە هەموو

بەشەکانی کوردستان؛ لەبارەی هەڵبژاردنەکان لە نیکاراگوا؛ لەسەر پرسی خەڵکی ڕۆهینگیا؛ لەسەر بابەتی کۆچبەری و کۆیلایەتی؛ هەروەها لە سەر بارودۆخی دوو وڵاتی ڤێنێزۆلا و یەمەن.

ئەوە جگە لە بڕیار لەسەر چالاککردنی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ و کۆمیتە ئێتنیکی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی.

**پرسیار:** وا هەست دەکرێ سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ پێشتر زیاتری بایەخ بە پرسی کورد و حیزبە کوردییەکان دەدا، چونکی گرووپی کاری کوردان هەبوو لەو ڕێکخراوەیەدا. هۆی چییە هێزە کوردییەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا نەیانتوانیوە نەک باشتر دەور و ڕۆڵیان هەبێ، بگرە ڕەنگبێ پێگەیان لاوازتر بووبێ؟

**وەڵام:** لە ڕاستیدا ئەمن بە پێچەوانە بۆ ئەو بابەتە دەڕوانم. ئەمن پێموایە کە ئەوە هێزە کوردییەکانن کە زۆر کەمتر گرینگی دەدەن بە سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ لە چاو جاران. کورد بە گشتی عادەتی وایە، تا بە شتێک دەگا زۆری خۆ بۆ ماندوو دەکا و زۆری هەوڵ بۆ دەدا، بەڵام کە پێی گەیشت لە بەرچاوی دەکەوێ و پشتگوێی دەخا. لێرەشدا ئەوە ڕاستە. پێشتر زۆربەی حیزبە کوردییەکان خۆیان بۆ دەکوتا. کەسی بە نفوز و کاریزمای وەک مام جەلال، جێگری سەرۆکی بوو، زۆربەی حیزبەکان، تەنانەت ئەوانەی ئەندام، چاوەدێر یا موشاویریش نەبوون بەشدارییان لە کۆبونەوە و کۆنگرەکانیدا دەکرد، کەچی ئەمجارە لە هەموو کوردستان تەنیا سێ حیزب بەشدارییان کردبوو. دەنا مەجالی کار بۆ کورد زۆرە. گرووپی کاری کوردانیش کە چالاک نییە هەر خەتای کورد خۆیەتی. ئێستاش ئەو مەجالە هەر هەیە. بەڵام کوردەکان بۆخۆیان بەدواداچوونی بۆ ناکەن و تەنیا لە کۆبونەوە و کۆنفرانسەکاندا سۆسیالیست ئینتەرناشناڵیان بیر دەکەوێتەوە. لە یەک، دوو ڕۆژیشدا زۆرکەم شت جێبەجێ دەبێ. ئەگەر پێشەکی پرۆژەت هەبێ، بێگومان لەوێش زەمینەی پەسندبوونی هەیە. ئێمە ئەوجارە تەنیا بە سێ حیزب، ئەویش بە ڕاستی تەنیا بە ئیبتیکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیمان باشترین قەتعنامە لە سەر هەر چوارپارچەی کوردستان بە پەسند بگەیەنین.

**پرسیار:** ڕەنگبێ ئەو پرسیارەش هەبێ کە کورد چۆن دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرسی خۆی بەرۆژەڤ بکا و دۆست و لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا؟

**وەڵام:** کورد پێویستە گرووپێکی کاریی بە هێز لەو ڕێکخراوەیەدا پێک بێنێ، کە بە بەردەوامی کار لەسەر مەسەلەکە بکا و لە کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا پرۆژە بێنێ و بە پەسندی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵی بگەیەنێ و دواتر لە رادەی نێو نتەوەیی دا کاری بۆ بکا و لایەنگری بۆ کۆ بکاتەوە. زۆریش گرنگە کە کورد وەک یەک نوێنەرایەتی دەرکەوێ و بە پێی نەخشەیەک کە داگیرکەران دایان ناوە هەڵسوکەوت نەکا. نەڵێ ئێران، سووریە، تورکیە و عێراق، بەڵکوو بڵێ کوردستان و هەمو وەک

یەک پابەندی کوردستانیبوونی خۆیان بن و هەر حیزبەی لە بیری ناوچەکەی خۆی و حیزبەکەی خۆیدا نەبێ. ئەو کاتەیە کە بێگومان لەم ڕێکخراوەیە و زۆر ڕێکخراوی دیکەی نێونەتەوەییش دەتوانێ کەڵک وەربگیرێ. ئیسرائیلییەکان بوونە دەوڵەتێکی بەهێزیش، کەچی ئێستاش لە هەمو بوندە نێو نەتەوەییەکاندا بە ناوی جۆراوجۆر بوونیان هەیە. کورد تا ئێستاش هیچی نییە، کەچی هەموو تریبونێک و مەجالێک بەبێ کەڵک و بێ سوود دەزانێ. چاو لە سۆشیال مێدیا بکە، کورد تەنیا دەتوانێ ڕەت بکاتەوە و بە بێ بایەخ وەسفی هەموو شتێک بکا و هەموو چالاکییەک ڕەت دەکاتەوە. کەس نائێ با فلان چالاکی بکەین و بەم شێوەیە نا، بەڵکوو بە فلان پلان و بەرنامە بیکەین. هەموو دەڵێن جا ئەوە چ فایدەیەکی هەیە.

**زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەو وتووێژە**

**سپاس بۆ ئێوەش**

------

*** ڕێکخراوی ئینتێرناسیونال سوسیالیست لە چەند دێڕێکدا**

ڕێکخراوی "ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست"، بە یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان دادەنرێ و دەیان حیزبی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات و حیزبی کرێکاریی جیهان، تێیدا بەشدارن. ئەو ڕێکخراوەیە لە ئێستادا ١٦٠ ئەندامی لە ١٠٠ وڵات و لە سێ ستاتووی ئەندام، چاوەدێر و ڕاوێژکاردا هەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هێزی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تێیدا وەک ئەندامی ئەسڵی بەشدارە.

بۆ یەکەم جار شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات لە ساڵی١٩٨٦ لە کۆنگرەی لیما لە وڵاتی پێرۆ وەک میوان لەو کۆبوونەوەی ١٧ی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشداریی کرد و دواتر حیزب لە کۆنگرەی بیستەمی ئەو ڕێکخراوەیەدا وەک ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ٢٤ی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لە وڵاتی کۆلۆمبیا گیرا، بە ئەندامی ئەسڵیی ئەو ڕێکخراویە وەرگیرا

(لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە



(٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەو ڕۆژە لە مێژ ساڵە لە نەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی گرتوە و ٣٣ ساڵیشە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یادی دەکرێتەوە و بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگیرێ.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات؛ ٢٦ی سەرماوەز بەناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە و لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەسند کراوە.

لە ٣٣ ساڵەی ئەو ناودێرکردنەدا بە چەند پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی پێشمەرگە و ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستاندا چووینە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە)

**پرسیار**: مامۆستا! ئەو وتووێژەمان تایبەتە بە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. پێمخۆشە جەنابت بۆ چوونە نێو باسەکە یان بۆ سەرەتایەک بۆ وتووێژەکەمان بفەرموون پێناسەی جەنابت بۆ پێشمەرگە چیە؟ ئایا پێشمەرگایەتی ئەرکە، پێشمەرگایەتی نازناو و سفەتە، پێشمەرگایەتی تەعەهودێکی ئینسانییە؟ جەنابت چۆن باس لە پێشمەرگە دەکەی؟

**وەڵام**: ئەمن جاری دیکە باسی پێشمەرگەم کردوە، تاریفی پێشمەرگەم بە دوو سێ جۆر کردوە: یەکێکیان فیداکاریی پیشمەرگەیە کە قابیلی تاریفکردن نیە چونکی تەنیا مەوجوودێکە کە واز لە هەموو شتێک دێنێ تەنانەت تا سەرحەدی

گیان، ئەویش دەبەخشێ؛ بەڵام لەوە موهیمتر بەڕاستی پێشمەرگەی کوردستان، (ئیجازەم بدە بڵێم بەتایبەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا) پێشمەرگە چاوەڕوانی ئافەرینێکیش نیە، یانی بێ ئەوەی هیچ تەوەقوعێکی هەبێ دەبەخشێ تا سەرحەدی گیانی، کەوابێ لە یادی ڕۆژی پێشمەرگەدا دوای پیرۆزبایی، غەیری سەردانەواندن بۆ ئەو ڕووحە بەرزە پیاو قسەیەکی نیە بیکا.

**پرسیار**: یانی سەرووتر لە ئەرک، سەرووتر لە تەعەهود؟

**وەڵام**: یانی سەرووتر لەوە شتێکی دیکە تەسەور ناکرێ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکا لەوە هەورازتر نیە، بنیادەم هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی ڕووحی لەدەست نەدا، ئەو ئەویشی لەسەر بەری دەستی داناوە.

**پرسیار**: مامۆستا لەمێژ ساڵە ٢٦ی سەرماوەز لەنەستی خەڵکدا و لە ڕۆژژمێری حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێز لە حەماسە و گیانفیدایی پێشمەرگە دەگیرێ. بەڵام ئێستا کۆمەڵێ بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشان دەدەن ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پەلامار بۆ سەر شارەوانیی ڕێژیمی شا لە مەهاباد نەبووە. بەڵگەنامەکان دەڵێن ئەوە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ بووە نەوەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤. ئێستا کە مەبناکە ئاوایە جەنابت چ تەوزیحێکتان هەیە کە بمانەوێ لەو ڕۆژەدا بیدەین؟

**وەڵام**: جارێ با لەپێشەوە بڵێم ئەو هەڵەیە لە شتێکرا هات، لە هەڵەیەکی مێژوویی کە ڕەحمەتی کەریمی حیسامی کردبووی.

**پرسیار**: لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا؟

**وەڵام**: بەڵێ کتێبێکی هەیە بە ناوی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران». لەوێدا داستانی شەهیدبوونی عەوڵای مینەخاڵند کە وەک یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناو دەبا و لە گیرانی شارەوانیی مەهاباددا شەهید بووە، دەخاتە ٢٦ی سەرماوەز. کاتی خۆیشی کە ئەوەمان دانا، غافڵ نەبووین لەوەی کە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیشە، چونکی ئەوەمان بە سەنەد لەبەر دەستدا بوو. بۆیە ئەو وەختی کە دامانان ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە، گوتمان ئەمە زیاتر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، بەڵام لەبەر حەساسیەتی هێزە ئێرانییەکان ئێمە ئەو بەشەی دەردەبڕین و دەڵێین ٢٦ی سەرماوەز یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەی تێدا کراوە کە دواتر ناوی نراوە پێشمەرگە، بۆیە ئەو ڕۆژەمان داناوە. جا ئێستا کە قسەی لێدەکەین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا

ئێستا هەر ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەر لە جێی خۆیەتی. بەڵام بۆ تاریخەکە بەڵێ، وەختێکی تاریخی ڕووداوێک دەردەکەوێ مەعلوومە دەبێ قەبووڵی بکەی. ئاخر دەڵێن لە دنیادا حەقیقەتی موتڵەق فەقەت تاریخە، هیچ شتێک بە موتڵەقی حەقیقەت نیە بەڵام تاریخ ئەوەیە، ئەوە لە ٢٦ی ڕێبەندانی١٣٢٣دا بووە نە دەکەوێتە ٢٥ و نە دەکەوێتە ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٣ش. کەوایە ئەوەیان هەر لە جێی خۆیەتی، بەڵام ڕۆژەکە هەر پیرۆزە ئەگەرچی هەموو ڕۆژی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی فیداکاریی پێشمەرگەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان بگرین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی پێشمەرگە. عادەتەن ڕۆژێکی وا دادەنرێ کە تێیدا تەجلیل لە تویژێکی کۆمەڵایەتی بکرێ، ئەمە لە جێی خۆیەتی بەڵام ئارەزوو دەکەم دوو شت بێنە دی، یەکیان ئەوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەسەر ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک کەون، یەکیشیان ئەوەیە کە ڕۆژێکی موناسبتر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵایە و پارلمانی هەرێمی کوردستانیش پەسندی کردوە و پیرۆزە. بەڵام پێم وایە موناسبترین ڕۆژ، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانە، چونکە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڕیار دراوە ئەو هێزە ناوی بنرێ پێشمەرگە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وشەی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە دانەنراوە تەنانەت ناوبردنی شۆڕشگێڕی چەکداری کورد بە پێشمەرگەش ئەو ڕۆژە یەکەم جاری نیە، بەڵام ئەوە کە بە ڕەسمی هێزێکی کوردی، هێزێک کە دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی کورد دەکا ناو بنرێ هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوو. ئەو ڕۆژە لە مەهاباد کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و ئەو بڕیارەی تێدا دراوە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ژمارەکەیم ئێستا چاک لەبیر نیە بەڵام ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاو بۆتەوە. ئیدی ئەوە سەنەدی تاریخییە.

**پرسیار**: مامۆستا فەرمووت کە مەبنای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرتنی شارەوانیی مەهاباد بووە و بەڵام دەکرێ هەر ئەو مەبنایە یانی هەر ئەو ڕێکەوتە مێژووییە ئێمە وای دابنێین کە ڕۆڵی پێشمەرگە یەکەم جار لێی دەردەکەوێ ئەوە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و، هەنگاونان بەرەو دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی بگێڕینەوە بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە؟

**وەڵام**: بە باوەڕی من ئەودەم فکری دامەزرانی کۆماری کوردستان نەهاتبووە ئاراوە. ئەوە وەکوو شانازییەک بۆ ئەو هێزەی کە دوایی بوو بە پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە بەڵام ئەو کاتی کە شارەوانیی مەهاباد گیرا نەک فکری کۆماری کوردستان، بەڵکوو فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەهاتبووە گۆڕێ. حیزبی دێموکرات ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بە ئێشتیا پێمان خۆش بێ جوێیە دەنا لە مەنتیقدا زۆر بەجێ نیە بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە چونکە ئەوکات فکرەکەشی لانیکەم بۆ هەمووان نەهاتبووە ئاراوە.

**پرسیار**: بەڵام ئەو عەمەلیاتە ڕێی خۆش کردبوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانە؟

**وەڵام**: دیارە ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی کورد شتێکی بە دەستەوە بێ، ئیدارەی خۆی بکا لە مەنتقەیەکی زۆر بچووکی کوردستان لە ساڵی ۱۳۲۱ەوە زەمینەکەی خوڵقاوە. یانی بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەو مەنتەقەیەدا ئەو زەمینەیە خوڵقاوە و خەڵک دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بووە و هەر ئەوە کە دەڵێن تەنیا نوێنگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو مەنتەقەیەی کوردستان شارەوانیی مەهاباد بووە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بووە. ئێستا ئەوە کە چەندە توانیویەتی ڕێکی بخا ڕەنگە لێی بە ئیراد نەگیرێ چونکە ئێستاش ئێمە هەزاران موشکیل و کەموکوڕیمان لە پێشدایە.

**پرسیار**: مامۆستا چ پێشمەرگە وەک گوتت ئەو سەفەتەی لەو کاتەوە کە لە زەمانی کۆمار کە بە هێزی چەکدار گوتراوە پێشمەرگە و چ پێشتریش، پێشمەرگە دەیان ساڵە نەقشی تایبەتیی خۆی هەیە، کۆماری کوردستان کە دامەزراوە پاراستوویەتی هەتاوەکوو تووشی ئەو نسکۆیە بووە. لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕاپەڕین و حەماسەتی مێژوویی پێشمەرگەمان بینیوە. پێتان وایە ئێستا ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە و نەقشی پێشمەرگە لە گۆڕانکاریەکانی ئێستادا چیە ئایا هەمان تەعریفی پێشووی هەیە یان تەعریفێکی جیاواز بۆ کاری پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە نابێ تەسەوری غەڵەتمان لە پێشمەرگە هەبێ. ڕاستە پیاو کە بیر دەکاتەوە قەلافەتی پێشمەرگەی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دێتە بەرچاو چونکە ئەو ناوە بەسەر کەسێکدا بڕاوە کە بە چەکەوە دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد دەکا و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەکا، بەڵام ئەمن پێموایە نابێ پێشمەرگە تەنیا لەوەدا ببینین. بێئەدەبییە دەیڵێم: ئەمن ساڵی ۱۳۶۱ لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە بێ ناو مەقالەیەکم نووسیوە کە دەڵێ: «باهەموومان پێشمەرگە بین». لەوێدا دەڵێم ئەم چینانە و ئەو توێژانەش کە هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە بەڕێگایەکدا بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجە تێدەکۆشن هەموویان پێشمەرگەن. بێجگە لەوە عینوانی پێشمەرگایەتی شانازییەکە کە دەکرێ بیدەی بە هەموو خزمەتگوزاران بەڵام پێشمەرگە هەر تەقەکردن نازانێ، پێشمەرگە ئێستا موهەندیسە، ئێستا نووسەری چاکە، پێشمەرگە ئێستا تەبیبی چاکە، پێشمەرگە ئێستا بیرمەندی چاکە. لە هەر بوارێکدا بیگری هەر خودی ئەو کەسەی کە لە سفەتی پێشمەرگە دایە تواناکانی هەیە کەوابێ ئەگەر سبەینێ ئیشەڵڵا کورد مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە گرت ئەوەڵەن پێشمەرگە دەبێ بۆ پاراستنی ئەو وەزعیەتە تازەیە تێبکۆشێ. مەسەلێک هەیە دەڵێ پووڵ پەیداکردن ئاسانە بەڵام ڕاگرتنەکەی بەزەحمەتە. بەدەستهێنانی ئازادییش ئاسانترە هەتا پاراستنەکەی. کەوایە ئەودەمی ئیحتیاجیمان بەو هەیە، شەرت نیە تەنیا لە موقابیلی دوژمن و لە شەڕی چەکدارانەدا بێ، لە پەروەردەکردنیدا لە پێگەیاندنیدا لە گەیاندنەوەی بە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا پێشمەرگە دەتوانێ نەقشی کاریگەر ببینێ و ئەوانەش کە تێکەڵ بەو ڕەوتە دەبن زۆر بەجێیە شانازیی ناوی پێشمەرگەیان پێ ببەخشرێ چونکە پێشمەرگە ناوێکی کەم نیە. لەبیرمە جارێکیان ئێمە چووبووینە دێیەک ئەمن و یادی بەخێر کاک حەسەن ڕەستگار بووین، لە مزگەوت کۆبووینەوە خەڵکەکە پێیان خۆش بوو قسەیان بۆ بکەین و بە بڵیندگۆ بانگی خەڵکی دێیان کرد بێنە مزگەوت. ئەوەی کە بانگی خەڵکی دەکرد گوتی: پێشمەرگە



سەرچاوە
Serchawe

هـاتوون وەرنەوە و هەر لەسـەر بڵینـدگۆ داوای لێبـووردنی کـرد و گـوتی: ببـوورن پێشـمەرگە نـین مەسـئوولن. هەر لەسـەر بڵینـدگۆکە جـوابم دایەوە و گـوتم: ئـێمە شـانازیی ئەوەمـان نەبـوو حەقـی ئەوەمـان نەبـوو کە پێشمەرگە بـین، ئەتـۆ ئەوەت لێئەستاندینەوە؟

**پرسیار: مامۆستا جیا لەو پێناسە جوانەی جەنابت بـۆ نەقشی پێشمەرگە و ڕۆڵـی پێشمەرگە و ئەوەی ئەو نەقشە ڕەنگبێ بازتەولید بێتەوە یـان لە ڕەهەنـدەکانی دیکەدا بەکـار ببـرێ، بەڵام زۆر دەنگـی نەشـازیش دەبیسـتین کە دەڵـێن سـەردەمی خەباتی چەکداری نەمـاوە، سـەردەمی پێشمەرگایەتی نەمـاوە، سـەردەمی خەبـاتی ئاشتیيانەیە، لە حاڵێکـدا هەر چەنـد ڕۆژ لەوەپێش بوو کە پووتین پلاتفۆرمی نوێی بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی خۆی دیاری کرد، دەبینین کە مەسەلەن ئامریکا چ دەکا. ئەو قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟**

**وەڵام:** ئەو قسانە هێندێک کوردیش فێریـان بوون و وەکوو تـووتی دەیـانڵێنەوە بەڵام بەشی زۆری لە دەسـەڵاتە گەورەکـانەوە هاتوە، ئەو دەسەڵاتـانەی کە ئێستا خەریکن شەڕی ئەستێرەکان دەکەن، لە کوراتی ئـاسمانیش ململانەی نیزامیی خۆیـان هەیە بۆ میللەتێک کە لە هەموو مافەکانی بێبەشە دەیـانەوێ چووکترین وەسیلەی دیفـاع لە خۆی نەبـێ. ئەوە ئـیدی ئەوپەڕی بـێ ئینسـافییە کە لەگەڵ حەقـیقەت، لەگەڵ تـاریخ زیـاتر لەوەی کە لەگەڵ میللەتێـک دەکـرێ. کەوایە هیـوادارم قەت میللەتـی ئـازادیخوازی کـورد تەسلیمی ئەو نـازانم نـاوی لـێ بنێم تەبلیغـات نـاوی لـێ بنێم تەوەهـووم تەسلیمی نەبـی، چـونکی کـورد ئێستاش خەتەری ئەوەی لەسەرە سبەینێ دوچاری خەبـاتی چەکدارانە ببێتـەوە وەکوو گوتیشم ئەگەر مافەکانیشی وەدەست بێنێ بۆ پاراستنی هەر دەبێ هێزی پێشمەرگەی هەبـێ. ئـێمە لە بەرنـامەی حیزبیشدا ئەوەمان هەیە کە ئەگەر حکوومەتی کوردستانمان دامەزراند هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکـانی دیکە پاراستنی ئەمنیەتـی وڵات بەدەستەوە دەگرن، دیـارە ئەوە مەفهوومی خۆی هەیە کە دەڵێین هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکـانی دیکە کە لێرەدا شەرحی بەرنـامە نـاکەین. لە پاشان بەتایبەتی بـۆ ئـێمەی دێمـوکرات بـا کەس فێرمـان نەکـا خەبـاتی ئاشتیخوازانە باشە، چونکی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە حیزبەکەمان لەسەر مەبنای ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کوردستان بە چەک چارەسـەر نـابێ. ئەو وەختیش کە ئەوەمان گوتـوە ڕاست دوو تەڕەفمان مەقسوود بووە یەکێکیـان ئەوەی ئـێمە نـاتوانین بە چەک دەوڵەتەکـان بەچۆکدا بێنین، یەکیشیان ئەوە کە دەوڵەتەکان ناتوانن بە چەک ئێمە بەچۆکدا بێنن و وا بکەن ئـێمە واز لە مـاف و داخوازییەکانمـان بێنـین. کەوابـێ ئـێمە لەوەدا زۆر کـۆنین دەتـوانم بڵێم پێشـەنگین حیزبـی دێمـوکرات لەو بـارەیەوە پێشـەنگە، تەنـانەت وەختێکی ئـێمە ئەوەمـان دەگوت هیزی سیاسیی دیکە هەبوون ئێرانییش و تەنانەت کوردستانییش کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنـگ دێتە دەرێ. ئێمە کە دەمانگوت ئاشتی باشە پێیان دەگوتین سازشکار، با کەس فێری ئاشتیخوازیمان نەکا.

**پرسیار: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشتییش هەر بە شەڕ دەپارێزرێ؟**

**وەڵام**: بەڵێ بەڵێ ئوسوولەن ئێمە زۆر جار گوتوومانە شەڕەکەشمان بۆ ئاشتییە، پاشان ئاشتی ئەگەر قووەتی لە پشت نەبێ مادام جامێعە ئەوەندە پێش نەکەوتوە کە باوەڕی بە ماف و ئازادیی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ هەبێ ئاشتییەک قووەتی لە پشت نەبێ شانسی بەردەوامبوونی نیە.

**پرسیار**: مامۆستا! جەنابت لە پێشوازیی ڕۆژی پێشمەرگەدا بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشت لە ئەکاونتی خۆت لە فەیسبووکدا بڵاو کردەوە لەوێدا بەداخبوونی خۆت لە یەک شتیش دەربڕیوەکە بەڕاستی پرسیاری زۆر خەڵکە کە بەشێکی زۆر و هێزێکی گەورەی باکووری کوردستان نازناوی پێشمەرگەی لەسەر هێزەکانی خۆی دانەناوە و بە گریلا ناویان دەبا. ئەوە هیچ لە ئەسڵی قەزییەکە دەگۆڕێ لەسەر تەعریف و نەقشی پێشمەرگە؟

**وەڵام**: نا خۆ ئێمە هەر وەکوو ڕێز و قەدر بۆ خەبات و فیداکاریی پیشمەرگە دادەنێین بۆ ئەوانەی ناویان پێشمەرگەیە هەر ئاواش بۆ ئەوانەوی ناویان گریلایە بۆ فیداکارییەکەیان ڕێز دادەنێین، یان ئەوانەی کە لە سوورییە ناوی شەڕڤانیان لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو کارەی (پ.ک.ک) کە لە واقیعدا ئەوی سووریەش لە ژێر تەئسیری ئەودایە دوو شتی تێدایە؛ یەکیان دەرچوونە لە ئیجماعی هێزە سیاسییەکانی کورد کە ئەوە باش نیە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە ئەو ناوە شیرینە ئەو ناوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد هەڵدەگرێ ناوێکی نامۆ و بێگانە یان ناوێکی بەڕاستی بێ نێوەرۆکی لەسەر دادەنێ، مەسەلەن هەزار پەرژینی بەگوڵ بێ داعشیش شەڕڤانە، هەرکەس شەڕ بکا شەڕڤانە. بەڵام ئەوەی خۆی بۆ ماف و ئازادیی میللەتی کورد بە کوشت بدا ئەو پیشمەرگەیە. بۆیە هەم ئەو ناوە حەیفە حەزف بکرێ هەم لەو ئیجماعدەرچوونە باش نیە. هەروەکوو لە باری دیکەشەوە جاروبار ئاوا دەرچوون. مەسەلەن خۆ ئیستا ئەو ئاڵایەی لە کوردستان پەسەند کراوە و ئاڵایەکی ڕەسمییە ئیمە وەک هەمبەستگی هەڵیدەگرین، دەنا ئەگەر سبەینێ ئێمە کوردستانی گەورەمان هەبێ ڕەنگە بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێران وەزعیەتێکی وەک کوردستانی عیراقی بۆ پێک بێ قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگەمان نادا عەینی ئەو ئاڵایە هەڵکەین. دەبێ ئاڵایەکی دیکە بێ، ڕەنگە تۆزێک وەک یەک بچن بەڵام نابێ یەک شت بن. باشە لەوێدا بۆ ئێمە لێک بترازێین بۆ هەموومان شتێک نەکەینە سێمبول؟ بەداخەوە ئەوان وایان بە باش زانیوە کە لە هەموو شتێکدا هی خۆیان هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیجماع و ئەو سێمبولەی کە جەنابت باست کردبوو جەنابت پێت باش بوو کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پیشنیارە وەک حیزبی دێموکرات دراوە بە لایەنێکی دیکە یان بە حکوومەتی هەرێم و بە هێزەکانی دیکە یان هەر وەک پیشنیاری جەنابتانە؟

**وەڵام**: پێموایە پێرارەکە بوو هەر کە باسی ڕۆژی پیشمەرگە کرا لە تەرەف ئێمەوە، لە تەڕەف حیزبی دێموکراتەوە

پیشنیهاد بە هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور و بە حکوومەتی هەرێمیش کرا کە لە پێش چاو بگیرێ و دابنرێ.

مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوە کاتەی تەرخانت کرد بۆ ئەم وتووێژە

سوپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٦٧١٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ



**٣٩ ساڵ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ تێپەڕی. شۆڕشێک کە بڕیار بوو ئازادی بۆ خەڵک بەدیاری بێنێ، هەژاری و چەوسانەوە و بێمافی نەهێڵێ، کێشەکانی خەڵک بنەبڕ بکا و ئێران بکاتە بەهەشتی سەرزەوی. ٣٩ ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئێستا خەڵک هاتوونەتەوە سەرشەقام. لە دژی بارودۆخی ئابووریی وڵات ڕاپەڕیون و بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان دروشم دەدەن.**

**شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بۆ گەیشتە بارودۆخی ئەمڕۆ؟ لە کوێدا هەڵە کرا و چار چییە؟ «کوردستان» بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و سیمای دیاری حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:**

**پرسیار: ٣٩ ساڵ لەوە پێش ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا ڕووخا. لە ڕووی تیۆری و دوایەش ئاقاری ڕووداوەکان ئێستاش ئەو پرسیارە هەر جێی مشتومڕە کە ئایا ئەو شۆڕشە ئیسلامی بوو یان نەبوو؟ ڕەنگبێ ئەهەمیەتی باسەکە لەوەڕا بێ کە ئەو کاتە ڕووحانیەت لە ئێران نفووزێکی زۆر تایبەتیی هەبووە و دوای ٤ دەیە بڵێی ئەو نفووزە یان ئەو جێگەوپێگەیە ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە جێی خۆی مابێ یان نا؟**

**وەڵام:** هەتا ئێستاش ئەو ناکۆکیی بیروڕایە هەیە کە ئەرێ ئێمە بڵێین شۆڕش، بڵێین ڕاپەڕین، بڵێین بزووتنەوە؟ شتی جۆراوجۆری ناو لێدەنێین. بەهەرحاڵ لانیکەمی ئەوەیە کە ئەوەی لە ئێران ڕووی دا ڕاپەڕینێکە. ئەو ڕاپەڕینە ڕاپەڕینی ڕووحانیەت بوو یان ڕاپەڕینی خەڵک بوو بە ڕەئی من ڕاپەڕینی هەموو خەڵکی ئێران بوو. هەموو خەڵکی ئێران لە دەست سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی، لەدەست وەزعی خراپی ئابووری و لەدەست نەبوونی ئازادییەکان وەجان هاتبوون و چین و

توێژ و نەتەوەی جۆراوجۆری ئێران هەموویان داخواز و مەبەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە کە لەمێژ بوو لە دڵیاندا هەبوو هاتبوونە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە کە بڵێی شۆڕشەکە بەدەست خەڵکی دیکەوە بوو، وەک هێندێک جار دەگوترێ ئاخوندەکان هاتن بە تاڵانیان برد. ڕەنگە جەنابت وەبیرت نەیە بەڵام ئەو وەختی قسەیەک دەگوترا کە خەڵکی ئێران هەموو دەزانن چیان ناوێ بەڵام نازانن چیان دەوێ. ئەوە ڕاست بوو بەڵام لەسەر خەڵکەکەی دیکە ڕاست بوو. پیاو حەق بڵێ لەسەر دەم و دەزگای دینی یان ئاخوندەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕاست نەبوو، چونکی ئەوان دەیانزانی. ئەمن لەبیرم نیە کەنگێ بوو بەڵام بە دەیان ساڵ پێش، بە ئیحتمالی زۆر دەوری ٢٠ ساڵ پێش ئەو وەختی نامیلکەیەکم دی بەناوی بەرنامەی ئینقلابی ئیسلامی. نازانم کتێبخانەیەکی چکۆلەی قاچاغم هەبوو لە وڵات ماوە یان نەماوە بەڵام لەوێدا ئەوە بەرنامەیە هەبوو. ئەوان دەیانزانی چ بکەن. پاشان حەقیقەت ئەوەیە کە ئاخوندەکان ڕێکوپێک بوون. حیزبیان هەبوو، بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو کادری حیزبییان هەبوو، کووبڵی حیزبییان هەبوو. کادری حیزبی دەوری سێسەدهەزار ئاخوند بوون و کووبڵی حیزبی سێسەدهەزار مزگەوت بوو کە هەمووشی لە یەک سەرچاوە دەستووری وەردەگرت. ئەوەی ئەو وەختی پێیان دەگوت شۆڕشی نەوارەکان. خومەینی بەو زمانە »شیرین«ـەی خۆی کە بۆخۆمان دەزانین چۆنی قسە دەکرد شریتێکی پڕ دەکردەوە و لە نەجەف یان لە پاریس ڕا دەیناردەوە لە ماوەی دوو شەووڕۆژ سێ شەووڕۆژدا دەیان و سەدان هەزار کۆپیی لەسەر هەڵدەگیرا و لە هەموو دێ و شار و بڵێین کووچە و کۆڵاناندا ئیستفادەی لێ دەکرا. کەوابێ ئەو ڕاپەڕینە، ئەو شۆڕشە - ناوەکەی کێشە نیە هەرچی بێ - گوناح نیە بڵێین هی مەلاکان بوو. مەلاکان ڕێبەرییان کرد، مەلاکان هیدایەتیان کرد و بەرهەمەکەش ئەوان خواردیان؛ بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە خەڵک ئەوەی دەویست. خەڵکی دیکە لە ئێران یەکێک پێی خۆش بوو بەرنامەی فەرهەنگی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن باشتر بێ، یەکێک دەیویست بەرنامەی ئاموزشی لە مەدارس و دانیشگاکان باشتر بێ، یەکێک دەیەویست وەزعی ئابووری باشتر بێ، یەکێک دەیەویست چیدیکە لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش نەبێ. هەموو ئەمانەی تێدا هەبوون. بەڵام چونکی ئەمانە ڕێکخراو نەبوون، نە حیزبێکی سەرتاسەری هەبوو بتوانێ هیدایەتیان بکا نە جەبهەیەک هەبوو. ئاخوندکان کە ئەوان ڕێکوپێک بوون گرەوەکەیان بردەوە.

**پرسیار**: ئەدی دوای چوار دەیە ئێستاش پێتان وایە ئاخوندەکان و ڕووحانیەت ئەو پێگە بەهێزە کۆمەڵایەتییەیان هەیە لە ئێراندا کە بوویان؟

**وەڵام**: بێگومان ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوییەیان نەماوە. ساڵ ٥٧ لە جەریانی ئەو ڕاپەڕینەدا خەڵک بە عەلاقەوە هەموو شتێکی بە قسەی خومەینی دەکرد بە ئیمانەوە دەیکرد ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام لە موقابیلدا نوقتە قوەتێکی دیکەیان هەیە. ئەگەر ئەو وەختی تەنیا کۆمەڵێک ئاخوندی هوشیار و شێلگیر - بەتایبەتی ڕێبەرییەکە - زیدی ڕێژیم بوون، ئێستا بۆخۆیان ڕێژیمێکن کە هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. با بڵێین ئەو کات نەوەد لە سەدی خەڵک بوون ئێستا

دە لە سەدن. بەڵام ئەو دە لەسەدە هەموو ئیمکاناتی مادی، ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی، چی ئەتۆ دەتەوێ هەمووی لەبەر دەستی ئەواندایە. کەوابێ پێگەی توودەییان وەک جاران بەهێز نیە بەڵام دەسەڵاتیان زۆر لەو وەختی بە قوەتترە.

**پرسیار**: مامۆستا فەرمووت کە خەڵک ئەوەی نەدەویست کە ئێستا کە لەبەری هەڵدەگرێتەوە یان ڕۆژانە لەگەڵی بەرەوڕوویە. ئایا خەڵک ئیشتبایان کرد کە شۆڕشیان کرد و ئایا دەبێ ئەو خەڵکە لۆمە بکرێن کە بۆ وایان کرد؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە ڕاپەڕین لە دژی نیزامی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بە هیچ حاڵێک ڕاپەڕینێکی بەهەڵە نەبوو، چونکی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەیەک دەرحەقی هەموو کۆمەڵی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە ناحەقیی کردبوو کە بۆیە دەبوو لەدژی ڕاپەڕن. کەوابێ بە باوەڕی من هەڵەیان نەکردوە، ئامانجەکانیان ڕەوا بوون. هەڵەکە لەوەدا بوو کە بەبێ بەرنامە بوون، یەکنەگرتوو بوون و نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان وەدی بێنن. ئەوەی کە ڕێکخراو و بە بەرنامە بوو توانی ئامانجەکانی وەدی بێنێ. هەر وەک لەبیرمانە ڕێبەری ئینقلابی ئیسلامی دەیگوت ئیقتساد هی حەیواناتە ئەو خەڵکە ئینقلابی بۆ ئەوە نەکردوە یارەڵماسی هەرزان ببێ، بۆ مەعنەویات کردوویانە. ئێستا با لەوە گەڕێین کە بۆخۆی چەندەی باوەڕ بەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئامانجانەی ئەو خەباتی بۆ کردوون دەتوانین لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن دەمودەزگای دینییەوە خولاسەی بکەینەوە. ئەوەی جڵەوی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بووە ئامانجی ڕاپەڕینەکەشی بە دەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێبەرییان نەکردوە و نەقشی کاریگەریان تێیدا نەبووە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن. بەوحاڵەش ئامانجەکانیان موقەدەسن کە بۆ وەدیهێنانیان دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان کردوە.

**پرسیار**: دەی خۆ قسەی خومەینی ڕاستە کە دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ هەرزانکردنی یارەڵماسی نەکردوە، چونکی ئەگەر سێ شۆڕشی گەورەی دنیا، شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ڕووسیە بە نموونە وەرگرین لە هەرسێکیاندا وەزعی ژیانی خەڵک و گوزەران و ئابووریی ئەو ساڵانەی کە وا ئەو شۆڕشانەیان تێدا کرا بە نیسبەتی ساڵانی پێشووی باشتر بووە؟

**وەڵام**: نا، وەک عەرزم کردی ئامانجەکانی شۆڕش جۆراوجۆر بوون، ئابووری بوون، کۆمەڵایەتی بوون، فەلسەفی بوون، هەموو ئەو شتانە هەبوون، بەڵام ئەوە کە بڵێین ساڵی ١٣٥٧ وەزعی ئابووریی خەڵک چاکتر بووە لە ڕابردوو و ئەوانە، هەموو دەکرێ بڵێین پێش سەرکەوتنی ئینقلاب بووە؛ دەنا دوای سەرکەوتنی ئینقلاب وەزعێکی باشتر نەهاتە گۆڕێ. لە جەریانی ئینقلابدا ئێرانێک کە لەسەر دەریای نەوت دەژیا و لەسەر دۆلارە نەوتییەکان دەنووست، سەری کیسەی دەکردەوە و ئیمکاناتی زیادی دا بەو هیوایە کە بتوانێ بە پووڵ و پارە پێشی ئەو ڕاپەرینە بگرێ، ئیمکاناتی ماددیی بۆ خەڵکی پتر کردبوو، بەڵام شەرت نیە ڕاپەڕینێک کە ئەوڕۆکە دەبێ، حەتمەن سبەینێ وەزعی ئابووری و وەزعی فەرهەنگی لە ڕابردوو

چاکتر بکا، چونکە شۆڕش بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی وەکوو مەنتەقەکەی ئێمە بە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا حەددێکی زۆر هەموو ئاسیا و ئەولاتریشەوە بڕۆیە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، ئەوەی پێیان دەڵێن دنیای سێهەم، عادەتەن شۆڕش وێرانیی لێ بەجێ دەمێنێ، ئەو وێرانییە چەند ساڵ دەبێ خەڵک باجەکەی بدەن، وەزع چاکتر نابێ، بەڵکوو خراپتریش دەبێ، بەڵام هەددەفەکە ئەوەیە کە هەم دەسەڵات لە دەستی چینە زۆردارەکان بێتە دەرێ و بکەوێتە دەستی تەبەقاتێک کە خەڵک باوەڕی پێیان هەیە و لەنێو خەڵک هەڵقوڵاون، هەمیش بەرەبەرە بناغەی نەزمێکی دیکە دابنرێ، نەزمەکە فەرهەنگییە، ئابوورییە، تەبلیغاتییە یان هەموو جەنبەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**پرسیار**: مامۆستا ئێستا وەزعەکە تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ٥٧. دەبینی کە وەزعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک چۆنە. پێتان وایە کە شۆڕشێکی دیکە چاوەڕوانی خەڵکی ئێمە دەکا یان کۆمەڵگەی ئێران چیدیکە بەلای شۆڕشدا ناچێ و بیر لە ڕێگەی دیکە دەکاتەوە بۆ گۆڕانکاری؟

**وەڵام**: ئەمن وەکوو هێندێک ڕێکخراو یان کەسی خواپێداو!! ناتوانم پێشبینیی زەمان بکەم، بەڵام پێموایە شۆڕشێکی دیکە ناچار دەبێ ببێ، چونکی ئەو وەزعە ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێ، دەبێ ئەو وەزعە بگۆڕێ، لە حاڵێکیشدا کە دێموکراسی لە وڵاتدا حاکم نیە و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گوێ بە قسەی خەڵک نادا، چارناچار دەبێ ڕاپەڕینێکی دیکە ببێ تا بتوانێ ئەو نەزمە وەرگێڕێ، کەوابێ خەڵک نەک تەنێ نەبوون و نابێ تەنێ ببن، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن زووتر ئەو هەددەفانەی لە ڕاپەڕینی ٥٧ دا نەیانتوانی بە دەستیان بێنن و ئەوە ٤٠ ساڵێشە بە دواییاندا وێڵن و لێیان مەحروومن، وەدی بێنن، پێم وانیە ئەوە تەواو بووە.

**پرسیار**: جەنابتان ئەزموونی ژیان و خەبات بە دژی هەردووک حاکمیەتەکەت هەبووە و لە ڕاپەڕینیشدا بەشداریتان کردوە. پێتان وایە شەرایتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە و ئامادەیی خەڵک و بوێری و ڕوحیاتی خەڵکەکە وا دەبینی کە ئێستا بیانەوێ خۆ لە قەرەی شتێکی وا بدەن؟

**وەڵام**: هێندێک شتی ئێستا لە زەمانی شای خراپترە. مەسەلەن لە زەمانی شایدا، بەتایبەتی لە یەکساڵەی پێش ڕووخانی شادا ئەوەندە ئیمکاناتی ڕەفاهی ڕژابوو بۆ هەمووان کە خەڵک دەیانتوانی بە ٦ مانگ بێنە سەر شەقام و کارەکەیان بەجێ بهێڵن و ژیانیشیان تەئمین بێ، ئێستا ئەکسەرییەتی کۆمەڵگەی ئێران ئەو بوونیە ئابوورییە بەهێزەی نیە و ئەوە زەعفێکە؛ بەڵام لە موقابیلدا ئەو فشار و نائۆمێدییە، ئەوەی پێی دەڵێن سەرخوردەگی ئەوەش گەیشتۆتە جێگایەک کە بە قەولی مارکسیستەکانی زەمانی قەدیم، خەڵک جگە لە زنجیرەکان هیچیان نەماوە لە دەستی بدەن. بۆیە ئەوەی کە دەڵێن هەلومەرجی عەینیی ڕاپەڕین، ئەو هەلومەرجە هەیە، یانی وای لێ هاتوە کە نە خەڵک بۆی تەحەمول دەکرێ و نە

حاکمیەت دەتوانێ تا سەر ئاوا بەردەوام بێ. مادام حاکمیەتیش ئەوەی تێدا نیە کە بتوانێ خۆی بگۆڕێ، چارناچار هەر دەکێشرێتە ڕاپەڕینێکی دیکە.

**پرسیار**: ئەگەر ئەو پرسیارە بەو ڕوویەدا بکەین، هەر لە ساڵەکانی دوای شۆڕشەوە کە شەڕ دەستی پێکرد و پاشان کە شەڕ تەواو بوو، باس لەوە کرا حاکمیەت توانای ئیدارەکردنی وڵاتی نیە و ناتوانێ وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڵام دەبینرێ ئەو حکوومەتە ئەوە ٤ دەیەیە بەردەوامە. هێز و قووەتی ئەو ڕێژیمە چی بوو کە توانیویەتی سەرەڕای هەموو گەندەڵیی سیستماتیک و ئەوانە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ؟

**وەڵام**: وەختی خۆی ئێمە ئیختلافێکمان لەگەڵ چەند کەسی دیکە هەبوو، هێندێک دەیانگوت ڕێژیم سەقامگیر بووە، ئێمە دەمانگوت سەقامگیر نەبووە. دەیانگوت ئەوە نیە بیست ساڵە هەیە، ئێمە دەمانگوت ئەگەر بە مانەکەی بێ ساڵی هەوەڵێش هەر مابوو. سەقامگیری ئەوەیە کە خەڵک قبووڵیان کردبێ و مەشرووعیەتی هەبێ و یان هیچ نەبێ دەسەڵاتی هەبێ، غەڵەبەی پەیدا کردبێ، ئەمن لەبیرمە دەورانی شای - ئەتۆ ئیشارەت بە دەورانی شاش کرد - لە مەنتەقەیەکی کە ئەمنی لێ دەژیام، لە سەردەشت، لەسەر پردی کەڵوێ کە نزیکە لە سەردەشت و وورە لە مەهاباد پاسگایەک هەبوو جاری وابوو ١٠ نەفەری لێ بوو جاری وابوو ٧ نەفەری لێ بوو. لەوێ بەولاوە هیچی لێ نەبوو تا دەگەیشتە مەنتەقەی پیرانشار بەڵام دوو ژاندارم وەرێ دەکەوتن بۆ هەر ئەمریکی دەوڵەتی ئەو مەنتیقە وەسیعەی دەگەڕان چیان ئەمر کردبایە جێبەجێیان دەکرد، کەس نەیدەتوانی فکریش لە نافەرمانی بکاتەوە، بەڵام ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی لەسەر هەموو تەپۆڵکەیەک پایەگایەکی دانابوو. ئەوە سەقامگیری نیە. سەقامگیری ئەوەیە کە ڕێژیمەکە لەگەڵ ئەوەی خۆشەویست نیە، بێزراوە بەڵام غەڵەبەی کردبێ. ئێستا بە باوەڕی من وەزعەکە فەرقی کردوە. ئەوەی پێی دەڵێن و دەتوانین پێی بڵێین سەقامگیری، نەوەک وەک دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام تا حەدێک پەیدا بووە ئێستا دیاردەی نیزامگەری لە وڵاتەکە بەو ئەندازەیە نەماوە بەتایبەتی ئەگەر بچینە دەرەوەی کوردستان ئەوە دیاردەیە زۆر کەم بووە لە کوردستانیش زۆری فەرق کردوە بەڵام ئەوەی ئەو ڕێژیمەی تا ئێستا ڕاگرتوە بە باوەڕی من نە ئیسلاحاتی ئیقتسادی، نە ئیسلاحاتی سیاسی، نە مەحبووبیەتیەتی. بەڵکوو تەنیا ئیعمالی زەبروزەنگ و بێڕەحمییەکی لە ڕادەبەدەرە. ڕەنگە ئەوە موقایسەیە زۆر خۆش نەبێ بەڵام دەکرێ بڵێین فەرقی ئەم ڕێژیمە دەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئینسانی ئەم عەسرە بوون و زاڵم بوون بەڵام ئەوانەی ئێستا بەڕاستی ئینسانی ئەم عەسرە نین لەگەڵ دنیای موتەمەدین نایەنەوە. پاشا ئەگەر زوڵمی دەکرد، ئەگەر خەڵکی دەکوشت ڕەنگە پێی وانەبووبێ گوناحی کردوە، بەڵام لانیکەم پێی وانەبوو عیبادەتی کردوە. ئەمانە کە خەڵکی دەکوژن پێیان وایە عیبادەتیان کردوە و ئەجریشیان دەدرێتێ. بۆیە فەرقەکە یەکجار زۆرە، ئەمانە بەو بێڕەحمییەوە ماون. بە باوەڕی من ئەگەر لەسەرەتادا ئەمانە بەو ئیدە دینییەی توانیان بەسەر کۆمەڵی ئێراندا زاڵ بن ئێستا هەر ئەوە بۆیان دەبێتە بڵێین نوقتەیەکی لاوازی.

ڕەنگە لە هەڵەدا بم بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی لە مەنتەقەی ئێمەدا هەن، لە ئێران خەتەریان کەمترە، بۆ؟ لە جێی دیکە بۆیە خەتەریان هەیە چونکە خەڵک دەرەبەگایەتییان ئیمتحان کرد، سەرمایەدارییان ئیمتحان کرد، جۆرێک سۆسیالیزمیان ئیمتحان کرد ئەو خۆشبەختییەی لێی دەگەڕان نەیاندی، بۆیە وەدوای ئیسلامگەرایی کەوتن کە گۆیا هەم لە دونیا هەم لە قیامەت خۆشبەختییان دەداتێ، بەڵام لە ئێران کە ڕێژیمی دینی ئیمتحان کراوە خەڵک وەدوای ناکەوێ، لەدەست ئەمە نەجاتیان بێ باوەڕ ناکەم ڕێژیمێکی دیکەی دینی بێنن. بەباوەڕی من نوقتەی قوەتیان هەر زەبروزەنگ و بێڕەحمییە. دووپاتی دەکەمەوە: نەجات بوون لەو ڕێژیمە ئاسان نیە، بەڵام ئیجبارییە و هەردەبێ ڕوو بدا.

**پرسیار:** مامۆستا کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە دەکەوێتە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و مافخوازی و وەزعیەتی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. پێتان وایە کوردستان زەرەرمەندی سەرەکیی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بوو؟ یان بە پێی هەلومەرجی ئێستای کوردستان یان ئەو مەوقعیەتە کە ئێستا کوردستان لە موبارزە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەتی بۆ ئەو جێگای شانازییە و هەنگاوێک بۆ پیشەوەیە لە چاو کۆمەڵگەی ئێران؟

**وەڵام:** ئەمن پێم وایە بە هیچ حاڵ دروست نیە ئێمە بڵێین کوردستان زەرەرمەندی سەرەکی لە ئینقلابی ئیسلامی بووە، چونکە دەتوانین بڵێین ئەمرۆ کوردستان نەک وەک شوعار بڵێین سەنگەری تەسخیرناپەزیرە. بەڵام تەنیا مەنتەقەیە کە تەسلیمی کۆماری ئیسلامی نەبووە، ئیدەکانی جودابیری، ئازدیخوازی، ئازادەمنشیی لە خۆیدا هەر ڕاگرتوون. کەوابێ کوردستان زەرەرمەندی یەکەم نیە و کەمتر لەوانی دیکەش زیانی پێ گەیوە. ئەگەر باسی کوشتن بێ زۆری لێ کوژراوە، ئەگەر قسە لە زوڵم و زۆری ئابووری بێ، زۆری بینیوە. هەرچەند بەینی خۆمان بێ خەڵکی کوردستان بە جۆرێکی دیکە ئەمەیان قەرەبوو کردۆتەوە، ئێستا کوردستان ئیدی دواکەوتوترین مەنتەقەی ئێران نیە، ئێستا کوردستان برسیترین ناوچەی ئێرانیش نیە، ئێستا شارێکی وەک بانە لە کوردستان بۆ تاران بۆتە دوبەی. کەوایە کوردستان دیسان لەتوانایدا هەیە ئەگە ڕۆژی خۆی هات جارێکی دیکە ببووژێتەوە و بێتەوە مەیدان و نەقشی خۆی یاری بکا. ئەمن پێم باش نیە ئێمە لەسەر نەخشی کوردستان موبالغە بکەین و بڵێین ئێران لە کوردستانەوە ئازاد دەبێ. ئەمە شوعارێکی زیندەڕۆیانەیە. ئێران لە ئێرانەوە یان ئەگەر جێیەک دابنێین، لە تارانەوە ڕزگار دەبێ. بەڵام پێم وایە ئەو پارچە زەمینەی پێی دەڵێن کوردستان هێندی هەموو پارچە زەمینەکی بەقەدەر خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و بگرە زیاتریش لە هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکدا کە لە ئێران هەڵگیرسێ، نەخش یاری دەکا.

**پرسیار:** هەمیشە لە ساڵیادی شۆڕشدا ئەو پرسیارە دەکرێ کە بەڕاستی کورد توانیویەتی لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ ئیستفادە بکا یان کورد بۆخۆی نەیتوانیوە کێشە نێوخۆیەکانی کورد نەیتوانیوە بەراستی؟

**وەڵام**: ئێمە هەست بە برینی خۆمان دەکەین و سروشتییشە، بۆیە پێمان وایە خەڵکی دیکە لە هیچیان کەم نیە. ڕاستە ئێمە ئیختلافاتمەن زۆرە زۆر عەیبمان هەن، بەڵام کام لە هیزە سیاسییەکانی ئێران، کام لە هیزە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە ئێمە کەم خیلافترن و پتر لەمەیداندان و حزووریان زۆرترە؟ کەوایە لەو بارەیەشەوە وەک کورد دەڵێ لە چاو شەلان پەیتین. (ڕەنگە پەیتەکە لە پەیکەوە هاتبێ). ئێستاش کوردستان لە هەمووان باشترە، بۆ ئێمە هێندە بە عەینەکی ڕەش تەماشای کوردستان بکەین؟ خۆ لەو بارەیەوە کە ئەوە غەمی خۆمانە حەقمانە گلەیی لە تەک تەکمان بکەین، لە حیزبەکانمان بکەین تەنانەت گلەیی لە کۆمەڵانی خەڵکیش بکەین. زۆرجار ئێمە هەر بەسەری حیزبەکاندا دەدەین و کۆمەڵانی خەڵک هەڵداوێرین. نەخەیر ئەوانیش نەقشیان هەیە، ئەوانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەبن، ئەوانیش نەقشی خۆیان وەک عاملێکی فشار یاری ناکەن. ساڵی ١٣٥٨ شتێک بە ناوی هەیئەتی نمایەندگیی خەلقی کورد دروست بوو. باوەڕ بکە خەڵک بەزۆری بەسەر حیزبەکانیاندا سەپاند، پیاوماقووڵان و نوێنەرانی لە شارەکان ڕا هاتنە دەرێ گوتیان دەبێ ڕێک کەون تا حەدێک لە نەتیجەی تین بۆهینان و ئیسراری خەڵکەکەدا بوو کە ڕێک کەوتن. خەڵک ئێستاش دەتوانن ئەو نەقشە بگێڕن. کە نایکەن، ئەوانیش گلەییان لەسەرە.

**پرسیار**: ئێوە پێتانوایە ئەگەر شەڕایتێکی وا بێتە پێشێ ئێمە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین؟


**وەڵام**: ئەمن پێم وایە ئیستا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، لەگەڵ هەموو دووریيەکانمان لە مەیدانە ئەسڵییەکە ئەوەی پێیان دەڵێن ئەحزابی سیاسی ئوپۆزیسیونی کوردی دەوری خۆیان هەیە، پێگەی خۆیان هەیە و بێ ئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێین دیسان نوقتەی ئومێدی خەڵکن.

**پرسیار**: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی پێت داین. ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی داهاتووی ئێران و کوردستان شتێکی نەگوتراو هەیە باسی بکەن؟

شتی نەگوتراو لەوانەیە زۆر بێ بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم هەر ئەوەیە کە حەز ناکەم ئەوەندە بە بەدبینییەوە لەخۆمان بڕوانین، ئەوەندە سەرکۆنەی خۆمان بکەین، دەبێ لە هەموو کەس زیاتر کەم و کۆڕییەکانمان ببینین، چونکە ئەگەر نەیانبینین ناتوانین چارەسەریان بکەین بەڵام نابێ کەموکووڕییەکانمان ببنە باعسی نائومێدیمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

## ئاگری ڕۆژهەڵاتی: حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ هەوڵ بۆ پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاو بدەن



یەک لە قەیرانە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای ئێران، قەیرانی ئاوە. ئێران لە ڕیزی ئەو ٢٤ وڵاتە دایە کە بارودۆخی ئاو تێیاندا مەترسیدارە و کارناسانی ئەو بوارە دەڵێن هۆکارەکەی بۆ پلان و بەرنامەی چەوتی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. عیسا کەلانتەر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران کە لە دەیەی ٧٠ دا وەزیری کشتوکاڵی ئێران بوو، قەیرانی ئاو لە ئێرانی بە هەڕەشەیەکی گەورەتر لە مەترسییەکانی ئیسرائیل ناو بردبوو.

کوردستان لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە ڕیزبەندییەکی باشتری لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە و ئەوەش بووەتە چەقی بەرنامە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئێران بۆ گلدانەوە و گواستنەوەی ئاوی کوردستان بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران، دۆخێک کە مەترسی ئەمنیەتی و ژینگەیی زۆری لەسەر کوردستان دروست کردوە.

لەو پێوەندییەدا و بۆ تاوتوێی زیاتری ئەو بابەتە «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ ئاگری ڕۆژهەڵاتی، چاوەدێری سیاسی پێک هێناوە:

**پرسیار:** بەڕێز ئاگری با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێبکەین ئەوەی دەگوترێ سەدەی بەردەممان سەدەی قەیرانی ئاوە، ڕاستە؟ لە بنیڕا خۆی قەیرانی ئاو یانی چی؟

**وەڵام:** ئاو بنەمای ژیانە و ئەوە واتە ئاو ژینگەیە، ئاو پیشەیە و کشتوکاڵە، ئاو گەشە و تەناهیی خۆراکە. ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئاو بکەین، کاتێک دەگوترێ قەیرانی ئاو واتە کەمبوونی ئاو لە ژیانی مرۆڤدا، بە هۆی ئەوەی زۆر

ڕەهەندی ژیانی مرۆڤ گرێ دراوەتەوە بە ئاو کە وایە ئەو کەمبوونە لە ژیانی ئاسایی تاک و دواتریش لە کۆمەڵگەدا قەیرانی بەرینی چەند ڕەهەندی دەنێتەوە. کەمیی ئاو لە ڕووی جوغرافیاییەوە سنووردارە بەڵام قەیرانی ئاو، قەیرانێکی جیهانییە چونکی ئەو قەیرانە دەتوانێ هۆکاری گۆڕینی دیمۆگرافی، کۆچی بە کۆمەڵ، پەرەسەندنی برسێتی و بەرینبوونی توندوتیژی بێ. کە وایە کەمیی ئاو تایبەت بە هەموو جیهان نیە، بەڵام قەیرانی ئاو کە درهاویشتەکانی ئەو کەم ئاوییەیە پرسێکی جیهانییە و چاوەڕوان دەکرێ ئەو پرسە و بە گشتی قەیرانی ژینگە لە سەدەی داهاتوودا بەتایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی دادێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تووشی قەیرانی قورس و ئاستەم بکا.

**پرسیار**: هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە وڵاتی ئێران کامانەن؟

**وەڵام**: ئەوە قەیرانێک روودەدا، چەندین هۆکار و ڕەهەندی هەیە. قەیرانی ئاو لە ئێستادا دەبێ وەک "هەرەقەیران"سەیری بکەین، چون هەم هۆکارەکانی بەرفراوانن و هەم چارەسەری ئاستەمە و هەمیش کاردانەوەی ئەو قەیرانە لە سەر ژیانی کۆمەڵگە چەند ڕەهەندی و قورس و بەرفروانە. بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئیران دەکرێ ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بۆ بێنینە گۆڕێ:

١- ژینگە، ژینگەی ئێران ژینگەیەکەی کەم ئاوە و وشکەڕۆیە.

٢- کەش و هەوا، ئالوگۆڕی کەش و هەوای ئیقلیم وای کردووە ئێران تووشی کەمیی بەفر و باران ببێ.

٣- گەشەی ئێران، گەشەیەکی ناوەندتەوەرە، بەو مانایە کە لە پیشە و کشتوکاڵەوە، هەتا توریسم و... هەمووی لە ناوەند چڕکراوەتەوە؛ ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوەند لە ڕووی بنیاتی ئاوەوە توانای هەڵگرتنی ئەو گەشەیەی نیە، و دیارە قورسایی گەشەی ناوەندتەوەریش بنیاتی ئاوی ناوەندی تێکشکاندووە؛ بە هۆی ئەوەش کە لە سیاسەتی ئێراندا ناوەند پێگەی دەسەڵاتدارییە ئەو قەیرانە ناڕاستەوخۆ هەموو ئیرانی گرتۆتەوە و بە ڕاکێشانی ئاوی ناوچە جیاوازەکان بەتایبەتی ئاوی کوردستان بۆ ناوەند وای لێهاتووە کە بنیاتی ئاوی ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیش تێک بشکێت یان چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا تێکبشێ بۆ وێنە ئەحواز خۆی ئاوی زۆری هەیە بەڵام بە ڕاکێشانی بۆ ناوەند بنیاتی ئاوییەکەی تێکشکاوە و قەیرانی بێئاوی ئەویشی گرتۆتەوە.

٤- گەندەڵیی پێکهاتەمەند، پێکهاتەی ئابووری و ئیداریی ئێران تووشی گەندەڵیی سیستماتیک و پێکهاتەمەند بووە و ئەو گەندەڵییەش لە هەموو قەیرانیەکانی ئێراندا بوونی هەیە.

٥- سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی - ئێرانی، ڕێژیم سەربەخۆیی وەک پەیوەندی نەگرتن بە کۆمەڵگەی جیهانی دەبینێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام خەریکی قەیران و ئاژاوەنانەوەیە لە وڵاتانی ئێسلامیدا. لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی ناوچەیی و تەنانەت جیهانییشی لە سەربناغەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی - ئێرانیدا بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە لەو باوەڕە دایە کە دەبێ ئابووریی ئێران بە گشتی و تەناهیی خۆراک بەتایبەتی تەنیا لەسەر بناغەی نێوخۆی دامەزرێ و کەمترین پەیوەندیی دەرەکیی دوولایەنەی هەبێ، هەر بۆیەش لە زۆر ڕووەوە بەتایبەتی بۆ دابینکردنی "تەناهیی خۆراک" زەختی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر بنیاتی ژینگە و ئاوی ئێران و ئەوەش وای کردووە ئەو بنیاتە تێکبروخێ.

٦- کولتووری بەکارهێنانی ئاو، موحسین ڕێنانی، ئابووریزانی ئێرانی پێی وایە نەوت وەک بەرتیلی خەڵک دراوەتە دەست حکوومەت و لە بەرانبەردا ئاویش وەک بەرتیلی حکوومەت دراوەتە دەست خەڵک و ئەوەش وای کردووە کە هەم داهاتی نەوت نابەجێ بەکاربهێندرێ و هەم ئاو لە ڕادەبەدەر کەڵکی لێوەردەگرێ.

٧- نەبوونی یاسا بۆ دەسەڵاتدارەتیی ئاو لە ئێران، ئێران لە ڕووی دەقی یاسا و جێبەجێکاری یاسا کێشەی پێکهاتەیی و گەورەی هەیە ئەو کێشەیە لە قەیرانی ئاویشدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨- حەشیمەت، زۆربوونی ڕێژەی حەشیمەتی ئێرانیش هۆکارێکی دیکەی ئەو قەیرانەیە.

٩- ڕوانگەی چەوت، هەڵەی ڕوانین لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاو لە نێو کۆمەڵگەدا.

**پرسیار: یەکێک لەو پڕۆژانەی لە ئێراندا ئێستا زۆر بە لێبڕاوی کاری لەسەر دەکەن، بەنداوسازییە. چۆنە لە حاڵێکدا لە دنیا بەنداوەکان دەڕووخێنن، لە ئێران بەنداوسازی بەو بەربڵاوییە هەیە؟**

**وەڵام:** بەنداوسازی خۆی لەخۆیدا نە هەڵەیە و نە شانازی، بەڵکوو بەنداوسازی شێوازێکە بۆ ئیدارەکردنی دەسەڵاتدارەتیی ئاو و شێوازێکی کۆنیشە و ڕەنگە ئێمە کوردەکان یەکێ لە کۆنترین نەتەوەکان بین کە بەنداومان سازکردووە. کۆنترین بەنداوەکان لە دەسەڵاتدارەتیی عیلامییەکاندا دۆزراوەتەوە، بەڵام گەندەڵیی ئابووری و پاوانبوونی بەندئاوسازی لەدەست سپای پاسدارانیدا وای کردووە کە بەندئاوسازکردنیش وەک باقی بوارەکانیتر خۆی قەیران دروست بکا.

**پرسیار: بارودۆخی ئاو لە کوردستانی ئێران چۆنە؟ ئایا قەیرانی ئاو، ناوچەی پڕئاوی وەک کوردستانیش دەگرێتەوە؟**

**وەڵام:** هەر ئێستا کوردستان لەسەر سنووری قەیرانە، بەڵام ئەوەی کە مەترسیی گەورە دەخاتە سەر کوردستان باسی

ڕاکێشانی بەلێشاوی ئاوی شیرینی کوردستان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانە بێگومان ئەو ڕاکێشانە ئەگەر بەری پێ نەگیردرێ دەبێتە هۆکار بۆ تێکروخانی بنیاتی ئاویی کوردستانیش و ئەو ناوچەیەش لە ڕووی جوگرافیاوە تووشی کەم ئاوی و قەیرانەکانی دوای کەم ئاوی دێ.

**پرسیار**: وەک دەگوترێ تەنیا لە بناری زاگرۆس زیاتر لە ٦٠ بەنداو لێ دراوە. هۆکارەکانی لێدانی ئەو هەمووە بەنداوە چییە؟ زەرەر و قازانجەکانی چین؟

**وەڵام**: هیچ دەقێکی فەرمی لەلایەن حکوومەتەوە بڵاونەکراوەتەوە کە بۆ ئەو هەموو بەنداوە لێ دراوە. بەڵام بە پێی ئەوەی لە پاڵ هەر بەنداوێکی مامناوەنجی و بچوکیش ڕەهۆڵێک بۆ ڕاکێشانی ئاوەکەی ڕایەڵ کراوە، و بە پێی ئەوەی کە پارێزگاری زۆربەی پارێزگاکانی کوردستانیش ڕایانگەیاندووە کە "بەشەئاو"ی کشتوکاڵ هەر ئەو بەشە ئاویە کە پێش بەنداوەکان بووە، کەوایە ئەو بنداوانە بۆ ئەوە لێدراون کە ئاوەکەیان بۆ ناوەندی ئێران ڕاکێشرێ.

**پرسیار**: ئایا ئەو بەنداوانە لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووری و کەرتی گەشتیاری و ئاوەدانکردنەوە خزمەتی بە کوردستان و ژینگەی کوردستان کردوە؟

**وەڵام**: باس لە بەهرەلاوەکییەکان ناکەم، بۆ وێنە بەنداوێک ببێتە هۆی ئەوەی چوارکەسی خەڵکی شارەکە بچن لەوێ کەیک و نوشابە بفرۆشن، بەڵام وەک ستراتژیی ئابووری و وەک گەڵاڵەی حکوومەتی نەخێر. واتە هیچ کارێک نەکراوە کە دەرخەری ئەوە بێ کە بندئاوەکان دەبنە هۆکار بۆ گەشەی ئابووری بەتایبەتی لە کەرتی گەشتیاریدا. سەرەڕایی ئەوەش لێدانی ڕەهۆلی گەورە بۆ ڕاگواستنی ئاو وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی کوردستان تووشی قەیرانی گەورە ببێ.

وەک پێشتریش باسم کرد بەشە ئاوی کوردستان بۆ کشتوکال هەمان بەشە ئاوە کە لە پێش لێدانی بەنداوەکان هەبووە. لێدانی ڕەهۆڵەکانیش بۆ ڕاگواستی ئاو بنیاتی ژینگەی بەتایبەتی دارستانەکانی لەنێو بردووە. دواتر باس لە بەشە ئاوی ژینگەیە. دەزگاکانی ڕێژیم لە ناوچە فارسەکان هیچ بەشە ئاوێکیان بۆ ژینگە دانەناوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە پێی زانستی بەلانیکەمەوە ئاو، دەبێت حەتمن ٦٠% ئاوی هەرێمێکی ژینگەیی بۆ ژینگە دەرخان بکرێ. ئەو بەشەئاوەش بۆ ژینگە تەرخان نەکراوە و وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی ناوچە فارسەکان تێکبڕووخێ و ئەگەر هەمان سیاسەت لە کوردستان بگرنە بەر گومانی تێدا نیە کە لە ٥ هەتا ١٠ ساڵ پاش راکێشانی ئاوی کوردستان بونیاتی ژینگەی کوردستانیش تێک دەڕوخێ.

**پرسیار**: وەک ئاگادارن ئێران کۆمەڵە بەنداوێکی لەسەر ئەو ئاو و چەمانە دروست کردوە کە دەڕژێنە باشووری کوردستانەوە، ئەویش لە کاتێکدا بۆ نموونە لێدانی بەنداوی ئەتاتورک لە تورکیە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ئێران گەیاند. ئەوە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە دەوڵەتان شەڕی سیاسیی خۆیان بە ژینگە دەکەن؟ زیانەکانی بەردەوامیی ئەو شەڕە چین؟

**وەڵام**: کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سێ وڵاتی ئێراق، تورکیە و ئەفغانستان، کێشەی ئاوی هەیە و ئەوان ئێستا بە دانانی عەباس عراقچی، وەک سەرۆکی ژووری "هیدرۆپۆلتیک" دەیانەوێ ئەو کێشانە بە قازانجی خۆیان چارەسەر بکەن.
بەڵام لەسەر شەڕی ژینگە من پێم وایە بە پێچەوانەی ڕوانینی زاڵی نێو ڕۆژئاوایی ئاسیا قەیرانەکانی ژینگە لەو ناوچەیە لە درێژخایەندا ڕێژیمەکان ناچار دەکا لەگەڵ یەک ئاشت ببنەوە؛ چونکی قەیرانی ژینگەی ئەو ناوچەیە قەیرانێکی چەند ڕەهەندییەوە و داوێنی هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە. بەڵام ڕاستە لە ئێستادا هەست دەکرێ کۆماری ئیسلامی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاو وەک چەکێک دژی باشوورییەکان بەکار بێنێ و هەتا ئێستاش هەست دەکرێ کە باشوورییەکان بایەخێکیان بەو مەترسییە نەداوە.

**پرسیار**: ئێران پێشی بەو ئاوانە گرتوە کە دەڕژێتە وڵاتانی دراوسێ، بۆ نموونە ئاوی سیروان و زێی بچووک. ئایا بووە لە شوێنی دی کە پێش بەو ئاوانە گیرابێ کە دەڕژێنە وڵاتی ئێرانەوە؟

**وەڵام**: بەڵێ هەمان کێشە کە ئێستا باشوور لەگەڵ ئێران هەیەتی، ئێران خۆی لەگەڵ ئەفغانستان هەیەتی. بەڵام لە مێژوودا دو جار کێشەی ئاو بۆتە هۆی ئەوەی ئێران و ئەفغانستان ڕێککەوتن ببەستن؛ بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان عێراق و ئێران یان باشووری کوردستان و ئێراندا نیە. بۆیەش چاوەڕوان دەکرێ کێشەکەی نێوان ئەوان ئاڵۆزتر ببێ.

**پرسیار**: بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئێران و کوردستان چ سیاسی بێ، چ لە سۆنگەی بەڕێوەبەریی چەوت و هەڵە بێ؛ ڕەفتار و تەعامولی کورد لەگەڵ ئەو پرسە دەبێ چۆن بێ؟

**وەڵام**: من لێرەدا تەنیا ڕستەیەک دەڵێم، ئەوەش ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی کورد دەبێ، گەڵاڵەیەک بۆ پاراستنی ژینگە و ئاوی کوردستان ئامادە بکەن. دەکرێ ناوی بنێن پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاوی کوردستان و دەبێ هەموویان ئیمزای بکەن و هەر چەشنە پەیوەندی و چالاکیی سیاسی، تەبلیغی و... کە هەیانە لە ژێر نیسێ ئەو پەیماننامەیە دابێ، دەشزانم هەمووتان بەو پێشنیارە پێدەکەنن! بەڵام ئەو بابەتە یەکجار گرینگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## د.کامڕان ئەمین‌ئاوە: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە



**کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون**

**د.کامڕان ئەمین‌ئاوە: کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە**

"سەت ساڵ لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕی. ڕووداوێک کە بووە هۆی درووستبوونی چەندین وڵات لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ڕەوتێک کە دواتریش لەدایکبوونی کۆمەڵێک وڵاتی دیکەی لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی لێکەوتەوە. بەڵام کورد سەرەڕای خەباتی بەردەوامی بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش، ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، بۆ؟ هۆکارەکان چین؟ ئەم بابەتەمان لەگەڵ د.کامڕان ئەمین‌ئاوە، نووسەر و توێژەری مێژووی کورد و ئێران تاوتوێ کردووە"

**عەلی بداغی:** یەکێک لە دەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپڕاتوورییەکان و بەهێزبوونی نەتەوەخوازی بوو، ئەوەش بوو کە بە دەیان وڵاتی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، بۆ عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا توانییان چەند وڵاتی نوێ درووست بکەن، لە باڵکان و ئورووپاش چەند وڵاتی نوێ درووست بوون، بەڵام بۆ کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە کەلک وەرگرێ؟

**د.کامڕان ئەمین‌ئاوە:** تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دانوستانی وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەو جۆرەی بۆخۆشتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ کرد، هەر چەند هۆی پێکهاتنی چەندین وڵاتی سەربەخۆی نوێ لە سەر نەخشەی جیهاندا بوو،

بەڵام لە بۆ کورد، نەک ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرایە سێ کوت و چارەنووس و کێشەی کورد، هەروەها ڕەوتی خەباتی ئەوانی گەلێک ئاڵۆزتر کرد.

لەوە بەولا خەڵکی کورد تووشی شەڕ و خەباتێکی بێ پسانەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت هات کە هەر کامیان سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون و وێڕای تەواوی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری، زۆر بە هاسانی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان یەکیان دەگرتەوە. پێم وایە لەبەر ئەوەی بتوانین هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک دەستنیشان بکەین، پێویستە بە کورتی، ئاوڕێک لەم شەڕە و ئاکامەکانی وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم؛ هەروەها جێگە و پێگەی کورد لە ڕووداوەکاندا بدەینەوە.

دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەرەی ئوتریش (نەمسا) - ئاڵمان و پەیوەستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەوان، لەگەڵ بەرەی ئینگلیس، فەڕانسە و ڕووسیە کە زۆرتر بەرهەمی گەورە قەیرانێکی مێژوویی و لە پێناوی دابەشکردنی کۆلۆنییەکان بۆ وەدەستهێنانی سوود و ئیمتیازێکی زۆرتر لە بازاڕە جیهانییەکان بوو، کوردستانیشی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە، بە تایبەتی پاش داگیرکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی شەڕەوە لە سەرەتای نوامبری ساڵی ١٩١٤، کوردیش خوازیار و ناخوازیار تێکەڵاوی ئەم شەڕە بوو و وڵاتەکەشی تووشی خەسارێکی گەورەی مادی و ئینسانی هات.

دەوڵەتی عوسمانی بە پێی ئەوەی کە سیاسەتەکانی تەباییەکی زۆری لەگەڵ بەرژەوەندیی ئاڵمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گرووپە دەست ڕاستییەکانی پان تورکیست و پان ئیسلامیست خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی گەورەی تورک بوون و، پێشیان وابوو ئاڵمانییەکان لەم ڕەوتەدا پشتیوانییان لێ دەکەن، لە نوامبری ساڵی ١٩١٤ بە فەرمی تێکەڵاوی بەرەی ئوتریش و ئاڵمان بوو لەم شەڕەدا. سوڵتانی تورک لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ڕووی ئایینی بە شەڕەکە بدا و پشتیوانیی موسڵمانەکانی کورد و عەرەبیش بەرەو خۆ ڕابکێشی، وێڕای فتوای جیهاد، ڕایگەیاند دەوڵەتەکانی ڕووسیە، بریتانیا و فەڕانسە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکیی ئاسمانی ئیسلام دەدەن، بەڵام ئاڵمان، ئوتریش و مەجارستان پشتیوانی ئیسلامن. ئەم «جیهادە پیرۆزە» و هەوڵەکانی تۆڕی سیخۆری تورک و ئاڵمانی، بوون بە هۆی ورووژاندنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕووسەکان و، بەشداریی هاوبەشی تورک و کورد بۆ وێنە لە هێرشکردنە سەر یەکەکانی سپای ڕووس لە ورمێ، گرتنی سابڵاغ، مەراغە، تەورێز و خۆی و شارەکانی دیکە. بەڵام پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ لە بەرەی شەڕەکانی دژ بە تورکەکاندا، تەواوی ئەو بەشانە دەکەونەوە دەستی ڕووسەکان و شەڕەکە تەنانەت ناوچەی وان، هەمەدان، کرماشان و زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران دەتەنێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنانەی کە ڕووسەکان بە تایبەتی لە کوردستاندا وەدەستی دەهێنن، لە مارسی ١٩١٥ ئینگلیس و ڕووسیەی تزاری گرێبەستێک بۆ

دابەشکردنی خاکی ئێران لە نێو خۆیان واژۆ دەکەن.

**عەلی بداغی: بەدەر لە هەڵوێستی ڕەسمیی ئێران، هەڵوێستی کوردەکانی ئەم وڵاتە و عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان لە لایەنگریی بەرەکانی شەڕدا چ بوو؟**

**د.کامران ئەمینئاوە:** لەم کاتەدا هەرچەند ئێران بە فەرمی خۆی بێلایەن ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کردەوەدا ڕووس و ئینگلیسییەکان لەلایەک و تورک و ئاڵمانییەکانیش لەلایەکی دیکەوە دژ بە یەک شەڕیان دەکرد و ئێران تووشی تاڵان و وێرانی و کوشتاری هەر دوو لایەنی شەڕ ببوو. ئێران تەنیا بە ڕواڵەت وڵاتێکی سەربەخۆ بوو، دەنا لێنین گوتەنی لەو سەردەمەدا نۆ لە دەی ئەم وڵاتە بە کۆلۆنی دەژمێردرا.

عەشیرەکانی کورد، بە تایبەتیی ئەوانەی لەسەر یان نیزیکەی سنووری ڕووسیە و عوسمانی بوون بە هۆی گۆڕانکاریی هێزەکانی ڕووسیە و عوسمانی، هاوپەیمانەکانی خۆیان دەگۆڕی. بۆ وێنە هەر وەکوو ئاماژەم پێکرد لە سەرەتای شەڕەکەدا عەشیرە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەکرد، بەڵام پاشەکشەی عوسمانی و پێشڕەوی ڕووسیە لە بەرەکانی شەڕدا، بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نیزیکبوونەوە و دەستپێکی پێوەندیی سەرۆک عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاکانی کوردستان لەگەڵ ڕووسەکان.

بەگشتی ڕووس و ئینگلیس لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا وێڕای کەلک وەرگرتن لە کوردەکانی ئێران و عوسمانی، لەکردەوەدا هیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕاستەقینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو، کوردیش لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئەوان ڕۆڵی شەڕڤانێکی باش و بە جەرگی هەبوو.

**عەلی بداغی: ئەدی ئەو هاوکێشە و هاوسەنگییە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ چی لێ بەسەر هات؟**

**د.کامران ئەمینئاوە:** لە سەردەمی شەڕ و پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتانی ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە بە پێی بەرژەوندیی و هاوسەنگیی هێزەکانیان لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نیزیک، هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر و خەڵکی ئەو ناوچەیە و یەک لەوان کوردەکان دەکرد.

بۆ وێنە لە نێوان کۆبوونەوەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ هەتا واژۆکردنی گرێبەستی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، بە پێی

بەرژوەندی و هاوسەنگیی هێزەکان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و یەک لەوان کورد پێک دێ و پێم وایە خراپ نییە بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین.

کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ژانویەی ۱۹۱۹ هەتا ۱۹۲۰ درێژەی هەبوو و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕ بڕیاریان لە سەر داهاتووی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەدا. لەم هەڵوێستانەدا بە چەشنیک چواردە خاڵی «وودرۆ ویلسۆن» سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بەرچاو گیرابوو. لە خاڵی ۱۲ی ویلسۆندا سەرەڕای ئاماژەکردن بە سەربەخۆیی و دەستەڵاتداریی بەشە تورک نشینەکانی عوسمانی، باس لە پێدانی دەرفەتی پێویست بۆ ژیانێکی هێمنانە و بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتنی نەتەوەکانی دیکە بە سەربەخۆیی دراوە. لەم کۆنفرانسەدا ژێنڕاڵ شەریف پاشا کە لە ساڵی ۱۹۰۹وە لە پاریس دەژیا، وەکوو نوێنەری کورد و، بۆغوس نۆبار پاشا، نوێنەری ئەرمەنییە تاراوگەنشینەکانی عوسمانی و ئاوتیس ئاهارۆنیان، نۆێنەری یەکەم کۆماری ئەرمەنستان بەشدار بوون. لەم کۆنفرانسەدا لە بڕیارنامەی لێژنەی بریتانیا باس لە جیابوونەوەی ئەرمەنستان، سووریە، بێن چۆمان، کوردستان. فەلەستین و عەرەبستان لە ئیمپراتووریی عوسمانی کرابوو. پاش گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ ئاڵمان لە ژوئەنی ۱۹۱۹، ئەمریکا خۆی لەم ڕەوتە دەکێشێتە دواوە و لە کۆنفرانسی سان ڕێمۆ (ئاوریل - مای ۱۹۲۰) وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، شەرت و مەرجەکانی خۆیان بۆ ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکان دەدەنە ئەستەنبووڵ. دەوڵەتی تورک لە درێژایی ئەم ڕەوتەدا هەوڵی خۆی دەدا هەتا پانتایی ئەو ناوچانەی کە قەرار بوو لێی جیا کرێتەوە، کەم کاتەوە و هاوکات کوردەکان تووشی چەند بەرەکی بکا. لە نێو کوردەکانی عوسمانیدا «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانی حیزبی حوڕییەت و ئیتلاف بوو. هەڵبەت لە نێو ئەم ڕێکخراوەیەشدا دوو بەرەکی هەبوو و جەوانەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمیش لە ژوئەنی ۱۹۱۹ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد، بڕیارنامەیەکیان سەبارەت بە هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی تورک پەسەند کرد، هەڵبەت هاوکات ڕایانگەیاند ئەگەر کاربەدەستانی تورک بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردانیان پێ نەسپێرن، دەست بە ڕاپەرین دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەماڵ ئاتاتورک هەوڵی دەدا لە ڕێگای پان ئیسلامیستییەوە دەرەبەگە کورد و شێخەکان و هتد بە دژی ئەرمەنییەکان هان بدا و لە شەڕی دژ بە ئەرمەن کەلکیان لێ وەربگرێ.

لەهەر حاڵدا لە پەیمانی سێور لە ئاگوستی ۱۹۲۰ مافی بەشێک لە کوردان (تورکیە) وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناسێندرا و لە مادەی ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژە بە مافی جیابوونەوەی دانیشتووانی کورد لە تورکیە بەپێی سەلماندنی ئەم ویستە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کرا.

بەڵام لە ساڵی ۱۹۲۱ بەپێی سووربوونی تورکەکان لەسەر نەدانی ئەم مافە، وڵاتە سەرکەوتووەکان لە سەرەتا هەتا ئاستی

مافی خودموختاری بۆ کورد پاشەکشە دەکەن، و بە پێی گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ ژوویيەی ساڵی ١٩٢٣ مافی دەستەڵاتداریی تورکەکان لەسەرتاسەری ئاناتۆلی مسۆگەر دەکرێ و مەسەلەی خودموختاری کوردەکانیش لەبیر دەچێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دروشمی پان تورکیستەکانی کەماڵیست بۆ دروستکردنی یەک وڵات، یەک دەوڵەت، یەک ئایین، یەک نەتەوە و یەک زمان و سەرەتایەکی دیکە بۆ هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و هەر بەردەوامە.

خاڵێکیش کە پێم وایە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، رۆڵی رووسیە پاش سەرکەوتنی باڵشویکەکان لە ساڵی ١٩١٧ و نیزیکبوونەوەی مسکۆ بە تورکیە و بەستنی پەیماننامەی دۆستی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها پاشەکشەکردنی فەڕانسە و ئینگلیس لە بەشێک لە داواخوازییەکانیان بۆ دیتنەوەی زمانی هاوبەش و سات و سەودا لەگەڵ تورکەکان بوو. بەم پێیە، سەرەڕای جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناتورکەکان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی، تورکەکان توانییان دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستان و خۆرئاوای ئەرمەنستاندا مسۆگەر بکەن.

**عەلی بداغی:** ئەدی کوردەکان بۆخۆیان لەو هاوکێشەیەدا چییان کرد، چۆن بەو قەدەرە ڕازی بوون؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە:** نەبوونی بەرنامە و هاوئاهەنگی لە نێوان جەمعییەت و کۆمیتە کوردستانییەکان، هەروەها لە نێوان عەشیرەکان و پێوەندییە لاوازەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ جەماوەری خەڵک و نەناسینی ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فەڕانسە، هەروەها پەیمانشکێنی ئەم دەوڵەتانە، تەواوی هیواکانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کرد بە هیچ و شۆڕشەکانی کورد یەک بە دوای یەک لەلایەن سپای تورکەوە سەرکوت کران. خەباتی دژ بە ئیمپریالیستی تورکەکان کە بە ناوی شۆڕشی کەماڵییەکان کەوتبووە سەر زمانی بەشێک لە کەسایەتییەکانی کورد، تا ڕادەیەک هیوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری لە تورکیە و پشتیوانی لە ئاتاتورک و سیاسەتەکانی پێک هێنابوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تورکەکان سەرەڕای سەرکوتی کوردەکانی خۆیان، پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردی باشوور دەکرد. بەگشتی کۆنفڕانسی لۆزان و ئاکامەکانی وێڕای زەبرێکی حقووقی و مێژوویی لە بزووتنەوەی کورد، پیشاندەری ئەم ڕاستییەش بوو کە زلهێزەکانی جیهان و تورکیە هەر کامیان بە چەشنێک کەلکیان لە کورد بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان وەردەگرت. پێویستە لێرە جارێکی دیکە ئاماژە بەوەش بکەین، لە هیچ یەک لەم دانوستانانەدا کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات باس نەکرا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەیانویست وڵاتی ناتورکەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ئەفریقا دابەش بکەن و هیچ بەرنامە و پلانێکیان بۆ کوردی ئێران نەبوو.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان و لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، هەر وەکوو لە ڕابردوشدا ئاماژەم پێ کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە هەیە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرە و شێخ و هتد دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی فیۆدالی، پێک نەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لەژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، قەتیس مانەوە لە بەرژوەندیی تەسکی تاکەکەسی - عەشیرەییدا، شەڕی نێوخۆیی، کوشتن و تاڵانکردنی یەکتری، هەروەها فاکتەری جوغرافیایی وەکوو پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی بگا.

**عەلی بداغی**: کەم نین کەسانی خاوەنڕا کە پێیان وایە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزما لەو سەردەمدا کوردی لەوە وەپاش دا؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بوونی ڕێبەرێکی کاریزما و توانا دەیتوانی فاکتەرێکی گرینگ و پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی ڕێکخراوە، عەشیرە و هۆزەکانی کورد و بەتایبەتی ناسینی دەرفەتەکان و کەلک وەرگرتن لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد بێ. لێرەدا توانایی ڕاکێشانی خەڵک، تێگەیشتن لە دەرفەتەکان و سنوور و بەرتەسکییەکانی بزووتنەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەرییەکی کاریزما بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە و پێشڕەوی و پاشەکشەکردنی درووست و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەمە هەمیشە ناتوانێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێ و لەم نێوەدا زۆر فاکتەری نێوخۆیی وەکوو هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاگایی نەتەوەیی و پشتیوانیی جەماوەر، لێکدانەوەی درووستی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی، هەروەها بارودۆخی ناوچە و جیهان و ئەوەی گۆڕانکاری لە جوغرافیای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژوەندی و بەرنامەی زلهێزەکان دێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەم ڕەوتەدا هەبێ. بە داخەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی واتە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا کۆتایی کۆنفرانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، کورد نەک یەکدەنگ نەبوو، بەڵکوو بە هۆی ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها فەرهەنگی سیاسی و ئایینی خۆی تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکیی بەرچاویش بوو، هاوکات دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ بەپێی بەرژوەندیی خۆیان لەم ناوچەیە و ململانێی سیاسی لەگەڵ مسکۆ کە هاوپەیمانی ئانکارا بوو، زۆر بە ئاسانی لە قەرارەکانی پەیمانی سێور پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا ئەم دوو دیاردەیەی دەرەکی و نێوخۆییە، لە دوو لاوە مۆری نەرێنیی خۆیان لە دادێی ژیانی سیاسی و چارەنووسی کورد دا و، نەک کێشەی کورد چارەسەر نەکرا بەڵکوو بارودۆخی کوردستان بە گشتی بەرەو خراپی و ئاڵۆزیی زۆرتریش چوو.

**عەلی بداغی**: لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم سەدەی شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئێوە پێتان وایە ئەم سەدەیە بۆ کورد پتر دەرفەت بوو یان هەڕەشە و مەترسی؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: لە ڕەوتی خەباتدا هیچ دەرفەتێک بێ هەڕەشە نییە، واتە ژیانی سیاسی بە چەشنێک یەکیەتی و ململانێی دژبەرانە، ئەوە نەک تەنیا یاسایەکی فەلسەفی، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە ژیان و خەباتی نەتەوەکانیشدا. واتە گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە کاتێک دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەخوڵقێنێ هاوکات هێزی نوێخوازیش بەرامبەری لەگەڵ هەڕەشەی دیار و نادیاری دوژمنانێک دەکا، کە دەیانەوێ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەم جوڵانەوەیە بکەن، جا کەلک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و یان لە نێوچوونی ئەم دەرفەتە بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمن، پێوەندیی بە بارودۆخی لەبار یان نالەباری نێوخۆیی و دەرەکی و هاوسەنگیی هێزەکان هەیە.

سەدەی بیستەم بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، سەدەی دەرفەت و هاوکات هەڕەشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ واتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی و ئازادکرانی کورتخایەنی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، هەروەها دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پاش سەرکەوتنی کوودەتای ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٣٧ بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم هەتا ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر لە ڕەشەمەی ١٣٥٣ی هەتاوی بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەم ڕووداوانە دەکەم؛ داگیرکرانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بریتانیا لە کۆتایی ئاگوستی ١٩٤١، بوو بە دەرفەتێک بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و ئازەری لە ئێراندا، هەروەها سەرهەڵدانی هەڕەشە و پیلانەکانی تاران و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لە نێوبردنی ئەوان.

گەڕانەوەی هێزەکانی سپای سوور بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت لە مای ١٩٤٦، پاشەکشەی پەیتا پەیتای حکوومەتی ئازەربایجان، هێرشی سپاسی ئێران و گرتنەوەی تەوریز و هەڵاتنی ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات بۆ باکۆ، ناچالاکی، دەست لەسەردەستدانان و بێدەنگیی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران وەکوو حیزبی توودەی ئێران، و لە کۆتاییدا خۆڕانەگری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە. بەڵام شکان و شکست لە ڕەوتی مێژوودا کاتییە و دەرفەتی نوێ بۆ هێزی پێشکەوتنخواز بێگومان پێک دێتەوە.

**عەلی بداغی**: پێت وانییە کورد بۆ خۆی وەک کێشەکانی، وەک تایبەتمەندییەکانی، وەک ئەوەی ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەیبینین، ئێستاش نەبووەتە خاوەن ناسیۆنالیزم و شوناسخوازییەک کە دەوڵەتی کوردیی لەسەر



سەرچاوە
Serchawe

دابمەزرێ، کە هەڵگری پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوە بێ؟

**د.کامران ئەمین ئاوە**: دەیوید مەک داوڵ لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد» دوو بنەماڵەی سادات نەهری (یان شەمدینان) و بەدرخانەکان وەکوو دوو بەرەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی خودموختاری و جیاییخواز پێناسە دەکا و پێی وایە ئەم دوو لاگیرییە ئێستاش پێکهێنەری دەستەبەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن. ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، بە چەشنێک ئەم دوو ڕەوتە بە درێژایی ژیانی سیاسی لە دوو سەدەی ڕابردوودا وەپاڵ یەک بوون، بەم جیاوازییەوە، کە ڕەوتی خودموختاری یان فێدراڵخوازی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەمڕۆ هێزی زاڵ لە بزووتنەوەی کورد بووە و لەم بەرەیەشدا بەشێک لە هێزە کوردییەکان هەر چەند دروشمی فێدرالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام لە پرۆگرامی خۆیاندا باس لە مافی چارەنووسی گەلان هەتا سەربەخۆیی دەکەن و بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی کورد دادەنێن. من پێم وایە ئەگەر هێزێک مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بە ڕەوا بزانێ، دەتوانی هەر یەک لەم حاڵەتانە وەکوو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێناسە بکا. بەڵام حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەوەی کە تاوانی جیاییخوازیمان لێ نەدەن، بە کارێکی شیاو نازانم. بێگومان هەڵبژاردنی هەر کام لەم ڕێبازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی فیکری و شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستا، بەڵام، ئەو خاڵەی پێویستە بۆ هێزێکی کورد جێگای سەرنجدان بێ «بەرژەوەندیی و ستراتێژی نەتەوەییە». واتە ناکرێ لە لایەکەوە حاشا لە «نەتەوە» و «مافی بە دەوڵەت بوونی کورد» بکرێ و لە لایەکی دیکەوە باس لە هەبوونی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی گەورەی نێوەڕاست بکردرێ، یان ئەو هیوایە لە دڵ و مێشکی جەماوەر پێک بهێندرێ کە فێدرالیزم یان خودموختاری و هەبوونی مافی شارومەندی هێڵی ئاخرە. بە باوەڕی من، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرانسەرییەکان بە بیر و ڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێک کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پڕۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین. بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی فرە حیزبی هەبوونی بیر و ڕای جیاوازە و، هەتا کاتێک زۆرینەی ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر «ستراتێژییەکی نەتەوەیی» کۆک نەبن و بە یەک پلانی هاوبەش بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەڕۆن چەتوونە باس لە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بکردرێ؛ بەڵام پێویستە لەم پێناوەدا کاری فیکری و تەبلیغاتی بکردرێ و بیرەکە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕاگوێزرێتەوە و بکرێتە بەشێک لە ڕەوانی خەڵک. لەبیرمان نەچێ پێکهاتنی بەشێک لە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەک تەنیا بە هۆی شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێز، بەڵکوو بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی پاش شەڕ، یان شۆڕش و گۆڕانی حکوومەتی ناوەندی و هتد بووە.

**عەلی بداغی**: ئەم ناسیۆنالیزمەی جەنابت دەیفەرمووی لای کورد کاڵ و کەمڕەنگ بووە و وەک کەمایسییەک باست کرد چییە؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: ئێمە دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە ناسیۆنالیزم بێ و نەکەوینە داوی شانتاژی ئەو ڕەگەزپەرستانەی کە بە بەدناوکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە، پاکانە بۆ شوینیزمی خۆیان و نەتەوەی باڵادەست دەکەن. ناسیۆنالیزم بۆ کورد بە مانای خەبات بۆ گەیشتن بە مافێکە کە لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەی بە زۆر لێی زەوت کراوە. پێویستە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی نەتەوەی حاکم و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست ڕوون کرێتەوە. بە قەولی لازاریف «ناسیۆنالیزم بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤایەتیی، لە قۆناخی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەتنیکی ئەو لە سەردەمی نوێ و ئەمڕۆی دایە». ئاڵوگۆڕەکانی پێشکەوتنخوازانە لە کۆمەڵگەی کورد دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی سیاسەت و بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کورد و پەرسەندن و گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین. بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە درێژایی خەباتی خۆی لە سەدەی ڕابردوودا لە سەر بناغەی دێموکراتیزم، ناسیۆنالیزم، هەروەها بیری چەپی سۆسیالیستی و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و بێزێزییەک بە نەتەوە دراوسێیەکان یان ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون و دەژین، بووە. بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد، و بێ دەستدرێژی بە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەیە نەتەوەی کورد شایانی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی خۆیەتی.

**عەلی بداغی**: هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێ کورد تا نەبێتە دەوڵەت نابێتە نەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕایە هەیە کە دەوڵەتە مۆدێڕن و ئەمڕۆییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی درووست دەبن. ئێوە ڕاتان چییە؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر چەمکی نەتەوە - دەوڵەت یان دەوڵەت - نەتەوە هەیە. هەر کام لەمانە دەتوانێ سووژەی لێکدانەوە و باسێکی دوور و درێژ بێ. بۆ ئێمەی کورد ئەوەی گرینگە، هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهانە کە هەتا ئێستا مافی بەدەوڵەتبوونی لێ زەوت کراوە. دوا نموونەش پیلانەکانی پاش گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە سپتامبری ٢٠١٧ و هێرشی سپای عێراق، حەشدی شەعبی بە ڕێبەریی و یارمەتی ماڵی و سپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە هاوکاری و سازانی بەشێک لە هێزەکانی کوردستانی، هەروەها دژایەتیی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم ڕاپرسییە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم دژایەتییەش، کورد سەلماندی ئەگەر بۆی هەڵکەوێ بێگومان واز لە مافی نەتەوەیی خۆی ناهێنێ و پشتیوانی و شادی و خۆشی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پیشاندەری هەستی بەهێزی نەتەوەیی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی، خەباتێکی بێوچانی

کردووە و هیچ کاتێک ملی بۆ سەرکوتکەران و داگیرکەرانی وڵاتەکەی شۆڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی کە ئێمە بە کام پێناسە نەتەوەین، پێم وانییە گۆڕانکارییەک لە ئامانج و هەڵوێستەکانی مێژوویی ئێمە پێک بێنێ. هەر وەکو بۆخۆشتان ئاگادارن، نەتەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە پێناسە کراوە و وێڕای پێناسەی فەڕانسەوی و ئەڵمانی یان پێناسەی بەرەی چەپ و ڕاست و هتد، دەتوانێ تەنیا «هەبوونی هەستی نەتەوەیی» پێناسەیەک بۆ نەتەوە بوون بێ. هەر وەکوو ئاگادارن پێناسەی فەڕانسەوی و ئاڵمانییەکان لە نەتەوە جیاوازە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەی شکڵگرتنی دەوڵەت و نەتەوە لە هەر یەک لەم وڵاتانە.

**عەلی بداغی**: ئێستا کامیان لەگەڵ دۆخی کورد دەگونجێ؟ کێشەکانی بەردەم یەکبوونی کورد کامانەن؟

**د.کامران ئەمینئاوە**: بێ لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم پێناسانە و ئەوەی کە کامیان باش یان خراپە، یان کامیان لەگەڵ وەزعییەتی ئێمەی کورد دێتەوە، ئێمە لە ڕەوتی یەکیەتیی نەتەوەیی گەلێک کێشەمان چ لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە وەزعییەتی هەر بەشێکی کوردستان بدەینەوە شایەدی ناکۆکی، ناتەبایی و پاوانخوازی و پاشقولدانی یەکتری لە نێو هێزەکانی کوردستانین. نەبوونی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دەوری یەک کۆکاتەوە یەکێک لە کەمایەسی و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە. لە ئاستی تەواوی کوردستانیش بێگومان ناکرێ کاتێک ئەم ئاڵۆزییانە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەم زەقییە هەیە، بتوانین چاوەڕەوانی ئەو بکەین، بەرە یان ڕێکخراوەیەک وەکوو چەترێک بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئارای دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان پێک بێ و ڕۆڵێکی بە هێز لەم پێناوەدا بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە پاوانخوازیی بەشێک لە هێزەکانی کوردستان و دەستێوەردان لەکار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکا و ئەم هێزانە لە یەک دوورتر دەکاتەوە. مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە لە ئاستی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات وەکوو خاڵێکی نەرێنی یان وەکوو کۆسپێک لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی سەرنجی بدرێتێ، مەترسی «ئیسلامی سیاسی» لەسەر چارەنووسی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی، مافی ژنان و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی دایە. چارەنووسی مێژووی کورد بە چەشنێک شکڵی گرتووە کە ئەستەمە ئایین و ئیسلامی سیاسی نەک بتوانێ ڕۆڵ بۆ یەکخستنی هێزەکان و جەماوەری کورد بگێڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر نەخشێکی نەرێنی و جیاکەرەوەی نەتەوەیی هەیە و دوژمنە بیانی و نێوخۆییەکان بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی کەلکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە ئێمە لە سەرەتای ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شایەدی ڕۆڵی نەرێنی و دوژمنانەی مەکتەبی قورئان و لایەنگرانی ئاغای موفتیزادە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین.

کێشـەیەکی دیـکەش لە ڕەوتــی «یەکگرتــوویی نەتەوەیــی» مــانەوەی ئاســەواری بیــر، داب و نەریتــی عەشـیرەیی لە نێـو کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لە شێوەی حیزبـایەتی دایە. هەر چەنـد لە پێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنیا کاریکاتۆرێک لە سیستمی عەشیرەیی مـاوە، بەڵام ئاسەواری فەرهەنگی و سیاسی ئەم سیستمە وەکوو باوکسـالاری، زاڵبـوونی بەرژەونـدیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی، پێشێلکردنی مافی ژنـان و مەسەلەی فرەژنی، بێ پرەنسیپی لە چالاکی سیاسی و هتد، ڕۆڵێکی نەرێنی و مەترسیدار لە کوردستاندا دەگێڕێ. بەم پێیە ئێمە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی گەلێک کێشـە و کۆسـپین و ئەرکـی روونـاکبیری کـورد و ئەو ڕێکخـراوانەی خۆیـان لە بەرەی ناسیۆنالیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیال دێموکراسی، چەپی مارکسی و هتد دەبیننەوە هەنگاو هەڵێنـان بـۆ چارەسەرکردنی مەدەنـی ئەم کێشانە و بـردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێمە بـۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمـان پێویستیمان بە یەکیەتی نەتەوەیی، پلۆرالیزمی سیاسی، ڕێزگرتن لە بیر و هزری یەکتری، خۆپارێزی لە پاوانخوازیی و دەستێوەردان لە کـار و بـاری بەشـەکانی دیکەی کوردسـتان و، ڕێـز گـرتن لە بڕیـاری خەڵـک هەیە هەتـا هەنگـاوی بە هێـز بـۆ چـوون بەرەو داهـاتوو و پێکهێنانی بەستێنێکی شیاو بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵێنین.

**عەلی بداغی:** بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵـێ سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتـایی هـاتووە و جێـی خـۆی بە هەنـدێ پرەنسیپی وەک «مـافی مرۆڤ» و «پێکەوە ژیـان» و «هاوبەشیی وەک یەک» لە چوارچێوەی سنوورە جوغرافیـاییە سیاسییەکانی ئێستادا داوە، ئێوە لەگەڵ ئەوە کۆکن؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە:** ئەگەر قەرار بێ بە وشەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەتـان بـدەمەوە، نـا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. بەڵام هۆی ئەم ناکۆکییە چییە؟ هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، پێم وایە پێناسـەی هێزەکـانی دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە کە بۆ گەیشتن بە مـافی نەتەوەیی و ڕەوای خـۆی خەبـات دەکـا، لە جێـی خۆیدا نییە. بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە شی کرێتەوە، بۆچی سەردەمی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی بۆ کورد کۆتـایی هـاتووە و پێوەری ئەم چەشنە هەڵسەنگاندن و بڕیارانە چییە؟ کام یەک لە ویستە نەتەوەییەکـانی کورد لە نێـو وڵاتە داگیرکەرەکـانی کوردستان، بێجگە لە ستاتوویەکی سەقامنەگرتوو لە باشووری کوردستان جێبەجێ کراوە، کە بڵێن تـەنیا کێشەی «مافی مرۆڤمـان» مـاوە کە دەبێ چارەسەر بکرێ؟ چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتـالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەڕانسـەوی و هۆلەنـدییەکانی بلژیک و خەڵکی کوبێک لە کانـادا و تەنـانەت بـایەری ئەڵمـان، ئەویش ڕاست لەنێـو جەرگەی ئوروپـا و کانـادای پێشکەوتوودا کە پرەنسیپەکانی مـافی شـارومەندی، مـافی مرۆڤ و پێکەوەژیـان و هتـد تـا ڕادەیەکـی زۆر بە پێـی دەستوور لەبەر چاو گیراوە و ستاتووی ئەوان بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ حـاڵ و وەزعـی ئێمەی کـورد نـابێ، کێشـەی نەتەوەیی بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بـۆ ئێمەی کـورد کە تەواوی مافەکـانی نەتەوەیـی و شـارومەندیی و هتـدێکمان لـێ زەوت کـراوە کـاتی تەواو بـووە؟ پێم وایە

پێویستە ئاوڕێک لە بارودۆخ و وەزعییەتی باشووری کوردستان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بەغدا و هەڕەشە و هێرشەکانی سپای عێراق لە کاتی مالیکی و عیبادی بۆ کوردستان و مانەوەی گەلێک کێشەی دەستووری و هتد، ئەویش لە وڵاتێکدا بدەینەوە کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی عێراق، وەکوو وڵاتی عەرەب و کورد پێناسە کراوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ کە کێشەی نەتەوەیی نەک لای ئێمە و نەک بەشێک وڵاتانی ئورووپایی هەتا گەیشتنی گەلانی ناوبراو بە کیان و دەوڵەتی خۆیان چارەسەر ناکرێ. هەر چۆن پێشتریش ئاماژەم کرد، ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز، ئینسانی، بەرحەق و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە بۆ دراوسێیەکانی کوردستان و ئەو گەلانەیە کە لە خاکی کوردستان بە هێمنی لەگەڵ کورد دەژین. کێشەی گەلی کورد هەتا کاتێک بە مافی خۆی واتە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەگا، بە یەکجاریی چارەسەر ناکرێ.

**عەلی بداغی**: ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەدەوڵەتبوون چین و کامانەن، لە حاڵێکدا هیچ حیزبێکی بەدەسەڵات و دەسترۆیشتووی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان ئێستاش بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەکردووە و بە کردەوەش کاری بۆ نەکردووە!؟

**د.کامران ئەمینئاوە**: ئەگەر سەرنجێک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوو بدەین، دەبینین هیچ کاتێک مەسەلەی کورد سەرەڕای تەواوی کەم و کورتییەکانی هەتا ئەم ڕادەیە نەبۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاوا گەشەی نەکردووە. سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانەی کە لە نێو هێزەکانی کوردستانی هەیە، سەرەڕای تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانە، شکست و پاشەکشە و ناکۆکی و هتدی نێوخۆمان، بەم باوەڕەم ئەمڕۆکە بزووتنەوەی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە. کێشەی نەتەوەیی کورد وەکوو چوارەمین گەورە نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەورە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا، گەیشتۆتە قۆناخێک، کە ئیتر ناکرێ لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی و مامەڵە نێونەتەوەییەکان و ململانێی هێزەکانی جیهانی و ناوچەییدا لەبەر چاو نەگیرێ. بێگومان ناسیۆنالیزمی کورد کەم کێشە نەبووە و نیە، بەڵام خەباتی هیچ نەتەوەیەکیش بێ لەمپەر و بێ کێشە نەبووە. ئەمڕۆکە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خوێندەواریی خەڵک و، توانایی کەلک وەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نابێ. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوتکەی خەباتی مەدەنی نەک لە تەواوی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیش بوو. ئێمە لەم ساڵانەدا ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی وەک کوردستان کە هەر چەشنە داکۆکییەک لە مافی ڕەوای کورد بە گوللە و گرتن و ئەشکەنجە وڵام دەدرێتەوە، شایەدی چەشنە جووڵانەوەیەکی بەهێزی خەڵکی بووین، کە دەتوانێ وانەیەک بۆ گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەش بێ. پێشتریش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان لە کاتی شەهیدکردنی نەمر شوانەی قادری لە پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، شەهیدکردنی نەمر فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩، بەسترانی دووکان و بازاڕەکانی

کوردستان لە تەواوی ساڵەکانی پاش تێرۆری نەمر دوکتور قاسملوو، پشتیوانیی جەماوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە پاییزی پارەکەدا، پشتیوانیی بەرفراوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆڕاگریی کۆبانی، بەهاناچوونی خەڵکی پارێزگای کرماشان لە کاتی بوومەلەرزەکەدا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و هتد بووین. ئەمانە ئەستێرەگەلێکی گەش لە ئاسمانی ڕەنگینی کوردستان و هیوادەری خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان لە دادێ دایە.

**عەلی بداغی: ئەدی ڕاتان لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چییە؟ لەوێندەرێش ئایا چاخی نسکۆیە یان هەڕەتی هیوا؟**

**د.کامران ئەمین‌ئاوە:** لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم ڕەوتە بە چەشنێکی دیکە بەردەوامە و بەرەو پێشەوە دەچێ، کوردەکانی باشووری کوردستان سەرەڕای تەواوی کەمایەسی و کێشەکانیان ئەمڕۆ ستاتوویەکی حقووقیان هەیە، و ئەم حکوومەت و پەرلەمانە پڕ کێشە و ناکۆکە سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بە حەقیش لێی دەگیرێ، بناغەیەک بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە داهاتوو دایە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ئەم وڵاتە و حەماسەی کۆبانی یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەشترین و تاوانبارترین هێزی ڕەش و پاشکەوتوو و جینایەتکاری سەدەی ٢١ واتە داعش بوو. بەشداری بێوێنەی ژنە شەرڤانەکانی کورد خوڵقێنەری جوانترین شێعر و چیرۆکە حەماسییەکان و بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ تەواوی گەلانی جیهان بوو. کام گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پڕخوێنەری ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی دەیتوانی خۆ لەم خەبات و خۆڕاگرییە بە شکۆیە بدزێتەوە و باسی ئەم حەماسەیە نەکا؟

لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای سیاسەت و بیروبڕوای کۆنەپەرستانەی ئەردۆغان، گرتنی ئازادیخوازانی کورد وەکوو بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتیکی گەلانی تورکیە ڕۆڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی مەدەنیی ئەم وڵاتە دەگێڕێ و پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لێی بگیرێ، جەمسەرێکی سیاسی لە خەباتی کوردی باکوورە. ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم حوکمی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچێ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی جیدی دەبن و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ژێئۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیکدا گرێدراوی مەسەلەی کوردە. ئەوەی کە ئێمە تا چ ڕادەیەک بتوانین کەلک لەم دەرفەتانە بگرین، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک تێگەیشتنێکی درووست و ڕاستبینانەمان لە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە و چۆن دەتوانین بە پێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان،

هەنگاوی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکەمان، واتە مافی چارەی خۆنووسین هەتا سەربەخۆیی کوردستان هەڵێنینەوە. لەم ڕەوتەدا بە گشتی، بە داهاتووی کورد گەلێک گەشبینم و هیوادار.

سپاس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم وتووێژە بوون

ئێوەشماندوو نەبن

(لە ژمارەی ٧٣٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە



٣٠ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی تێپەڕی کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەلایەن ئەوانەوە درانە بەر دەستڕێژ. ناوداریکی کورد دەڵێ: «میللەتی کورد وەجاخ کوێر نییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.» خاوەنی ئەم وتە بەنرخە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرین، یاری غاری دوکتۆر قاسملوو، و هاوسەنگەری بەوەفای بەڕێزیانە؛ کە لە دیدارێکی تایبەتدا هاتووینەتە خزمەتی بۆ ئەوەی بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بەڕێزیاندا یادێکمان لە قاسملووی نەمر و باسێکمان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم زاتە گەورەیە لە زمان بەڕێز مامۆستاوە کردبێ.

**عەلی بداغی: مامۆستا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە جەنابت یەکەم جار دوکتۆر قاسملووت لە کوێ دیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ لە پێشدا با بڵێم سڵاو لە یادی دوکتور قاسملوو، سڵاو لە گیانی پاکی، سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوودا شەهید بوون، سڵاو و ئاواتی سەرکەوتنیش بۆ ئەوانە کە ئێستاش هەر لە ڕێگەی دوکتور قاسملوو و پێشەوا و بەگشتی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن.

ئەمن لەمێژ بوو لەگەڵ ناوی دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام دیتنم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کە دەبێتە ١٣٤٩ی خۆمان، ئەو وەختە کە ڕێککەوتن لە بەینی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو؛ دوکتۆر قاسملوو لە دەرێرا هاتبوو بۆ پیرۆزبایی لە مەلا مستەفا و لە عەینی

حاڵدا بۆ پێوەندی بە هاوڕێیانیەوە لە حیزبی دێموکراتدا. چونکی ئەو وەختی حیزبی دێموکرات زۆر پەرشوبڵاو بوو، بێجگە لەوانەی وڵات کە سابیتن، ئەوانی دیکە ژمارەیەکمان لە دەرێ بوون کە پێکەوە پێوەندیی دۆستایەتییان هەبوو نەک پێوەندیی ڕێکخراوەیی. بەشێکمان لە مەنتەقەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق بووین، بەشێکیش لە مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون. لەوێ لە زیمنی سەردانی مەلا مستەفادا، مەرحوومی دوکتور قاسملوو چاوی بە برادەرێکمان کەوتبوو بەناوی کاک ئەمیری قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو؛ لەوێ باسی ئەوەی کردبوو کە پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئێمەش بۆخۆمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارمان دا دەعوەت لە دوکتور قاسملوو بکەین بێتەوە نێو ڕێبەریی حیزب و تەنانەت وەکوو مەسئوولیش لە ڕێبەریی حیزبدا بێ. بەڵام ئیدی ئەو دیدارە ئەو وەختی نەکرا؛ وا دیاری کرا کە دوکتور قاسملوو بچێتەوە و پاش ماوەیەک بێتەوە. ڕاست تاریخەکەیم لەبیر نییە بەڵام لە مانگی ئاوریلیساڵی ١٩٧٠دا بوو کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و، دیدارێکی پێنج - شەش ڕۆژەمان هەبوو. کە لە جێی دیکەدا باسم کردوە، لەوێ شەش نەفەر کۆ ببووینەوە، حەوت کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی( پێکەنین) لە حاڵێکدا نە کۆنگرە بوو نە کۆنفرانس.

**عەلی بداغی**: سەرەتایەکی گرینگ زۆر گرینگ بۆ بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات کە بوو بە ڕفیقایەتییەکی پتەویش لە نێوان جەنابت و دوکتور قاسملوودا کە هەتا کاتی شەهیدبوونی ١٩ ساڵی خایاند. مامۆستا ئەدی دوادیدارت لەگەڵ دوکتور قاسملوو کەی بوو، لە کوێ بوو و، ئەوەندەی لە بیرتان مابێ باسی چیتان دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوا دیدار لە کاتێکدا بوو کە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبدا نەبووم، دوای کۆنگرەی هەشت بوو کە ئەمن هەڵنەبژێرامەوە ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام پێوەندییەکە هەر پێوەندییەکی مامۆستا و شاگردی بوو...

**عەلی بداغی**: خۆت کاندید نەکردبوو مامۆستا!

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: موهیم نییە ئەوە، موهیم ئەوەیە نەبوومە ئەندامی ڕێبەری. دوکتۆر قاسملوو لە هەموو موناسەبەتێکدا زۆری لوتف لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت لە مەسائیلی سیاسیدا دەکرێ بڵێم هیچ مەسەلەیەکی عومدەی سیاسی نەبووە، کە لەگەڵم باس نەکا و من ئاگادار نەکاتەوە هەرچەندە لە ڕێبەریدا نەبووم؛ ئەمە هەر تایبەت بەو دواییانە نەبوو پێشێش هەر وابوو. بەینی کۆنگرەی چوار و پێنجیش کە ئەمن دیسان لە ڕێبەریدا نەبووم، ئەو پێوەندییەمان هەر هەبوو. ئاخر دیدار ئەوە بوو کە لەدوای ناردبووم بچم، بۆ یەکەم جار تەواوی قەزیەکەی لەگەڵ من باس نەکرد بەڵام بە شێوەیەکی سەربەستە لە واقیعدا ئەو داستانەی لەگەڵ باس کردم؛ کە بەداخەوە سەری تێدا چوو. پرسیاری کرد کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بێ وتووێژمان لەگەڵ بکا، ئەتۆ نەزەرت چییە؟ گوتم جا سیاسەتی ئەم

حیزبە داڕێژراوە، ئەم حیزبە قەتی وتووێژ نەفی نەکردوە. بەڵام بەپێی ئەو زەوابیتە کە ئێمە پەسەندمان کردوە تەنانەت بۆخۆشت گەڵاڵەت کردوە؛ جا ئەووەڵ جار ئەو شرووتە دوکتور قاسملوو بۆخۆی گەڵاڵەی کردبوو و دوایە بەبێ شک ئەوانی دیکەش دەستکارییان تێدا کردبوو. ئەوە ئاخرجار بوو کە ڕۆیشت و بەداخەوە ئیدی یەکترمان نەدیتەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارە سیاسییەکان ڕەنگبێ بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەوە و ئەو کات و ساتانەش بۆ جەنابت زۆر ناخۆش بێ، بەڵام بێگومان بۆ بینەرانمان گرینگە کە ئەگەر بکرێ باس لەو ئانوساتەش بکەی کە هەواڵی تێرۆرەکەت بیست. لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ئانوساتە ئانوساتێکی ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک دەڵێ تەدریجی بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، ئێمە شوێنی کاری دەفتەری سیاسیمان لە دێیەک بوو بەناوی «بۆڵێ» لە بناری قەندیل، بەڵام ماڵەکانمان لە دێیەکی دیکە بوو هەر لە بناری قەندیل بەناوی «ئێنەزێ». ڕۆژانە هاتوچۆمان دەکرد بەڵام ڕۆژانی جێژن و تەعتیل نەدەچووین. دەوری سەعاتی نۆ و ئەوانە بوو ماشێنێکمان بەدووادا هات لەبیرم نییە کاغەزی لەگەڵ بوو یان نا، بەڵام پێویست نەبوو ئەگەر کاغەزیش نەبووبێ. گوتی: کاک دوکتور سەعید داوا دەکا بێن. کاک مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، ئەو و من. کە چووین لە ڕێگادا ئەو کوڕە پێی گوتین: دەڵێن لە ئوتریش تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە. گوتمان: باشە چ بووە چ نەبووە؟! گوتی: مەعلووم نییە، هەر ئەوەندە دەزانین تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە بەڵام کێن، کێ نین، بریندار بوون، کوژراون یان چی نازانین. هەتا چووینە لای شەهید دوکتۆر سەعید، دوکتۆر سەعید دیارە بە پارێزەوە بەڵام بە سەراحەت مەسەلەکەی لەگەڵ باس کردین. جارێ عەکسولعەمەلی من لە باری سیاسییەوە ئەوە بوو کە گوتم کاری عێراقییە. چونکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو زۆری عێراق ئەزیەت دەکرد. هەر حیزبەکەمان وابوو چەند جار ئێمە دەوڵەتی عێراقمان بەتۆمەتی کاری فاشیستی لە بەیانییەی ڕەسمیدا سەرکۆنە کردوە. دوکتور سەعید گوتی: ئەوەی تۆ بۆی دەچی وایە بەڵام هەندێک شت هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە. گوتم وەک چی؟ گوتی: وەڵڵا ئاوەهایە. دیارە کاک مستەفا ئاگای لێ بوو، ئەمن ئاگام لە تەفسیلاتەکەی نەبوو. گوتم: جا کەوابێ موناقەشەی ناوێ، ئەوە وتووێژ بۆ مافدان نەبووە، وتووێژەکە بۆ ئەوە بووە کە ئەوی لەبەین بەرن. لەوێدا وەختی گریان نەبوو، چونکی لە سەعاتی وادا دوکتۆر قاسملوو شەخسی منی فێر کردبوو، کە دەبێ ڕووحییەمان لە شعوورمان بەقوەتتر بێ. چۆنی فێر کردم؛ یەکەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان کە شەهید بوو مەرحوومی قادری ویردی بوو. ئێمە لە کومیتەی ناوەندی ۱۱ کەس بووین، ئەو شەهید ببوو، دوومان لە دەرێ بوون، هەشتیشمان لەوێ بووین. حەوت کەسمان دەگریاین زۆر سەیر دەگریاین؛ تەنانەت کەسێکی وەکوو مەرحوومی کەریمی حیسامی کە پیاوێکی هەم بەتەمەن، هەم بەئیستلاح کارکوشتە بوو. دوکتۆر قاسملوو تانەی لەمن دا، گوتی: هەستە وەختی گریانێ نییە وەرە با بچین بەیاننامە بنووسە. پیلی گرتم ژوورێک لەسەرێ بوو کە مەعمووڵەن بۆخۆم لەوێ کارم دەکرد؛ کاری نووسین و شت. گوتی: دانیشە

بەیاننامەکە بنووسە، گوتم: دوکتۆر مێشکم هیچی تێدا نییە. گوتی: ئەوە ئەووەڵتە، سەت حاڵەتی وا دەبینی، لەو وەختانەدا ئەتۆ دەبێ ڕووحییەت بەقووەت بێ. یەک - دوو کەلیمە ڕێنوێنیی کردم و بەجێی هێشتم، مەجبوور دانیشتم ئەو بەیاننامەی کە دەبوو حیزب دەری بکا نووسیم. جا لەو لەحزەیەدا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دەبێ ئێمە ئەوەندەی دەکرێ ڕووحییە بدەین بە خەڵکی. پاش ماوەیەک هێندێک کارمان کرد، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، شتێکمان گەلاڵە کرد بۆ خەڵک کە بەرنامەی ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە: بەداخەوە خەبەرمان وەرگرت کە دوکتۆر قاسملوو لە ڤییەنێ تەقەی لێ کراوە، ئێمە لەگەڵ ڕەفیقەکانمان لە ڤییەن لە تەماسداین بزانین نەتیجەکەی چییە. بۆ ئەوەی یەکسەر خەبەرەکە نەدرابێ. کاری دووەم ئەوە بوو کە شتێکی چووکەڵەمان نووسی، بە بێسیم بیدەین بە تێکۆشەرانی حیزبی، ئیدی بۆ ئەوان ئاوا نووسرا: دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، بەڵام بیروباوەڕەکەی زیندووە، حیزبەکەش زیندوویە؛ شتێکی ئاوا کورت. دواتر ئەمن بە مەرحوومی دوکتۆر سەعیدم گوت: ئەتۆ کارەکانت بکە، ئەمن دەچم بەیاننامەی دەنووسم بێئەوەی ئەو پێم بڵێ. چووم، دانیشتم بۆ بەیاننامەنووسین بەڵام ئیدی لەوێ نۆرەم بوو، چەند جار لە زیمنی نووسینەکەدا -خۆ ئەو وەختە کامپیوتێر نەبوو-، کاغەز و قەڵەم بوو، مەجبوور دەبووم کاغەزەکەم لابەرم هەتا ئەوەی نووسیومە بە ئاوی چاوم ڕەش نەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە عەکسولعەمەلەکە بوو.

**عەلی بداغی**: زۆر ناخۆش بوو وەبیرهێنانەوەی ئەوە. مامۆستا تێکەڵاوی و کاری هاوبەش و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەر بوون لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، بێگومان هەر کەسێک کە لەگەڵی بێ کاریگەریی زۆری لەسەر دادەنێ؛ پێم خۆشە بزانین دوکتۆر قاسملوو لەسەر کام ڕەهەندی ژیانت جیا لە ڕەهەندی سیاسی کە باست کرد کاریگەریی داناوە؟ لەسەر چ لایەنێکی بیرکردنەوەی جەنابت زۆرتر کاریگەری هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هێمن لەبارەی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە دەڵێ: ئەمن دروستکراوی دەستی مەلا ئەحمەدی فەوزیم. ئەگەر موبالەغە نەبێ ئەمنیش وا دەڵێم، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری ئاداب و ڕەفتار و بەتایبەتی هێندێک شتی زۆر گەورەی هەبوو کە ئێمە هەر ڕەعایەتمان کردبێ و تۆزێک بەلایدا چووبین هەر زۆرە. ئەو ڕۆحگەورەییە، دێموکراتبوون، کەمتر بیرلە تۆڵەکردنەوە، نەزاکەتی کەلام لە نووسیندا، لە زۆر بارەوە ئەخلاقی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوە دەبوو، پیاو ڕەچاوی بکا و لێی فێر بێ. ئەوەی کە لە موقەدەمەی قسەکاندا باست کرد، وا بوو. یەعنی لێی زیاد دەکەم ئەمن لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و لەگەڵ زۆر کەس دانیشتووم، هیچ کەسم لە سەرەوی دوکتور قاسملووی نەدی، هیچ کەس.

جوانترین وەسف بوو لە پەسنی قاسملوودا
هیچ لەبەر تەعەسسوبیش وا نائێم؛ واقعیەت دەڵێم.

**عەلی بداغی**: بێینە سەر پرسیارە سیاسییەکانمان لەم دیدارە تایبەتەدا، زۆر جار دەبیستین: کە دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستاش بێقاسملوویی پێوە دیارە. ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە چەند لایەنی هەیە، ئەوەڵەن جێی هیچ کەس پڕ نابێتەوە، نەک دوکتۆر قاسملوو بەڵکوو جێی خەڵکی دیکەش. چونکی ئێمە بەنناییەک نیین ئیحتیاجیمان بە دە فەعلە هەبێ، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بێ یەکی دیکە لە جێگەی دادەنێ. ئێمە قەزیەیەکمان بە دەستەوەیە ئیحتیاجیمان بە هەمووان هەیە، کەوابێ جێی هیچ کەسمان بۆ پڕ نابێتەوە. شتێکی دیکە دووبارە دەڵێم، بە مردنی هیچ کەس نابێ جێیەکە بەتاڵ بێ، نابێ ڕەوتەکە بوەستێ. ئەسڵەن هونەری ڕێبەرێکی سیاسییش لەوەدایە کە وای کار کردبێ، وای خەڵک پێ گەیاندبێ کە دوای خۆی کارەکە بڕوا؛ دەنا هونەرێکی نییە فەقەت ئەو وەختە کار بڕوا کە بۆخۆی دەیکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی لێ دەرچێ، بەڵێ ئەمنیش باوەڕم وایە کە بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە هەتا ئێستا دیارە. چونکی بۆخۆی ئەو چەترە بوو کە هەمووی خڕ دەکردنەوە لە عەینی حاڵدا ڕێبەرێکی گەورە بوو.

**عەلی بداغی**: بە دیوێکی دیکەی ئەم باسەدا، بەهەر حاڵ کۆمەڵێک ئەندامی ڕێبەری، کۆمەڵێک کادری تێکۆشەر، کۆمەڵێک پێشمەرگە هەن لەو نێوەدا، بەهەرحاڵ دوای قاسملوو ئەم حیزبە درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە؛ ئایا ئەمە غەدرێکیش لەم ڕێبەرییە نییە کە بەهەرحاڵ بە شەو و شەونخوونی بە قوربانیدان ئیدامەی کاریان داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: عەرزم کردی، گوتم نابێ کارەکان ڕاوەستن، کارەکان ڕۆیشتوون و چاکیش ڕۆیشتوون. تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی کە ئەمن لە بەخاک سپاردنەکەیدا بەشدار بووم، هاتمەوە موساحەبەیەکی ڕادیۆییمان کرد؛ باسی ئەوەم کرد کە دوکتۆر قاسملوو تەمرینی نەمانی خۆی بە ئێمە دەکرد، ساڵێ لە سێ مانگەوە هەتا شەش مانگ بەجێی دەهێشتین، بۆ ئەوەی ئێمە کارەکانمان بکەین. تەنانەت جارێکی - ئەمن کەمێک سەریحم لەو شتانەدا - دەگەڵ خۆی قسەم دەکرد، گلەییم لە شتێکی کرد گوتم: لە کاری خۆیدا کاک دوکتۆر سەعید بەمشوورتر و مودیرترە تا تۆ. گوتی: چۆن وا دەڵێی دوکتۆر سەعید ڕادیۆی ئیدارە دەکا ئەمن حیزب ئیدارە دەکەم. گوتم: نا حیزب هەمووومان ئیدارەی دەکەین، ئەتۆ بەتەنێ ئیدارەی ناکەی. فێعلەن هەرواش بووە. ئەمن لە پێشەوەش کە هەمووومان لە بیرمانە ئەووەڵ قسەکانم ئەوە بوون کە سڵاوم لەوانە کرد کە ڕێگاکەی ئیدامە دەدەن، بەڵێ ئەوان فەزڵیان هەیە، هونەریان هەیە لە هیچی کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و تەنانەت کەمێکیش تەفسیری ئەو خەڵکەیە، کە ئێستا دەڵێن قاسملوو جێی بەتاڵە، بریا قاسملوو دە کەسی لە جێ بایەن.

**عەلی بداغی**: مامۆستا فاکتێکیش لە کەسانی غەیرە کورد بێنینەوە، مەسەلەن بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: «ئەگەر

قاسملوو مابا ڕەنگبێ پرسی کورد لە شەڕایەتی ئێستادا بەرەو ئاقارێکی دیکە چووبا» و ئەوەش هونەری قاسملوو بوو، یان جاناتان ڕەندڵ دەڵێ: «کەسم نەدیوە وەک قاسملوو لە دانیشتن لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی دنیادا توانای ڕاگرتنی سەربەخۆیی فیکری و سیاسیی خۆی هەبووبێ.» ئەم وەسفانە، ئەم پێناسەکردنانە چ مەنتقێکی لە پشتە؟ ئەوانە قسەی کۆمەڵێک کەسی ئوروووپایین کە ئێحساسی قسە ناکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوکتۆر قاسملوو جەززابترین ڕێبەری کورد بوو بۆ هەموو خاریجییەکی، ئەمن شتێک دیکە زیاد دەکەم؛ دوکتۆر کوشنێر لەسەر جەنازەکەی لە زیمنی قسەکانیدا گوتی: «هەتا دەمدی شتی تازەی لێ فێر دەبووم»، جا قسەکانیش دەقاودەق پێم خۆشە وەک خۆی بن. چونکی ئەمن زۆرم پێ جالب بوو بڵێم؛ قسەی جاناتان ڕەندال ئەوەیە کە دەقیقەن دەڵێ: «تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکیش دابنیشێ قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ.» ئەوە وەسفێکی زۆر گەورەیە. ئەو لەگەڵ دەوڵەتانیش (ئەوەندەی دەکرا، لەگەڵ وەزیری خاریجە، لەگەڵ دەوڵەت، جاری وا بووە لەگەڵ ڕێبەری دەوڵەتیش دانیشتوە) بەڵام قاسملوو هەر قاسملوو بووە و حیزبەکەی هەر حیزبەکەی بووە. حیزبەکەشی فێر کرد کە بەبێ ویش هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ.

**عەلی بداغی:** لە زیمنی قسەکانتدا ئاماژەیەکیشت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەو کات بە پێی شەڕایەتی سیاسی، لەگەڵ مەسەلەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراق پێوەندیمان هەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو تەنانەت ئەزیەتیشی دەکردن.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئائا. جارێکی پێکەوە سەفەرمان دەکرد، تازە زیندانی ئێمە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمباران کرابوو ، بەیاننامەیەکمان لەسەر نووسیبوو؛ زۆر توند. بە فاشیستمان ناو بردبوون و مەحکوومان کردبوون. کە سەفەرمان کرد لە کەرکووکێ نانی نیوەڕۆیان بۆ دوکتور قاسملوو ئامادە کردبوو، ئەمنیش لەو وەختەدا بەرپرسی ڕادیۆ بووم. هەر وەژوور کەوتین ئەو دەیناسی ئەمن نەمدەناسی، دوکتۆر گوتی: «ئەوەش وەزیری ئێعلامی ئێمەیە»، هێشتا دانەنیشتبووین کابرا گوتی: «یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی؟» گوتم: «عەمەلیاتی دۆڵەتوو ئەتۆ دەستوورت دابوو؟» دانیشتین، چایان هێنا دوکتۆر قاسملوو گوتی: «بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە.» نازانم نووسیبووی یان نا، چونکی ئەمن ئەو وەختی لە سنە بووم، ئەمن نەمنووسیبوو. گوتی: «ئەمن نووسیومە بەڵام ئەتۆ دۆستی منی حەق بەخۆت دەدەی بێی زیندانەکەم بۆمباران بکەی، زیندانییەکانم بکوژی، تەنانەت پێشمەرگەکانم بکوژی؛ حەق بەمن نادەی مەحکوومت بکەم؟ حیزبی دێموکڕات ئەو پێوەندییانە نازانێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دوکتۆر قاسملوو لە سیاسەت و لە کاری سیاسیدا هەلومەرجی دەخوڵقاند یان زیاتر لە هەلومەرجە ڕەخساوەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی و نەتەوەکەی باشترین ئیستفادەی دەکرد؟



سەرچاوە Serchawe

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەکرێ بڵێین ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەتی ڕێبەری سیاسیی حیزبێک کە لە دەسەڵاتدا نییە، قەت ناتوانێ هەلومەرج بخوڵقێنێ، بەڵام ئیدە دەخوڵقێنێ و، مەرحەلەی دووهەمی کە باست کرد بەڵێ وا بوو. لە هەلومەرجی مەوجوود زۆر باش وەدەست دەهات و زۆر زوو ئیستفادەشی لێ دەکرد. تەنانەت جاری دیکەم گێڕاوەتەوە با تیکراریش بێ دەیڵێم؛ ساڵی ١٣٥٧ ئەو لە دەرەوە بوو ئێمە لە عێراق بووین، هاتەوە گوتی: «ئێمە ئیدی نابێ لێرە بین دەبێ بچینەوە، وڵاتی ئێمە دەگۆڕێ.» ئەو وەخت لە ئێران بە کەست گوتبا شا دەڕوا، ئیدی نازانم چی پێ دەگوتی! دەیگوت شێت بووە. بەڵێ تەوزیحی دا و بە قسەمان کرد و بڕیارمان دا، هێندێکمان بگەڕێینەوە. کاک حەسەنی ڕەستگار گوتی: «شا ڕۆیی!» گوتم: «بۆ؟» گوتی: «ئەو کابرایە وەک سوورەداڵەی بەبن باڵی خۆیدا دەڕوانێ. پێشبینییەکانی وان.» بەڵێ فێعلەن وابوو.

**عەلی بداغی:** هەر بەو پێیە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو لە ژیاندا مابا، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە دوای شەڕی کەنداو لە مەنتەقەی ئێمە دروست بوون، ئایا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەمان بڕیار و هەمان تەسمیمگیری دەبوو کە ڕێبەریی حیزب کردیان؟ (بە گشتی عەرزت دەکەم نەک لە مەوردێکی خاسدا) یان ڕەنگبێ ئەو کاتە بڕیارەکان جۆری دیکە بان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا، ئەمن پێم وایە لەو بارەیەوە، هەندێک موبالەغە لە توانای دوکتور قاسملوودا نەکەین؛ ڕەنگبێ لە تەکنیکدا تەکنیکی وردتر و جوانتر ڕەعایەت بکرێ بەڵام ئەو هەلومەرجەی خوڵقا ئەگەر دوکتۆر قاسملووش مابایە؛ ئێمەی تووشی ئەو حاڵەتە دەکرد. زۆر جار پێمان دەڵێن ئەوە کەمپنشینییە حیزبی دێموکراتی وا لێ کردوە. نا بابە کەمپنشینی وای لێ نەکردوە؛ هەلومەرجی خەباتەکە وایە کە مەجبووری کردووی و کردووتی بە کەمپنشین. کەمپنشینی نەتیجەی هەلومەرجەکەیە، نەک هەلومەرجی ئێستامان نەتیجەی کەمپنشینی بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبێ، لێرەڕا بە چوار سەعاتان دەچینەوە وڵاتی خۆمان. کەوابێ دوکتۆر قاسملووش مابایە شتی وا هەر دەبوو، جاروبار هەندێک موبالەغە دەکەن لە توانای دوکتۆر قاسملوودا. ئاخر ئێستا هەر یەکە و بۆخۆی دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکا؛ بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیوە. دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابایە حیزبی دێموکرات دوولەت نەدەبوو،

**دوکتۆر قاسملوو مابوو ٣ ئینشعاب لە حیزبی دێموکراتدا کرا.**

**عەلی بداغی:** زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابا ڕەنگبێ ئێمە لە قەندیل دانەگەڕابان، ئەوەش نموونەیەک؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەدی بۆ هاتینە قەندیل؟ بۆ چووینە گەڵاڵە؟ بۆ چووینە گەورە دێ، لە مەنتەقەی چوارتا؟ خۆ

ئەودەم دوکتۆر قاسملوومان مابوو. لە مەنتەقەی چوارتاوە بۆ هاتووینە قەندیل؟ دوکتور قاسملوومان لەوێدا لەگەڵ بوو. هەندێک موبالەغەیە لە وەسفدا. دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە گەورەیە پێویست ناکا بە قسەی خیلاف گەورەی بکەین!

**عەلی بداغی:** بەڵێ. مامۆستا پێم خۆشە هەر لە زمان جەنابتەوە بڕێک زیاتر لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باس بکەین، چی دوکتۆر قاسملووی لە بڕیارداندا، لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی دوکتۆر قاسملوو بارزتر بوو، دێموکراتبوون بوو. یەعنی دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا کە بەتەنێ (هەر ئەوە تەعلیماتی حیزبیش بوو دەڵێ: «کادری حیزبی دەبێ لە وەختی زەرووڕەتدا بتوانێ بۆخۆی بڕیار بدا») تەنیا لەو وەختانەدا بڕیاری دەدا؛ دەنا ئەو وەختە کە ئیمکانی مەشوەرەت لەگەڵ هاوڕێیانی هەبوو هیچ وەختێک بەتەنێ بڕیاری نەدەدا. چەند جاریشم لەبیرە کە ڕەئییەکەی وی و نەزەرەکەی وی ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت مەوریدێکم لەبیرە زۆر جاری دیکەش ڕەنگە گێڕابێتمەوە بەڵام دووبارە گێڕانەوەیم پێ خراپ نییە؛ مەسەلەکە زۆر ناکەمەوە. مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ هەموومان نەزەرمان ئەوە بوو کە دەبێ سەفەرێکی بۆ بکرێ، دوکتۆر قاسملوو موخالیف بوو بەڵام تەسویب کرا کە دەبێ ئەو سەفەرە بکرێ، کە تەسویب بوو باسی ئەوە کرا کە سەفەرەکە کێ بیکا، گوتمان: «دوکتۆر قاسملوو!» گوتی: «کاکە ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم چۆن شتی وا دەبێ؟» گوتمان: «بەتۆ نەبێ ناکرێ.» هەستا چوو جێبەجێی کرد بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد، بەڵام مانگێکی نەخایاند هەمووومان پەشیمان بووینەوە. دەرکەوت ڕەئییەکەی وی سەحیحترە، ئەو لە پێش ئێمەوە دەرکی کردبوو، ئێمە دەرکمان نەکردبوو؛ بەڵام بەو حاڵە چووە ژێر ڕەئیی ئەکسەریەتی کومیتەی ناوەندی و قبووڵی کرد. لەحاڵێکدا ڕێبەرانی سیاسیی دیکە زۆر جار بۆخۆیان بڕیار دەدەن.

**عەلی بداغی:** بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمەی ڕەعایەت نەکرد و بۆخۆی بڕیاری دا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** عەرزم کردی ئەوە لەو جێیانەیە کە دەبێ بەتەنێ بڕیار بدا. ئەووەڵ جار کە لە دەرێ بوو پێوەندییەکە گیراوە بە حوکمی ئەو بڕیارە سیاسییەی کە بوومانە واتە ئێمە وتووێژ ڕەت ناکەینەوە، ئەوەی کردوە. دوایە هاتۆتەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی باسی کردوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی بەدرێژی باسی کردوە؛ هەمووی ئەوانە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە یەکێکە لە مەواریدی هەڵەی دوکتۆر قاسملوو هەڵەیەکیش کە قەت قابیلی جوبران نییە و قەتیش قابیلی لێخۆشبوون نییە.



سەرچاوە Serchawe

**عەلی بداغی**: مامۆستا جیا لە دنیای سیاسەت جەنابت پێگە و جێگەی دوکتۆر قاسملوو لە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ئەدەبیاتدا، لە هونەردا چۆن دەبینی؟ ئەگەر باسێک لە عەلایەقی دوکتۆر قاسملوو بکەی لەو بوارانەدا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دوکتۆر قاسملوو پیاوێکی زۆر جامێع بوو، باسی ئەدەبیات کرابا تێبینیی زۆر وردی ئەدەبیی هەبوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبی کوردی هەبوو. تەنانەت لەوەدا ساحەبنەزەر بوو کە شێعر یان وتاری ئەدەبییش هەڵسەنگێنێ؛ هەربۆیە ئەو مریدی دوو کەس بوو بە دەرەجەی یەکەم گۆران کە وەختی خۆی گۆران گەورەترین شاعیری دەوران بووە، باوەڕ کە تا ئێستاش خەڵکی دیکە نەیانگەیاندۆتە گۆران، هەموو کەس نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدا. لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجییشدا قەدریجان. زۆری شێعری ئەو دووانە لەبەر بوو. باسی ئەدەبیاتی فەڕانسە دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی ئێران دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی وڵاتان دەکرا، لێی شارەزا بوو. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان چەند فەڕانسەییەکی لەلا بوون، باسیان کرد و لەبارەی کوردستانەوە ئیزهاری نەزەریان کرد، خیلافیان لەگەڵ وی هەبوو؛ لێیان تووڕە بوو گوتی: «ئەمن چەند ساڵم لە وڵاتەکەی ئێوە خوێندووە، تاریخی ئێوەم خوێندووەتەوە، لە وڵاتی ئێوە ژیاوم، زمانەکە وەک ئێوە دەزانم؛ ئەلعان لەسەر مەسائیلی فەڕانسە خۆم بە ساحەبنەزەر نازانم. ئێوە سەفەرێک هاتوونەتە کوردستان بۆ هەمووتان بوونە ساحەبنەزەر؟!» بەڕاستی بێدەنگ بوون، یەعنی لە زۆر بواردا، دوکتۆر قاسملوو لە حەددی ئینسانێکی مەعموولی بەولاوەتر بوو. هەموو سەمفۆنییەکانی دەناسی، سەمفۆنییە خارجییەکان کە ئەمن یەکێکیان ناناسم.

**عەلی بداغی**: مامۆستا ئەگەر ئەوە گرێ بدەینەوە بە دنیای سیاسەت ئایا تواناکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەو توانا زۆرانە ئەوی بێمنەت نەکردبوو لە هاوڕێیەتی، لە بڕیاری گشتی یان لە ئیجماعێک کە دەبوو بۆ شتەکانی دیکە ببایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەوبارەیەوە ڕەئیی من و ڕەئیی ڕەفیقەکانی دیکەی دوکتۆر قاسملوو فەرقی هەبوو. جارێ با ئەوەی بڵێم ئەمن ڕەنگە دە جار، بیست جار لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو شەڕم کردبێ. چونکی ئەمن شاگردی وی بووم. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەویش پێی خۆش نەبوو شاگردەکەی هەر بڵێ بەڵێ. پێی خۆش بوو ڕەئیی تازە ببیسێ. هێندێ کەس پێیان وابوو دوکتۆر قاسملوو ڕەئیەکانی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام ئەمن وام نەدەدی. دوکتۆر قاسملوو هیچ ڕەئیەکی خۆی نەسەپاندوە، بڵێن بۆخۆی دەیکا. بەڵام مەنتقی بەقوەت بوو کە لەسەر ویستەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئیستدلالی دەکرد ئەوانی دیکە قسەیان پێ نەدەما، پەسەندیان دەکرد.

**عەلی بداغی**: ئەدی دوکتۆر قاسملوو کاریگەریی هیچ کەسایەتییەکی کوردی لەسەر نەبوو؟ یان بۆخۆی باسی لە شتێکی کردبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەباری سیاسییەوە، ئەووەڵەن با ئەوە بڵێم ڕێبەرێک کە لە هیچ کەس فێر نەبێ ڕێبەرێکی زیرەک نییە، هونەری ڕێبەرێکی گەورە ئەوەیە کە لە ئەندامەکان و عونسورەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش شت فێر بێ و ئیلهام وەر بگرێ. شت هەیە ئەتۆ نایزانی ئەو دەیزانێ، دەبێ لێی فێر بی؛ کەوابێ لەو بارەیەوە ئەو وشک نەبوو، دەیویست لە خەڵکی فێر بێ. بەڵام وەکوو مامۆستا و مورشید ئەو تەنیا خۆی بە شاگردی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی؛ بەحەقیقەت پێشەوا قازی محەممەدیش لە دوکتۆر قاسملوو لەسەرتر بووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دوکتۆر قاسملوو جیا لە کوردستان و کورد کە تێزی دوکتۆراکەی بوو و، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی و کورتەباس کە نامیلکەیەکی تێئۆری بوو؛ نووسینی دیکەی هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نووسینی دیکەی زۆر بوو، جارێ نامیلکەی نێو حیزبی و ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی و ئەوانە کە نووسیبوونی بەجێی خۆی. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا دوو شتی دیکەیم لەبیرە، یەکێکیان مێژووی کوردستان بوو کە بە هاوبەشی نووسرا، بەشی تورکیە « د. کەندالٚ نەزان» نووسی، بە زمانی فەڕانسە نووسرا، بەشی عێراق «د. عیسمەت شەریف وانلی» نووسی، بەشی سووریەش هەر ئەو نووسی بەڵام بە ناوی مستەفا نازدار، بەشی ئێرانیش دوکتۆر قاسملوو نووسی. لە پاشان دوکتۆر قاسملوو وەکوو کارناس لە وەزارەتی بەرنامەڕێژیی عێراق کاری دەکرد، کتێبێکی زۆر عیلمی و جوانی نووسی بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بەعەرەبی نووسی. دیارە عەرەبی نەدەزانی بەڵام لە وەزارەت هەیئەتێکی پێک هێنابوو، دوو کەس لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد کە هەر دووکیان دوکتۆرایان هەبوو، هەر دووکیان دۆکتورایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو، هەر دووکیان لە چێکۆسلۆڤاکی ببوون، زمانی چێکی و سلۆڤاکییان دەزانی، بۆیە ئەو ئیدەکانی دەگوتن بە عەرەبییەکی ناتەواو یان بە چێکییەکی سەحیح، ئەوان بە عەرەبی دایاندەڕشت؛ کتێبێکی زۆر بەنرخە. دیارە چاپیان نەکرد بیدەنە دەست خەڵکی هەر لە ئیختیاری خۆیاندا بوو.

**عەلی بداغی:** نەکراوەتە کوردیش؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نەخێر نەکراوە، چونکی نەیانهێشت بکەوێتە بازاڕ.

**عەلی بداغی:** بەڵێ. مامۆستا لە پرسیارەکانی کۆتایی نیزیک دەبینەوە. ئامانجەکانی قاسملوو بەشی زۆری وەدی نەهاتوون بەڵام پێت وایە کە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ڕێگای قاسملوو لە ئێستادا چۆن دەپێورێ؟ ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو چۆن لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدێننەوە؟ پێت وایە ئەو شەرایەتەی ئێستا ڕۆحی قاسملووی شاد کردوە یان لێمان نارەحەتە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئیشارە بە قسەکەی کریس کۆچێرا بکەینەوە کە ئەو وەزعەی عێراق پێکهات دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابایە، وەزع جۆرێکی دیکە دەبوو چونکی پیاوی ئەو مەیدانە بوو.» بەبێ شک ئەگەر قاسملوو مابایە تەئسیری لەسەر شتەکان زۆر دەبوو، بەڵام ناحەقی دەبێ، بێئەمەگی دەبێ کە ئێمە نەقشی ئەوانەی دوای قاسملوو نەفی بکەین. دوکتۆر قاسملوو مابایە شتەکان چاکتر دەبوون، بەڵام ئەو ڕەوتەی کە بووە زۆر سەریعتر نەدەبوو. پێم وایە خراپ نەبووە، هەڵەمان هەیە. لەباری ئیدئۆلۆژی و ئەفکاری سیاسییەوە کەمبوودمان هەیە. بەڵام خەباتەکەمان بەردەوامە، ئاڵایەکەمان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر موهیممە دەنا خۆ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش نەهاتوونە دی. لە واقیعدا ئامانجی حیزبی دێموکرات و دوکتۆر قاسملوو، ئەوانە هەموویان بناغە دانەرەکەیان پێشەوا قازی محەممەدە. ئەوە ئەمن بە دوو جەنبە دەیبینم، جەنبەیەکی ئەوەیە کە زیرەکی و وشیاریی ڕێبەرانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بووە ئیدەیەکی سیاسییان هێناوەتە سەر کاغەز کە پاشی حەفتاساڵیش هەر نوێیە؛ ئەوە زۆر موهیممە. لایەکەی دیکەی ناکامییەکی زۆرە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، کەچی بە شێوەی تەواو نەهاتوونە دی. ئەگەر ئینسان لە تاریخدا دەژی، تاریخ نابینێ، بەڵام ئەگەر یەکێک (دەڵێن فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە) ساڵی ١٣٣٠ مردبێ و ئێستا زیندووی کەیەوە، هەر سەری سوڕ دەمێنێ کە حەتتا لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە کوردستان چەندە پێش کەوتوە؟ خۆ وا نییە هیچ وەدی نەهاتبێ. شتێک لەو ڕۆژانەدا هەبوو پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم؛ ئەو کۆنگرەیە کە دوێنێ و پێرێ لە سنە گیرا، هەڵڵایەکی زۆری لەسەر ساز بوو، ئەمن باسی ئەو هەڵڵایە ناکەم، بەڵام ئەوە نەتیجەی خەباتی میللەتی کوردە کە جمهووریی ئیسلامی وادار دەکا بە درۆش بێ، ڕێز لە ناودارانی کورد و گەورەپیاوانی کورد بگرێ. خۆ لە خۆڕا وەدی نەهاتوە. نا وا نییە کە ئامانجەکان بە هیچ جۆر وەدی نەهاتبن. لە وردەکارییەکاندا وەدی هاتوون لە عومدەکەش نیزیک بووینەوە. پێم وایە سبەینێ و دووسبەی نییە و ڕەنگە ئەمن نەیبینم بەڵام ئیشەڵڵا ئێوە حەتمەن دەیبینن؛ وەدی دێ بەڵام ئێستا وەدی نەهاتوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا تەمەندرێژ دەبی ئیشەڵڵا. دوکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ شەهید کرا، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە ئەویش بەم شێوەیە ئایا دەکرێ وتووێژ و ئاشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مانایەکی هەبێ؟ یان با پرسیارەکەم جۆرێکی دیکە بکەم ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانێ لە تاوانی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو خۆش بێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە قسە ناکەم بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم. عەرزم کردی کاری دوکتۆر قاسملوو لە خۆیدا دروست بوو، بەڵام ئەو تەکنیکە کە ئەو گرتیە پێشێ هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە دروست نییە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بێتە جێگەی کۆماری ئیسلامی نەفی بکا. بەڵام بەو شەرتە ئوسوولی وتووێژ ڕەعایەت بکا، پێداگر بێ لەسەر حەقیقەتەکان و حەقەکان، لە عەینی حاڵیشدا دەبێ ڕێبەرێکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

ئینعتافیشی هەبێ، وا نییە کە یان سفر یان هەزار ڕەنگە لە پێنسەدی بە یەکتر بگەن. بەڵام -زۆر ناخۆشە پیاو ئەوەی بڵێ- بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئومێدم بەوەی نییە کە لە بوونی جومهووریی ئیسلامیدا ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن؛ بۆ تاریخ دەبێ ئەوەی بڵێم.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دوا سەرنجت چییە لەسەر ئەم وتوویژە کە قسەیەکی نەگوتراو مابێ بە بۆنەی ئەم یادە کە ئاوڕێکمان لە مێژووی پێوەندییەکانی جەنابت و دوکتۆر قاسملوو دایەوە. ئەگەر پەیامێکت هەبێ بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە مێژووی پێوەندییەکاندا شت زۆرە و دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاییندەدا لە زیمنی کاردا فێری بن، ئەوە یەکێک بوو لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو ڕەنگە ئەویش ئی خۆی نەبێ، دەیگوت: «ئینسان لە نێو ئاودا فێری مەلەی دەبێ لە وشکانی فێری مەلەی نابێ.» بۆیە دیپلۆماتێکی ئێمە دەبێ ئیستفادە لە تەجرەبەکانیش بکا، بەڵام شتێکی کە ڕێبوارانی ڕێی دوکتۆر قاسملوو دەبێ فێری بن، ئەوەیە کە ئەو لە بێئومێدی، ئومێدی دەخوڵقاند بەو مانایە کە نەیدەهێشت خەڵکەکە نائومێد بێ. ئێمە ڕۆژی زۆر سەختمان دیوە، یانی ئەو حیزبەی کە لە دەورانی دوکتۆر قاسملوودا ببوو بە حیزبێکی یەک میلوێنی، دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا هەوڵی زیندووکردنەوەی دا (دیسانەکە دەڵێم هەر بەتەنێ نەبوو خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بوو)، کە ئەو حیزبە چەند دە نەفەرێک بوو. تەنانەت لە بارەی خۆشمانەوە نا لە بارەی سازمانەکانی دیکەشەوە، دەیگوت قەت حیزبێک، سازمانێک بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵمەسەنگێنن، بە ئەفکارەکەی هەڵیسەنگێنن، ڕەنگە ئێستا پێنج کەس بێ بەڵام ئەگەر ئەفکارەکەی دروست بێ، ئەگەر سەرنجڕاکێش بێ؛ دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە بیروباوەڕی سەدان و هەزاران و میلوێنان.

**عەلی بداغی:** مامۆستا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: شوناسخوازیی سەرانسەریی ئێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆراگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا



٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕووداوێکی مێژوویی کە چارەنووسی سیاسیی کوردستانی ئێرانی گۆڕی. لەم ڕۆژەدا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیم فتوای جیهاد و فەرمانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانی دا و بەوەش دەرگای هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا داخرا. لەو کاتەوە شەڕ لە کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە، کوردستان بە ئەمنیەتی کراوە و وەک موستەعمرەیەک سامان و سەرچاوەکانی لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەتاڵان چووە. هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیی دراوە و لە هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنێکدا بێبەش کراوە و ئەوەش سەرچاوەکەی بۆ ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دەگەڕێتەوە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی ئەم ڕووداوە مێژووییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە و چەند باس و تەوەرێکی پێوەندیدار بەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزیاندا تاوتوێ کردوە.

**عەلی بداغی**: چی وای کرد خومەینی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بدا؟

**مستەفا مەولوودی**: کە بنەڕەتڕا بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەت و کەسایەتیی نادێموکراتیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و ئەو نیزامە مەزهەبییە کە ئاغای خومەینی و هاوبیرەکانی خەونی جێگیرکردنیان لە وڵاتی ئێراندا دەدی، سروشتی بوو کە حکومەتی تازەدامەزراو لە تاران زۆر زوو دەکەوێتە بیری کۆنترۆڵ کردنەوەی هەمووی وڵات و لێ ئەستاندنەوەی ئەو بڕە ئازادییەی کە خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە نا فارسەکان بە سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەدەستیان

هێنابوو. ئەوە بەگشتی، بەڵام لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکە جیاواز بوو. لە بەر ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک بەنیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران خاوەنی باکگراندێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی بوو. لە مێژووی تۆمارکراویدا حیزبی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی هەبوو، ئەزموونی کۆماری کوردستانی وەک پاشخانی ئیرادەگەریی سیاسی تۆمار کردبوو. لە ڕێژیمی پاشایەتیی تووڕە بوو و هاوکات بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیاسیی ورد و بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەشداریی لە شۆرشی ١٣٥٧ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی کردبوو. پاش سەرکەوتنی شۆرشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک بە دانوستان و وتوویژ لەگەڵ نیزامی تازە و لە لایەکی دیکە بە کار و تێکۆشان لە ئێران و کوردستان لە بیری جێگیر کردن و دروستکردنی نیهادی مەدەنی و خەڵکتەوەر دابوو. ئەوەش ناتەبا بوو لەگەڵ بنەما فیکری و بەرنامەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و کەسانی دەورووبەری. ئەوەش بوو کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە کوردستانیان وەک چقڵێک دەدی لە چاوی خۆیاندا. بۆیەش خومەینی فتوا و فەرمانی جیهادی لە دژی کورد دەرکرد.

**عەلی بداغی**: کورد لەبەرامبەر ئەم هێرشەدا بەرگرییەکی چەکداریی ئازایانەی کرد، ئەگەر هێزە سیاسییەکان ئەم مقاومەتەیان نەکردبا چی ڕووی دەدا؟

**مستەفا مەولوودی**: لە مێژوودا کورد بە نەتەوەیەکی ئازا و چاو نەترس ناسراوە. بۆیە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان (لە شەڕی سێ مانگەدا) نموونەی ئازایەتی و کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوو. هێزێکی زۆری حکوومەت بە فەرمانی ئاغای خومەینی بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە و لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری کوردستانی دا، بەڵام دوای سێ مانگ شەڕی قارەمانانە و بەرگرییەکی ڕەوا، هێزی پەلاماردەر تووشی تێکشانی گەورە بوو. خومەینی ناچار لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ڕاگرتنی شە بە دژی کوردستانی ڕاگەیاند و دانی بە ئەوە دانا کە ئەویان لەسەر کوردستان خراپ تێگەیاندوە. پاشان ئۆگری نیشان دا کە کێشەی کوردستان بە دیالۆگ و وتوویژ چارەسەر بکرێ. خەڵکی کوردستانیش وەڵامی ئەرێنیی دایەوە بەو پەیامە. بەڵام بەداخەوە دەرکەوت ئەوەش هەر پیلان و کەلکوەرگرتن لە کات بوو بۆ ئەوەی هێزە پەلاماردەرەکان خۆیان ڕێک بخەنەوە و تەیار و پۆشتە بکرێنەوە بۆ پەلاماری دووبارە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

ڕوونە ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات مقاومەتی نەکردبا، بزووتنەوەی کوردستان تووشی شکانێکی قەرەبوونەکراو دەبوو،و بۆ ماوەیەکی نادیار جووڵانەوەکە تووشی کپ و بێدەنگی دەبوو. هەروەها خەڵکی کوردستان زووتر دەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی شوومی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان شوێنەواری خەراپی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی سەرانسەریی خەڵکی ئێرانیش دادەنا.

**عەلی بداغی:** کۆمەڵێک دەنگ هەیە کە دەڵێن کورد نەدەبوا لەبەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کە بە شۆڕش هاتووەتە سەرکار ڕاوەستابا و دەستی بۆ چەک بردبا. چونکی ئەمە بیانووی دا بە شەڕخوازەکانی نێو دەسەڵات کە بۆ هەمیشەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو بانگەشەیە چییە؟

**مستەفا مەولوودی:** لەگەڵ ڕێزم بۆ بووچە جیاوازەکان بەڵام ئەوە لەجێی خۆیدا نییە. خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دروست لە بەرانبەر پەلاماری هێزەکانی حکومەت، چ هێزی میلیشا وەک بەسیج و چەکدار لە ناوچەکە و هەروەها هێرشی هیزە چەکدارەکانی حکومەت بە ئەرتەش و سوپای پاسدارانەوە ڕاوەستان و مقاومەتیان کرد و ئەوە کارێکی بەجێ و جێی شانازییە. چونکی دەستی لەسەر دەست دانەنا و ئیزنی نەدا بزووتنەوەیەک سەرکوت و نەتەوەیەک قەڵاچۆ بکرێ. بەڵام لەبەر چی گوتم کە ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا نییە:

**یەکەم؛** هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی تازە لە ئێران، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات هەوڵیان دا بە ڕێگای وتووێژ و دیالۆگ مەسەلەی کوردستان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکەن؛ کەواتە ئەوان بە بەرپرسیارەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردوە. بەڵام ئەوە حکومەتی تاران بوو بە پەلامار بۆ سەر کوردستان ڕێگای وتووێژی داخست و بەربەستی لەبەردەم چارەسەرە دێموکراتیکەکان دانا وم لە ڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە جیا لە مقاومەت و بەربەرەکانییەکی ڕەوا.

**دووهەم؛** بەڵام باشە خۆ لە بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەو شێوەیە مقاومەت و خۆڕاگری نەبوو، ئەدی چارەنووسی ئەوان بوو بە چی؟

**سێهەم؛** هەر لە کوردستان هێز و لایەن هەبوون بە شێوەیەک ڕەفتار و سیاسەتیان دەکرد کە بەهیچ شێوەیەک هانی حکومەت نەدەن و لە بەرامبەر ڕێژیمدا ڕانەوەستن. باشە چارەنووسی ئەوان چیی لێهات؟

**چوارەم؛** دوایی ٤٠ ساڵ ئەگەر سەیری ئەو مێژوویە بکەین، بەکردەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان کاری دروستی کردوە کە مقاومەتی کردوە. هێزە کوردییەکان کە بەرگریی چەکدارییان لە هەمبەر ڕێژیمدا بووە و مانەوەی خۆیان کردۆتە ئەمری واقع، ئێستاش دەبینین کە لە مەیداندا ماونەوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی مقاومەتیان نەکرد و بێدەنگی و چاوەڕوانی و تەنانەت تەسلیم بوونیان هەڵبژارد، هەموو شتێکیان لەدەست چوو. بۆیە ڕەمزی سەرکەوتن و مانەوەی کورد لەو مەیدانەدا بۆ ئەوە مقاومەتە دەگەڕێتەوە. ڕاستە کورد و حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی هەڵبژارد کە تێچوویەکی زۆر و قورسی هەبوو، بەڵام سەربڵیند و تێکۆشەر لە مەیدانەکەدا ماوەنەوە و ئێستاش خەڵکی کوردستان چاوی هیوایان هەر لە هێزە خەباتکارەکانیەتی.

**عەلی بداغی:** دوای هێرشی تاران بۆ سەر کوردستان و بەرگریی کورد و شەڕی سێ مانگە بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتوویژ لە نێوان ڕێژیم و کورددا هاتەگۆڕێ، بەڵام بێ ئەنجام بوون. تاوانی ئەمە لە ئەستۆی کێ بوو؟ بۆ وتوویژەکان بێ ئامام مانەوە؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕاستە دوای هێرشی تاران بۆ کوردستان بەو جۆرەی ئێوە دەفەرموون ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتوویژ هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتردا گوتم کە ئەمە تاکتیکی ڕێژیم بۆ کات کوشتن بوو. لە ڕاونگەی منەوە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر ئاغای خومەینی بۆ دیالۆگ و وتوویژ بە مەبەستی چارەسەری پرسی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ حەسانەوە و سازماندان و خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ڕێژیم بووە بۆ پەلاماری دووبارەیان بۆ سەر کوردستان. لە بەر ئەوە هەر چەند بەڕواڵەت هەیئەت لە تارانەوە هاتن بۆ کوردستان و لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان چەند جارێک دیداریان هەبوو، بەڵام ئەوان نیازپاک نەبوون. هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان داخوازیی خەڵکی کوردستانیان لە چەند خاڵدا فۆرموڵە کردبوو و خەڵکی کوردستان زۆریشی ئامادەگی نیشان دا؛ تەنانەت کە باس لە خودموختاریی ئیسلامی لە کوردستان دەکرێ، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش ئامادەیی دەردەبڕێ. بەڵام چوونکە لە ڕاستیدا ڕێژیم خەیاڵی وەخت کڕینی هەبوو بۆ پەلاماری دووبارەی کوردستان نەک چارەسەرکردنی پرسە، بۆیە هەر کە ڕێژیم خۆی لەو ئاستەدا دیتەوە کە دەتوانێ پەلاماری شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان بدا؛ بێ گوێدان بە کاری هەیئەتی دەوڵەت و خەڵکی کوردستان پەلامارەکەی دەست پێکردەوە و شەڕێکی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە لە فۆرمی جۆراوجۆردا تا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە تاوانی بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵە ئاشتیخوازانەکان لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

**عەلی بداغی:** ئەگەر کەمێک وردتر باس لە کاریگەرییەکانی شکستی وتوویژەکان بکەین. دوایە لە کوردستان چ ڕووی دا؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕاستی وتوویژێک بەم جۆرەی بڵێی وتوویژ بە شێوەیەکی جیددی و کاریگەر لە ئارادا بووبێ بە باوەری من هەر نەبوو، چوونکە من لە یەکێک لە هاوڕێیان کە ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد بووە و لە وتوویژەکاندا بووە؛ لێم بیستووە کە لەو چەند جار دانیشتنەدا تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعات وتوویژی فەرمی لە نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتدا هەبوو. کە ئەویش هیچی وای تێیدا باس نەکراوە. بۆیە دەکرێ بڵێین وتوویژێک نەبووە تا بە ئاکام نەگەیشتنەکەی کاریگەریی بووبێ بە سەر خەڵک و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئاگربەست هەبوو لە نێوان کورد و هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان، کە هێزەکانی ڕێژیم بۆ جاری دووهەم خۆیان ڕێک خستەوە و تەیارتر و پۆشتەتر و ئەمجارەیان بە پیلان و بەرنامەی درێژخایەنترەوە پەلاماری کوردستانیان دایەوە. دەرەنجامەکەشی شەڕێکی نابەرامبەری خوێناویی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وێرانی و کوشت و کوشتارێکی

زۆر لە خەڵکی کوردستان و بەرپرسایەتیی هەموو ئەوانەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە کوردستانی میلیتاریزە کردبوو.

لە هەر شوێنێک هیزەکانی ڕێژیم هەبوون ژیانی خەڵک بەتەواوی لە مەترسیدا بوو. گرتن و کوشتن و ڕەوانەکردنی خەڵک بۆ زیندان و ئیعدامی خەڵکی کوردستان ببوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

سروشتیش بوو لە بەرامبەر ئەم پەلامارەدا هیزە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتی و هەزینەکردنی خەڵکی کوردستان لە گیان و ماڵ، شەڕ و مقاومەت و خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان تۆمار کرد کە لە مێژوودا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە و دەمێنێ. ڕاستە بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تێچووی ئەو بەربەرەکانی و مقاومەتە زۆر بووە، بەڵام ئەمە پەرەی بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆرشگێرانە داوە و ئێستاش خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر فشاری ڕێژیمدا و سیاسی بوونی خەڵکی کوردستان و سوور بوونیان لەسەر مافە ڕەواکانیان ئەمری واقعە و فەزایەکی تەواو ماف ویستانە و سیاسیی لە کوردستاندا خوڵقاندوە.

**عەلی بداغی:** کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتیدا هەمیشە وەک موستەعمیرەیەک لە کوردستانی ڕوانیوە، سامان و سەرچاوەکانی بەتاڵان بردوە، شەڕی نەرمی لەگەڵ کورد بردۆتە پێشێ و بە قورسترین چەک کە ڕەنگبێ ئێستاش زۆر لە دەوڵەتان نەیانبێ لە بزووتنەوەی کوردی داوە. کورد و کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لە کوێ پێک دەگەن؟ یان ئەسڵەن دەکرێ لە جێیەک پێک بگەن؟

**مستەفا مەولوودی:** ئەزموونی مێژووی چل ساڵ دەستەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان، ڕەفتار و کردەوەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، خوێندنەوە و جۆری ڕوانینی ڕێژیم بۆ چارەسەری پرسەکان بە ڕێگای زەبروزەنگ و ئەمنیەتی ئەوەمان پێ دەڵێین کە لە چوارچێوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا دێموکراسی لەم وڵاتە جێگیر نابێ و؛ خەڵکی و نەتەوەکانی ئێرانیش بە ماف و داوای ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناگەن. بۆیە ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە، ڕەدکردنەوەی ئەو نیزامەیە لە تەواوتیی خۆیدا و جێگیرکردنی نیزامی سیاسیی دێموکرات و بەرپرسیارە.

بەڵام بزوتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەموو کاتێک دیالۆگ و گفتوگۆی بە یەکێک لە ڕێگاکانی تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافەکانی خەلکی کوردستان دەزانێ. ئەگەر بە هەر هۆیەک لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئێراندا حکوومەت ناچار بە پاشەکشە بێ و، ئیستعدادی ئەوەی تێدا دروست ببێ کە بە دانانی بە مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم پرسە خۆش ببێ؛ کورد دەبێ ئەوە بە هەند وەربگرێ. بۆیە خەڵکی کوردستان و هیزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ ئامادەیی ئەوەیان هەبێ لە ئەگەری وەها دۆخێکدا، ئەم دەرفەتە بە قازانجی بردنەپێشی

بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە و لەو بەستێنەشدا لەسەر هەست و بەبەرنامە بن.

**عەلی بداغی: حیزبی دێموکرات ٤٠ ساڵە لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خەبات و مقاومەت دەکا، ئێوە چۆن باس لە دەسکەوتەکانی ئەم تێکۆشان و مقاومەتە لەو چوار دەیەیەدا دەکەن؟ لە بنەڕەتڕا پێتان وایە دەسکەوتەکان چین؟**

**مستەفا مەولوودی:** وەک باسمان کرد حیزبی دێموکرات لە چل ساڵ خەبات لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێچووی زۆری بووە، خەساری زۆر بەرکەوتوە و ڕەنگە دەرفەتی باشیشی لە دەست دابێ یان باش لە دەرفەتەکان و هێزی خەڵکی کوردستان و توانای هەموو تێکۆشەران کەلکی وەرنەگرتبێ. بەڵام دەستکەوتی زۆریشی بۆ بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەستەبەر کردوە. یەکەم لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا بە ئیمکاناتی زۆر سنووردار و لە بەرامبەر ڕێژیمێکی درندە و دژی گەلیدا توانیویەتی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا لەسەر پێ ڕابگرێ. دەبینین کە تا ئێستاش فەزایەکی تەواو سیاسی بەسەر کوردستاندا زاڵە و خەڵکی کوردستان چەند شەقاوێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە پێشترن. حیزبی دێموکرات بە تێکۆشان و لە مەیداندا بوونی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێرانەی لە کوردستاندا زۆر بەهێزتر کردوە و ئەگەر سەردەمانێک هەست و باوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر ڕەنگدانەوەی ناوچەیەکی پێوە دیار بوو، ئێستا لە باکووریترین ناوچەی کوردستان هەتا باشووریترینی، ئەوەی تۆخ و دیارە پرسی شوناسخوازییە.

بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سنووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو سنووری وڵاتانی بڕیوە و زۆر لە وڵاتان و خەڵکی سیاسی ئاگادارن کە چل ساڵە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێیە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی. چەند ڕۆژ پێش ئێستا نوێترین ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، نوێنەری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران بڵاو بۆوە کە تێیدا هاتبوو نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن. ئەوە تەعبیر لەوە دەکا کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسیی وشیار و لەسەر هەستمان هەیە.

لە یەک کەلامدا خەڵکی کوردستان بە مقاومەت و خۆڕاگریان لە بەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و لە ڕێگای هێزە سیاسییەکانیان بەرچاوڕوونیی ورد و تەواویان لەسەر ماف و ویستەکانیان بەو کەس و لایەنانە داوە کە بیر لە داهاتووی ئێران و نیزامی سیاسی لە ئێراندا دەکەنەوە.

**عەلی بداغی: حیزبی دێموکرات لەم چەند ڕۆژەدا هەم یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی کردەوە، هەم ٤٠ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژی ٨٥ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستانی بیر هێنایەوە. حیزبی ئێوە بەو پاشخانە لە مێژووی خەبات چۆن بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بەرنامەی چییە؟**

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی ئێمە ئەزموونێکی زۆری خەبات و تێکۆشانی هەیە، زۆر ڕووداو و کارەساتیشی ئەزموون کردوون و قاڵبووی مەیدانی خەبات و تێکۆشانە. بەپێی ئەو ئەزموون و تێگەیشتنەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی، حکوومەتی ئێران لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە، ناتەبایی بەرچاو لەنێو دەزگاکانی ڕێژیمدا دەبیندرێ، خەڵکی ئێران بەگشتی لە چەنگ ئەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتوون و ڕۆژانە بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتی دەردەبڕن. هەژاری، نەداری و بیکاری و کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی تەنگیان بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە، فشاری سیاسی و ئابووریی دەرەوە لەسەر حکومەتی ئێران نیشانەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران بەتەواوی وەدەر کەوتوە و، بە ئاشکرا بە حکوومەت و نیزامەوە دیارە کە لەگەڵ چ فشارێک بەرەوڕوویە. ئەوانە هەموویان چالشی جیددیان بۆ حکومەت دروست کردوە و خەڵک بە تەوژم و جیددییەتی زیاترەوە بەرەوڕووی ڕێژیم بوونەتەوە. ئەم بارودۆخە دەرفەتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندیەدا لە سازماندان و بەخۆداچوونەوەدا و لە شێوەی هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکان لە کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە خوێندنەوەی تازەوە سەیری داهاتوو دەکا. هەروەها حیزبی ئێمە خۆی بۆ هەر ئەگەرێک و هەلومەرجێکی پێشبینی کراو و نەکراو ئامادە دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---

## د. ئاسۆ حەسەنزادە: با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە



**(وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتی و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزب)**

**گۆڕانکارییەکان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر خێرا و بەلەز ڕوو دەدەن و کورد بەشێکە لە ئەکتەرەکان و لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا، بە تایبەت لە سووریە و ڕۆژئاڤای کوردستان کە گۆڕانکارییەکان تا ڕادەیەک بە زیانی کورد شکاوەتەوە. ناڕەزایەتییەکان لە لوبنان و عیراق و لێکەوتەکانی کە تا ڕادەیەک پێی ئێرانی گرتووەتەوە و ئەم باس و خواسانەی ئەم دواییانە لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران هاتنە گۆڕێ؛ هەمووی باس‌هەڵگرن.**

**"کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتانە و لێکدانەوەی چەند تەوەرێکی تر وتووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**کوردستان: ئەو ماوەیە چ بۆ کورد و چ لە ناوچەدا مانگێکی پڕ ڕووداو و پێشهاتمان تێپەڕ کرد، بۆ نموونە مەسەلەی ڕۆژئاوای کوردستان، کێشە و ناڕەزایەتییەکان لە هێندێک لە وڵاتانی ناوچەدا،... هتد. ئەگەر لە سۆنگەی ئایندەی کورد و نەخشی ئێرانەوە چاو لە دۆخەکە بکەین، هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە چەندە لە بەرژەوەندیی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟**

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ماوەیە ئەوانە بوون کە باست کرد بەڵام ئێمە پێویستە

چ بۆ دۆخی خۆمان وەک کورد و چ لە ئاستی ناوچەدا تەنیا بە دیدێکی محەللی بیر نەکەینەوە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆخۆی زۆر لەمێژە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. لە ساڵانی ڕابردووشدا زیاتر لە هەر کاتێک بووە بە تێئاتری ململانە و ڕکابەریی زلهێزەکانی دنیا. دەتوانم بڵێم کە دەوروبەری ئێمە ناوچەیەکە هەڵگری دینامیزمێکی ئەوەندە ڕاکێشەری سەرنجی دەرەکی و بەریەککەوتنی نێوخۆییە کە هیچ ناوچەیەکی جیهان نیەتی. لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆشدا پێویستە هەمیشە ئاستی ئانالیزمان بەرەو فاکتۆرە جیهانییەکان بەرز بکەینەوە. ئەوە بە مانای لەبیر کردنی هۆکارە لۆکاڵییەکانی کێشە و پێشوەچوونەکان نییە، بە پێچەوانەوە هەموو کاری ئێمە دەبێ بۆ باشتر ناسین و ئاقاربەخشیی زیاتر بە دینامیزمە نێوخۆییەکان بێ، چونکە دۆخی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە بەرهەمی دەستێوەردان و سیاسەتی ناعادڵانەی زلهێزەکانی دنیایە، تەنیا لەسەر ئەو عەرزەی کە لێی دەژین و لەو واقیعە مەیدانییەدا کە لەگەڵی بەرەوڕووین قابیلی گۆڕانە. کورد لە خەباتی خۆیدا دەبێ هەمیشە پشت بە هێز و توانای خۆی ببەستێ و تێبکۆشێ باڵانسی هێز لە پێشدا لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ڕکابەرە محەللییەکانی خۆی بگۆڕێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر زەرووڕەتی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی پشتگوێ بخەین. سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم دواییانە، نموونەکانی ئیشارە پێ کردوون لە جنسی جیاوازن و مەلامح و لێکەوتەکانیشیان بۆ ئێمەی وەک کورد وەک یەک نییە. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی دا بۆ هەموو کورد زۆر تاڵ بوو. بەهۆی بەستێنێکی سیاسیی پێشووتر کە لەلایەن ئەکتەرە کوردییەکان خۆشیانەوە کۆمەڵێک هەڵە و کەمایەسیی تێدا بوو و بەهۆی سیاسەتی دەمدەمی و قازانجپەرستانەی ئیدارەی ئێستای ئامریکا، ئەوەی لێی دەترساین ڕووی دا و مەیدان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی لەنێوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوا خۆش بوو. ئەوەی ڕووی دا یان لە حاڵی ڕوودانە، بە زیانی هەموو کورد و بە قازانجی هەر چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستانە بە کۆماری ئیسلامیشەوە. ئەمن لەگەڵ ئەوە نیم بەدەستی خۆمان شەرعیەت بە پشتتێکردنی ئامریکا لە کورد بدەین و بڵێین مادام دەوڵەتانی دیکە بەدووی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، هەر جۆر لەگەڵمان بجووڵێنەوە هەقیانە. بەڵام پێم وایە پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی کورد نەیتوانیوە ئەوەندە یەکگرتوو بێ و خۆی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکا، کە زلهێزەکان هەر چەند دهیە و هەر چەند ساڵ جارێک و چەند جار پشتی بەرنەدەن. دیارە با ئەوەش ببینین کە هێرش و داگیرکاری بۆ سەر ڕۆژئاڤا دەرفەتێکی نوێ لە خۆدەرخستنی کورد و وەدەنگ هاتنی بێوێنەی ناوەندە سیاسییە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت خەڵکی دنیا لە کوردی دروست کرد. هەمووی ئەمە بۆ دەکارخستنی زیاتر دەبێ و پێم وایە ئەگەر بژاردەی کوردی ڕۆژئاوا بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان دانیشن بیرێک لەو دۆخە بکەنەوە کە کوردی تێدایە و مشوورێک لە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر کورد بکەنەوە، ئێستاش زەرفیەتی باش بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاقاری ڕووداوەکان بەدەستەوەیە. بەڵام شتی وا بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، پشووی درێژ و لە هەمووی گرینگتر باوەڕ و پێبەندیی نێوان کوردەکان پێویستە. دەبێ جارێک بۆ هەمیشە ئەوە قبووڵ بکەین کە سەرەڕای واقیعی سیاسی و ئاجێندای جیاوازیان، هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستیان بەیەکترە.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان:** لەپێوەندی لەگەڵ خۆپێشاندنەکانی عێراق و لوبنان و پێوەندیی بە ڕۆڵی ئێرانەوە چ دەڵێن؟

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** دەستێوەردان و ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و لوبنان و لە نموونەکەی پێشووشدا واتە سووریە، لە کەس شاراوە نییە. لەبیرمە جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە سەرکردەیەکی پێشووی حیزبی ئێمەی پرسی کە ئایا ئێران لە عێراقدا دەستێوەردان دەکا؟ ناوبراو بە زمانی تەنز وڵامی دایەوە و گوتی نەخێر نایکا، چونکە ئێرە ماڵە خۆیەتی! دیارە لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێراندا زەمینە و زەرفیەتی نارەزایەتییەکانی ئێستای عیراق و لوبنان یەک نین. بەڵام یەک شت لە هەردووکیاندا حازرە و دەتوانێ بۆ ئایندەی کۆماری ئیسلامی و ناوچە بە گشتی گرینگ بێ. ئەویش ئەوە کە لە هەردووکیان دەنگەکان بەدژی خۆتێهەڵقورتاندن و خراپکاریی کۆماری ئیسلامی تا دێ زەلاڵتر دەبن. لەخۆڕا نییە کە خامنەیی بەو لەحنە ئیشارەی بە خۆپیشاندەرانی عێراقی کرد. ئەمن هیچ گومانم نییە کە ئەو سناپەرانەی گیانی خۆپێشاندەرانی عیراقی دەستێنن، بەکرێگیراوی ئێرانن، ئەگەر ئێرانی نەبن.

**کوردستان:** ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگدانەوەی لە فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێرانیشدا هەبوو. یەک لەوان ئەو باسانە بوو کە لە پاڕلمانی ئێران کرا. لێکدانەوەتان بۆ ئەم باس و بابەتانە چین کە لەو پێوەندییەدا پارلمانی ئێراندا هاتنە گۆڕێ؟

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** لەپێشدا ئەوە کە پارلمانی دەوڵەتێکی سەرکوتکەری کورد دانیشتنی تایبەتی لەسەر دۆخی کورد لە بەشێکی کوردستاندا دابنێ، بە شتێکی باش دەزانم. هەرچەند موشکلی کورد بەوە حەل نابێ، بەڵام ئەو جۆرە شتانە فاکتەری کوردی لە زێهنی سیاسیی بڕاردە حاکمەکاندا زیاتر وەک پرسێکی حاشاهەڵنەگر لێ دەکا. لەو باس و خواسانەدا هێندێک شتی باشیش گوتراون. بەڵام بەو دەلیلە ئیشکالیان تێدا دەبینم کە زۆرتر لە سۆنگەی دژایەتیی تورکیە یان گرژیی نێوان تورکەکانی ئێران و کوردەوە چوونە پێش. بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان تەنیا بە دیدی دژایەتیی ئەردۆغانەوە قسەیان کرد. وتە و ڕەفتاری نوێنەرە تورکەکانیش بە ئاشکرا ڕق و دژمنایەتی لەگەڵ هەموو کوردی لێ دەباری. ئەمن پێم وایە ڕێژیم هیچکام لەوانەی پێ ناخۆش نییە، واتە ئەوە کە بڕاردەی کوردی ڕۆژهەڵات پارچەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و هەر لە بەرەی دژە عوسمانیدا چالاک بێ؛ لەولاشەوە گرژیی نێوان نەتەوەکانی ئێران پەرە بستێنێ و لاوازبوونی کوردی لێ بکەوێتەوە.

**کوردستان:** بەڵام کورد و تورک وەک هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەتایبەتی کە دراوسێشن، دەبوو هاوخەم و هاوخەبات بن. بۆ وا نییە؟ چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە یاریگەی تەورێز دروشمی «مەرگ بۆ کورد» درا. چی وا دەکا کورد و تورک بەجێی ئەوەی هاوخەبات بن، تورک کورد بە ڕکەبەر و نەیاری خۆی دابنێ؟ مەترسییەکانی پەلوپۆ هاویشتنی ئەم



سەرچاوە Serchawe

**گرژییانە کە وا دیارە سیستماتیکە و دەستی ڕێژیمیشی لەپشتە چین و ڕێگاچارە چیە؟**

**د. ناسۆ حەسەنزادە:** ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم شتەکە ڕوونە: جومگەکانی دەسەڵات لە ئێران بە تورکان تەنراوە و ئێلیتی فارس لەنێو دەسەڵاتیش پێی خۆشە بۆ دژایەتی و لاوازکردنی کورد (چونکە هەمیشە کورد بۆ مافی خۆی و بەدژی دیکتاتۆری مکوڕتر بووە) یان بۆ ترساندنی سەرجەم خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن لە باڵکانیزە بوونی ئێران، گرژییە قەومییەکان بە زیندوویی ڕابگرێ و بەپێی شوێن و هەلومەرج کەم و زیادی بکا. بێخەبەر لەوە کە دووکەڵی ئەو ئاگرە ئاخری دەچێتەوە نێو چاوی دەسەڵاتی ناوەندی و تەواوەتی ئەرزیی ئێران کە گۆیا زۆری لە خەمدان چاکتر دەچێتە ژێر پرسیار. ئەمڕۆ بەشێکی گرینگ لە نوخبە و تەنانەت خەڵکی ئاسایی لەنێو تورکەکانی ئێران ڕوویان زۆرتر لە تورکیە و یان - تورکیسمە تا لە تاران. سەبارەتبە پێوەندیی کورد و تورکیش، دەبێ بزانین کە دۆخی کورد و تورک لە ئێراندا قەت وەک یەک نەبووە و تورکەکان ئەوەندەی نەتەوە و کەمایەتییەکانی دیکە ژێردەستە نەبوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەش شۆڤێنیستانە بجووڵێینەوە و حاشا لە مەوجوودیەت و مافەکانی ئەوان بکەین. پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ مافەکانی هەمووان وەدی بێ، بەبێ ئەوەی مافخوازیی گەلێک لەسەر حیسابی هەقی گەلێکی دیکە بێ. ئەمن پێم وایە بۆ پێشگیری لە کارەساتەکانی ئایندە، پێویستە دوو کار بکەین: یەکەم و لە هەمووی گرینگتر، یەکگرتوویی و خەباتی هەمەلایەنەی کورد بۆخۆیەتی. ئێمە بەداخەوە ئێستاش بەو جۆرەی پێویستە داتا و زانیاریمان لەسەر واقیعیەتە مێژوویی و جوغرافییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی دێمۆگرافیی ئێتنیکی و وردەکاریی بنەما ستراتێژییەکانی قەوارە و نیهادەکانی ئایندەی خۆمان نییە؛ بەرنامەڕێژی چڕوپڕ و درێژخایەن و یەکگرتوومان نەکردوە؛ ڕێکارەکانمان نیوەچڵ و پرشوبڵاو و کاتین. دەبێ بزانین پرسی ئێمە بە خەون و ئارەزوو و دروشمی قەبە جێبەجێ نابێ. دەبێ دوورەدیمەنێکی سەروەریخوازانە بۆخۆمان دابنێین، بەڵام ئەوە لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی ورد و پلانمەند و درێژخایەنی دەوێ. دووەم، لەبارەی پێوەندیی کورد و تورک، من پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە دەبێ بۆخۆمان وەها بەهێز بین کە چیدیکە کەس بیر لە کۆمەڵکوژیمان نەکاتەوە و خاک و ناسنامەمان جرجانخواردوو نەکەن، بەڵام گرژیی نێوان نەتەوەکان و زەمینەی یەکتر پاکتاوکردن بە قازانجی کەس نییە. زۆرتریش بە زیانی کوردە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک کارەساتی بەربڵاو ڕوو بدا، ئەو نەتەوەیەی بێکەسترە، تورکەکان نین، بەڵکوو کوردە. هەربۆیە ئێمە وێڕای ساغکردنەوەی خاک و نیشتمانی خۆمان و بەهێزکردنی بنەما سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئەمنیەتی قەومیی خۆمان، دەبێ کار لەسەر دیالۆگ و لێکگەیشتنی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێران بکەینەوە و وا بکەین کە لە موناسباتی ئێستا و ئایندەی نێوانماندا ئەقڵ و مەنتق و عەداڵەت و بەرژەوەندیی هاوبەش باڵادەست بن. بۆ ئەوە ئێمە دوو ئەزموونی مێژووییشمان هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سکمۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. وەک خۆم پێم وایە دەبێ بۆ ئەمڕۆ و ئایندە تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکەین؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیداندارییی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.

**کوردستان:** هەڵوێستی بژاردەی نەتەوە غەیرە کوردەکانیش جێی تێڕامانە. لە کاتە ناسکەکاندا هەموویان شمشیر و خەنجەر لە کالان دێننە دەرێ و ڕوو بە کورد ڕایدەوەشێنن لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن کورد جیاییخوازە. لەحاڵێکدا کە کورد ئەوەندەی بۆ مافی خۆی خەباتی کردوە، ئەوەندەش بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی لە ناوەنددا تێکۆشاوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کورد خۆی یەکلا بکاتەوە و وێژمانی خۆی بگۆڕێ؟

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:** ڕەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم نەخێر! ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە لەگەڵ بوونی دەرفەتی نوێ بۆ گەلان، بەربەستی نوێش لەسەر ڕێگایان زۆرە. ناکرێ بە فۆرموولە سادەکانی سەردەمانی پێشوو مامەڵە لەگەڵ واقیعییەتەکانی دنیای ئەمڕۆ بکەین. لە بنەڕەتڕا ئەمڕۆ هیچ گەلێک و تەنانەت هیچ دەوڵەتێک بۆ هیچ پرسێک بەموتڵەقی و بۆ هەمیشە خۆی یەکلا ناکاتەوە. بەڵکوو دیپلۆماسیی هاوتەریب و جووڵەی هەمەلایەنە و ئاڵۆز بەڵام ئاراستەکراو دەگرێتەبەر. هێندێک کەس لەخۆڕا ئامانج و مێتۆد و بەستێن و پۆتانسیەلە جیاوازەکان دابەش دەکەن و لە بەرامبەر یەکتریان دادەنێن. هەموو شتێک بە دیاریکردنی دوورەدیمەن و ئەولەویەت و پۆلێن و یەکخستن و ڕێکخستنی شتەکانەوە بەستراوەتەوە. مەعلوومە خەباتی ئێمە وەک کورد پێش هەموو شتێک بۆ مافی خۆمان، بۆ خەڵکی خۆمان و بۆ خاکی خۆمانە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆمان لێ ببێ بە تاکە ئەکتەر و بڕیاردەری مەیدانەکە و کەسی دیکە نەبینین. مادام لەگەڵ یار و نەیاران ڕووبەڕووین، مادام ئەکتەری دیکەی تەنانەت لە ئێمە بەهێزتر لە مەیداندان، دەبێ جۆری ڕوانین و ڕەفتاری ئەوانمان بۆ گرینگ بێ. لێرەدایە کە پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە ئەولەویەتی ئێمە هەر دەبێ مافەکانی کورد و یەکگرتوویی و بەهێزبوونی خۆمان بێ، لەگەڵ ئەوە کە ئامانجی کۆتایی ئێمە سەربەستیی کورد وەک نەتەوە و بەختیاریی کورد وەک ئینسانە، بەڵام دێموکراسی لە وڵاتانی ناوچەدا و ڕەفتاری ئەقڵانی ئەکتەرەکانی دیکە هەرچەندە زەحمەت و دوورەدەستیش بێ، هەر دەبێ بۆمان گرینگ بێ و لە هەوڵیدا بین. ئەوە ئەو کاتەی کورد خەتی خۆی جیا بکاتەوە و بۆ سەربەخۆیی خەبات بکا، پێویستتریشە. لەو شوێنەدا کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا خاڵی بەهێزی خۆیان لە مووشەک و تانک و تەیارەدا دەبینن، خاڵی بەهێزی ئێمە ئیرادەیە، جەهانبینییە، باوەڕ و بەهایە. بە قەولی قانع «چەکی شۆڕشگێڕیی من نووسین و بیروباوەڕە، ئەو دژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە». بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانە کە بۆ دێموکراتیزاسیۆنی بەرامبەرەکانمان یان بۆ وەدەنگ هاتنی نیهادە نێونەتەوەییەکان دەیدەین، لەپێشدا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆماندا دەیدەین. ئەمن قبووڵمە کە نابێ وەکیلی خەڵکانی دیکە و بەڵاگێڕەوەی کەس بین، بەڵام با واشی لێ نەیە کە لەژێر ناوی واقعبینیدا سەرەتاییترین چەمک و بەهاکان بێننە ژێر پرسیار. کاری ئێمە لە هەر حاڵدا سەختە، بۆیە دەبێ لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو ڕێگایەکی مومکین و مەشرووع لە فکریدابین.

**کوردستان:** د. ئاسۆ با بێینە سەر باس و بابەتێکی دی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر لەسەر هەستە، بەڵام بە نیسبەت دۆخی خۆی لە بەستێنە گشتییەکەدا تا ڕادەیەک بێخەمە. بۆ نموونە

**کۆڵبەرکوژی یا چارەنووسی «زارا» ئەوەندەی «چیچەک» لەلای بژاردەکانی خۆشمان گرینگیی پێ نادرێ. هۆی ئەمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:** لە پێشدا با بڵێین چیچەکیش کوردە و پێویستە هەموو کورد خۆی لێ بە خاوەن بکا. کێشە سەرنجدانی ڕۆژهەڵاتییەکان بە چیچەکەکان نییە، کێشە سەرنجنەدانی کوردی پارچەکانی دیکە و سەرنجدانی کەمی خودی ڕۆژهەڵاتییەکان بە زاراکانە. ئەوەش هۆکاری زۆرە. لە بنەڕەتڕا مادام لە ئێراندا دەرفەتی ڕاستەقینەی چالاکی بۆ کوردەکان لە پێوەندی لەگەڵ ماف و مژارەکانی خۆیان نیە، ئەو ئێنێرژییە ئینسانی و نەتەوایەتییە بۆ ماف و مژاری کورد لە پارچەکانی دیکەدا دەکار دەخرێ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بابەتەکە بووبێتە سووژەی بیروڕای گشتیی جیهانی. ئەمن ئەوەم پێ ئاساییە، بەمەرجێک کوردی ڕۆژهەڵات ماف و مژارەکانی خۆی لەبیر بن و ماف و مژاری پارچەکانی دیکەش وەک دەرفەت و بیانوو بۆ خستنەڕووی ماف و مژارەکانی خۆیشی بەکار ببا. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە بۆ هاودەستیی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات و هێندێک لایەنی کوردی بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. لەوەش گرینگتر (گرینگتر چونکە ئەوەیان بەدەست خۆمانە) دەمەوێ ئیشارە بە نایەکگرتوویی و نەبوونی وەرەقەیەکی کاری هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە بکەم. لەبیرمان نەچێ ئەو هاوپێوەندییەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نیشانی دا، بۆ هیچ پرسێکی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی نەکردوە. من پێم وایە نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، نوێنەرانی پارلمان و ئۆرگانە مەحەللییەکان و بەگشتی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک خۆمان ڕەخنەیان زۆر لەسەرە و پێویستە بوێرانەتر و شێلگیرانەتر دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات و خاوەنداریەتی لە ڕۆڵەکانیان و لە پرسی سیاسیی میللەتەکەیان بکەنە سەردێڕی کارەکانیان. بەڵام ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزە سیاسییەکانیش بەستراوەتەوە کە یەکگرتووانە و مەیدانیتر بجووڵێنەوە، ڕوانگەی هاوبەش و پەیامی ڕوون و خۆراکی وێژمانی و کەرەستەی خەباتگێڕیی کاراتریان بدەنێ. بەکورتی هەر خەڵکی ناوخۆ نییە کە پێویستە ڕۆژهەڵاتیان زیاتر لەبیر بێ، ئێمە بۆخۆشمان دەبێ زیاتر لە خەمی ڕۆژهەڵاتدا بین.

**کوردستان: لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا، وێ ناچێ ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژاوا، دوو ساڵ لەمەوبەر کەرکووک و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە بەغدا و لێکەوتەکانی بووبنە هۆی بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنی لایەنەکانی کورد. دەبێ چی ڕوو بدا کە ئێمە لەو قۆناغە دەرباز ببین؟**

**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە:** ئەوەی سێ سەت ساڵە بەسەر گەلی کورد دێ بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمەوە دەبوو زۆر پێش ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکەی یەکیان خستباین. بەداخەوە وەرزشی میلیی کوردان نایەکگرتووییە. بەڵام ئەوە عەیبێکە کە وەک نەخۆشییەک دەبێ هەم لەگەڵی بژین، هەم لەگەڵی شەڕ بکەین. ئەگەر پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەو پرسیارەت لێ کردبام،

دەمگوت نا ئێستا شکور پێوەندییە نێوخۆیییەکانی بزوتنەوەی کورد زۆر لە جاران باشترە و شتی ناخۆشی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە. ئێستا لەو قسەیەی خۆم وە گومان کەوتووم. من پێم وایە بۆ ئەوەی سادەترین کاری هەر میللەتێکی ژێر هەڕەشە بکەین، واتە یەکگرتوو بین، پێویستە هەموو تاکەکان و هەموو لایەنەکان تەوازوعیان هەبێ و واز لە خەونی تاکەکەسی و بەرژەوەندیی بەرتەسک و مەزنیخوازی بێنن. هیچ کەس و هیچ لایەنێک نابێ لە مەنزەلەتی قەییومیەتی هەموو ئەوانی دیکە قەرار بگرێ. پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی هەمیشە چاودێر و لە مەیدان و لەسەر خەت هەیە؛ پێویستمان بە بژاردەی ژێر و بەرپرسیار هەیە؛ پێویستمان بە ڕێبەرانی وایە کە بە دیدی مێژوویی بەڵام بە مەهارەتی ئەمڕۆیی نەخشەڕێگایەک دابڕێژن و جێبەجێی بکەن کە هەموو ئاستەکانی کایەی سیاسیی کورد لەنێوان پارچە جیاوازەکان و لە هەر پارچەیەکدا ڕوو بە خۆمان و ڕوو بە نەیاران و دنیای دەرەوە هەماهەنگ بکا؛ پێویستمان بە سیاسەتکردنێکی دابێژراو و داماڵراو لە پەراوێزی واریداتی و لە ئەقڵیەتی بچووکی زیانبەخش هەیە، سیاسەتکردنێکی باوەڕبەخۆ، نەتەوەویست و نەتەوەساز، لاق لەسەر عەرز، فرەڕەهەند، دەرسوەرگر لە ڕابردوو و خاوەن دوووەدیمەنی ڕوون و هیوابەخش. سیاسەتکردنێک کە متمانەی تاکی کوردی بخاتە سەرووی هەموو شتێک، هەموو فرەچەشنییەکانی دەروونی خۆمان ببینێ، لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکاتەوە، بنەمای خاک و نیشتمان و پەرژینی نەتەوەییمان پتەو بکا و توانا و نەفەسی تاودانی مێژوویی‌مان چەند قات بباتەسەر.

**کوردستان:** دوکتور، ئێوە لەم دواییانەدا سەفەری دەرەوەی وڵاتتان کرد. ئایا دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە سەفەرانە چین و بەگشتی وەزعیەتی کار و تێکۆشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و بەگشتی کوردەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** لەگەڵ ئەوە کە ئێمە نە لە هەلومەرجی دژواری ئێستا و نە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ لە ڕادە و جۆری خەبات و تێکۆشانی خۆمان ڕازی بین و هەردەم پێویستە بۆ کاری زیاتر و دەسکەوتی باشتر تێبکۆشین، لەو باوەڕەدام کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی کار و هەوڵەکانمان لە هەر بەستێنێکدا مومکیناتی هەر قۆناغێکمان لەبەرچاو بێ. وەک دەزانن بە زۆر هۆکاری سیاسی و ژیۆپۆلیتیک و بە دەلایلی تایبەت بە دۆخ و خیسلەتی کوردەکان خۆیان، کاری ئێمە لە بواری لۆبی و شوێندانان لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لەو گەلانەی خاوەن دەوڵەتن یان بەهەرحاڵ جوغرافیا و مێژوو کەمتر غەدری لێ کردوون، سەختترە. کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات هەروەک لە خودی کوردستان پێویستی بە پەسندکردنی ڕوانگەی ستراتژیتر، ڕێکاری ژیرانەتر و یەکبوونی واقعیتر هەیە. بەڵام ئەمڕۆ لە چاو پەنجا ساڵ و تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا کورد لە دنیادا جێگە و پێگەیەکی دیکەی هەیە. ئەوەش بەشێکی بۆ خاوەندارییەتییەکی تۆکمەتر و بەرچاوتر و بەربڵاوتری دیاسپۆرای کوردی لە مەسەلەی سیاسیی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. دیارە ئێستاش بە تابعیەت لە لایەنە سیاسییەکانی کورد، کەموکوڕی و پرشوبڵاوی و تەسکبینی زۆر دەرفەت نەزۆک دەکەن،



سەرچاوە Serchawe

بەڵام ئەمن بە چاوی ڕێز و ئومێدەوە دەڕوانمە پۆتانسیەلی کوردەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات. ئێمە لەو ماوەیەدا ئەوەمان هەم لە ساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەم بەتایبەتی لە کاتی هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەباشی بۆ وەدەرکەوت. ئەگەر تەنیا وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش چاو لە مەسەلەکە بکەم، ڕێم بدە بڵێم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە هەموو چاوەڕوانییەکی هەردەم زیاتر کە لێمان هەن، لەنێو بژاردەکانی گەلانی هاوشێوە و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا سەرتۆپی لێهاتوویی و دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی بێ چاوەڕوانین، لە کاتە هەرە سەختەکاندا هانابەخش و پشتیوان و دەست و چاوی ئێمە بوون.

**کوردستان**: سپاس کە کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ناسر باباخانی: ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ!



### ئاماژە:

خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە ئێران بە دژی گەندەڵی، ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی، گەلاڵە چەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی دەسەڵات و هەروەها لەپێناو ماف و شوناسخوازیدا هەتا دێ زیاتر و بەربڵاوتر و ڕادیکاڵتریش دەبن، هەر بەو پێیەش سەرکوتی نارەزایەتییەکان توندتر و بێبەزەییتر. پرسیار ئەوەیە خۆپیشاندانەکان لە ئێران بۆ زوو دادەمرکێن؟ چۆن دەکرێ بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بەرفراوانتر و بەربڵاوتر ببنەوە؟ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرخستنی نارەزایەتییەکان دەبێ چ بکەن و لە چی خۆ ببوێرن؟

"کوردستان" ئەم تەوەر و بابەتانەی لەگەڵ کاک ناسر باباخانی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی لە واشنگتۆن هێناوەتە گۆڕێ.

**عەلی بداغی:** ئەگەر بمانەوێ نارەزایەتییەکانی ئەمجارە لەگەڵ ئەوانی پێشوو جیا بکەینەوە و تایبەتمەندیی جیاوازی پێبدەین، جیاوازییەکان و ئەدرەسە تایبەتەکانی چین؟

**ناسر باباخانی:** سەرهەڵدانی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە، لە ڕاستیدا دەکرێ وەک کامڵ بوون یان باڵغ بوونی سیاسیی قۆناغ بە قۆناغ، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سەیر بکرێ. ڕێک بیست ساڵ لەمەوبەر بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا کە دەکرێ وەک وردەبزووتنەوەی خوێندکاری ناوزەد بکرێ، دە ساڵ دواتر سەرهەڵدانی چینی

مامناوەندیی ئێران بەتایبەتی لە تارانی پێتەختی ئەم وڵاتە وردەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ساز کرد، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرهەڵدانێک ساز بووە کە خۆی لە قاوغی وردبزووتنەوە دەرهاویشتووە و لە هەندێ ڕەهەندەوە جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ وردەبزووتنەوەکانی بەرلە خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەی دوایی، بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بوو کە جوغرافیایەکی زۆر بەرینتری لەخۆ گرتبوو کە لە پاش یەکەم ڕاپەڕینی تەنیا دوو ساڵی پێویست بوو سەرلە نوێ سەرهەڵداتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی چنایەتییەوە لەوە پێشتر ئەگەر خۆپیشاندەران سەر بە چینی خوێندکار و چینی مامناوەند بوون، ئەوە ئێستا چینی هەژار و پێخواس و تەنانەت چینێکی دابڕاو لە چینی مامناوەند کە پێی دەوترێ lower-middle class (کە زۆر کات خوێندەوارن و نەمرنەژی دەژین) هێمای سەرەکیی بزووتنەوەکەن.

بە پێی داتا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە یەک لەسەر پێنجی خەڵکی ئێران لە پەراوێزی گەورەشارەکاندا دەژین و لەبەر هۆکاری دارمانی ئابووری و نەبوونی خۆشبژێوی و وێرانی کشتوکاڵ و بێکاری لە گوند و شارۆچکە و شارەکان کۆچیان کردووە بۆ قەراغ شارە گەورەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان گەنجن، ئەمە لە کاتێکدایە کە داتا نافەرمییەکان باس لە بوونی ٢٤ملیۆن کەس لە پەراوێزی گەورەشارەکان دەکەن! کە ئەگەر وتەی پارلەمانیی کۆماری ئیسلامی بکەین بە بنەما، کە دەڵێ هێڵی هەژاری لە ئێران ٤\٨٠٠\٠٠٠ تمەنە، ڕادەی ئەم حەشیمەتە لە ٢٤ملیۆن زۆر زیاتر دەبێ، واتە لەشکرێکی تووڕە و وەزاڵەهاتوو کە دواجار دەتوانێ دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ بۆ هەموو پێشهاتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی.

لایەنێکی تر ڕادیکاڵیزە بوونی ئەم شۆڕشەیە، واتە خۆپیشاندەران چی تر خوازیاری سازش و سازان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی نین و لە هەموو دروشمەکانی ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم و بەخۆداچوونەوە و ئەو جۆرە چەمکانەی بۆ چاکسازی دەکار دەکرێن لایان داوە و خوازیاری گۆڕانن، ئەویش گۆڕانێکی بنەڕەتی.

خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین، ماوەی سەرهەڵدانەکانە، ئێستا ئەو ماوە و بڕگە زەمەنییە زۆر کەم بۆتەوە و گەیشتۆتە دوو ساڵ. سەیر کە، لە بزووتنەوەی خوێندکاران ساڵی ٧٨ تا دەگەیە بزووتنەوەی سەوزی ساڵی ٨٨ دەبێتە دە ساڵ، تا دێینە سەرهەڵدانەکەی ساڵی ٩٦ کە خەڵک لەبەر پرسی ئابووری ڕژانە سەر شەقام دەبێتە هەشت ساڵ و دوو ساڵ دواتر سەرهەڵدانێکی ڕادیکاڵتر، گشتگیرتر و لە جوغرافیایەکی زۆر بەربەرینتردا ڕوو دەدا. ئەمە بە چ واتایەک دێ؟ بە واتای کەڵەکەبوونی داخوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک دێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە، وەڵامی پێ نەدراوەتەوە، بۆیە سەر لە نوێ دوای دوو ساڵ هەڵسوونی هێناوەتەوە.

**عەلی بداغی**: جەنابت پێشتریش باسی ئەوەت کردبوو کە خەڵک دێن و شەقام لە دەست دەسەڵات دەستێننەوە. یانی ئێمە ئێستا لە قۆناغی خاوەنداریی خەڵک لە شەقام و داخوازەکانیان داین؟

**ناسر باباخانی**: وەک پێشتریش گوتوومە یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەو جۆرە سەرهەڵدانانە، ئەستاندنەوەی شەقامە لە دەسەڵات. دەبینین لەم سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانەدا شەقام دەکەوێتە دەست خەڵک و دەبێتە پێگەیەکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی کە دەسەڵات بەرەورووی تەنگەژە بکا و دواجار بەرەو گۆڕینی ببا یا لانیکەم تووشی چاکسازیی بنەڕەتیی بکا. لە نیزیکبوونەوەی مەودای خۆپیشاندانەکانیشدا ئەو کۆدە دەخوێنینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ئێمە بۆ ساڵێکی دی یان بۆ شەش مانگی دیکە یان زووتر یان بە هاتنە گۆڕێی هەر دەرفەت و بیانوویەکی دی، خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆیە بە باوەڕی من ئەوەش وەک خاڵێکی گرینگ دەبێ زۆر بەوردی سەرنجی بدرێتێ.

**عەلی بداغی**: دەسڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر سەرهەڵدانەکان و بەردەوامییان بووە و دەبێ؟

**ناسر باباخانی**: ئەوە سۆنامییەکە کە بەڕاستی کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە. وەک پۆمپێئۆ باسی دەکا زیاتر لە ٢٠هەزار گرتەویدیۆ و وێنە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و سەرکوتی خۆپیشاندەران و قەڵتوبڕی ئەوان لە لایەن دەزگا ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە جۆری پێوەندیی خەڵکی ئێران لەگەڵ دنیای ئازاد و دێموکراتیک دەترسێ بۆیە تا ئێستا بەم ڕادەیە سانسۆڕ نەخراوەتە سەر میدیاکان و نەبیندراوە کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو بکرێتەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو دنیادا ئێران بوو بە یەکەم وڵات کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو کاتەوە و تەنانەت بە پێی ڕاپۆرتەکانی نێت بلاکس (NetBlocks) ڕادەی کەلک وەرگرتن لە ئینتێرنێت لە سەتا بگاتە پێنج و دواجار سفر، بۆ سازکردنی دوورگەیەکی ئایزۆلەی دابڕاو لە دنیای ئازاد و بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوت و داسەپاندنی کەشی ئەمنی بەسەر وڵاتدا و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵە مەترسیدارەکانی نێوخۆ کە لە دەوری کوشتنی خۆپیشاندەران خولی دەخوارد. هەر بۆیە ماوەی دە ڕۆژ ئێرانی لە جیهان دابڕاند، تەنانەت ئێستاش ئەم خاوی ئینتێرنێتە بەردەوامە و تا ئەم ساتە کە ئێمە خەریکی ئەو وتوویژەین لە خوزستان و بەلووچستان و لە هەندێک شوێنی دیکە ئینتێرنێت وەسڵ نەبۆتەوە!

بەڵام وەک دیتمان سۆنامی گرتەڤیدیۆییەکان لە پاش بەرقەرار بوونەوەی هێڵی ئینتێرنێت دنیای هەژاند و جیهان ئاگاداری جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خۆپیشاندەرەکان بوو، سەیری هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی بکەی بۆت دەدرەکەوێ کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە شوێندانەرن.

بەهەر حاڵ سەرەڕای هەموو ئەم حەوڵاڵەی ڕژیم، ئێستا هەموو کەس وەک «شارۆمەند-پەیامنێر» بەس بە موبایلەکەی خۆی سەرکوت و جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار دەکا.

**عەلی بداغی: وەک دەزانین و باسیشمان کرد، ناڕەزایەتییەکان زۆر بەتوندی سەرکوت کران، بۆ؟**

**ناسر باباخانی:** دیارە ئەوە تایبەتمەندیی هەموو سیستمێکی دیکتاتۆرییە، بەڵام ئەمن پێم وایە بۆ شرۆڤەی هەموو ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، دەبێ باسی دەور و کردەوەی کەسانی پشت ڕووداوەکەش بکەین! بۆ وێنە ئاکاری ترامپ ڕێک لە ڕوانگەی سایکولۆژییەوە دەتوانی شرۆڤەی دروستی بۆ بکەی.

لە سەرجەم ڕووداوەکانی ئێرانیش ئەوە خامنەییە کە دەبێ وەک چەق و ناوەندی بڕیارەکان لێی بڕوانین. خامنەیی لەباری کەسێتیی و لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەخۆشیی دەروونیی هەیە! نەخۆشیی دەروونی وەک چی؟ تۆ ئەگەر سەیر بکەی هەر لە دوای مەرگی خومەینی بە یەک شەو لە «حجەالاسلام»ڕا بوو بە »آیت اللە»، ئەو ڕقەی لە ڕەفسەنجانی هەیبوو دەگەڕاوە سەر ئەوە کە ڕەفسەنجانی کەسێکی نیزیکتر بوو لە خومەینی، بۆیە ئەم کینەشی نەشاردەوە تا ئەم کارەساتەی بەسەر هێنا و لەسەر ڕێی خۆی لایدا، یان با بڵێین لە پێوەندی جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ «آیت اللە» مونتەزیریدا کە هەرگیز خامنەیی بە هیچ دانانەنا یا تەنانەت لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزدا عەینی شت. ئەگەر تۆ سەیری ئەدەبیاتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەی، ئاخاوتنەکانی بەدوورن لە شەئنی دیپلۆماسی و تەنانەت بەدوور لە شەئنی ئەخلاقی بۆ ڕێبەری وڵاتێک. بۆ نموونە چەند ساڵ لەوە پێش ئایدیۆمی «نفووز»ی کرد بوو بە بنێشتەخۆشکە و، دەست و پێوەندییەکانی لە میدیاکان بەردەوام ئەوەیان دەجوو. پێرارەکە تێرمی «اراذل و اوباش»ی بۆ خۆپیشاندەران بەکار هینا. ئەم ساڵ هات و «اشرار»ی بۆ لەکارکردن. هەمووی ئەوانەش کۆدێکن بۆ ئەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و بەسیج و هێزە چەکدارەکان بەپێی هەمان دەستەواژەی بەناوبانگی «آتش بە اختیار» لە هیچ نەپرینگێنەوە و بە هەموو هێزەوە خەڵک سەرکوت بکەن. لە ڕاستیدا ترسی دیکتاتۆر و ترسی دەسەڵاتێکی ملهۆر هەمیشە لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتەکەی لەکیس بچێ، بۆیە خەڵک بێبەزییانە سەرکوت کران. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەوان لە تەنیشتەوە لوبنان و عێراق دەبینن کە خەڵک هاتۆتە سەر شەقامەکان و ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا پێک بێ و تەنانەت ئەم ڕێژیمە بەیەکجاری هەر تێکەوە بپێچرێ. بۆیە ئەم ناڕەزایەتییانە بەم شێوە توندە سەرکوت کران.

**عەلی بداغی: کە هەڵسەنگاندن بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەکرێ، «بۆشایی ڕێبەریی دیاریکراو» یەکەم شتە قسەی لەسەر دەکرێ. بەو حاڵە و لە بەردەوامیی ئەو دۆخە، داهاتووی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک چۆن دەبێ؟**

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە ئەوە بۆ سەرهەڵدانێکی کلاسیک تا ڕادەیەک ڕاست بێ، بەڵام لە نەبوونی ڕێبەرێک کە ئیجماعی گشتیی لەسەر بێ، هەندێ جار نەبوونی ڕێبەرییەکی دیاریکراو خۆی لەخۆیدا دەبێ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە یەکگرتووییەکی زیاتر - بەتایبەتی لەم جۆرە سەرهەڵدانانەدا - ساز بێ. چون لەبەر جیاوازیی لایەنەکان بەهەر حاڵ بەشێک لە خەڵکانی ئێران هەن کە لەگەڵ لایەنێکی سیاسیدا نین، یان بەشێک لە نەتەوەکان لەگەڵ حیزبێکی سیاسیدا نین.

بۆیە بە ڕای من بۆ بەردەوامیی ئەم خۆپیشاندانانە کە بێ سەرە و ڕێبەری نییە، سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکیەتیی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆڕێکی بەربڵاو و دوورودرێژ «هیوا» و «تووڕەیی» لە هەناوی یەکتردا کۆکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵیی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە دوارۆژێکی باشتر. بۆیە شەقام وەک هێزی ڕەق ئامێری و سۆشیال میدیا دەبێ وەک هێزی نەرم ئامێری ڕەچاو بکرێ.

کۆماری ئیسلامیش ئەوی بەباشی بۆت دەرکەوتبوو بۆیە بە هەموو توانایەوە دەستی کرد بە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا و خاوکردنەوەی خێرایی ئینتێرنێت، بۆ ئەوەی کە ئەو دەوری ڕێبەرییە لە سۆشیال میدیادا لەنێو بەرێ.

ئیزنم بدە بڕێک باسەکە بکەمەوە، وەک بۆخۆشت دەزانی بۆ سەرهەڵدانی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشە گەورەکانی دنیا چەند هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ وێنە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕانسە وەک گەورەترین شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو هۆکاری سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. یەکەم بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی لەم وڵاتەدا و دووهەم گرفت و کێشەی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران سەریهەڵداوە لەبری پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی فەڕانسە، ئەوە سۆشیال میدیایە کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ دەکاتەوە و لەباری... ئابووریشەوە هەموومان دەزانین کە ئێران چەندە کاول بووە!

شۆڕشی فەرانسەش سەرەتا ڕێبەری نەبوو، خاوەنی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خاوەن سەر و لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونیدا خۆی ڕێکخست. توندوتیژییەکانی سەرەتای شۆڕشیش کە بە هێرشکردن بۆ سەر بەندیخانەی باستیل دەستی پێکرد لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر نمادی ستەم و نادادپەروەری بوو. ڕووخانی باستیل، ڕووخانی هەیبەتی دەسەڵات بوو. وەک چۆن شۆڕشی فەڕانسە بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ نەبوو بەڵکوو بەرهەمی هەفتا - هەشتا ساڵ کەڵەکە بوونی...

... گرفتەکانی کۆمەڵگەی فەڕانسە بوو، بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێرانیش بەرهەمی چل ساڵ کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

**عەلی بداغی: بەشێکی پرسیارەکەش ئەوە بوو کە داهاتووی سەرهەڵدانەکان چۆن دەبێ؟**

**ناسر باباخانی:** وەک باسم کرد بێگومان سەرهەڵدانەکان بەردەوام و پێم وایە زیاتریش دەبن. چون حکوومەت و دەسەڵات ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکا، حکوومەت تووشی گوشارێکی لە ڕادەبەری دەرەکی و ژوورەکی بۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە ئەساسەن ماهییەتی ئەو حکوومەتەش، ماهییەتێکی نەگۆڕە و هەڵگری ڕێفۆرم نییە، لەبەر ئەوەی ژیانی خەڵک بەرەو دۆخێکی خەراپتر دەڕوا و تەنانەت وەک پێشتر باسم لە کەسێتیی خامنەیی کرد هەر ئەو بوو کە چراسەوزی دا بە هێزەکان بۆ ئەوەی کە خەڵک سەرکوت بکەن. خووی دیکتاتۆر ئەوەیە کە لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە. ئەوەش وا دەکا کە گوشاری سەر خەڵک زیاد بێ و دواجار وەک هۆکارێک بۆ دیسان سەرهەڵدانی خەڵک، ئەویش لە سەرانسەری ئێراندا.

بزووتنەوەی ئەم جارە بە پێی ئەوە کە دوای ماوەیەکی کورت (پاش دوو ساڵ) سەری هەڵداوە و لە باری جوغرافیایی و ڕادەی حەشیمەت زۆر بەرفرەوانتر و ڕادیکاڵتر بوو ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە کورتماوەدا و ڕامالینی سیستم، یەکجار زۆرە، من پێموایە چیی وای نەماوە دواپەردەی شانۆی کۆماری ئیسلامی ببینین!

**عەلی بداغی: ئەدی چۆن دەکرێ نارەزایەتییەکان بەربڵاوتر بکرێن، ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەم ڕێژیمە وەرێ بخرێ، ڕێژیمێک کە خۆی بەرهەمی شۆڕشە؟ مەلزووماتەکەی چییە؟**

**ناسر باباخانی:** ئەمە پرسیارێکە کە چل ساڵە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدوویدا وێڵە، تەنانەت وڵاتانی بیانی و لەسەروویانەوە ئامریکا کە چۆن دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەو شۆڕشە وەرێ بخرێ؟ هەر لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا یا تەنانەت لە ئامریکای لاتیندا شۆڕش ڕووی داوە و کەسێک هاتۆتە سەر کار وەک شۆڕشگێر، وەک نموونەی ئەم ئەفسەرانی عەرەبی وڵاتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە وەک قارەمان، وەک ڕزگاریدەر هاتنە سەر کار کەچی دواتر بۆخۆیان بوون بە دیکتاتۆر و هەر بە شۆڕشیش لەبەین چوون. بۆ نموونە لە عێراق و میسر و یەمەن و...

جا بۆیە بۆ ئەوەی کە سەرلە نوێ شۆڕشێک وەرێ بخرێتەوە ڕەنگە بەو مانا کلاسیکییەی کە ئێمە لە شۆڕش دەڕوانین ڕوو نەدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. تا ئێستا ئێران پێی وابووە کە لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی جیدیدا دنیا بە هەموو جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکا، یانی ترسی بەسووریە بوونی ئێران و ئەو کابووسەی کە ئێستا لە سووریە ڕووی داوە، بووە هۆکاری ئەوەی دنیا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نەوی بکێشێ.

چون لە ڕاستیشدا لە ئێستادا ئێران ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی نییە، ئۆپۆزیسیۆنێک کە هەندێ ڕوخساری دیار هەبێ نییەتی.

بۆیە سەرەتا پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێز هەبێ، بۆ ئەوەی کە لە دنیای دەرەوە وەک ئاڵتێرناتیڤ و بەدیلێکی شیاو سەیریان کا و دواتر بتوانن لانیکەم وەک حکوومەتێکی کاتی یان گوزار لە کۆماری ئیسلامی شکل بگرێ و، پیشانی بدەن کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە یەک دەستە و تایبەتمەندی دێموکراتیکی هەیە و دواجار بە هەڵبژاردن کارەکانی بەڕێوە دەبا. بۆیە من پێم وایە بەر لە هەموو شتێک سەرەکیترین کار دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشە و تا کاتێکیشئەو بەرە هاوبەشە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نەبێ ئامریکا و دنیای دەرەوە دەستیان بۆ هیچ ناچێ.

بۆ نموونە کۆبوونەوەی «معارض»ی عێراقی بە ناوی کۆنگرەی لەندەن بۆ لابردنی سەدام بە ئیبتکاری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئامریکا ساز بوو. ئەو دەم هەندێک فەیس لە نەتەوە جۆربەجۆرەکان، کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننی یەکیان گرت و دواجار توانییان دەسەڵاتەکە بگوازنەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە. بۆیە شتێکی هاوشێوەی وەک کۆنگرەی لەندەن دەکرێ، بەڵام ئامریکا ئەوە نابینێ، ئورووپا ئەوە نابینێ و هەروەها هەندێ فاکتۆری دیکە وەک پێوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ئێران و کەنداو دەور دەبینن کە لەواندا ئێران وەک گورگەکەی چیرۆکی هەیاس بۆ ترساندنی ئەوان بەکاری بێنن. لە هەر حاڵدا پاشنەئاشیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر دەتوانێ ئەوە، بێ کە بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی گۆڕانخواز و دێموکراتدا خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بچێتە فازی کۆتاییەوە ئەمە کاتالیزۆرە بۆ بەردەوامیی نارەزایەتییەکان، بەڵام لە یادمان نەچێ کە خەڵک لە نێوخۆ هەمیشە هەنگاوێک لە پێش ئۆپۆزیسیۆن بووە!

**عەلی بداغی:** هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا چییە؟ وە لە داهاتوودا ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەتوانێ کۆمەگ بێ و ببنە فاکتۆرێکی شوێندانەر؟

**ناسر باباخانی:** ئەگەر بێنم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد پێک بگرم دەتوانم بڵێم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە حوکمی ئەو پاشخانە فکرییە، بە حوکمی ئەو چوارچێوە ئۆرگانیک و ڕێکخراوەییەی کە هەیەتی لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەتوانێ لە داهاتوودا زیاتر شوێندانەر بێ، دیارە ئەگەر بە گوتاری هاوبەشەوە بچێتە بازنەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە. بەهەر حاڵ ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەیە و ئەگەرچی خۆم ڕەخنەم لێی هەیە بەڵام دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەگشتیدا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا بە باوەڕی من ڕۆڵێکی ئۆرگانیک نەبوو. ئەم سەرهەڵدانانە، سەرهەڵدانێکی خۆڕسک بوون وەک زۆربەی سەرهەڵدانەکانی تر.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ کەمکردنەوەی عەزمەتی گیان بازی خەڵک و بە جۆرێ داشکاندنی سەنگی خۆپیشاندانەکان دەیهەوێ کە بەسەر ئۆپۆزیسیۆنیدا بێنێ و بە تایبەتی یەک دوو جەریان (وەک کوری شا و موجاهیدین) زەق دەکاتەوە کە نە توانایی ئەم ڕێکخستنەیان هەیە و نە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە کە بتوانن کارێکی لەم چەشنە بکەن. بۆیە ئەمن سەرهەڵدانەکان بەخۆڕسک دەزانم و دیارە حاشا لە ئینتیمای سیاسیی خەڵکی ئێرانیش ناکەم.

کەوا بوو کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە تیرێک دوو نیشان بپێکێ: یەکەم کەشەکە ئەمنییەتی بکا و دواتر خەڵک تاوانبار بکا بەوەی بە فیتی دەرەکی هاتوونە دەرێ بۆوەی بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا. (بڕوانە سێناریۆی هەمیشەیی: ئێعتراف وەرگرتن لە خەڵک لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا) لە کوردستانیش باس لە حیزبەکانی «ضد انقلاب» بنێشتەخۆشکەی سەر زارێتی!

لە کۆتایی وڵامی پرسیارەکەتدا دەبێ بڵێم ئۆپوزیسیۆن لەم سەرهەڵدانانەدا دەور و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە. بەڵام لە داهاتوودا چۆن دەبێ دەگەڕێتەوە سەرخۆیان. وەک گوتم ئێمە وک کورد دەبێ هاوکاریی بەکردەوە و گوتاری هاوبەشمان هەبێ و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا لای کەم تا ئێستا پێموانییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوپوتانسیەلەی هەبێ و ئەو هێزە بتوانێ فاکتۆرێکی شوێندانەر بێ.

**عەلی بداغی**: جەنابت ڕۆڵی ژنان لە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا چۆن هەڵدەسەنگێنی. پێت وانییە سەرکوتی توندی ژنان لە پێشتریشدا لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیم نایهەوێ ئەم کلێشە نوێیە تەحەممول بکا؟

**ناسر باباخانی**: وەک خۆت ئاماژەت پێکرد لە پرسیارەکەتدا، ڕێژیم نایهەوێ سەرچەشنێکی دیکە لە نێو بزووتنەوەی سەراسەریی ئێراندا بەو وردەبزووتنەوانە زیاد بێ. ئێستا بزووتنەوەی کرێکاریمان هەیە، بزووتنەوەی خوێندکاریمان هەیە، بزووتنەوەی نەتەوەییمان هەیە و بزووتنەوەی دیکە. ترسی ڕێژیم لە بزووتنەوەی ژنان ئەوەیە کە بە جۆرێک ئەمە ڕێک چاوی ئەسفەندیاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانە گرتووە! واتە لە ماوەی ٤٠ساڵ دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا، ڕۆخساری ژنی باش و ژنی خەراپی وێنا کردووە. ژنی باش بریتییە لەو ژنەی کە چارشێوێکی بەسەرەوە، دایکێک کە لە ماڵ خەریکی چێشت لێنانە و کاری بە هیچ کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نییە و دەچێتە وانەکانی قورئان و، ئەگەر لەو پەڕی خۆیدا چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەبێ ئەوە یان بۆ ئیمام حوسێن یان بۆ بۆنە جۆربەجۆرەکانی مەزهەبییە و چاوی بەسەر ئەوەیە کە منداڵەکانی تووشی کێشە نەبن، ئەوە خوێندنەوەیەکی فەرمییە لە ژنی باش و ژنی موسڵمان لە کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ئێستا لەو سەردەمەدا ئێمە دەبینین دەوری ژنان زۆر زۆر بەرچاوە، وەک ژن و وەک هێزی شوێندانەر. یانی کاتێک لە بزووتنەوەیەکدا ژن دێت هاوشانی پیاو دەست پێدەکا بە خەبات و درووشم دەدا، چەشنێک لە چالاکیی

ڕۆمانتیسیزم لە نێو کەشی ئەو سەرهەڵدانەدا ساز دەبێ کە لە هەموو فەزای دنیادا شتی وا هەیە. تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکی ئەویندارى لە نێو خۆپێشاندەران ساز دەبێ و پێوەندییەکی عاتفی باڵ بەسەر سەرهەڵدانەکەدا دەکێشێ. ڕێژیم دەمەکە بەمەی زانیوە داوە و هەوڵ دەدا ڕێی لێبگرێ. چون سیمین دوبووار گوتەنی ئەوە ژنی ئازایە کە دەتوانێ منداڵی ئازا و ڕەها و چاونەترس رابێنێ، بۆیە لە داوێنی ئەو ژنەیە کە منداڵ پەروەردە دەبێ و دواجار ئەو منداڵە لەسەر بنەمای ئەو بارهێنانە و ئەو پەروەردە کردنە دەتوانێ بەدژی زوڵم و زۆری دەنگ هەڵبڕێ. تەنانەت لە نێو ئەدەبیاتی ڕەسمیی دەسەڵاتدا توندوتیژییەکی گوفتاری و سووکایەتی زمانی بەرامبەر بە ژن هەیە یان وەها باو کراوە کە کاتێک ژنێک دەسبەسەر دەکرێ یان بازجوویی لێدەکرێ ئابرووی بنەماڵەکەی دەچێ، ئابرووی ئەو ژنەی دەچێ واتە لە کەرەسەی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی ژن وەک هێز و دینامیزمێک لە بزووتنەوەدا پاشەکشەی پێ بکرێ و بیبەنەوە چوارچێوەی ماڵ و بیانخەنە ژێر چاوەدێریی باب و برا و مێردەوە و بەم شێوەیە دەیانەوێ ڕێیان لێ بگرن. بەڵام بە خۆشییەوە ئەمە بە دڵی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێشێ و بەشداریی ژنان لە مەیدانی نارەزایەتی تۆختر بووە و تەنانەت هەندێک جار تۆ لەو گرتە ویدیۆییانەدا دەبینی کە ژن دەوری لیدێر دەگێڕێ. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەو هێزە تۆقیوە و لە داهاتوودا ژنان دەورێکی زۆر سەرەکی دەگێڕن.

**عەلی بداغی:** کاک ناسر کەمێک پێشتر ئاماژەت بەو دەستەواژانە دا وەک «خەڵک» و «خەڵکی ڕاستەقینە». خامنەیی چەند ڕۆژ پێش لە کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک بەسیجیدا گوتی کە ئیرادەی «خەڵک» توانیی بەسەر «پیلان»ەکەدا سەر بکەوێ. کاک ناسر ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم قسانە بکەین، کام خەڵک و کام پیلان؟

**ناسر باباخانی:** خامنەیی دەمێکە لە وشەی «مردم»، واتە خەڵک کەلک وەردەگرێ، بۆ ئەو «مردم» بریتین لە دەستوپەیوەندی گوێڕایەڵی خۆت کە لە شەقامەکان بە ئەمری ئەو خەڵک دەدەنە بە گوللە لە ڕوانگەی نیزامەوە ئەوانە «خەڵکی ڕاستەقینە»ن، بۆیە بە یارمەتی وەرزەتەکان و دەزگاکان خەڵک دێننە سەر شەقامەکان کە زۆربەیان مووچەخۆر و خوێندکار و قوتابی و مامۆستان کە ناچاریان دەکەن کە دەبێ ئیمزا بدەن و دەبێ خۆپیشاندان بکەن و لەسەر شاشەی تلویزیۆنیش ناوی دەنێن حەماسەی خەڵک!

مەسەلەیەکی چینی دەڵێ کاتێک شتێک بەراوژوو نیشان دەدەی؛ واتە درۆ دەکەی. ئەمە پیشەی وڵاتانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویە کە ڕاستییەکانی نێوخۆ بە پێچەوانە نیشان دەدەن بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی وڵات.

خامنەیی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا، بەتایبەتی پاش مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتەی بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی

کۆمەڵگە داڕشتووە. ئەمە بەڵکوو دوکتورینێک بووە کە لە سەرەوەی هێرەمەکە واتە خۆی بۆ خوارەوە دیکتە دەکرا و لە هەموو بوارەکاندا بەجۆرێک هەوڵ دراوە کە سیمای ڕاستەقینەی دیاردەکان بشاردرێنەوە. شەخسی خامنەیی لەسەر بنەمایەکی پاڕانۆییدی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکان لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بە بەردەوامی لە گوتارە سیاسییەکانی ئەو حکوومەتەدا کە لە زمانی «ولی فقیە» دەگوازرێتەوە بەدی دەکرێوەک پیلان، دوژمن، تەماح، سیخوڕی، دەستەواژەی نفووز، خەیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشتی پەردە، ئەرازل و ئەوباش و، ئەشرار لەم دواییانەدا و، ئەمە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە بە هەر جۆرێک بەر بە هەر چەشنە پلۆرالیزمێکی سیاسی بگرێ. ئەم «خەڵک»ەی کە جەنابیشت باست فەرموو دەچێتە خانەی ئەم دەستەواژانەی ئەو بۆ مەرامەکانی بەکاری دێنێ.

بەڵام بەپێی هەموو ئامار و داتاکان کە لە ناوەندە ئاکادیمیک و باوەڕپێکراو نێونەتەوەییدا هەیە، کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانە ئیدیعای ڕێبەرەکانی، ڕێژیمێکی دارماوە، ئەم داتایانە تەعبیر لە دۆخی کارەساتباری ئێران دەکەن کە لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا نەک باس ناکرێ، بەڵکوو باس کردنەکەشیان باسی سەرە؛ بۆیە لە حەقیقەتدا ئەو قەرائەتە ڕەسمییەی کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەقامەکان دەیداتە دەرەوە، ڕێک بەراوەژوو نیشان دانی حەقیقەتەکان و، ئەوەی مرۆڤکوژ و خوێنڕێژە پیاوەکانی ڕێبەرن نەک خەڵکی ئێران!

**عەلی بداغی**: **کاک ناسر سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا.**

**ناسر باباخانی**: **سپاس بۆ ئێوە و سەرجەم هاوکارانتان، «کوردستان» ئاوەدان!**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩**

## مستەفا مەولوودی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی نادەروەستە و گۆڕان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا نەستەمە



**وتووێژ لەگەل مستەفا مەلوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**ئەمریکا لە گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامە. وڵاتانی ئورووپایی هاوبەشی ئێرانیش لە بەرجامدا ئەگەر چی دەستی هیوایان لە ڕێژیم بەرداوە، بەڵام هەوڵ دەدەن ئەوەندەی دەکری خۆیان لە هەڵوێستی توند لەدژی ئێران بەدوور بگرن. لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم دەیەوێ بە بەشدارییەکی لایەنیزۆر لەلایەن خەڵکەوە ڕەواییەت بۆخۆی دەستەبەر بکا و پشتئەستوور بەوە لە گەمە سیاسییەکانی بەردەوام بێ.**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە دەتوانێ لە مەوداکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ؟ هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەرەو کوێ دەڕۆن و بزووتنەوەی سیاسیی کورد چ دەورێکی کە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. «کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند مژارێکی دیکەی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.**

**کوردستان: با سەرەتا باسێک لە «سەودای سەدە» بکەین. ئایا ئەم جۆرە تەرح و پرۆژانە دەتوانن سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاشتیی نێوان نەتەوە ناکۆکەکاندا دابین بکەن؟**

**مستەفا مەلوودی:** بە بڕوای من نا، ناتوانێ. تەنیا پرۆژە و گەڵاڵەیەک دەتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێ بکەوێتە و، ئاشتیی نێوان گەلان دابین بکا کە بۆ ماف و ئیرادەی گەلانی ئەو ناوچەیە گەڕابێتەوە

و؛ لەسەر ئەساسی داننان و پاراستنی مافی گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە دارێژرابێ. ئەم پرۆژانەش دەبێ گشتگیر و فرەپەسند بن، بەو مانایەی دوو لایەن یان چەند لایەنی خاوەن ماف و خاوەن بەرژەوەندی لەسەری ڕێک کەوتبن. لە ڕوانگەی منەوە تەنیا شتی پۆزتیڤی ئەو پرۆژەیە هاندانی دوو لایەنە هەتا بە دیالۆگ و وتوویژ کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. دەنا لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە ئەو پرۆژەیە ناتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی خۆرهەلاتی نێوەڕاستدا بەدی بهێنێ هیچ؛ بەڵکوو ڕەوشەکە زۆر سەخت و دژوارتر دەکا و ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە تووشی زۆر سینارۆی ناروونی دیکە بکاتەوە و کێشەکان لە باتی چارەسەری ئالۆزتر ببن.

**کوردستان**: لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی ئێران خرایە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێرانەوە، ئەوەش لە درێژەی ئەم گوشارانەوە دێ کە بە «گوشاری لانیزۆر» دەناسرێ. پێتان وایە ئەم گوشارانە تا ئێستا چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئەوەی کە سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە دەخرێتە لیستی ڕەشی سزاکانەوە، ئەم بڕیارە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابوورییەوە دەتوانێ شوێنەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەت بخاتە نێوان پێوەندیی ئۆرگانیکی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و ئەوەش دەتوانێ بۆ ڕێژیمی ئێران کارەساتبار بێ و، تەنانەت زیانی قەرەبوونەکراویش بە ڕێککەتنی بەرجام بگەیەنێ کە لانی کەم لە ئێستادا ئەگەر کارایی خۆیشی لەدەستدا بێ؛ بە شێوەی فۆرم لە ڕوانگەی ئێران و لایەنەی ئورووپاییەوە لەجێی خۆیەتی. بۆیە بە ئەگەری زۆر حکومەتی ئێران لە باری سیاسی و ئیعتباری نێودەوڵەتی و ئابوورییەوە تووشی چالشی گەورەتر دەبی و دەکرێ بڵێم زیاتر ئەم ڕێژیمە ئیزۆلە و پەراوێز دەخا. هەر چەند لە حاڵەتی لەو چەشنەدا جۆری مودیرییەتی کاربەدەستانی ئێران بە جۆرێکە کە دووکەڵی ئەو جۆرە قەیران و کێشەگەلە زۆرتر بچێتە چاوی خەڵک، کە بەداخەوە خەڵکی ئێران هەتا ئێستاش لەو سۆنگەیەوە تێچووی زۆریان داوە و، گوشارەکان لەسەریان چەند قات زۆرتر دەبێ.

**کوردستان**: گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری و ژیانی خەڵکی وڵاتیش داناوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا کۆنگرەی ئەمریکا پشتیوانیی لە نارەزایەتییەکان لە ئێران کرد و داوای لە وڵاتەکەی کردوە کە بابەتی پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لە شووراى ئەمنییەدا بخاتە دەستووری کارەوە؛ ئێوە ڕوانگەتان بۆ سیاسەتی سزادانی ئێران و هەروەها سیاسەتی پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران چییە؟

**مستەفا مەلوودی**: غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکی ئێران بەو مێژووە پڕشنگدارە لە خەباتیان دژی سەرەڕۆیی و بە

تایبەتمەندییە پڕبایەخەکانیان کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی حوکمیان بکا و، لە سۆنگەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە بکەونە ئەم بارودۆخەوە. مێژووی ژیانی سیاسی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی ئەوە بەڕوونی نیشان دەدا، هەر بۆیە خەڵکی ئێران کە بە ئیرادەوە لە بەرانبەر ئەو ستەم و جەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ڕەوا دیون خۆیان ڕاگرتوە و، لێبڕانە هەوڵ دەدەن بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک و خەڵکی بگۆڕن. بەڵام بەپێی ئەو پێوەندییە سیاسی، ئابووری و نێونەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا گەلان و وڵاتان بەیەکەوە هەیانە، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

سروشتییە گوشاری حکومەتی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆسەر ڕێژیمی ئێران و پشتیوانیی مەعنەوی لە خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانیان لە ئێران، دەتوانێ بۆ ڕێژیم شوێنەواری سەلبی و بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەگشتی شوێنەواری ئیجابیی هەبێ و دەتوانێ زۆرتر هاندەری خەڵک بێ بۆ بەردەوام بوونیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری ئازادی و گەیشتن بە مافەکانیان.

**کوردستان:** وەدواخستنی چالاککردنی «میکانیزمی ماشە» لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی دیسان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکاتەوە کە هیوا و تەما ماوە بۆوە ئێران ڕەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی کەوێ و گرژی و ئاڵۆزییەکان ئەوەندەی دەکرێ ڕێیان لێ بگیرێ. ئایا ئێران دەبێتە ئەو تەیرە مەعقوولە کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا جێی بێتەوە؟ ئایا ئەوە کاتکڕینی زیاتر بۆ ڕێژیم و کاتسووتاندنی پتر بۆ خەڵکی ئێران نییە؟

**مستەفا مەلوودی:** بە سەرنجدان بە مێژووی چل ساڵەی حکومەت و ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە چ دەرحەق بە خەڵکی وڵات لە نێوخۆ و چ بەنیسبەت نابەرپرسیار بوونی دەسەڵات بەنیسبەت کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئۆمێد بەوە زۆر کەمە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گۆڕان ی بەسەردا بێ و بیەوێ ڕەفتار و هەڵسەوکەوت و سیاسەتەکانی بگۆڕێ. بەڵام وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی زانیاریی باشیان لەسەر ڕێژیمی ئێران هەیە و بەباشی نابەرپرسیارەتیی ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتوە. هەڵبەت ئەوان بەهۆی ڕەوشی هەستیاری ئێستای ناوچە و ژێئۆپۆلیتیک و هەڵکەوتەی جۆغرافیایی ئێران زۆربەی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدایە کە ڕێژیمی ئێران ڕەفتارەکانی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی هاوکات ئەم گوشارەشی لەسەرە کە ئەگەر ڕەفتارەکانی لە زۆر بوار و ئاستەکاندا نەگۆڕێ، دەتوانێ ناوچەکە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا کە دیارە زەرەرمەندی یەکەم لە پێشدا خەڵکی ئێران و دواجار خودی ڕێژیمە. بۆیە لە باتی ئەوە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ڕووداوی چاوەڕوانکراو بن، کار دەکەن بەڵکوو ئەوەندەی دەتوانن بەرپرسایەتی لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێراندا دروست بکەن، کارێک کە ئورووپاییەکان ئێستا پێیەوە سەرقاڵن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمە دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بێ؟ لە ڕوانگەی منەوە ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامی لەبەر ئەوەی خۆی و سیاسەتەکانی سەبەب و هۆکاری بنەڕەتیی کێشە و قەیرانەکانن، نەخێر شانسی ئەمە زۆر کەمە.

**کوردستان:** هەتا نارەزایەتییەکان لە ئێران زیاتر و ماوەی ڕوودانیان کەمتر دەبێتەوە، گوشار و توندیی سەرکوتەکەش لەلایەن ڕێژیمەوە زیاتر بووە. خەڵکی ئێران جیا لە بەردەوامیی نارەزایەتی کام چەک و کام ڕێکاری دیکە هەیە بیگرنە بەر بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەردەوامیی خەباتیان؟

**مستەفا مەلوودی:** نارەزایەتییەکان لە ئێران وکوردستان ڕیشە و بنەچەی بۆ شێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەم گوشار و سیاسەتە چەوتانەی دەیان قەیرانیان بەرەورووی کۆمەڵگەی ئێران کردۆتەوە و بوونەتە هۆی نەهامەتیی خەڵک.

کەڵەکەبوونی داواکان و شێلگیریی خەڵک و بەردەوامیی نارەزایەتییەکان خەڵکی ئێرانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە. چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستا مکوڕتر لە هەر کاتێک تێدەکۆشن مافی لەدەستچوویان بۆ بگەڕێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی دروشمەکان لە شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە بە دوای خستنە خوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینییەکە بدەین کە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە ئامانج؛ دەبینین خۆپێشاندەران ڕێژیمیان لە تەواوەتی خۆیدا بە ئامانج گرتبوو؛ ئەمەش دەربڕی ئەوەیە کە خەڵک بێزار و لێبڕاو بوون بۆ گۆڕانی وەزعی مەوجوود و ئەوە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر دروستکردنی جەسارەتی زیاتری خەڵک هەبێ؛ هەروەها ترس و نیگەرانی زۆرتریش لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا دروست بکا. سروشتییە فشاری لە ڕادەبەری ڕێژیم بۆ سەر خەڵک، بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهاتی وڵات دەبێتە هۆی ئەوە خەڵکی وڵاتان و تەنانەت دەوڵەتانیش پشتگیری مەعنەویی خەڵکی ئێران بکەن. بەڵام بە گشتی لە ڕوانگەی منەوە خەڵک دەبێ بە یەکگرتوویی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هاوکات نارەزایەتییەکان بۆ فازی مانگرتنی گشتی بگوازنەوە.

**کوردستان:** ناوەندی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی بایکۆت کردوە، ئەم هەڵوێستە چەندە لەجێی خۆیدایە؟ پێتان وایە خەڵکی کوردستان چۆن بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەچن؟

**مستەفا مەلوودی:** لەسەر ئەساسی ئەو شناخت و زانیارییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر نێوەرۆک و کردەوەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هەیانە و، ئەزموونێک کە

خەڵکی کوردستان لە بەشدارییەکان لە هەڵبژاردنەکان هەیانە، ئەمن لام وایە بـایکۆت کردنـی هەڵبژاردنەکـانی دەورەی ١١ی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بڕیارێکە تەواو لەجێی خۆیدایە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەبوا بایکۆت کرابا، یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان بەباشی لە هەموو بـوار و ئاستەکاندا نیزامی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و هەموو نەهامەتییەکـانی خۆیـان لە چـاوی ئەو رێژیمەدا دەبیـنن، بـۆیە ناچنە پشتی. دووهەم جیا لەوەش بە کردەوە بۆیان دەرکەوتـوە نـوێنەران لە مەجلیسی شـوڕای ئیسلامی بە تـاک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیانـدا و بە کۆش لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا نەخش و دەورێکـی زۆر سنووردداریان هەیە و، نەیـانتوانیوە بەشێکی هەرە بچووکیش لە خواستەکانی خەڵک دابین بکەن و کـاریگەریی ئەوتۆیـان لەسەر دانـانی یاسـاکان لە مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییە. جیا لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابڕاو و نامۆ نین لە هێـزە سیاسییەکان، ئەگەر هێـزە سیاسییەکان بەگشتی یەک هەڵویست بـن، تەجرووبە نیشـانی داوە خەڵـک بە دەنگیـانەوە هـاتوون؛ بـۆیە من پێموانییە کە خەڵک هەر ناچنە سەر سەندووقی دەنگدان و حەوزەی هەڵبـژاردن بـێ نـوێنەر دەبـێ، بەڵام بـڕوام وایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی رابردوو زۆر کەمتر دەچنە سەر سەندووقی دەنگدان کە ئەوە دەتـوانێ پەیـامێکی سیاسیی شوێندانەر بێ و شێوەیەکی موناسب و کاریگەریی خەبـاتە بە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**کوردســتان**: وەک دەبینیـن ئێـران و نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەراست لە بەردەم گۆڕانکـاریی زۆر خێـرا دایە، بەشـێک لەم گۆڕانکارییانەش لەو ماوەیەدا ڕوویان دا. کوردی ئێران لە کوێی ئەم گۆڕانکارییانەدایە؟

**مستەفا مەلـوودی**: هەر گۆڕانکـارییەک لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست و وڵاتـانی نـاوچە بەتـایبەت لە پێتەختـی ئەو وڵاتـانەی کە کوردیـان تێدایە و بەشێکی کوردستـانە، شـوێنەواری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسـەر بـزوتنەوەی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی خەلکـی کوردسـتان دەبـێ. بـۆیە لە ئێستاشـدا هەر چەنـدە سـیناریۆکان زۆر ڕوون نـین و ڕەهەنـدی جۆراوجـۆر بەخۆیانەوە دەگرن؛ بەڵام بە دڵنیایی کاریگەرییان لەسەر کوردستان دەبێ. بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستانیش ئەزموون و لێزانـی ئەوەیـان هەیە کە لەو هەلـومەرج و دەرفەتـانەی لە سۆنگەی گۆڕانکارییەکانـدا دێـنە پێشێ بەباشی کەڵکیـان لـێ وەربگرن، و دەرفەتەکە بقۆزنەوە.

ڕووداوەکـانی چەنـد سـاڵی رابـردوو لە نـاوچە بەتـایبەت سـەرهەڵدانی داعـش و ڕۆڵـی کـورد لە شـکاندنی ئەم هێـزە تێرۆریستییەدا و ئەو خەبـات و تێکۆشـانەی کـورد لە بەشـەکانی دیکەی کوردستـانیشدا بـۆ ئـازادی و دێموکراسیی بوویـانە، هەموو ئەوانە لەسەر یەک پێمان دەڵێن کورد لە ئێستادا فاکتەرێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا.

**کوردستان**: زەروورەتەکانی بەردەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بارودۆخی ئێستادا چین و چمان بۆی کردوە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مێژووییشە کە کورد لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی تا ئێستا لە خەباتێکی زۆریان کردوە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە، بەڵام دەسەوتەکانی بارتەقای ئەم هەموو قوربانیدانە نەبووە کە دیارە ناچینە سەر باسی هۆکارەکانی. بەڵام بە گشتی ڕەوتی مێژوو و جووڵانەوەی کورد وایکردوە بزوتنەوەی سیاسیی خەلکی کوردستان بزوتنەوەیەکی لەسەر هەست و زیندوو بێ. ڕوونە کە بەپێی ئەزموونێک کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا دەستی خستوە، بەنیسبەت گەلان و بەشەکانی ئێران ئامادەیی زۆرتری و ئەزموونی پتری لە هەموو ئاستەکاندا هەیە. بۆیە پێویستە کە لە حاڵی ئێستادا یەکڕیز و یەکگرتووتر و خاوەن پلان و بەرنامە بێ و، خۆ بۆ هەموو حاڵەت و ئەگەرەکان لە ئاڵۆگۆڕەکانی داهاتوودا ئامادە بکا. من پێم وایە خەلکی کوردستان و هێزە سیاسییە خاوەن کاریگەرییەکان ئەم توانا و هێزەیان هەیە کە بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی زیاترەوە بەرەو گۆڕانکارییەکان بچن.

**کوردستان**: زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا

**مستەفا مەلوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێڕاق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو



١٧ی بانەمەڕی ئەمساڵ چل ساڵەی ڕووداوی تاڵی بۆمبارانی زینـدانی "دۆڵەتـوو"یە. لەم هێرشە ئاسمانییەی سوپای عێڕاقدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون و ٤٢ کەس لە بەندکراوانی زیندان کوژران و پتر لە ٥٠ کەسیش برینـدار بوون. دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوسا و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە لەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەراوەژوونیشاندانی ڕووداوەکەی داوە و گێڕانەوەکەی بە ئاقارێکیتردا بردووە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی بۆمبارانی زینـدانی "دۆڵەتوو"دا بۆ بیرهێنانەوە و خستنەوەڕووی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێکهێناوە:

**عەلی بداغی:** مامۆستا دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر زیندانی دۆڵەتـوو ڕۆیشـتووە، بە دروسـتکردنی فیلم، بە بەڵگەسازیی بە درۆ. بەڕێزتان کە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کوردسـتان بوون چۆن باس لەم ڕووداوە مێژووییە دەکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ڕووداوە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ڕووداوێکی یەکجـار زۆر دڵـتەزێن بـوو، هەر لەبەر ئەوە نـا کە ئێمە بۆخۆمـان شەش پێشـمەرگەمان تێیـدا شەهید بـوون، لەبەر ئەوەی زینـدانێک کە لە حیمـایەتی ئەو حیزبەدا بوو بەناحەق و نارەوا کەوتە بەر هێرشێکی بێڕحمـانە و، بـوو بە بەشێک لە شەڕێکی هەر لە بنەڕەتدا نـاڕەوا کە

لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەئارادا بوو. لەبەر ئەوەی بووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر لەو هەڵخەڵەتاوانە کە حیزبی دێموکرات بۆوەی ڕانەگرتبوون بیانکوژێ یان بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەیان ڕابگرێ. چونکە سروشتییە کە لە شەڕدا زۆر جار دوو لایەنی شەڕ تووشی ئەو حاڵەتە دەبن کە ئەفرادی یەکتر ئەسیر و زیندانی دەکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکەی و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بخوێنیتەوە دەبینی کە بە هەزاران کەسی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە و دوایە ئازادی کردوون.

کەوایە ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە خەسارێکی گەورە بوو کە وێمان کەوت و هەر ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا کە وردەکارییەکانی تێدا هاتوون، ڕاشکاوانە و بە توندترین زمان مەحکوومان کرد.

**عەلی بداغی:** مامۆستا پێش ئەوەی بێمە خزمەتتان چاوێکم لەو بەیاننامەیە کرد و ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هەر بەو زمان و دەربڕینەی سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب کراوە، هەر بەوجۆرەش هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە. مامۆستا دەزگای تەبلیغی ڕێژیم زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا کە زیندانی دۆڵەتوو شوێنێکی زۆر نەشیاو بۆ ڕاگرتنی بەندییەکان بووە، زیندانییەکان ئەشکەنجە کراون، تەنانەت دەگوترێ نایاسایی ئێعدام کراون. دەمەوێ بپرسم حیزبی دێموکرات چۆن زیندانەکانی بەڕێوە بردووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زیندان هیچکات ئامانج نەبووە، هیچکات پێمان خۆش نەبووە زیندانمان هەبێ، بەڵام هەموو دەوڵەتێک، هەموو دەزگایەک، بتەوێ و نەتەوێ بۆ پێشگیری لە هێندێک لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی ناچارە جێیەکی هەبێ ئەو کەسانەی خەتایان کردووە ، بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر تێدا ڕابگرێ. بۆ ئێمە زیندان بەو جۆرە بووە. هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ئەودا. هەروەها لە قەوانینی شەڕدا کە ڕاستە شەڕ بۆخۆی بێقانوونییە، بەڵام لە سەحنەی نێودەوڵەتیدا قانوونی تایبەت بە شەڕیش هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

لەبارەی ئەوەش کە زیندانەکە چۆن بووە، ئێمە زیندانمان لە شاخی بووە، خۆ لە شار نەبووین. پێشمەرگەکانی پارێزەری زیندان لە چ خانوویەکدا ژیاون زیندانییەکانیش لە خانووی ئاوادا ژیاون. تەنانەت نانی زیندانییەکان و پێشمەرگەکان لە یەک جێ کراوە، جا چ بە تەندوور بووبێ، چ بە سێڵ. چێشتی پێشمەرگەکان و زیندانییەکان لە یەک مەنجڵدا لێنراوە و بەسەر هەر دووکیاندا دابەش کراوە. ڕاخەر و پێخەفی پێشمەرگەکان چی بووە، هی زیندانییەکانیش هەر ئەوە بووە. بەڵام

مەعلوومە وەزعییەتی ڕیفاهی زۆر باش نەبووە، جێی خەو زۆر باش نەبووە. خواردنیش هەمیشە زۆر باش نەبووە، کێشە و گرفتیش هاتۆتە پێش. دەنا ئەو حەمامەی کە زیندانییەکان خۆیان لێ شووشتووە هەر ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان خۆیان لێ شتووە. لەو بارەیەوە ئێمە زۆر بە سەربەرزییەوە توانیومانە زیندان و زیندانەکانمان بە خەڵکی دونیا پێشان بدەین. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هاتوون و ئەو دیمەنەیان دیوە کە دیمەنێکی ئینسانییە. مەسەلەن ڕەنگە ئەوە سەرنجڕاکێش بێ کە هەم لە ڕووی ئەمنیەتی و هەم لە ڕووی هێزی کارەوە بەشێکی زۆر لە کار و ئەرکەکانی زیندان بە زیندانییەکان سپێردراون. یانی بۆ ئەوەی زیندانییەکان لە بێکاری سەریان لێ ئەستوور نەبێ، بەشێکی زۆری ئەو کارانە بۆخۆیان دەیانکرد. تەنانەت نان لە زۆربەی کاتەکاندا زیندانییەکان دەیانکرد.

**عەلی بداغی:** دیارە ئەو کارانە لە دەزگای تەبلیغیی ڕێژیمدا بە بێگاری ناویان هاتووە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بە بێگار ناویان بردوون. بەڵام ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون ئەوان وەختی پێوە خەرج بکەن. پاشان لە باری ئەمنییەتییەوە خاترجەمیی خۆیان هەبوو، ئێمەش خاترجەم بووین کە هیچیان لێ ناکرێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو چێشتەی کە ئەمن دەیخۆم زیندانی بۆم لێدەنێ، نەک ئەوەی کە زیندانی دەیخوا ئەمن بۆی لێنێم و خراپی لێبنێم. هەموو ئیمکاناتەکە لە بەردەستی ئەواندایە. چێشتەکە لە یەک مەنجەڵدا کولێیوە، بەرپرسانی زیندان و پارێزەری زیندان و خودی زیندانییەکان هەموو لەوە دەخۆن. چەندی مومکینە دەتوانین بڵێین ڕەفتارەکان ئینسانی و شارستانیانە بوون.

**عەلی بداغی:** سیستەمی دادڕەسی و بەدواداچوونی قەزایی چۆن بووە. مەسەلەن دەڵێن هەر پێشمەرگە یان بەرپرسێک هاتووە حوکمێکی داوە، تەنانەت حوکمی ئێعدام؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە بنەڕەتدا وا نەبووە کە هیچ پێشمەرگە یان بەرپرسێک حوکمی زیندانی بدا. ئێمە ئیدیعا ناکەین کە سیستەمێکی دادوەریی ڕێکوپێک و بێنەقسمان هەبووە. نەخێر، ئێمە دەوڵەت نەبووین، ئێمە پارتیزان بووین. بەڵام لێپرسینەوە هەبووە، لێکۆڵینەوە هەبووە بێئەوەی ئەشکەنجەی دەگەڵ بێ. دوایەش پەروەندەیان بۆ دەکرایەوە. ئەو کەسانەی کاری قەزاییان کردووە بەشێکیان هەر قازییش بوون، یانی قانوونیان خوێندبوو، بەشێکی دیکەشیان ئەزموونی کاری لەو چەشنەیان هەبووە. لەبارەی حوکم و بڕیارەکانیشەوە، پێموانییە هیچ زیندانییەک لای ئێمە هەموو ماوەی زیندانەکەشی کێشابێ. مەسەلەن ئەگەر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ، دەبینین پاش دوو ساڵ یان سی ساڵان ئازاد کراوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان کە باس لە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووە. دۆڵەتوو بۆ بۆمباران کرا؟ ئایا ئیزیکایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات هۆکار بوو؟ یان هۆکاری دیکەی هەبوو.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە هیچ جۆرێک وای بۆ ناچم کە هۆکارەکە هەر ئەوە بووبێ. چونکی جاری وا هەبووە لەوانیان داوە و دەکرا لە زیندان نەدەن، لەحاڵێکدا لە زیندانیان دا و لەوانیان نەدا. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ دەورانی شەڕ بوو و شەڕیش لە نێوان دوو دەوڵەتدا بوو کە هیچیان ئەرزەشیان بۆ قانوونی نێونەتەوەیی دانەدەنا. ئامانجەکە ئەوە بوو کە چەندی بکرێ پتر زەربە لە لایەنی بەرامبەر بدەن و زیاتری لێ بکوژن. باشە ئەوە دامان نا کە زیندانی دۆڵەتوو هێزەکانی ڕێژیمی تێدا بووە، ئەدی سەردەشت چی کە بۆمبارانی شیمیایی کرا. بانە و مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چی کە بۆمباران کران، زەردەی دالاهۆ چی کە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا. باسەکە ئەوەیە کە دوو لایەنی شەڕ دەیانەوێ زەبر لە یەکتری بدەن. لە عەینی حاڵدا ڕەنگە پێت سەیر بێ کە دەڵێم دەوڵەتی عێراق، -نایشارمەوە و شاراوەش نەبوو کە ئێمە پێوەندییمان لەگەڵی هەبوو؛ بەڵام -هێندەش چارەی ئێمەی نەدەویست. هیچ بۆی موهیم نەبوو زیندانیی ئێمە، یان پێشمەرگەی ئێمە دەکوژرێ. هەربۆیەش ئەوکات ئەو کردوویە، یانی ئەو بۆمبارانەمان بە شێوەیەکی زۆر توند و بە کەلیماتی زۆر توند مەحکووم کرد.

**عەلی بداغی:** بە هێنانی وشەی فاشیست لە بەیاننامەکەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بە عەمەلیاتێکی فاشیستیمان ناو برد. شتێکی لەوە سەیرترت پێ بڵێم، ئێستا دەقیقەن لەبیرم نییە، بەڵام ئەمریکای موتەمەدین لە ئەفغانستان، زیندانێکی بۆمباران کرد کە دەشیزانی زیندانە و ٨٠٠ کەسی تێدا کوژرا. ئەوە ئیدی شەڕە و شەڕ بۆخۆی خراپە، بێ مانایە و شتی بێ مانای دیکەشی تێدا دەقەومێ. بەڵام ئەوەندەی کە پێوەندیی بە ئێران و عێراقەوە هەیە ، ئەوان هەر دووکیان چیان بۆ کرابێ، لەدژی یەکتری کردوویانە. مەسەلەن ئێران چەندی ئیفتیخار بەوە دەکرد کە مووشەکەکانی لە بەغدا دەدا، بەڵام لە بەغدا لە کوێی دەدان! یەک مووشەکیش لە کۆشکی کۆماری نەکەوت. یەک مووشەکیش لە بنکە نیزامییەکان نەدرا، وە خەڵکی دەکەوت. عێراقیش کە لە ئێرانی دەدا هەر وە خەڵکی دەکەوت.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دەمەوێ باسی ئەو گومانی پیلانە بکەم کە ٤٠ ساڵە ڕێژیم لەسەری دەڕوا. ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە بە چاوساغیی حیزبی دێموکرات کراوە و لە کاتی بۆمبارانەکەدا بەرپرسانی زیندان و پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆڵ کردووە، یان تەنانەت دوای بۆمبارانەکە کۆمەڵێک زیندانی کە ویستوویانە ڕابکەن، کەوکوژی کوشتوویانن؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** سەرتاسەری ئەوانە قسەی بێبنەما و تۆمەت و بوختانن کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە. هەر ئەوە کە ئێمە شەش پێشمەرگەمان شانبەشانی زینداننییەکان شەهید بوون بۆخۆی دەلیلێکە. لە پاشان ئەو زینداننییانەش کە ئیجازە بدەن بڵێم ئەوانیش شەهید بوون، جەنازەکانیان بە قەدر و حورمەتەوە لە زیندانی دۆڵەتوو ڕا گواسترانەوە بۆ سەر جادەی پیرانشار_سەردەشت و لەوێ تەسلیمی ئەو نوێنەرانە کراون کە دەوڵەت لە سەردەشتەوە ناردبوونی وەریانگرن. پاشان بە فەرزی مەحاڵ حیزبی دێموکرات ویستبێتی زینداننییەکان بکوژێ، ئەوە بۆمبارانی بۆ چییە بۆخۆی دەیکوشتن و تەواو.بەڵام خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە شت هەیە یان نییە، ئەوان لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن و قسە ساز دەکەن. بۆ نموونە وەبیرم دێ، ئەو وەختەی مەهاباد گیرا، ساڵی ١٣٥٨ کە ئێمە بەجێمان هێشت، کۆماری ئیسلامی تەبلیغاتی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە پلاکاردی بەخێرهێنانی ئەرتەشی ئیسرائیلمان ئامادە کردبێ. قسەیە و ئەو دەیکا! ڕەنگبێ خەڵکی ساویلکەش هەبێ باوەڕیان پێ بکا کە هیوادارم نەبێ. بەڵام چونکی ئەوانە ئەوەندە وەستان لە تۆمەت و ئیفترا و بوختان و درۆهەڵبەستن، ڕەنگە یەکێک هەر باوەڕیان پێ بکا. ئەرێ باشە کەس نییە بپرسێ بڵێ ئەو ئەرتەشی ئیسرائیلە بە کوێدا دەهات! بەسەر چەند وڵاتی عەرەبیدا دەهات بە مەخفی تا لە مەهاباد حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی کورد پێشوازیی لێ بکەن. یانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانڵێن هەر لایەقی خۆیانە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بەشێک لەو بوختانانە ڕووی لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە هاتوون و ڕووماڵی ڕووداوەکانی ئەوکاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە و ڕێژیم بە سیخوڕیان ناو دەبا. دەڵێ ئەوان هاتوون و لە زیندان وێنەیان گرتووە و ئەو وێنانە دراونەتەوە ڕێژیمی بەعس؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** دەزانی چۆنە، هەر من بۆخۆم بەبێ ئەوان دەڵێم پێموایە ڕۆژنامەنووسانیش، ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانە کە دێن، ڕێکخراوە تەندروستی و پزشکییەکانیش کە دێن، خەڵکی وڵاتی خۆیانن، دڵسۆزی وڵاتی خۆیانن و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ. ڕەنگە زانیارییەکیش بە نەفعی وڵاتی خۆیان کۆ بکەنەوە. بەڵام هەمووو ئەوانە، لە دنیایەدا وا ناسراون کە بێخەتان. یانی کابرا تابلۆیەک لە پشت یان لە سینگی دەدا کە لێ نووسراوە پرێس و ڕۆژنامەنووسە. ئیدی ئەگەر شەڕەکە موتەمەدینانە بێ، وەنێو شەڕەکە دەکەوێ و هیچکەس حەقی نییە تەقەی لێ بکا. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمینن و هاتوون ڕووداوەکان وەکوو ئەوەی هەیە تۆمار بکەن و بیدەن بە ئەفکاری عموومی. بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە فەڕانسەوییەکان هەروەها پزیشکە فەڕانسەوییەکانیش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی کورددا دەتوانین بڵێین، ئینسانی شەریف بوون و لە نییەتی خزمەت بەولاوە هیچ نییەتێکی دیکەیان نەبووە. جا ڕەنگە وەختێک ڕۆژنامەنووسێک کە لایەنگری میللەتی کوردە، حەتمەن موخالیفی ئەو کوشت و کوشتارەش بێ کە کۆماری ئیسلامی لە میللەتی کوردی دەکا، دەوڵەتی عێراق یان دەوڵەتی تورکیە دەیکا. بەڵام بێتەرەفیی موتڵەقیان پاراستووە. بۆیە بە هیچ جۆر بوختانێکی وا بەوانەوە ناچەسپێ.

تەنانەت لە ئاماری کوژراوەکانیشدا ئاماری جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان ١٨٠ کەس بووە.

زیندانی دۆڵەتوو لەو وەختیدا ١٨٠ کەسی لێ نەبوو هەتا ١٨٠ کەسی لێ بکوژرێ. بۆیە بەتەواوی ڕەتی دەکەمەوە، بەڵام ئەوەندی ئەمن بزانم و ئەوەندی ئێمە ئاگادارین لە بریندارەکانیش کەسیان نەمرد. هێندێک کە برینەکانیان سەخت بوون تەحویل دەرانەوە و ئەوانەش کە برینەکانیان سووک بوون لە لای خۆمان مانەوە و ئەوانیش کەسیان لێ نەمرد کە بڵێین ئاماری کوژراوەکان دوایە زیادی کردبێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا هەر لە درێژەی ئەو چەواشەکارییانە ماوەیەک لەوە پێش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا خەڵەبانێکی ئەرتەش بانگ کرابوو، باسی ئەوەی دەکرد گۆشتی خەڵەبانەکان لای کوردەکان قیمەتێکی زۆری کردووە و کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن مەزەندە کراوە. وا بزانم حیزب خەڵەبانێکی بە بریندارى گرتبوو، بەسەرهاتی ئەو چیی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خەڵەبانی هێلیکۆپتری کوبڕایە کە ئێمە کوردەکان گۆشتەکەی کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین وا دیارە نازانن ٥٠٠ میلیون تمەنی ئەوکات چەندە بووە. یەک میلیۆن تمەنی ئەو وەختی دەیکردە دەوری ٢٠هەزار دۆلار، واتە ٥٠٠ میلیۆن دەیکردە ١٠میلیۆن دۆلار، قسەیەک کە دەبێ هەر ئەوان بیکەن و هەر لە خۆیان جوانە.

**عەلی بداغی:** ئەدی مامۆستا بەسەرهاتی ئەو خەڵەبانە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ باسی خەڵەبانەکە ناکەم باسی خەڵەبانی هێلیکۆپتێرەکە دەکەم. باشە ئەو هیلیکۆپتێرە کە ئێمە بەرمان داوەتەوە و جەنازەی خەڵەبانەکەی لەبەر دەستی ئێمەدا بووە، بۆ بە پووڵ گۆشتەکەیمان دەکڕی. ئەوە نییە کەلاکەکەی لە بەردەستی خۆماندایە، لە کێی دەکڕین؟ ئەگەر لەبەر دەستی ئەواندایە، یانی ئەوان گۆشتی کەلاکی کوژراوەکانی خۆیان بە پووڵ دەفرۆشت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە ساویلکەن و باوەڕیان پێ دەکەن ئەوەندە کار لەسەر مێشکیان دەکەن کە مەجالی بیرکردنەوەیان بۆ نەمێنێ. ئەوە لە کام بازاڕدا بوو، لە کام قەسابخانە بوو کە گۆشتی خەڵەبان دەفرۆشرا. لە پاشان من ڕوداوێکت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمن بۆخۆم چاوم لێ بوو دوو تەیارە لە ئاسمانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەرکەوتن. بە چاو دەمدین، بەڵام نەمدەزانی کامیان ئی کام وڵاتن. یەکێکیان مووشەکێکی هاویشت کە وە ئەوی دیکە کەوت. یانی هەموویم دیت. بەڵام ناوچەکە شاخاوییە و بە کەمتر لە ٥ سانیە یان ١٠ سانیە هەر دووکیان ون بوون. دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری چوار پێنج



سەرچاوە Serchawe

کیلۆمیتر ئەولاتر ئەو تەیارەیەی لێی دراوە بەر بۆتەوە و تەیارەی ئێرانیش بووە. ئەو تەیارەیە بەر بۆوە و خەڵەبانەکەی بە برینداری کەوتە دەستی پێشمەرگە. دەوڵەتی عێراقیش بەمەی زانی. هەرچی لە توانایدا بوو هەوڵ و تەقەلای دا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زیندانییەی ڕادەست بکەین، حیزبی دێموکرات نەچووە ژێر بار. حیزب گوتی ئەوە خەڵەبانی ئێرانییە و لە خاکی ئێران و لە ناوچەی ئێمەدا کەوتۆتە ژێردەستی ئێمە و، ئێمەش خەڵکی ئێرانین و دەیدەینەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەوەندی کرا دەرمان کرا و دوایە بە حورمەتەوە تەسلیمیان کرایەوە. باشە وەختێکی گۆشتی خەڵەبانی هێلیکۆپتەر بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین، خەڵەبانی فانتۆم بۆ بەخۆڕایی دەدەین بەوان؟[پێکەنین] ئارەزوو دەکەم بەردەنگەکانی ئەوان پتر بیر بکەنەوە.

داستانێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؛ کابرایەکیان بە ئەسیر گرتبوو لە ناوچەی سەردەشت. لێی دەپرسن بۆ هاتوویە ئێرە؟ دەڵێ: "هاتووم بۆ شەڕ". بۆ شەڕی کێ؟ دەڵێ بۆ شەڕ دژی کافرەکان. باشە کافر کێن؟ دەڵێ: "ئێوە". پاشان لێی دەپرسن باشە ئەتۆ پێشتر هاتوویە کوردستان؟ دەڵێ: "بەڵێ ئەمن لەوەپێش لەو سەردەشتەی خزمەتم کردووە و ژاندارم بووم". لێی دەپرسن باشە لە سەردەشت گوێت لە بانگ نەدەبوو؟ وەکوو لە خەو ڕاچەنێ دەڵێ با. دەڵێن مزگەوتی لێ نەبوو؟ وەکوو ئەوە لە خەو هەستابێ دەڵێ بەڕێوەڵڵا مزگەوتیشی لێ بوون. باشە نوێژیان نەدەکرد، ڕۆژوویان نەدەگرت؟ دەڵێ با. چی و چی، دەڵێن ئەی بۆ ئیدی بە کافریان دادەنێی. کابرای ئەسیر دەڵێ: "ئەمن ئێستا هیچ قسەم نەماوە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە. بەڵام بریا ئێوەش تەنیا چەند ڕۆژ لەبەر دەستی ئاخونددا بوایەن و قسەی بۆ کردبان، داخوا ئێوەش دەتانگوت میللەتی کورد کافرە یان نا."

**عەلی بداغی:** مامۆستا بێینە سەر کاردانەوەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، دیارە جەنابت بە کورتی باست لە بەیاننامەکە کرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەیاننامەکەمان وەکوو عەرزم کردی و بۆخۆشت خوێندووتەتەوە، بەیاننامەیەکی توند بوو. بەسەرهاتێکیش هەیە وابزانم جارێکی دیکەش هەر لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ خۆت باسم کردووە. لەبیرمە ماوەیەک پاش بەیاننامەکە بوو، دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی دەکرد و بە بەغدادا دەڕۆیشت. ئەمنیش لەگەڵی بووم هەتا بەغدا، لەوێ بەڕێم کرد و جا گەڕامەوە. لە کەرکووک لامان دا. لە مەرکەزێکی کە وابەستە بە موخابەراتی عێراق بوو. ئەوان بەشێکیان هەبوو تایبەت بە کاروباری ئێرانییەکان. شەهید دوکتور قاسملوو پێشتر چووبوو، بەڵام من نەچووبووم. لەو وەختەدا ئەمن بەرپرسی تەبلیغاتی حیزب بووم. کە چووینە ژووری بەخێرهاتنیان کردین دوکتور گوتی ئەوەش وەزیری ئیعلام (تەبلیغات)ـی ئێمەیە. هێشتا دانەنیشتبووین، مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابوو!؟ ئەوەمان گوت و دانیشتین. چایان هێنا.



سەرچاوە
Serchawe

دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، [ئێستا نازانم ئەو نووسیبووی یان نا، بەڵام ئەمن ئەمنووسیبوو] ئەتۆ حەق بە خۆت دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ.

کابرا بە ڕاستی کەوتە پتە پت و زۆر بە تەنگاوی عوزری هێنایەوە و گوتی قسەیەک بوو کردمان. ڕووداوەکەش هەڵەیەک بوو کرا، دەنا ئێمە چۆن زیندانی ئێوە بۆمباران دەکەین، هەڵەی خەلەبان بووە و لەو قسانە و پاساوی بۆ هێنایەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بڵێ حیزبی دێموکرات گوێلەمستی حیزبی بەعس بووە و، لەو بەستراوەییەدا هیچ سنوورێکی نەپاراستووە. پێم خۆشە لێرەوە بچینە نێو پێوەندییەکانی حیزب دێموکرات و حیزبی بەعسەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێموابێ جارێکی دیکەش ئیشارەم پێ کردووە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق [دەوڵەتی پێشوو] ساڵێک دوو ساڵ دواتر لێرە دوکتور مەحموود عوسمان‌مان میوان بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ خەڵک کرد. شاهیدییەکی زۆر جوانی دا. باسی ئەوەی کرد کە پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانەیە، ئەو هەموو مەدرەکە، بە سەدان تۆن ئەوراقی دەوڵەتی وەدەست هێزەکانی دژی بەعس کەوت لاپەڕەیەکی تێدا نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ حیزبی دێموکرات خزمەتی دەوڵەتی عێراقی کردبێ. عەکسی ئەوەش شتی موسبەتی تێدا بووە.

**عەلی بداغی:** باشە مامۆستا دەوڵەتی بەعس داواکاریی لەوچەشنەی لە حیزبی دێموکرات نەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بوویەتی، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەمن لەبیرمە و بۆخۆم شایەت بووم کە دەوڵەتی عێراق داوایان لە ئێمە کرد کەسێکی دژی ئەوان تێرۆر بکەین، جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ئێمە تێرۆر بۆخۆمان ناکەین چۆن بۆ ئێوەی دەکەین.

بەڵام ئەوکاتە نێوان ئێران و عێراق شەڕ بوو، بێگومان هەم عێراق دژی ئێران شەڕی دەکرد و هەم ئێران شەڕی بەسەر کورددا سەپاندبوو. ڕەنگە ئامانجی هاوبەشیش هەبووبێ بۆ زەربەلێدانی دوژمنی هاوبەش.

بەهەرحاڵ بتەوێ و نەتەوێ کاتێک دوو هێز بەرامبەر بە هێزێکی دیکە شەڕ دەکەن لە باری گشتییەوە لە یەک سەنگەردان. چوونکی هەردووکیان بەرابەر بە هێزێک شەڕ دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە و دەوڵەتی عێراق بەو مانایە لە یەک

سەنگەردا بووین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی. هەردووکمان لە دژی ئەو شەڕمان دەکرد. بەڵام ئەوە هەم بە عەمەل و هەم بە قسە بەوان گوتراوە کە شەڕی ئێمە دژی دەوڵەتی ئێران هەم لە باری سروشتەوە و هەم لە باری ئامانجەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی دەوڵەتی عێراقی دژی دەوڵەتی ئێران. ئەوەی ئێمە شەڕی پارتیزانییە لەباری تیکنیکییەوە و هی ئێوە شەڕێکی جەبهەیی بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کاتیوشا و ئەوانە. لە باری ئامانجیشەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو دەوڵەتە ناچار بکەین دان بە حقووقی ئێمە دابنێ لە چوارچێوی وڵاتەکەماندا، لە حاڵێکدا ئێوە دەتانەوێ بە قەولی فارس "کشور گشایی" بکەن. ئەوەتا ناوچەیەکی زۆری خوزستانتان داگیر کردووە و پێتان بکرێ پتریش داگیر دەکەن. کەوابێ شەڕی ئێمە بە جودایە و شەڕی ئێوەش بە جودا. تەنانەت جارێکی داوایان کرد پێشمەرگەی ئێمە بچێ لەگەڵ هێزەکانی ئەوان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت عەمەلیاتێکی هاوبەش لەسەرهێندێک پایەگای ڕێژیم بکەن. ئێمە جوابمان دانەوە و گوتمان پێشمەرگەی ئێمە ئەگەر شەو داهات هەر هێزێکی چەکدار ببینێ، دەنگی دەدا و ئەگەر ناوی شەوی پێ نەبوو لێی دەدا. کەوابێ ئەگەر ئێوەش بێن پێشمەرگەی ئێمە لێتان دەدا. نەک عەمەلیاتی هاوبەشتان لەگەڵ ناکەین لێشتان دەدین.

**عەلی بداغی:** کەواتە نەبووە کە مەسەلەن هێزێکی عێراقی بە هاوکاریی ئێمە هاتبێتە کوردستان بۆ شناسایی، یان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەهیچ جۆرێک هیچ هاوکارییەکی عەمەلەیاتی لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا نەبووە، دیارە ئەوان لە کوردستانیش عەمەلیات و تەنانەت جینایەتیشیان کردووە، هەم دەوڵەتی عێراق لە ئێران و دەوڵەتی ئێران لە عێراق. ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام وەکوو بڵێین ئێمە پێکەوە عەمەلیاتی هاوبەشمان کردبێ، قەت نەبووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوە خراپ نییە باس لەوە بکەین کە لەو هەڵوێستە مێژووییانەدا تەنانەت حیزب بەیاننامەی ڕەسمیی هەیە ڕوو بە حکوومەتی مەرکەزی، کە ئەگەر حکوومەتی مەرکەزی مل بۆ داخوازەکانی کورد ڕاکێشێ ئێمە ئامادەین کە پێشمەرگەکانمان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی تاران لە دژی حکوومەتی عێراق بچنە بەرەی شەڕەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ئەو وەختە بوو کە شەڕەکە هەڵایسا و حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە قسەدا ئیعلان بکا کە ئێمە مافی خودموختاری بۆ میللەتی کورد بە ڕەسمی دەناسین، ئێمە هەموو هێزەکانمان لە جەبهەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگێڕینەوە و شان بە شانی ئەوان لەدژی هێزەکانی عێراق دەکەوینە شەڕ. بەڵام لە جیاتیی ئەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن ئەوەندی بۆیان کرا هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بەرینتر کردووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا نووکە ڕەبی تەوبلیغاتە ژاراوییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دوکتور قاسملوویە. بەڵام جەنابت پێشتر باسی ئەوەت کردبوو کە ڕێژیمی بەعس زۆر پیس لە دوکتور قاسملوو وەڕەز و بێزار بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** زۆر تەبیعی بوو، چونکی دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک قسەی لێ دەبیست. ئەو دواییانە لە ئەدەبیات و لە ئەسناد و با بڵێین فایلەکانی وڵاتانی خاریجیدا زۆر شت دەرکەوتن کە دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دژی دەوڵەتی عێراق کردوونی و دەوڵەتی عێراق بەوانەی دەزانی. ڕەنگە جارێکی دیکە ئەوەشم باس کردبێ وختێکی کە خەبەری تێرۆری دوکتور قاسملوو هات ئەمن یەکسەر گوتم کاری عێراقە. شەهید دوکتور سەعید گوتی: "شتێک هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە". گوتم چی. گوتی: "دانوستانێک هەبووە لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا". گوتم جا ئەوجار مەعلوومە، چونکی ئەوان نەهاتوون دانوستان بکەن و هاتوون دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن. یانی بەو ئەندازەیە شکم لە حکوومەتی بەعس بوو. دیارە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورە و دیپلۆماتێکی پایەبەرز بوو، لە عەینی حاڵدا مەسئوول و ڕێبەری حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو کە شەڕی لە دژی دوژمنەکەی ئەوان دەکرد. کەوابێ هەم لەگەڵ حیزبەکەی موداراییان دەکرد و هەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. دیارە ئەگەرچی زۆر بەحورمەتەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ڕوونە کە چۆن لە دوکتور قاسملوویان دەڕوانی.

**عەلی بداغی:** لەبەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە قسەی نەدەکردن و بە دڵی نەدەکردن؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەی خۆ لە جێیەکی دیکە لە قسە بۆ ڕادیۆدا باسم کردووە، وتووێژێک هەبوو لەبیریشم نەمابوو بەڵام ئەو ماوەیە کاک محەممەدڕەزا ئەسکەندری دایناوبوو، لە بارەی مەرگی هێمنی شاعیرەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار کە دادەنیشتین دەیگوت ئەوانە [بەعس] فاشیستن. جا مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی جارێکی سناریۆیەکی دروست کردبوو بە شۆخی لەسەر سوڵحی ئێران و عێراق [دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر] کە ئێمە گیراوین و هەموومان ئێعدام دەکەن و بردوویانین و ڕیزیان کردووین بۆ ئێعدام. هەرکەس لەو وەختەدا قسەیەک دەکا یان عەمەلێک دەکا. قسەکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت ها برادەران پێم نەگوتن ئەوانە فاشیستن. جا شتی ناخۆش وەبیر پیاو دێتەوە. هەر ئەو مامۆستا هێمنەی کە ئەو سیناریۆیەی ساز کردبوو و باوەڕی پێی هەبوو، کەچی وەختی خۆی کە جەماعەتی حەوت کەسی پەیدا بوون ئەویش دوکتور قاسملووی بە بەعسی ناو برد، بەداخەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا لە بارەی دوکتور قاسملووە ماوەیەک لەوە پێش بەڵگەنامەیەک بڵاو بۆوە کە دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ سەدام حوسین نووسیوە و لەوێدا مام جەلال تاڵەبانی بە "برای بەڕێزم" ناو دەبا، یانی لەو نامەیەدا کە دەکرا کەسیش قەت پێی نەزانێ ڕوو بە سەرکۆمار و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام یەکێک لە دژبەرە هەرە سەرسەختەکانی ئەو

**بە برای خۆی ناو دەبا کە ئەوە دەگمەن و هەر لە کەسێکی وەک د. قاسملوو دەوەشێتەوە. هەر ئەوە بەشێک نەبوو لەو ڕق و قینەی بەعس لە د. قاسملووی هەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ئازادمەنیشییەی حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین بەشێکی بۆ دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، چونکی ئەو ڕێبەر و ئولگوو بوو بۆ هەموومان، زۆری دڵی دەوڵەتی عێراق دەئێشاند. مەسەلەن دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانی پەیدا بوو، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بوو. هەوەڵین ئەڵقەی ئەمن لەوێ بووم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. براکەی سەدام، بەرزان تکریتی کە ئێعدام کرا، خوا هەڵناگرێ زۆر بە ئەدەبەوە ڕوو بە د. قاسملوو گوتی: دوکتور ئەگەر ئێمە پەیامێکمان هەبێ بۆ کاکە جەلال، ئێوە لەو سنوورانە هیچ ئیمکانتان هەیە پێی بگەیەنن؟ دوکتور گوتی: ئەو قسەیە یانی چی؟ ئێمە ئەگەر هاتووین شەوێ میوانی مام جەلال بووین. بەڵێ ڕوونە کە پێی دەگەیەنین. یانی هیچکات ئێمە ئەوەمان نەدەشاردەوە. تەنانەت بێ ئەدەبییە ئەوەی دەگێڕمەوە. جارێکی لەسەر هێندێک لە کێشەکانمان کە لە قەندیلی هاتبووە پێشێ، لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لە سلێمانی دانیشتبووین. مەرحووم کاک غەفوور هەمزەیی مەسئوولی پێوەندییەکانمان بوو. چووبووین لەگەڵ قائید فەیلەقی ئەوێ و نوێنەرێک کە لە بەغداڕا هاتبوو دانیشتبووین. هەروا کە قسەمان دەکرد ئەمن گوتم ئێمە خێری وانمان دەوێ، یانی کوردی عێراق. چونکی داوایان لێ دەکردین ئێمە لە قەندیل ڕێگە نەدەین ئەوان بەوێدا بێن و بچن. گوتم شتی وا چۆن دەبێ، ئەگەر ئەوە مافێک بێ مافەکە بەوانە هەتا ئێمە. ڕەنگە حەق بەوان بێ بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن، چونکی ئێرە خاکی ئەوانە، نەک ئێمە داوایەکی ئاوامان لەوان هەبێ.

دوایە کە هاتین بچینە ڕانیە و لەوێ شتەکان تەتبیق بدەین، کاک غەفوور هەمزەیی گوتی: ئەرێ ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی، ئاگات لە زمانی خۆت هەیە؟ گوتم ئا خۆ دەزانی ئەمن مەشرووب ناخۆمەوە و مەست نەبووم. بەڵێ، زۆر چاک دەزانم دەڵێم چی. با ئەوان بزانن کە ئێمە دوژمنی کوردی عێراق نیین، بەڵکوو خێری وانمان دەوێ.

**عەلی بداغی: ماموستا وەکوو دوا پرسیار هەربێینەوە سەر باسی زیندانەکەی دۆڵەتوو. چل ساڵەی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لای جەنابت بیرهێنەرەوەی چ شتێکە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیسان هەر ئەو دوو شتە وەبیر پیاو دێنێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو دیاردەی شەڕە چەندە زیانبار بووە بۆ بەشەرییەت و، چ جینایەتی گەورەگەورەی لێ دەخوڵقێن و شەڕ چۆن هەموو سنوورەکانی ئەخلاق، دین، سیاسەت تێدەپەڕێنێ. پاشان شتێکیش زیاد دەبێ ئەوەی کە ئەحمەدی خانی دەیڵێ و ئەمن شێعرەکەی ئەحمەدی خانیم وەک خۆی لەبیر نییە و تەرجەمە

موکریانییەکەیم لەبیرە کە دەڵێ:

"یەک هێرشێ بۆ سەر ئی دی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەڵاڵی خوێنێ"

کوردەکە لەو نێوەدا بەهەر دوو تەرەف لێی دەدرێ. ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە کە لە ڕووداوی زیندانی دۆڵەتوو و دەیان ڕووداوی لەو بابەتە چ لە دیوی ئێران بووبێ چ لە دیوی عێراق بووبێ ، چ لە دیوی تورکیە بووبێ، تەنانەت لە سوورییە بووبێ کە پیاو دەیبینێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا زۆر سپاس لەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتوویژە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێوەش ساغ و سڵامەت بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

---

## مستەفا مەولوودی: بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین



**تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەرگەی شاری هەولێر پرسیارێکی گرینگی ورووژاند کە بۆچی جارێکی دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کرا بە ئامانج؟ کۆماری ئیسلامی چۆن و بۆچی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان لە لێدان و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ؟ لە بنەڕەتڕا ئایا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەمنە؟ حیزبە کوردییەکان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی مەترسییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.**

**"کوردستان" وەڵامی ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی لە وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگرێ.**

**عەلی بداغی: تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پەلامارەکانی دیکەی سەر حیزبی دێموکرات لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردوودا پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر حیزبی دێموکرات دروست کردووە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کراونەتە ئامانج. بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە و زۆر لەمێژە کراوەتە ئامانج. خۆ ئەگەر لە قۆناغی خەبات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییش تێپەڕین و تەنیا باسی دەورانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە دەستی بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کرد. تێرۆرەکانیش بە تێرۆری شەهید سەرگورد**

عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شورای نیزامیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ دەستی پێکرد و دەزگای تێرۆری ڕێژیم هەتا ئێستاش لە پیلان و کردەوەکانی بەردەوامە. هەر بەپێی ئامار زیاتر لە چوارسەد تێکۆشەری کورد کە پشکی زۆری بەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ، لە ئەندام و پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە تا ڕێبەرانی ئەو حیزبە وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەنێو لیستی ئەو تێرۆرانە دان کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئەوەش کە بۆچی ئەو تێرۆرانە زیاتر لە حیزبی دێموکرات دەکرێن هۆیەکەی ڕوونە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزبە زۆرترین کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد هەیە؛ بۆیەشە ڕێژیم بەرنامە و پیلانی بۆ دادەنێ و لێی دەدا. نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەسەر بردنەسەرێی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە ئاستی ئێرانیشدا دیار و بەرچاوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری بۆ ڕێژیم درووست کردووە. هەر دوای ڕووداوی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، سپای پاسداران لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا کە بڵاوی کردەوە، زۆر بەڕوونی و ئاشکرا ڕایگەیاند کە بۆیە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردووەتە ئامانج، چونکە ئەو حیزبە ئەمنییەتی ڕێژیمی وەمەترسی خستووە. کەواتە کاریگەریی ئەو حیزبە و سیاسەت و جۆری تێکۆشانی کە بەدرەنگی زۆری هەیە ڕێژیمی لەوە نیگەران کردووە، بۆیە هەموو سنووره دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەخلاقی دەبەزێنێ و کردەوەی تێرۆریستیی لەو چەشنە دەکا و ئەمە لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردوودا زۆرتر و بەرچاوتر بووە.

**عەلی بداغی: ئەدی کەمتەرخەمیی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان چی؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن لەوە تێدەگەم کە ڕەنگبێ ئەمە پرسیاری زۆر کەس بێ کە بەپەرۆشەوە دەڵێن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە کەمتەرخەمن، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێنە ئامانج. بەڵام بابەتێک هەیە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بیزانن کە ئەگەر پیلانێکی تێرۆریستیی ڕێژیم دژ بە حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە، دەیان پیلانی لەو جۆرەش پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە حەقیقەتێکە کە هۆکاری سەرەکیی تێرۆری کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو حیزبە و گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی ئەو حیزبە کاریگەریی زۆر و دیاری لەسەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم حیزبە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و نەیاری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییە و هەڵگری دروشم و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەمیشە دەکرێتە ئامانج.

**عەلی بداغی: حەوتووی ڕابردوو عەلی شەمخانی، دەبیری شورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم لە دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراقدا وێڕای هەڕەشە لە حیزبە کوردییەکان، داوای دەرکردنی ئەو حیزبانەی لە دەوڵەتی عێراق کرد. ئێوە ئەو هەڕەشانە**



سەرچاوە
Serchawe

و ئەو داوایە چۆن وەردەگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عێراق و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەو وڵاتە، دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە زۆر ئاوەڵا بووە. ڕێژیم هەوڵی داوە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی کەلک بۆ بردنەپێشی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لە بوارەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت لە پرسی ئەمنیەتیدا وەرگرێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەهۆی دۆخی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی پێشووی عێراق و ئێران سەرکردایەتی و هێزەکانی بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کوردەکانیشەوە لەو وڵاتە جێگیر بوون. ئەوە لە دیوی ئێرانیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هەر وا بوو. ئێستاش کە بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنەی پێشووی عێراق کە هێندێکیان پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بوونەتە دەسەڵات لەم وڵاتەدا، سروشتییە ڕێژیمی ئێران دەستئاوەڵایی زیاتری لە عێراقی ئێستادا بۆ ڕەخسابێ. هەرکاتێکیش لە بۆشایی دەسەڵاتدا یان لە هێندێک هەلومەرجی تایبەتدا بە هەلی زانیبێ، لەم وڵاتەدا زەبری لە نەیارەکانی خۆی وەشاندووە. بۆ نموونە هەموو بە چارەنووسی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەزانین کە ناچار بە چۆلکردنی عێراق کران. بۆیە ڕێژیم ئەگەر بۆی بکرێ، سروشتییە کە بیەوێ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو چارەنووسە بەسەر حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیشدا بسەپێنێ.

ئەوە هەڕەشە و هەروەها ئەو داوایەش کە شەمخانی لە وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە تازە نییە و زۆر جاری دیکەش ئەو بابەتە هەم لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی عێراق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هاتۆتە بەرباس و ئەو داوایە لەوانیش کراوە. بەڵام ئەوجارە بەڕەسمی و بەئاشکرا هێناویانەتە بەرباس و پێویستە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ و ئێمەش لە بیری ڕێکاری گونجاو دابین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە. ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی مەعنەوی نێوان نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی هەرێمیش لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەگەری حاڵەتی لەو چەشنە بە دوور دەزانم. بەڵام بەو حاڵەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە هەماهەنگی و هەڵوێستی شیاو لە بیری پووچەڵکردنەوەی پیلانی لەو چەشنە بن. ئەوەش کە شەمخانی دەڵێ ئەگەر عێراق کەمتەرخەمی بکا ئەوان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن، ئەوان تا ئێستا ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە و لە هیچ دەستیان نەپاراستووە. بۆیە ئەو جۆرە هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات چاوترسێن ناکەن و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی مەیدانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەروا درێژەی دەبێ.

**عەلی بداغی**: خەڵکانێکیش هەن کە بێگومان دڵسۆزی پرسی کوردن و لایان وایە کە ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەبار نییە؟ ئێوەش ئاوا بیر دەکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: دەبێ بڵێم کە کۆماری ئیسلامی قەت هیچ ڕێزێکی بۆ پرەنسیپ و سنووره نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بەئاسانی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە، هەربۆیە قەت ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەمن نەبووە و ئێستاش نییە و پێموانیە لەو بارودۆخەدا و بەمزووانە لەوە باشتر بێ و ئەوەش هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە هیچکات بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمەوە پارێزگارییان لێ نەکراوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆیان بەرپرسایەتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بووە کە ئەوە کەم و زۆر کەلێنی ئەمنییەتیی درووست کردووە. زۆر جاریش لەو حاڵەتەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵی بەر حیزبەکان کەوتووە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە بەو حەقیقەتە دەزانن و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان مدارا لەگەڵ بارودۆخەکە دەکەن، یان باشتر وایە بڵێم لە بەرامبەر دەستوەردانە هەمە جۆرەکانی ڕێژیمی ئێران دستەوەستانن و چاوەڕوانی داهاتووی ناڕوونن و لەگەڵ وەزعەکە خۆیان ڕاهێناوە کە ئەو سیاسەتە زۆرترین دەرفەتی بۆ خراپکاری و پیلانگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا پێکهێناوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێ لە ڕێگەی مومکینەوە خۆمان زیاتر لە خەمی ئەمنییەت و پاراستنی خۆماندا بین کە ئەوەش کار و هاوکاریی پتری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەرپرسایەتیی قانوونی و ئەخلاقیی پاراستنی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

**عەلی بداغی**: ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا گوشارێکی خستووەتە سەر حیزبی دێموکرات؟

**مستەفا مەولوودی**: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدایە. لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هەموو ئاست و بوارەکاندا ڕێک نییە تا بە ڕێکاری یاسایی بەرپرسایەتیی پاراستنی کەسانی سیاسی بەتەواوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕەچاو بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش ناڵێکی نێو هێزە سیاسییەکان بواری زیاتری بۆ دەستوەردان و بردنە پێشی پیلان و سیاسەتە نایاساییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆش کردووە. هەلومەرجی ژئۆپۆلتیکیی هەرێم لە ناوچە و پێوستیی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مێژوویی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشوور، هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیی پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی

کوردستان بەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە و هەڵومەرجی هەرێمی کوردستانیان لە زۆر بارەوە ڕەچاو کردووە؛ تەنانەت زۆربەیان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وا جووڵاونەتەوە کە پێویست بەوە نەکا هەرێمی کوردستان تووشی چاڵنج و کێشە بێ؛ بەڵام بەو حاڵەش بەڵێ زۆر جاران بەرپرسانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتانەیان، بە تایبەت چاوەڕوانیی ڕێژیمی ئێرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کردووە. ئێمە بە دەرکی تەواوی هەلومەرجەکە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دۆخە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنی خۆمان چاوپۆشیمان نەکردووە و مەیدانمان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە. هاوکات دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بیانوو دەگەڕێ و بیانووشی لێ نابڕێ، بۆیە چاوەڕوانی جیددیمان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پاراستنی سەروەریی یاسایی وڵاتەکەیان، ئەمنیەتی گیانیی تێکۆشەرە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئیزنی دەستوەردانی دەرەکی بە ڕێژیمی دژیگەلیی ئێران نەدەن. پاراستنی گیان و ئەمنیەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ ئەوان هەم مەسئوولییەتی قانوونی هەیە، هەمیش بەرپرسایەتی ئەخلاقییە و نابێ ڕێگە بدەن کە مێژوو بە خراپ لەسەریان بنووسێ.

**عەلی بداغی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەتوانێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دەستئاوەڵا بێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە نەیشاردۆتەوە کە سیاسەتی بنگەیی ڕێژیم ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە ئیسلامین و کەم و زۆر شیعەشیان هەیە. ئەمە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕەواییەتی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بۆ دروست کردوون. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتریشدا باسم کرد، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێراق و هەروەها کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و نیزامی لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی پێشووی عێراق وای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراقدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک قایم بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەت گوتمان کە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهەب و کورد بوون کە کاتی خۆی ڕێبەرانی حیزبەکانیان لە وڵاتی ئێران حاوابوونەوە. ئەوەش بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ئەو هێز و لایەنانەی لەگەڵ یەکتر بەهێز کرد و دوای دوو دەیە دەبینین کە دەسەڵاتداری سەرەکیی عێراقی نوێش هەر هەمان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەن کە باسمان کردن. سنووری دوورودرێژی جوغرافیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێویستی زۆری دوو لایەنە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی نێوانیان بوونی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو گۆڕەپانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پڕڕەنگ کردووە. تەنانەت باڵادەستیی کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو هێزانەی بێئیرادە و تووشی دەستەوەستانییش کردووە و سەربەخۆیی سیاسیی لێ زەوت کردوون. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی لەو وڵاتەدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە



سەرچاوە
Serchawe

تەڕاتێن دەکا و بە دانانی ڕایەڵەی سیخوڕی، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژبەرانی، مۆرە دروستکردن و دواجار دەستوەشاندن لە نەیارانی بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

**عەلی بداغی:** هاتنەسەرکاری کەسێکی وەک ڕەئیسی بەپێی پێشینەی کارەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئایا دەکرێ بە نیشانەی بەربڵاوتربوونی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لێک بدرێتەوە؟ یان پێچەوانە پێتانوایە ئێران جێگەوپێگەی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا لە جاران لاوازترە؟

**مستەفا مەولوودی:** وەک خۆم لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە نەخش و دەوری هێزە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران و پیلانی تێرۆریستی ڕێژیم جیاوازییەک لە نێوان دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی و دەوڵەتی برایم ڕەئیسیدا نابینم. هەموو یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە، بۆیە لام وایە لەو بارەوە مۆرەکانی ڕێژیم لە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان هەروەک چۆن لە زەمانی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانیدا دەستکراوە بوون و بە ئیمکاناتی ڕێژیم درێژەیان بە سەرکوتی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیان داوە، لەو ناوچەدا دەستوەردانیان کردووە، پیلان و بەرنامەی تێرۆریان لە ئورووپا و وڵاتانی ناوچە بەڕێوە بردووە، بە هاتنە سەر کاری ڕەئیسیش ئەو سیاسەتە درێژەی دەبێ و ڕەنگە لە جاران زیاتر هێز و ئیمکانات و کاتی بۆ تەرخان بکرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەئیسی تا ڕادەیەک لە ڕووحانی گوێ‌لەمستترە بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. لە تەواوەتیی خۆیدا پێم‌وایە کۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەنی ژیانی ڕێژیمدا، ماهییەتی ئەو ڕێژیمەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا کردووە و درێژەی ئەو سیاسەتە لە بەردەوامیی خۆیدا بە قازانجی ڕێژیم ناشکێتەوە؛ بەڵکوو هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا تووشی قەیران و کێشەی زیاتری دەکا.

**عەلی بداغی:** ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی:** پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا کە مادام تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، مەسئوولییەتی پاراستنی گیانیان و سەر و ماڵیان لە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوە ئەسڵە و نابێ لەبیری بکەین. بەتایبەت کە هەموو لایەک بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ڕێژیمی ئێران لە بۆشایی ئەمنییەتی و خەمساردیی ئەوان کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دیپلۆماسی و یاسایی و پاراستنی ڕێوشوێنی تۆکمەی ئەمنییەتی ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. بەڵام بە ئەزموونێک کە ئێمە هەمانە و ئەو دەورانە سەختەی کە تێپەڕمان کردووە ناکرێ جارێ هومێد بەو ڕێکارە ببەستین. کەوایە دەبێ بۆخۆمان پتر لەبیری پاراستنی خۆماندا بین و بەوردی پلانی ئەمنییەتی و خۆپاراستن بۆخۆمان دابنێین و لەسەر خەت بین. بۆ دەستخستنی زانیاریی ورد و شیکارییان و، چاوەدێریی وردمان هەبێ. دەبێ بەباشی کۆنترۆڵی

دەوروبەر و ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆمان بکەین و حەول بدەین لە هەموو بارێکەوە چاوکراوە بین. پیلانەکانی دژمن لەقاو بدەین و لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە وردی لە پیلانەکانیان ئاگادار بکەینەوە. مەسئوولییەت و بەرپرسایەتییەکان بیهاوێینە سەرشانیان و وەبیریان بخەینەوە کە چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و خۆشمان ئامادەتر بکەین. بەگشتی پاراستنی باشتر و پەرچەکرداری پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنین.

**عەلی بداغی**: یەکەم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە ئەوەن گۆڕانکاریی قووڵ لە ناوچەکەدا ڕوو بدا، دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەیە، بەڵام دیسانەکەش حیزبەکان لە ئاستی چاوەڕوانیی گشتیدا لەگەڵ یەکدی تەبا نین و بارتەقای هەڕەشەکان نەیانتوانیوە یەکریز و یەکگرتوو بن. ئەم بارودۆخە تا کەی ئاوا دەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: وایە. ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوڕاست ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەردەم چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی جۆربەجۆری لێ دەکرێ، کە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان دەرفەتی گونجاو و باش بێنێتە ئاراوە و هاوکاتیش دەبێ چاوەڕوان بین بەرەورووی سیناریۆی سەخت و ناخۆشتریش ببینەوە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان لە ئێستادا لە ئیرادەی ئێمە بەدەرن. لە ناوچەدا کەلێن و ئاستەنگی زۆر هەیە، گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە هەموویان وەک پێویستە بە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و دێموکراسیی خۆیان نەگەیشتوون. حکوومەتە نادێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان لە چاخی بیست و یەکیش لە ناوچەکەدا هەر دەسەلاتدارن. زۆر بەرژەوەندیی جۆراجۆری میللی، خەڵکی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی هەن کە لە ناوچەکەدا یەکانگیر یان دژی یەکن. زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوبەرژەوەندییەکانیان بە چڕی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. هەمووی ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بەڵێ گۆڕانکاریی قووڵ لە ارا دایە. بەڵام چەندەیان لە دژ یان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ بەتەواوی ڕوون نییە و پێشبینی کردنیشی ئەستەمە.
لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکان و ئەوەی کە نالێکن و لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و هەلومەرجەکەدا نین تا ڕادەیەک ڕەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کە هێزەکان بەگشتی هەستیان بە گرینگیی دۆخەکە و مەترسی و پێشهاتەکان کردووە. دەشزانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو و بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان هەستن، دەبێ بەیەکەوە لەسەر خەت بن، بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی بەردەوام دایە.

ئەزموونی بزووتنەوەی کورستان بە ئێمە دەڵێ لەگەڵ ئەوەی شتی نارێک و نەگونجاو لە مێژووماندا هەبووە، بەڵام ئەو ئامادەییەش هەیە کە ئەگەر دەرفەتی لەبار هاتە پێش بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین و بتوانین مەترسییەکانیش لە

خۆمان دوور خەینەوە. هیوادارین ئەوجارەیان بە بەرپرسایەتیی زۆرترەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەزموونەکان ئەو ناڕێکییەی کە هەیە و زۆر و کەم لێی نیگەرانین بە ئاستێکی زۆر کەم بگەیەنین و لە هەموو زەرفییەتەکان بەباشی کەڵک وەربگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

---

## مستەفا مەولوودی: هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە ئازاد و دێموکراتیکن، نە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنییان دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران هەیە



دیمانە: عەلی بداغی

### ئاماژە:

ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان، ئێران و جیهان تیژپەڕن و کاریگەریی خۆیان لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دێڵن. لەو ماوەیەدا کۆمەڵگەی جیهانی جارێکی دیکە بە پرسی ئەتومی و مووشەکیی ئێرانەوە مەشغوولە و هەوڵی بووژاندنەوەی بەرجام دەدرێ. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شەڕی حەماس و ئیسرائیل دەستی پێ کردووەتەوە، ئێران بەرەو هەڵبژاردن دەچێ و کۆرۆنا و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەو بابەتانە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**عەلی بداغی:** بەڕێز کاک مستەفا لە ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکانەوە دەست پێ دەکەین .هێزەکانی هاوپەیمانان بڕیاریان داوە لە ئەفغانستان دەکشێنەوە و بینیمان کە بەشێک لەوان سووریەیان بەجێ هێشت. پێتان وایە ئەوە نیشانەی لە بایەخ کەوتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی؟ یان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغی نوێ لە ململانێیەکاندا تێ دەپەڕێ؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی ئاڵۆزە و پێک هاتووە لە نەتەوە، ئایین، مەزهەب، فەرهەنگ و کولتووری جۆراوجۆر و خاوەنی ژێئۆجوغرافیا و ژێئۆپۆلۆتیکی تایبەت بە خۆیەتی و دەوڵەمەندە بە کانگای ژێرزەویی جۆرراوجۆری وەک نەوت و زێر و ئاو و گاز و شتی تریش. ئەوە بووەتە هۆی ململانێ و حزووری هێزە دەرکییەکان بە تایبەت زلهێزەکان و ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لە کێشە و ئاڵۆزییە سیاسی و حقووقییەکان و ڕکەبەری و ململانێ لە بواری ئابووریشەوە.

پێشێلکردنی مافەکانی گەلانی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە بە پشتیوانیی زلهێزەکانی خاوەن بەرژەوەندی و نەبوونی دێموکراسی و حکوومەتی گەلی و نەتەوەیی کێشەکانی لە ناوچەدا هێندەی دیکەش ئاڵۆزتر کردووە. هەربۆیە لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ زۆربەی گەلانی ئەم ناوچەیە ڕووی ئاسوودەییان بەخۆیانەوە نەدیوە و کێشەکان هەروا بەردەوامن و هەر ڕۆژە بە شێوەیەک لە شوێنێک سەر هەڵدەدەنەوە کە ئەوەش ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی خۆشتر کردووە و تەنانەت ڕەواییەتی بەو دستێوەردانەش داوە.

**عەلی بداغی**: یانی پێتانوایە ئەم حزوور و دەستێوەردانە لە قازانجی خەڵکی ئەم وڵاتانە بوون؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێموایە بوونی ئەو هێزانە و هاتن و دەستێوەردانەکانی بەشێک لە زلهێزەکان هەمووشی هەر بە زیانی گەلان لە ناوچەکەدا نەبووە، بەڵکوو هێندێک جاریش یارمەتیدەر بوون بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری لە ناوچەدا. بۆ نموونە هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران و پشتیوانیی سۆڤییەت لە دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، هاتنی هاوپەیمانان بۆ ئەفغانستان و دوورخستنەوەی تاڵیبان و دواجار ڕووخاندنی حکوومەتی بەعسی عێراق. بۆیە ئەگەر ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەفغانستان بەشێوەیەکی دروست دەوڵەتداری بکەن و لە هەموو زەرفییەتەکان سوود وەربگرن، بوون و مانەوەی هێزەکانی بێگانە بە قازانجی سەقامگیری و دێموکراسی خەڵکی ئەو وڵاتەیە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئێستا باس لە کشانەوە لە ئەفغانستان دەکرێ.

**مستەفا مەولوودی**: لە لێدوان و قسەکردنی بەرپرسانی مەیدانیی هاوپەیمانان لەو ناوچەیە دەردەکەوێ کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچە (ئەفغانستان - سووریە - عێراق) بە تەواوی ناکشێنەوە، بەڵکوو فۆڕم و جۆری مەئمووریەت و چەندوچۆنیی مانەوەیان لەو ناوچەکەدا دەگۆڕن. بۆیە پێچەوانەی بۆچوونی جەنابت لە پرسیاری سەرەتادا، بە بڕوای من، یەکەم، ئێستاش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بایەخی ژێئۆپۆلۆتیک و ژێئۆستراتیژی خۆی لەدەست نەداوە. دووهەم ناوچەیەکی

دەوڵەمەندە و ئەوە ئەگەر وەک ڕابردووش نەبێ، چاوی تەماحی وڵاتانی هەر بەسەرەوەیە. هاوکات کێشەکانی ناوچەکەش چارەسەر نەکراون و هەروک خۆیان ماونەتەوە و بگرە هێندێکیان ئاڵۆزتریش بوون. سێهەم، گەلانی ناوچەکە بە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان نەگەیشتوون، حکوومەتی گەلی و دێموکراتیک نەهاتوونەتە ئاراوە و زۆر لە گەلانی ناوچەکە خاوەنی ماف و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان نین. بۆیە ئەو ناوچەیە لە بایەخ نەکەوتووە هیچ، بەڵکوو ئێستاش لە ڕابردوو زیاتر پێویستی بە چاودێری هاوپەیمانیی بەرپرس هەیە. پێویستە کار بکرێ بۆ کەمکردنەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکان چونکە ئەگەر ناوچەکە بەو هەموو کێشە و ئاڵۆزییەوە بە حاڵی خۆی بەجێ‌بێڵن ئەوە نەک هەر بە زیانی خەڵکی ناوچەکە تەواو دەبێ، بەڵکوو ئاڵۆزی و کێشەکان پەلوپۆ داوێن و ناوچە دوورەکانیش بەهۆی بەرەوپێشچوونی خێرای تێکنۆلۆژی و پێوەندییە ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکان دنیای ئەوەندە بچووک کردۆتەوە کە بێگومان ئەو ئاڵۆزییانە وڵاتانی دیکەی جیهانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعش لە وڵاتانی جیهاندا.

**عەلی بداغی**: لە ئەگەری کشانەوەی یەکجاری یان شوێندانەری ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان، چەندە دەور و نەخشی ئێران لە هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست زیاتر دەکا؟

**مستەفا مەولوودی**: لەو ناوچەیەدا دەور و ڕۆڵ و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی ڕوون و بەرچاوە. ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باسیان لە ناردنەدەرەوەی شۆڕش (صدور انقلاب) دەکرد کە ئێستا ئاکامی ئەو دروشمە لە وڵاتانی ئەفغانستان، سووریە، بەحرەین، لوبنان، عێراق، سووریە و فەلەستین و هێندێک وڵاتی دیکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتووە؛ کاربەدەستانی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بە ئاشکرا دان بەو دەستێوەردانانە دەنێن و بە ستراتیژیی باڵای خۆیانی ناو دەبەن. گەلان و وڵاتانی ناوچەکەش بەو دەستێوەردانانە تووشی کێشە و نائەمنیی زۆر بوون و بەشێک لە ئەرک و مەئمووریەتی هاوپەیمانان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە تەرخان کراوە.

کۆماری ئیسلامی وێڕای پێش‌پێگرتن و جڵەوکرانی لەلایەن هاوپەیمانان ئاوا بێشەرمانە خەریکی دەستێوەردان و پیلانگێرییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەگەر بێت و هاوپەیمانان ناوچەکە بەجێ بێڵن بێگومان مەیدانی تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە خۆشتر و بەربڵاوتر دەبێ. بۆیە بە بڕوای من لەو حاڵەتەدا ناوچەکە ڕووی ئاسوودەیی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ.

**عەلی بداغی**: ئەو پیلانگێری و دەستێوەردانەی کۆماری ئیسلامی کە باسی دەکەن چۆنە و بە چ شێوەیەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی سیاسی - مەزهەبیی گەلان و جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان لەو ناوچەیەدا بۆ ئانەوەی دووبەرەکی لە نێوان دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە کەلک وەردەگرێ و وا دەکا زیاتر لە ئێستا بەگژ یەکدا بچنەوە و کێشە سیاسی و مەزهەبی و دینی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر قووڵ بکەنەوە. ئەو ڕێژیمە بەهۆی سیاسەتی پیلانگێری و ئاژاوەنانەوە، داهاتی خەڵکی ئێران و ئابووریی ناوچەکەش بۆ بەرژەوەندییەکانی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هێز و گرووپ و میلیشای گوێ لە مستی خۆی زیاتر دەکا. بەوەش ئەم ناوچەیە دەکاتە مەیدانی شەڕ و پێکهەڵپڕژانی گەلان و لایەن جۆراوجۆرەکان و ناوچەکە هەروەک وڵاتی ئێران لە هەموو بوارەکاندا بەرەو دواوە دەباتەوە. ئەمە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بووە.

**عەلی بداغی**: گەڕی نوێی شەڕی حەماس و ئیسرائیل چووەتە حەوتووی دووهەم. قائانی، فەرماندەی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران لە کوێی ئەم شەڕەدا جێدەگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکوومەتیکی بەهێزی ناوچەکە دادەنێ و دەیەوێ دەسترۆیشتوویی و ئۆتۆریتەی خۆی بە دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی و چاوسوورکردنەوە لەم و لەو لە ناوچەکەدا بسەپێنی و لە جیاوازییە نەتەوەیی، دینی و مەزهەبییەکان بە قازانجی شوومی خۆی کەلک وەردەگرێ. ئەو چارەنووسەی کە زیاتر لە حەوتوویەکە خەڵکی نەواری غەززە تێیکەوتووە دەتوانێ یەکێک لە هۆیەکانی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی بێ لەو ناوچەیە لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا. لە ساڵانی ڕابردوودا چەند دەرفەتێک بۆ ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل هاتنە ئاراوە تاکوو بەڵکوو بە دیالۆگ کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن و فەلەستینییەکان بە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بگەن و ئەوەش بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی تا ڕاددەیەکی زۆر پرۆسەکە بەرەوپێش چووبوو کە کۆتاییەکەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بە دراوسێیەتیی وڵاتی ئیسرائیل کۆتایی دەهات، بەڵام دەستێوەردانەکانی ئێران بوون بەهۆی ئەوەی کە ئەم پرسە پەکی بکەوێ و بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە و ئاکامەکەی بوو بە ئەم شەڕ و ماڵوێرانییەی کە ئەمڕۆ بە بەرچاوی دنیاوە خەڵکی سڤیل بە مووشەکی ئێرانی و فڕۆکە و بۆمب گیانیان لەدەست دەدەن و وڵات وێرانتر دەکەن.

هەر ئەم دەستێوەردان و پیلانگێڕییەی کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوەی کە بەهۆی ناکۆکییەکانی لایەنە فەلەستینییەکان، "نەواری غەززە" لە فەلەستین دابڕێ و ڕاپەڕینی (انتفاضه) فەلەستینییەکان لە غەززە دژی ئیسرائیل لە بەردهاویشتنەوە بوو بە مووشەکبارانی ئیسرائیل لە لایەن حەماس و کوشتنی خەڵکی سڤیل لە نەواری غەززە کە هەمووان دەزانن و بۆخۆشیان دانیان بەوە داناوە کە مووشەکەکان دروستکراوی کۆماری ئیسلامین و ئەو ڕێژیمە داویەتی بە حەماس. ئەوەش بووەتە هۆی وێرانی و شەڕێکی گەورەی مووشەکی و پێکهەڵپڕژانی دوو گەلی ئیسرائیل و فەلەستین. کۆماری ئیسلامی لە پێناو تێکدانی پرۆسەی ئاشتی ئەو دوو گەلەدا بە میلیارد دۆلاری خەرج کردووە و بەجیی یارمەتییە ئینسانی و خۆراکی و

دەرمانییەکان مووشەک و چەک و تەقەمەنی بۆ یەکێک لە لایەنەکان بەرێ دەکا و ڕۆژبەڕۆژ ئاگری شەڕ و دووبەرەکی لەو ناوچەیە زیاتر پەرە پێ دەدا. کۆماری ئیسلامی هاوکات لەو شەڕ و پێکدادانانە بۆ هەندێ مەرامی سەربازیی خۆیشی کەڵک وەردەگرێ، ئەویش تاقیکردنەوەی مووشەک و کەرەستەکانی دیکەی شەڕ کە دەبێ لە شوێنێک تاقییان بکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەواتە زەرەرمەندی ئەسڵیی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی فەلەستینن؟

**مستەفا مەولوودی**: دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران کە ئەو بە یارمەتی ناوی دەبا نەک هەر هیچ سوودیکی بۆ فەلەستینییەکان نەبووە بەڵکوو بۆتە هۆی ماڵوێرانی خەڵکی فەلەستین و لە لایەکی دیکەوە هەژاری و برسیەتی هەرچی زیاتری خەڵکی ئێرانیش.

گەلانی ئێران لەم پێوەندییەدا بێجگە لە برسیەتی و نەهامەتی لە هیچ شوێنیکی ئەو کێشەیەدا نین. کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریە سەربازییەکانی بە گرووپەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی پتری ناوچەکە و بەدیاری هێنانی بەدبەختی و چارەڕەشی بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بووەتە هۆی بێئێعتبار کردنی ئێران و قووڵکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان خەڵکی ئێران و گەلانی دیکەی ناوچەکە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا بێینە سەر باسەکانی نێوخۆی ئێران. ئێران بەرەوە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شوراکان دەچێ، دوای ئەزموونی چوار دەیە لە هەڵبژارن لە ئێران هەڵبژاردن لەو وڵاتە چ مانایەکی هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەڵبژاردن لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتییە. بەپێی یاسای هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی و ئەو چوارچێوە و ڕێوشوێنە کە بۆیان دیاری کردوە، هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بەڕێوە دەچێ و ڕێژیمیش پروپاگەندەی زۆری پێوە دەکا و مانۆڕی پێ لێ دەدا. بەڵام ئەزموونی بە ڕواڵەت هەڵبژاردنەکانی ئێران لە ماوەی چوار دەیەدا بۆ ئێمە و خەڵکی ئێران و خەڵکی شارەزا لەم بوارەدا دەرکەوتووە کە هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە یاساییین، نە ئازاد و دێموکراتیک و خەڵکین و نە هیچ شوێندانەری و کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر بەرەوپێشچوون و خۆشبژێویی خەڵکی ئێران هەیە. هەڵبژاردن تەنیا سێناریۆیەکە کە بە بڕیاری کۆمەڵێک کاربەدەستی ڕێژیم بەڕێوە دەچێ بۆ ئەوەی خەڵک بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئەویش بۆ ڕێکلام و ڕەوایییدان و شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی دژی گەلیی خۆیان.

بەپێی یاسای کۆماری ئیسلامی، کەسێک کە خۆی بۆ سەرۆککۆمار بەربژێر دەکا هیچ حیزب و هێزێکی نییە هەتا ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دەدا جێبەجێی بکا و ناچارە هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەدا کار بکا کە بەپێی قانوون و



سەرچاوە
Serchawe

یاسای ڕێبەر بۆی دیاری دەکرێن. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دیتمان کە محەممەد خاتەمی چەند بەڵێنی بە خەڵک دان بەڵام نەیتوانی جێبەجێیان بکا و دواجار لە لێدوانێکدا گوتی: "سەرۆککۆمار لە ئێران لە تەداروکچییەک بەولا زیاتر نییە." هەربۆیە لە سەرەتاوە تا ئێستا هەڵبژاردن لە ئێران بێجگە لە شانۆگەری و شەرعییەت وەرگرتن لە خەڵک بۆ کۆماری ئیسلامی و ڕاگرتنی وەزعی مەوجوود هیچی دیکەی بۆ خەڵکی ئێران پێ نەبووە.

**عەلی بداغی:** **حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئەندامێکی ناوەندی هاوکاری ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت کردووە. بەشداری یان بایکۆت چۆن و چەندە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەبێ؟**

**مستەفا مەولوودی:** حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە و بێجگە لە یەک دوو هەڵبژاردن، هەڵبژاردنەکانی دیکەی هەموو بایکۆت کردووە، لەبەر ئەوەی کە پێی وابووە بە هەڵبژاردنی ئەو بەربژێرانەی کە لە پاڵاوینەی شوورای نیگابان و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی ڕەت دەبن، ناتوانن و ناشیانەوی هیچ گۆڕانکارییەک بە قازانجی گەلانی ئێران بکەن. ڕەفتاری خەڵکی ئێران بە هەڵبژاردنەکانیش تەواو سیاسی بووە. زۆرجار خەڵکی ئێران خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ هەڵبژاردنی بەربژێرێکی بۆ نموونە وەک محەممەد خاتەمی کردووە و پێیانوابوە کە بە هەڵبژاردنی ناوبراو دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن و حیزبی دێموکراتیش داوای بایکۆتکردنی لە خەڵک نەکردووە و ئەو ڕێگایەشی تاقی کردۆتەوە، یان هێندێک جار هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان و شوراکانی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری جیاکردۆتەوە و پێی وابووە کە هێندێک لە بەربژێرەکانی شوراکان یا پارلەمان دەتوانن بە جۆرێک خزمەتێک بە خەڵکی ناوچەکەی خۆیان بکەن و نەهامەتییەکانی خەڵکی ناوچەکەی خۆیان لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا بێننە بەرباس. جاری وا هەبووە کە چوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بۆ نووسینی دەنگی "نا" بووە بە کۆماری ئیسلامی و ئەوەش ڕێگایەک بووە بۆ دژایەتیی ڕێژیم و جۆرێک بووە لە خەباتی مەدەنی یان بە دەنگدان بە کەسێک کە ڕکەبەری بەربژێرێکی نزیکتر یا ئالقەبەگوێی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بووە و ڕێژیم خۆی ویستوویەتی بێتە سەر کار. بۆ نموونە ئەوە لە هەڵبژاردنی بەربژێرەکانی وەک مەحموود ئەحمەدی نژاد و مەهدیی کەڕوبی و میرحوسێن مووسەوی بە ئاشکرا دیار بوو و کێشە و خۆپێشاندانی گەورەشی لێ ساز بوو.

بەڵام ئەزموونی ئەو هەڵبژاردنانە لە ئێراندا پێمان دەڵێ کە هەڵبژاردن لەو نیزامەی ئێستادا هیچ سوودێکی بۆ خەڵک نییە و تەنیا دەسکەوتێکی تەبلیغاتییە بۆ ڕێژیم و هەر بۆیە حیزبی ئێمە و "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردووە. هیوادارم گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بە پیل ئەو بانگەوازەی ناوەندی هاوکاری و ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانەوە بێن کە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردووە بۆ ئەوەی مەیدانی مانۆڕ لە ڕێژیم بەرتەسک بکەنەوە و ئەو کارتەش لە دەست کاربەدەستانی ڕێژیم دەربێنن.

**عەلی بداغی**: ئەگەر بەشداریی خەڵک بە بنەما بۆ شەرعییەتی سیاسی دابنێین، ڕێژیمی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی مەجلیسدا ئاستی کەمتر لە سەتا ٤٠یشی ئەزموون کرد و شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا. لەوانەیە ئەمجار کەمتریش بێ، کەواتە ئاستی بەشداری دەکرێ چ خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: مەشرووعییەتی نیزامی سیاسی بەپێی یاسای هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێوشوێنی یاسایی و پێوانەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئەو نیزامە خاوەن شەرعییەتە یان نا. بۆ ئەوەش هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک و بەشداریی خەڵک یەکێکن لە پێوانەکان. کردەوە و هەڵسوکەوتی نیزامیش کاریگەرییان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە. کۆماری ئیسلامی بێ ئەوەی خەڵک بچن یا نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان مەشرووعییەتی نییە و تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە مەشرووعییەتی بەخۆی بەخشیوە و خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

بەپێی قانوونی بنەڕەتی، نیزامی ئێران نیزامی هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە نییە، بە زۆر بیانووی دینی، مەزهەبی، سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی لە زۆر ماف بێبەش کردووە و زۆر شتی لێ قەدەغە کراوە، کەوایە هەر بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە ڕێژیم ڕەواییەتی خەڵکی ئێرانی لە پشت نییە. دەسەڵاتی تاکەکەس واتە ڕێبەر هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری خستۆتە ژێر چنگی خۆی و سەلاحییەت و مەشرووعییەتی هەموویانیشی خستۆتە ژێر پرسیار. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕۆڵ و دەوریان بۆ پاراستنی مافی خەڵک و کار و ژیان و، دیفاع لە مافەکانیان ناتەبایە لەگەڵ نیزامی حقووقی و خەڵکپەسەند کە یەک کەس لەم وڵاتەدا بە ناوی ڕێبەر هەموو دەسەڵاتەکان بکاتە پاوانی خۆی و، بە حوکمێک بتوانێ هەر کام لە یاساکان ڕابگرێ، هەڵی وەشێنێتەوە یان پەکی بخا. هەر بەم هۆیانە چوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان تەنیا ڕەواییدانی ڕواڵەتییە بەو ڕێژیمە و هیچیتر.

شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا هەر جارە بە مەرامێک سوودی لێ وەرگیراوە. ئەمجارەیان بەپێی ڕاپرسی و پێشبینییەکان خەڵکێکی زۆر کەم بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن و ڕەنگە ڕێژیم بۆ نەچوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان بیانووی پەتای کۆرۆناش بێنێتەوە. بەمجۆرە ڕێژیم کەسێکی جێگەی پەسەندی خۆیان لە سندووقەکان دەردەکێشێتە دەرێ و دەیکاتە سەرۆککۆمار و بیروڕای گشتیی پێ چەواشە دەکا.

**عەلی بداغی**: مستەفا تاجزادە یەکێک لە بەربژێرەکانە کە دیارە تا ئێستا دیار نییە شیاوییەکەی قبووڵ دەکرێ یان نا. ئەو وەک بەربژێرێکی سەرۆک کۆماری بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان داوای پێداچوونەوەی بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەکا. بە فەرزی مەحاڵ و بەپیی یاسای بنەڕەتیی ئێستا، خۆ ئەگەر ئەو ببێتە سەر کۆمار و خۆ ئەگەر ئەو بڕیارەش بدرێ، ئەمە چ گۆڕانکارییەکی لێ دەکەوێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: مستەفا تاجزادە لەبەر ئەوەی کە بەهۆکاری ئەمنییەتی لە ئێران زیندانی کراوە ڕەنگە هەر ئەوە وەک بەڵگەیەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتەکەی بەکار بێنن. لە فەرزی مەحاڵدا دەڵێن فەرزی مەحاڵ مەحاڵ نییە، من پێموانیە مستەفا تاجزادە دەنگ بێنێتەوە و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکەی ڕێگە نادەن لە ئێستادا کەسێکی ئاوا ببێتە سەرۆککۆماری ئێران. ئەگەر دیسانیش بڵێین فەرزی مەحاڵ مەحاڵ نییە و وەک محەممەدی خاتەمی مستەفا تاجزادە ببێتە سەرۆک کۆماریش هیچی لە دەست نایە و هەر دەبێ گوێڕایەڵی عەلی خامنەیی و لەژێر هەیمەنەی سپای پاسداراندا بێ و وەک ئەوانیتر دارولەلەی بۆ دیاری دەکەن. ناوبراو لە کاتی خۆ بەربژێرکردنی باسی لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی ئێران کرد بەڵام ئەگەر ناوبراو ببێتە سەرۆککۆمار ناتوانێ نەک هەر لە یاسای ئێراندا بەڵکوو لەو نیزامەدا هیچ گۆڕانکارییەک پێکبێنێ. من پێموانییە کە کەسێکی وەک تاجزادە بکرێتە سەرۆککۆماری ئێران. ئەوە تەنیا خەون و خەیاڵی تاجزادەیە و تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم تەبلیغیشی پێوە بکا و بە چەواشەکردنی بیروڕای گشتی بڵێ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کەسانی دژبەری نیزامیش دەتوانن خۆیان بەربژێر بکەن و تەندووری هەڵبژاردنەکانی پێ گەرمتر بکەن و هیچیتر.

دەنا بەر فەرزی مەحاڵ ئەگەر هەر ئێستا خامنەیی بەوەش ڕازی بێ، دەی بەپێی قانوون بۆ گۆڕانکاری و پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسی هەیئەتێک پێویستە. ئەم هەیئەتە بریتین لە شووڕای نیگابان کە هەر دوازدە ئەندامەکەی لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری کراون، سەرۆکی سێ دەزگای سەرەکیی ولات کە ڕوونە یەکیان ڕاستەوخۆ دوو دانەکەی دیکەش ناڕاستەوخۆ ڕێبەری دیاری کردوون، ئەندامانی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژوەندییەکانی نیزام کە هەرهەموویان ڕێبەر داینـاون، پێنج کەس لە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان، دە کەس بە هەڵبژاردنی ڕێبەر، سێ کەس لە کابینەی دەوڵەت، ٧ کەس لە دەزگای داد، دە کەس لە نوێنەرانی مەجلیس و سێ مامۆستای زانکۆ. ئەوە گریمان ئەو هەیئەتەش پێکهات، دەی سروشتییە کە ئینتیما و ئاراستەی ئەو هەیئەتە چی دەبێ و خەڵک لە هیچ کوێی ئەو پێکهاتەیە و هاوکێشەیەدا نییە. بۆیە بە فەرزی مەحاڵیش ئەگەر ئەو بڕیارەش بچێتە بواری جێبەجێکردن هیچ شتێکی بە قازانجی خەڵک لێ ناکەوێتەوە.

**عەلی بداغی: کۆمەڵگەی ئێران هەتا وەرزی زستانی دوو ساڵ لەمەوبەر قۆناغێکی زۆر تایبەتی لە ناڕەزایەتی دەربڕینیەکان ئەزموون کرد کە بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دەتوانێ یەکێک لە دەرکەوتەکانی بێ، بەڵام دواتر سەرەرای بارودۆخی نالەباری خەڵک هەست بە داکشانی ناڕەزایەتییەکان دەکرێ، ئایا کۆرۆنا هۆکار بوو یان هۆکاری دیکەی لە پشتە؟**

**مستەفا مەولوودی**: بۆ گردبوونەوە و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵک ڕێوشوێنێکی ئەمنییەتی توند گیراوەتە بەر و کۆرۆناش یەکێک لە هۆکارەکان بووە کە ڕێژیم سوودی زۆری لێ بینیوە. بەڵام بێ ئەوەش چۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنی خەڵک و سەرکوت



سەرچاوە
Serchawe

و گوشاری لەڕادەبەدەر بڕستی لە خەڵک بڕیوە و هەر خۆپێشاندانێک بە هەر مەبەستێک و بۆ هەر داواکارییەک لەگەڵ کوشتن و سەرکوت بەرەوڕوو بووە. جیا لەوانەش برسیەتی، هەژاری و بێکاری یەکێکی دیکە بوون لە هۆیەکانی کەمبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و لە کاتی برسیەتیدا خەڵک زیاتر بە دوای ناندا دەگەڕێ تا ئەوەی بە دوای ئازادیدا بگەڕێ و زۆرتر بیر لە تێرکردنی زگی منداڵەکانیان دەکەنەوە. بەڵام سەرەرای هەمووی ئەوانەش خەڵک بێدەنگ نەبووە و هیچکات نەیانهێشتوە ڕێژیم بێ خەیاڵ بێ و ڕۆژ نییە لە شار و شارۆچکەکانی ئێران بەجۆرێک خەڵک خۆی نیشان نەدا و ناڕەزایەتی دەرنەبڕێ. ڕاستە خۆپێشاندانەکان سەرانسەری و گەورە نین، بەڵام هەمیشە هەر بەردەوامن و زیندانەکانی ڕێژیم و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باشترین شاهیدی ئەم ناڕەزایەتییانەن.

هەمووی ئەو نەهامەتیانە بوونەتە ڕقێکی پەنگخواردوو لە سینگی خەڵکدا و هیچ دوور نییە خەڵک ڕۆژێک هەموو پێکەوە برژێنە سەر شەقامەکان و تەخت و بەختی ڕێژیم تێکەوەپێچن.

**عەلی بداغی**: پێگەی پرسی مافخوازیی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی**: پرسی نەتەوەیی و مافخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستا بە پرسێکی لەسەر هەست و دیار و شوناسخوازیی سیاسی و کوردانە دەبینم. دیارە ئەوە هەر هی ئەمڕۆ و تازە نییە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە، لە هەر دەرفەتێک کە هاتووەتە ئاراوە ئەو پرسە بەربلاوتر و زەقتر خۆی دەرخستووە و خەڵکی کوردستان لەم پێناوەدا تێچوویەکی زۆری گیانی و ماڵییان داوە. ئەوەی کە ئێستا دەیبینین بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان. خەباتی جۆراوجۆری چەکداری، مەدەنی، سیاسی، ژینگەپارێزی، کولتووری و فەرهەنگی هەمووی هەر لە پێناو ئامانجێکدایە کە ئەویش پرسی شوناسخوازی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتییە و من خەباتی فرەڕەهەندی گەلەکەمان بە شوێندانەر دەبینم. کۆی ئەم شێوە خەباتانە دەری خستووە کە خەڵکی کوردستان چەندە لەسەر هەستە و چەندە لەبەرانبەر مافە پێشێلکراوەکانیدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا. خەباتی گەلی کورد لە ئێراندا لەچاو باقی ناوچەکانی ئێران جێگە و پێگەیەکی جیاواز و دیار و بەرچاوی هەیە و لە زۆر کات و بواردا ڕێژیمی توشی شکست و بەرگژەی توند کردووە و کاربەدەستانی ڕێژیم بە نیگەرانییەوە سەیری بەرهەڵستکاری و خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن.

**عەلی بداغی**: لەو ماوەیەدا لە دوو شاری کوردستان کۆمەڵێک کردەوەی توندڕۆی لایەنێکی ئیسلامی بیندران. حیزبی دێموکرات چۆن لەو دیاردەیە دەڕوانێ؟

**مستەفا مەولوودی**: باوەڕی ئایینی لەنێو موسڵمانان و پێڕەوانی هەر ئاینێک پیرۆزیی تایبەت بەخۆی هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی دێموکرات و مافخواز ئەم واقعییەتە دەبینێ و ڕێز لە هەموو ئایین و پێڕەوانی بیروباوەڕەکان بە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە دەگرێ. هەڵبژاردنی هەر بیروباوەڕێک بۆ هەر تاکێک بە ڕەوا دەزانێ و عیبادەت و خواپەرەستیش یەکێکە لەوان. هەر ئایینێک ڕێزی لێ دەگیرێ بەو شەرتەی کە بە زۆر و لە ڕێگەی کوشتن و هەڕەشە و تۆقاندنەوە بەسەر خەڵکدا نەسەپێندرێ، ئازادییەکانی خەڵکی دیکە پێشێل نەکا و نەبێتە هۆی کێشە و ئاڵۆزی و تێکدانی کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕیزەکانی گەل تێک نەدا.

کۆمەڵی کوردەواری خاوەنی ئایین و بیروڕای جۆراوجۆرە و کولتووری بەیەکەوە هەڵکردن لەنێو یەکدابوون مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەموو ئایین و مەزهەب و بیروڕاکان لە کوردستان لە پەنای یەک و بەیەکەوە بوون. بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان زەرفییەتی ئەوەی نییە ڕێگە بە توندڕۆیی و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵ لەلایەن هیچ گرووپ و تاقمێکی سیاسی و ئایینیەوە بدا. ئایینی ئیسلامیش کە لەنێو کوردا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و پێشەنگانی ئەو ئایینە هەوینی بەیەکەوە ژیان بوون لەگەڵ ئایینەکانی دیکە. زۆر لە کەسانی ناوداری ئایینیی کورد دژ بە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان ڕاوەستاون و لەپەنا بەجێ گەیاندنی ئەرکە دینی و ئایینییەکەیان، بۆ مافەکانی گەلەکەمان تێکۆشاون و لە هەوڵی دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەیی دابوون و تا ئێستاش زۆر کەسی لە ڕیزی خەباتکارانی گەلەکەماندان. لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردا و بە تایبەت لەنێو ڕیزی حیزبی دێوکراتی کوردستاندا کەم نەبوون ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تا ئەمڕۆش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا بوون و کەسانێکیش هەن کە تا ئێستا هەر بەردەوامن.

ئێمە خەڵکی کوردستان بە خەڵکێکی باوەڕمەند دەزانین و ئەوەی لەم ماوەیەدا ڕووی دا بە هیچ شێوەیەک گوزارشت لە بیروباوەڕی موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکا. هیوادارم مامۆستایانی ئایینی و کەسانی شارەزا لەم بوارەدا بە هەڵوێست و تەوسییە و ئامۆژگاری و وتار بتوانن ڕێگەی کوردانە و پڕ لە بەخشەندەیی بگرنە بەر و بتوانن وەڵامیان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە دەبێ کە هیچ دوور نییە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تێدا بێ. ئەوان لەسەریانە هەوڵ بدەن بە ئامۆژگاری و پێشاندانی ڕێگەی دروست نەهێڵن کە ئەو ڕەفتارانە لەنێو کۆمەڵی کوردەوارییدا ببێتە کولتوور و بەیەکەوەژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری خەوشی تێ کەوێ.

**عەلی بداغی**: دوا پرسیار و پرسیارێکی هەمیشەیی کە پرسیاری هەموو کات و هەر لەسەر زاری خەڵکیشە. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەیشتە کوێ و چی تازەی هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات یان دێموکراتەکان ڕیگایەکی زۆرمان پێواوە، قۆناغێکی سەخت و

دژوارمان تێپەڕ کردووە. ئێستا گەیشتووینە سەر ڕێچکە و ڕێگایەکی ئاسان و پێم‌وایە هەردوو لامان چاوەڕوانیی خەڵک و زەروورەتی یەکگرتنەوەکە هەست پێ دەکەین.

لە قۆناغی وتوویژ و قسە و باسی جیددی داین، وامان کردووە پرسەکە نەوەستێ و قۆرتی تێ نەکەوی، بەڵام کاریشمان ماوە بۆ ئەوەی هەموو بەربەستەکان ببڕین کە ئەوەش پێویستی بە کات و کاری زۆر هەیە. بەڵام هیوادارم خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی دێموکرات زۆر لە چاوەروانیدا ڕانەگرین.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتت بۆ ئەم وتووێژە دانا.

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

## حیزبە کوردییەکان و پرسی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی




**(کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٣ ساڵەی تەمەنیدا سیکلی کۆتایی دیکتاتۆریی خۆی تێدەپەڕێنێ، بەڵام یەک لەو هۆکارانەی تا ئێستا وەک بەرگژەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە بەرهەست بووە، نەبوونی جێگرەوە و ئاڵترناتیڤ بووە. ئەم بەرگژەیە لە ئێستادا چ دۆخێکی بۆ کۆماری ئیسلامی و هەروەها جووڵانەوەی ئێعترازیی بەرینی خەڵک دروست کردووە. "کوردستان" لەو پێوەندییەدا و لە چەند تەوەردا ڕاوسەرنجی حەمەنەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەرگرتووە.)**

**عەلی بداغی: ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی چییە؟ کێیە؟ ئادرەسی ڕوون بۆ بەدیل و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کامەیە؟**



**حەمەنەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**

یەکێک لە فاکتەرەکانی مانەوەی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان، پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی و هاوپەیمانییەکی پێشکەوتنخواز و دێموکراتیک بووە کە جیاوازیی هزری و پێکهاتەیی لەگەڵ ڕوانگەی دەسەڵاتی ناوەندی پێوە دیار بێ. بەداخەوە زۆر جاریش گوتاری بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن، یان ڕوانگە و بۆچوون و سیاسەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری جیاواز نەبووە و بوونەتە پاساوچی بۆ تاوانەکانی سەرانی ڕێژیمەکان و سیستمە کۆنەپەرەستەکان. لە هەلومەرجی ئێستای ئێرانیشدا ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەبینرێ.

ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی کارناسانە شرۆڤە بکەین، بریتییە لەو بەدیلە کە ئامانج و ڕوانگە و گوتاری سیاسی و حوزوور و چالاکییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی پاوانخوازدایە و دەبێ شوناسی خۆی وەکوو ئاڵوگۆڕخواز و جێگرەوە و دژبەری بنەما دژە مرۆییەکانی دەسەڵات پێناسە بکا. لێرەدا لایەنێکی سەرەکی کە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ و زۆر جار لەم بوارەدا ڕۆڵی گێراوە و تێچووی داوە، بەڵام ئاوڕی جیدیی لێ نەدراوەتەوە، هێزی گەل و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکە کە لە تەواوی قۆناغەکانی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ئێراندا دەوری شویندانەریان هەبووە. لە شۆڕشی مەشرووتییەت، ساڵەکانی دەیەی ٣٠ هەتاوی و بزووتنەوەی بەخۆماڵیکردنی نەوت (کە دواتر دەرکەوت مەبەست بە حکوومەتیکردنی نەوت بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرە سەرکوتکەرەکان بووە). شۆڕشی ساڵی ٥٧، خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٨٨، ٩٦ و ٩٨ و تا ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئۆپۆزیسیۆن بەپێی ئەو پێناسەیە کە ئاماژەمان پێ کرد لە گۆڕێدا نییە، ئەوەی کە هەیە خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی وڵاتە، ئەویش بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی شێلگیر و خاوەن بەرنامە، لەگەڵ سەرکوتی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبێ و هیچکام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئێستا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرنە دەستەوە و بەرنامەیەکی گشتگیر ڕابگەیەنن.

ئەگەر لەم بارودۆخەدا باس لە لایەنی چالاکی پرۆسەی سیاسیی ئێران لە بەرانبەر ڕێژیمدا بکەم، بزووتنەوەکانی گەلانی ئێران لە هەموو کاتێکدا زیاتر لەسەر خەت و ئامادەی خەباتن، پاشان کۆمەڵانی خەڵک، ژنان، کرێکاران پێشەنگی ئەم خەباتە جەماوەرییەن و بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێران کە ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەتریان هەیە و باوەڕمەندن بە فرە پێکهاتەیی و فرەنەتەوەبوونی ئێران و پێیان وایە کە تەنیا ڕێگا بۆ دەربازبوونی یەکجاری لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان بونیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵە، دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ لەو خەباتەدا بگێڕن.



**ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان:**

یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی مانەوەی ڕژیم وێرای قەیرانگەلێکی قووڵ و چەند لایەنە کە سەرتاپێی ئەم ڕێژیمەی داگرتووە، نەبونی ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز و بە پێگەی جەماوەری و ناسراوە و تا ڕادێکیش قەبوڵکراوە لەلایەن هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا زۆر بە بەرنامە و بە ستراتژی بەڵام بە ئێعدام و تێرۆر و ڕەشەکوژی و لە هەمان کاتدا بە سازکردنی تۆڕێکی بەرین لە دەستوپێوەندکانی خۆی لەژێر ناوی جۆراجۆر و سیمای جیاواز لە هەولی ئەوەدا بووە کە هیچ ئاڵتەرناتیڤێک سەر هەڵنەدا و هەرچەشنە جێگەرەوەیەک لە بار بەرێ و هەر زۆر زوو بیخنکێنێ. هەر بۆیە ئێستا و لەم هەلومەرجە ناتوانین هیچ ئاڵتەرناتیڤێک دەسنیشان بکەین، ئەگەرچی کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەن کە وەک ئاڵتەرناتیڤێک خۆیان دەردەخەن، یا لانیکەم هەول و سەودای ئەوەیان لەسەرە کە وەک ئاڵتەرناتیڤێک بناسرێن و ددانیان پێ دابنێن.

ئەوەش کە لە نێوخۆی کۆماری سێدارە ئاڵتەرناتیڤێک سەر هەڵبدا و لەلایەن جەماوەروە پشتیبانی بکرێ بهتەواوی مەوزوعییەتی لەدەست داوە و ئەگەر سەرەتا دلخۆشکردن بە وەها ئاڵتەرناتیڤێک تەوەهوم و خۆشباوەڕی بوو، ئیسە دەچێتە خانەی شەییادی و گەمژەیی. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نابێ بە دوای ئادرەسی ڕوون بگەرێ، بۆ؟ ئێستا کورد و بە تایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرینگترین و جەماوەریترین و ناسراوترین هاوپەیمانیی سیاسییە، ئەگەرچی خۆیی دەستی کەم گرتووە و بە جۆرێک چەقیوە. هەربۆیە ئاڵتەرناتیڤەکانی دیکە ئەگەر بوونیان هەیە دەبێ لەگەڵ ئەم ناوەندە پەیوەندی بگرن. ستراتیژیی کورد و داخوازییەکانی بۆ هەمووان ڕوونە. شتێک باو بووە کە "بزانین کێ چیمان دەداتێ" کە من زۆر بە هەڵەی دەزانم، ئەمە هیچ نەبێ دەستی کەمگرتنی خۆمانە. ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پرەنسیبە نیزیک و دوورن.



**مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لەنێو کۆمەڵانی هەراو و نارازیی ئێراندا دروست دەبێ. لە ئێستادا بەڕوونی ناتوانین ئادرەسی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان بکەین و قامک لەسەر حیزب یان ڕێکخراو و بەرەیەک دابنێین و بڵێین ئەوە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەوە دروشمەکانیەتی و ئەمە ڕێباز و سیاسەتەکەیەتی و لە داهاتوویەکی نیزیکدا دێتەی جێگەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام من بڕوام وایە لە ئێستادا و لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا کە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران خوڵقاندوویەتی، دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر قورس نییە و دەرەتان و ئیمکان و زەرفییەتی دروستبوونیشی لەنێو خەڵکی نێوخۆی وڵاتدا هەیە.

هەموومان دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا کەمترین شەرعییەتی سیاسیی لەنێو خەڵکی وڵاتدا هەیە. لە ئێستادا کێشە و قەیرانەکان کە لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمەوە دروست بوون، تەواو تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە. پێچەوانەی یەک دەیە و دوو دەیە پێش نارەزایەتییەکان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵیان گرتۆتەوە، لە ناوچەیەکدا قەتیس نین و هەموو شار و ناوچەکانی وڵاتی تەنیوە، مەودای نێوان نارەزایەتییەکانیش هەتادێ کورتتر دەبێتەوە و لە دە ساڵ و چەند ساڵ جارێک ڕا بوەتە ڕۆژانە. داوا سنووردارەکان ئێستا سنوورە سوورەکانیشیان بەزاندووە و خەڵک لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. بە واتایەکی دی لە ئێستادا خواستەکان هەر تەنیا کۆمەڵایەتی و بۆ کار و بژێو و مز و حەقدەست نییە، بەڵکوو ویست و داواکان تەواو سیاسی و حقووقین. سروشتییە کاتێک بێزاری بەو ڕادەیە زۆر بێ، خەڵکی ئێران وەک کۆمەڵێکی بەرپرسیار و لەسەر هەست لەبیری دروستکردنی جێگرەوە و ئاڵتێرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبن. من باوەڕم وایە ئەو توانا و پوتانسیەلە لە ئێراندا هەیە و نابێ نیگەرانی ئەوە بین.

**عەلی بداغی: ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا چۆن دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بەچۆک**

داینێ؟

**ڕەزا کەعبی**: کۆماری ئیسلامی نە بە چۆکدان، بەڵکوو دەبێ بەتەواوی برووخێ و لەنێو بچێ. ئەزموونی چل ساڵەی وڵاتانی ناوچە لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و... پێمان دەڵێ کە گۆڕینی ڕێژیمەکان بەبێ حوزووری جەماوەر و ئاخێزی گەورەی جەماوەری و ئیرادە و داخوازی ڕوون، و بە پشتبەستن بە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەگەریش بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار کۆتایی پێ بێ، بە واتای ڕزگاری لە کوشتار و فەقر و برسیەتی و گەیشتن بە ئازادی نییە.

ئێمە پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە کام ئاڵتێرناتیڤ بوونی هەیە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی شۆڕشی جەماوەی چین و چۆن دەکرێ نەمێنن. یەکێک لە ئاستەنگە کاریگەرەکانی بەردەم ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی ئەوەیە کە بۆ خەڵک ڕوون نییە پاش ڕووخاندن ئازادی و ئاسایش و ئەمنییەت سەقامگیر بێ و دور بێ لە شەڕی نێوخۆیی و سەرکوت و دیکتاتوری لەژێر ناوێکی دیکە. هەربۆیە حوزووری خەڵک و بەتایبەت بەرچاوڕوونییان بۆ داهاتو شەرتی یەکەم و پێویستە کە ئاڵتێرناتیڤێک بگاتە لوتکەی خەباتی جەماوەری و دڵنیایی بدا بە جەماوەری ڕاپەڕیو کە گەیشتن بە داخوازییەکانیان تا ڕادەیکی زۆر مسۆگەرە.

**حەمەنەزیف قادری**: بۆ ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و یەکلاکەرەوە، دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا خەسارناسییەکی تەواوی دۆخی ڕابردوو و ئێستایان بکەن. سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکانی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆمەڵگەیەک بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەڕوا کە سیاسەتی حوکمڕانی و یاسای بنەڕەتیی لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بێ و ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا. بۆیە ئەو لایەنە سیاسییانە کە مێژوویەکی خەباتگێڕییان هەیە بە هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی ئێران و هەموو چین و توێژەکانی وڵات دەتوانن ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنن و چەترێک دروست بکەن کە هەموو پێکهاتەکان لە خۆ بگرێ.

**مستەفا مەولوودی**: وەک باسم کرد من باوەڕم وانییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا ئاڵتێرناتیڤێکی دیاریکراوی هەبێ. بەڵام پێموایە لە هەلومەرجی ئێستادا هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵک هەست بەو زەروورەت و پێویستییە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژیمە سەردەمی بەسەر چووە و هەموو زەرفییەتەکانی خۆی نیشان داوە. بۆیە لەمێژە پرۆژەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووە و ئەم ماتەوزەیە لە خەڵکی ئێراندا هەیە کە بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دروست بکا و کاریگەرییەکانیشی بەزوویی دەربکەوێ؛ بە مەرجێک کومەڵێک واقع و حەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەک هەیە بناسرێن و ویستی پێکهاتە و فرەیییەکانی ئەم وڵاتە بەگشتی لەبەرچاو بگیرێن.



سەرچاوە Serchawe

ئالتێرنـاتیڤی کۆمـاری ئیسلامی بە ئەزموونوەرگرتن هەر لەو ڕێـژیمە و کارنـامە و کـارکردی دەیانسـاڵەی پێـک دێ، بەو مانایە ئەوەی ئەم لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا نەیکرد، ئەو بیکا. ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ دێموکراتیک و سێکۆلار بێ، بـاری ناناوەنـدی (لامەرکەزی)ـی هەبـێ. بەپێی پێکهـاتەی جۆراوجـۆری نەتەوەیـی، سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و دینـی و مەزهەبـی تەنـانەت فەرهەنگییش لە بیری دێموکراتیزەکردنی ئێراندا بێ. لە شێوەی سیستەمی فیدراڵی و لەسەر ئەو ئەساسە کە پێکهـاتە و ئاڵتێرنـاتیڤی ڕێـژیم لە ئێرانـدا خەڵکی دێمـوکرات بـن، نـوێنەری پێکهـاتە نەتەوەیـی و خواسـتە مەدەنـی و کۆمەڵایەتییەکـان بـن و کـار بکەن بـۆ گـۆڕینی نیزامـی کۆمـاری ئیسلامی و پێکهێنـانی نیزامـی پارلەمـانیی دێموکراتیـک و نووسینەوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیک کە مافی هەموو پێکهاتە و فرەییەکانی کۆمەڵی ئێرانی تێدا دەستەبەر بـووبێ. ئەمن بـاوەڕم وایە ئەگەر بەسـتێن بـۆ پێکهـاتە و تەرکیبـی لەو چەشـنە هەبـێ، خەڵـک ئامـادەیی ئەوەیـان هەیە لە دەوری ئاڵتێرناتیڤی وا کۆ ببنەوە.

**عەلـی بـداغی**: ئۆپۆزیسـیۆنی دەرەوەی وڵات لەکـوێی ئەو هاوکێشـەیەدا جـێ دەگـرێ؟ تواناکـانی لە ڕووی چەنـدایەتی و چۆنایەتییەوە تـا چ ڕادەیەکن؟

**حەمەنەزیف قـادری**: ئەو بەشە لە هێزەکـانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئێـران کە ئامـانجی پێشکەوتوو و مۆدێڕنی هەیە و بانگەشەی سیستمی وەڵامدەر بۆ حوکمڕانیی داهاتووی ئێران لە جۆری دێموکراتیـک، سێکۆلار و فیـدراڵ دەکـا، گوتـاری لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هاندەر و شوێندانەرە. بەتایبەتی گوتاری لایەنەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەناوی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ و بە هۆی ئەوەی کە هەست و سۆزی شۆڕشگێڕانەی تێدایە، گوڕ و تـین دەبەخشێ بە خەبـاتی جەماوەری، وەک پرۆسەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە خەباتێکی فرەڕەهەندە و لە کوردستـاندا کـاریگەریی لەسەر خەبـاتی سیاسی و نەتەوەیـی بـووە و دەبـێ. هەر ئەوەشـە کە گرینگـی و گرێـدراویی خەبـاتی نەتەوەکـانی ئێـران فـاکتەرێکی گـرینگە لە ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتـی ئێران و پاڵپشتە بـۆ بزووتنەوەی سەرتـاسەری لە ئێرانـدا. هەر بەو خوێنـدنەوەیە پێویسـتە کـۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ زیاتر چالاک بکرێ.

**مسـتەفا مەولـوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمـی ئێـران زۆر پەرشـوبڵاو و نـایەکگرتوون، جگە لەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانـی، بە دێموکرات، چەپ، میللی، نەتەوەییخواز و چی و چـی خوێنـدنەوەی جیـاواز و دوور لە یەکیـان بـۆ زۆر مژار و تـایبەت هەیە، بەڵام یەک خاڵی هاوبەشیان بەگشتی لەگەڵ یەکتر هەیە کە تەنانەت لەگەڵ ناڕازییانی نێوخۆی ئێـرانیش یەک دەگـرنەوە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی لایەنەکان لەسەر ئەوە کـۆکن کە ئەو ڕێـژیمە سـەردەمی بەسـەر چووە و دەبـێ بـڕوا و لە جێگەی ئەو ڕێژیمێکی بەرپرسیار بێتە سەر حوکم. هەر ئەوە دەتـوانێ دەرهاوێشتەیەکی بـاش و سەرفەسڵێکی نـوێ بـێ بـۆ دۆزینـەوەی ڕێکاری باش و موناسب بۆ بەیەکەوە کارکردن و کۆکردنەوەی زۆربەی لایەنەکان کە کاریگەریی زۆرتر لەسەر بزوتنەوەی

سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆشدا دادەنێ.

لە ڕووی قورسایی، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان لە ئێستادا هیچ لایەنێکم پێ شک نایە بەتەنیا ئەو کاریگەرییەی هەبێ و توانای بوون بە ئالتێرناتیڤی لێ بکرێ. بۆیە من ناوکی دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەڕاستی هەر لەنێو خەڵکی ناڕازی و چین و توێژەکانی نێوخۆی وڵاتدا دەبینم. لە سەردەمی مەشرووتەوە و بەتایبەت لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا، خەڵک لەسەر شەقام چارەنووسی ڕێژیمی یەکلا کردەوە. خەڵک شوێندانەر و یەکلاکەرەوە بوون. خەڵکی نێوخۆی وڵات ئەو ڕاستییە دەزانێ و ئەمەش چەند هۆکاری هەیە: یەکەم کولتوور و فەرهەنگی ئێرانی زۆرتر ئەوە دەخوازێ، دووهەم ئەزموونی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێ و، سێیەم: خەڵکی نێوخۆ زۆرتر لەگەڵ ڕێژیم دەرگیرن و دەبێ کار بکەن بۆ لابردنی ئەو نیزامە و جێگرکردنی نیزامی بەرپرسیار. کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیش زۆرتر چاوی لە خەڵکی نێوخۆیە و گرینگی بە بزوتنەوەی نێوخۆیی دەدەن و ئەوەش دەتوانێ فاکتۆرێکی بەهێز بێ بۆ هاندانی خەڵکی نێوخۆی وڵات. هەڵبەت ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە هیچ کاریگەری نییە، نا وانیە؛ بەڵام من پێموایە ناتوانێ کۆکەرەی هەموو پێکهاتەکان بێ. بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە ناڕازییانی نێوخۆ هەیە و دەیانبێ ئەوانەی دەرەوە نایانبێ. دیارە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، حیزب و ڕێکخراوی بەئەزموون و مێژوویی هەیە. پێوەندییەکی زیندوو لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی کورستاندا هەیە و هەر ئەوە وای کردوە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جێگایەکی تایبەتتر و لە ئاستی بەرزتردا بن. ئەوەش بۆ یەکلا کردنەوەی جێگرەوەی ڕێژیم لە کوردستان دەتوانێ شانسێکی باش بدا بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران و دەرەوە بۆ پێوەندیی قایموقوڵی سیاسی لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی ئێرانی بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانەوە.

**ڕەزا کەعبی**: ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات یەکدەست و یەک بیروباوەڕ و یەک ستراتیژ نین. بە هۆی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و بەهۆی ئاسانبوونی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆ یا پێچەوانەکەی، هەر چەشنە جموجوڵ و چالاکییەک بهخێرایی دەنگ دەداتەوە و لەسەریەک کاریگەرییان هەیە. هەر بۆیە ئێستا ناکرێ دیوارێک لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوە بکێشرێ. بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری سێدارە بۆ ساڵانێکی زۆر توانی پەیوەندیی نێوخۆ و دەرەوە بپچڕێنێ کە ئێستاش ئاسەواری زیانباری ئەو سیاسەتە بەسەر ئەکتی سیاسیی دوو لایەنەوە ماوە.

بە نەزەری من ئەو ئەگەرەی کە ئاڵتێرناتیڤێک لە دەرەوە دروست بێ و ببێتە نوێنەر و دەنگی جەماوەر زۆر زۆر کەمە و ئەگەر لە ڕابردوودا بووە، ئێستا کۆسپی زۆر لە سەر ڕێگای وەها ئەگەرێک هەیە. کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە، هێزی کۆمەڵایەتیی گەورە و گرینگ وەک نەتەوەکان، ژنان، کرێکاران و بزووتنەوەی مەدەنی و دمۆکراسیخوازی بەهاسانی مل بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک نادەن. ئەوان هەم هێزیان هەیە و هەم داخوازیی ڕوون.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی**: نەخش و ڕۆڵی خەڵک لە خوێندنەوەی هەموو لایەنەکاندا پڕدیارە. ئایا پێتان وایە نەخشی خەڵک یەکلاکەرەوەیە؟ چۆن؟

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕوانگەی منەوە خەڵک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، هەرچی شکڵ دەگرێ و پێک دێ سەرچاوەکەی خەڵکە و دەبێ لە خەڵک ئیلهام وەربگیردرێ. ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتێک و لەنێو هەموو کۆمەڵێکدا هەر وایە. نیوسەدە لەوەپێش خەڵکی ئێران بەبێ پشتیوانیی کاریگەری دەرەوە خۆیان ڕێکخست و هاتنە سەر شەقامەکان و نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشاییان لە ئێران تێکەوە پێچا، ئەگەرچی بەداخەوە ئەو شۆڕشە دەسکەوتەکەی نەچووە گیرفانی خەڵکەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەدا زۆری هەوڵ داوە خەڵک لەو وزە خەباتگێڕییە داماڵێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و خەڵک سەرەڕای تێچووی زۆری خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەڵام کۆڵیان نەداوە و ڕۆژ بە ڕۆژ دروشم و ویستەکانیان ڕادیکاڵتر دەبێ. ئێستا داوای خەڵکی ئێران لە سەرەوەی خواستی کۆمەڵایەتی و کار و ئەمنییەت و بژیوی ژیانە، واتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی. بۆیە پێموایە ئەوەی چارەنووسەکە یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرشوبڵاوی دەرەوەی وڵات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت.

**ڕەزا کەعبی**: هەموو و هەر ئاڵوگۆڕێک بە ڕادەی بەشداریی جەماوەر و بە داخوازییەکانیان بەستراوەتەوە. ئەگەر قسە لە ڕووخاندنی ڕێژیم و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و کۆتاییهێنان بە سەرکوت و زوڵم و نابەرابەری و هەڵاواردن و کۆتاییهێنان بە ستەم دژی ژنان و نەتەوەکان و گەیشتن بە ئازادیە سیاسییەکانە، بەبێ حزووری جەماوەر مومکن نییە و نەبووە. لە ئێستاشدا ڕۆڵی خەڵک لە کێشە سیاسییەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. کۆماری ئیسلامی لە جەرگەی شۆڕشێکی جەماوەری توانی جڵەوی دەسەڵات قەبزە بکا و بەخێرایی وەها کۆمەڵگەی ئێرانی توشی شۆک کرد کە ئاسەوارەکانی ئێستا دەردەکەوێ کە باس لە ئاڵتێرناتیڤ دەکرێ. ئەو هێزانەی کە شۆڕشی ٥٧ ڕزگاری کردن و لە واقێعدا لە بتری هاتنە دەرێ تازە هیچ هێزێک ناتوانێ دووبارە بیانگەڕێنێتەوە. ئەم هێزانە هەروەها نە بەهاسانی دڵخۆش دەبن بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک و نە بههاسانی مل ئەدەن. وەک چۆن هەر ئێستا تالیبان لەگەڵ مەقاومەتێکی بەهێزی ژنان ڕووبەڕووە لە کاتێکدا ناوچەکە و جیهانیش خۆیان لە کردەوەکانی تالیبان لە گێلی داوە.

چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری سێدارە ئەگەرچی بە ڕواڵەت خەڵکی زۆر تەنگەتاو کردووە و ڕۆژژمێری دەکەن بۆ ڕزگاری، بەڵام بەڕاستی بیر لە داهاتووش دەکەنەوە. ئەو شتەی کە شۆڕشی ٥٧ و ئاکامەکەی دەرسێکی زۆر زۆر مێژوویی و گرینگی پێدان.

**حەمەنەزیف قادری**: هیچ بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بەبێ پشتبەستن بە ئیرادەی گەل ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگا و سەر بکەوێ و بەزیندوویی لە گۆڕەپانی خەباتدا بمێنێتەوە و لە ئەنجامدا دەپووکێتەوە. هۆکاری سەرەکیی گەشەکردن و

مانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کورد ئەو پشتبەستنە بە ئیرادەی خەباتگێڕیی گەلەکەمان و بەشداریی ڕۆڵە ئازاکانی لە مەتەرێزی خەباتدا بووە. بەبێ هیچ دوودڵییەک هێزە سیاسییەکانی ئێران کە باوەڕمەندن بە ڕووخاندنی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستمێکی پێشکەوتوو هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەستدا نییە، ئێمەی کوردیش کە ئامانجمان وەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و یاسامەند لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵدایە، دەبێ خەباتی شار و شاخمان زیاتر بە گوڕ و تین بکەین. ئەزموونی خەباتی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو پێمان دەڵێ خولانەوە لە دەوری کایەی باڵەکانی ڕێژیم و دروشمی بێبنەما جگە لە بەلاڕێدابردنی کاروانی خەبات هیچ ئامانجێک ناپێکێ، هەربۆیە دەبێ کوردستان وەک هەمیشە کە نازناوی سەنگەری ئازادی بە باڵایدا براوە، بەشکۆتر لە جاران ئەو خەباتە بباتە پێش. ئەم ئەرکەش دەکەویتە ئەستۆی ناوەندی هاوکاری کە هەڵگری ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دەبێ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماتیک، ڕاگەیاندن، گرینگیدان بە خەباتی پێشمەرگانە، ڕێکخستن و جەماوەری و بانگهێشتکردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی ئەو خەباتە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا شوێندانەرتر بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت



### ئاماژە:

دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانیشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و دڕۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**عەلی بداغی:** مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی:** سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئیستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**عەلی بداغی:** کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی:** لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەدایم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی

یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**عەلی بداغی**: پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێژم بۆ تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بە پێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیدانابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری - جیا لە لایەنی کوردی- ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**عەلی بداغی**: بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرشوبلاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و



سەرچاوە
Serchawe

خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**عەلی بداغی**: **ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟**

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەنفکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لەپێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکراتیک چێ نابێت.

**عەلی بداغی**: **کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیداندایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن



سەرچاوە
Serchawe

و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**عەلی بداغی:** پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟

**مستەفا مەولوودی:** پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو راپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەووەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دواڕۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی رێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ۱ی سەرماوەزی ۲۷۲۲



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوترە




**ئاماژە:**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا چلوپێنجەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی بەڕێوە برد و دەیهەوێ لە ١١ی ڕەشەمەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری هەم ڕەواییەتی درۆیین بۆ خۆی وەرگرێتەوە، هەم بە ئەندازیاریی ئەم دوو ناوەندە حکوومەتییە بناغەی دەسەڵاتەکەی قایم بکات. لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییە کەڵەکەبووەکان کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرییەکانی ناوچەدا بە سەری مارەکە دادەنێ و پتر لە هەر کاتێک قەیرانخوڵقێنییەکانی ئەم ڕێژیمە ناوچەی بەرەوڕووی بشێوی و شەڕ کردووەتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان و دوورەدیمەنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەری وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفای بەڕێز خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە چییە؟ ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشانەدایە و کارتێکەریی ئەو دۆخە لەسەر پرسی کورد بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە و چ دەبێت؟**

**مستەفا هیجری**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەمێژ ساڵە پڕاوپڕە لە کێشە و ناتەبایی، کێشەی تایفی، ئایینی، گەندەڵی، سەرەڕۆیی سیاسی و هەموو ئەو دیاردانەی لەدژی قازانج و بەرژەوەندیی دانیشتووانەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە. لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوەی ئیسرائیل دەستی پێکرد و دەبینین ئێستا گەیشتۆتە کارەساتێکی مرۆڤی؛ وڵاتانی ناوچە زۆر نیگەرانن لەو وەزعەی هاتووەتە پێشێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی جیهانی دەیەوێ شەڕەکە کۆتایی پێ بێ و ئیسرائیل لە تەنیشت وڵاتێکی فەلەستینی بەڕەسمی بناسرێ و دوولایەن بتوانن بەئارامی و بەئاشتی لە دراوسێیەتیی یەکتریدا بژی، بەڵام هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ڕێگاچارەیە سەر نەگرێ کە لەپێش هەمووماندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا دەڵێ ئیسرائیل وڵاتێکی جەعلییە و دەبێ تێکەوەپێچرێ. بێجگە لەوە حەماس کە یەکێک لە دەستپەروەردەکانی ڕێژیمی ئێرانە و چەک و پارە و ئیمکاناتی لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ دابین دەکرێ، ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ ئیسرائیل لەبەین بچێت. بۆیە لە واقعدا زەمینەی ئەوەیکە وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشتی ئیسرائیل پێک بێت بۆ ئەوەیکە ئەو کێشانە بۆ هەمیشە کۆتاییان پێ بێت دوورەدیمەنێکی زۆر نزیک نییە، بەتایبەت ئەگەر دیققەتمان کردبێ ئێستا لە ئیسرائیلیش بۆ خۆی حکوومەتێکی ئێستا دەستی ڕاستی لەسەر کارە و ئەوانیش بەهیچ جۆر هەتا ئێستا ئامادە نەبوون خۆیان لەو ڕێگەچارەیە بدەن. کەوابوو هۆکار بۆ ئەوەیکە ئەو شەڕە درێژتر بکێشێت و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەردەوام بێت زۆرن. ئەوەش کە ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدایە دەتوانم بڵێم ئێران چەقی کێشەکانە. چونکە مەسەلەی ئیسرائیل و لەبەینبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک لە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمە و ئەو گرووپە نیابەتییانەش کە پێکیان هێناوە و ساڵانێکی زۆرە تەیاریان دەکات، وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، حوسییەکانی یەمەن، ئەوانیش ئێستا بە شێوەیەک لە شەڕەکەدا لە دژی ئیسرائیل بەشدارن. دوای چەندین مانگ لەو شەڕە دەبینین هەتا ئێستا هێزەکانی ئیسرائیل ژمارەیەکی بەرچاویان کوژراون، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی غەزە تێداچوون و یەکجار زۆر بریندار شەڕ هەیە و وڵاتێک کە وێران بووە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاستیدا بێجگە لە چەند کەسێک لە فەرماندەکانی کە بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە کوژراون زەرەرێکی دیکەی ئەوتۆی نەکردوە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی هەتا بەرژەوەندییەکانی بخوازێت ئەوە شەڕە درێژ دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەم نین ئەو ستراتیژیست و چاودێرە سیاسییانەی پێیان وایە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە نەزمی جیهانی و نەخشەی سیاسیی وڵاتان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک چەقی ئەو ڕووداوانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیدایە. بەڕێزتان ئەمە بە دەرفەت بۆ پرسی کورد، بەتایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینن یان هەڕەشە؟

**مستەفا هیجری**: لە سەرەتادا کە شەڕەکە دەستی پێکرد ئەو گومانە بەهێز بوو کە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەڕێوەیە، بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی نزیک بە پێنج مانگ لەو شەڕە تێدەپەڕێ ئەوەیکە هەم بە قسە و هەم بە کرداری کۆماری ئیسلامی و لە خودی ئیسرائیل و لە ئەمریکا کە پشتیوانی یەکەمە بۆ ئیسرائیل لە هەمووی ئەوانە بیستوومانە و دیتومانە هەموو

هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربڵاوتر نەبێتەوە و وڵاتانی دیکەی تێوە نەگلێن. ئەوەش کە لە حەماس، حوسییەکان، یا هێندێک لە هێزەکانی نیابەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەشدارییەکی کەمیان بە هاویشتنی درۆن و مووشەک کردوە، بەڵام ئەوانە هیچکام هۆکار نین بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربەرینتر بێتەوە؛ چونکە کۆماری ئیسلامی ترسی لەوە هەیە ئەگەر لەوە بەرینتر بێتەوە زەبری قورس بخوا و لە ئێستادا بە هیچ جۆر ئامادەیی ئەو شەڕەی نییە و توانای نییە بیباتە پێشێ. هەڵبەت بۆ ئیسرائیلیش کارێکی بەزەحمەتە کە لەوە زیاتر ئەو شەڕە درێژ بێتەوە، هێزەکانی زۆر ماندوون و حەولەکە ئەوەیە هەر بەو شکڵە بمێنێتەوە. تەنانەت دەگوترێ کە لەوانەیە لە مانگی ڕەمەزاندا شەڕەکە کۆتایی پێ بێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئیسرائیل لەو شەڕەدا چەندە بەو مەرجانەی داینراوە پێی دەگات. بەڵام بەگشتی لام وایە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەو شەڕە بە شێوەیەک کە وڵاتی ئێرانی بەتەواوی تێوەگلێ و ئیسرائیل بەرەیەکی فراوانتر لەو شەڕەدا بکاتەوە بەزەحمەتی دەبینم.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا چەند ڕۆژ لەوەپێش کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی تێپەڕ کرد. لەو پێوەندییەدا پرسیار دەکەم دەستکەوتەکان و خەسارەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ خەڵکی ئێران چی بوون؟

**مستەفا هیجری:** ئەمن پێم وابێ دەسکەوتێک نییە هەتا قسە لێ بکەین، بەڵام خەسارەکانی بێسنوورە. بەشێک لەو قەیران و خەسارانەش کە دەیبینین هێشتا ئەوە تروپکی کێوە سەهۆڵەکەیە و ئەوەی دیکە دیار نییە و تەنانەت ڕەنگە هەتا ڕووخانی ڕێژیمیش نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ دنیا دەرنەکەوێ کە ڕەهەندەکانی ئەو خەسارەتە کە لە باری ژینگەیی و مرۆییەوە لە ئێران کەوتووە چەندە زۆر و گەورەیە. لە باری دەستکەوتیشەوە ئەو شۆڕشە نەک هەر دەستکەوتی نەبووە بەڵکوو ئەگەر پێشتر خەڵکی ئێران لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان توانیبوویان هێندێک ماف و دەسکەوت بەدەست بێنن، ئەو دەسکەوت و مافانەشیان لە دەست چوو. بۆ نموونە لە بابەت مافەکانی ژنان، کەمایەتییە ئایینییەکان و لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیدا کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەوانەشی لە چەنگی خەڵک دەرهێنایەوە.

**عەلی بداغی:** ئەدی جەنابت قەبووڵتە کە بڵێین ڕەنگبێ تەنیا دەستکەوتی ئەم شۆڕشە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، بەڵام بە ئامانجەکانی شۆڕش کە دابینبوونی کۆمەڵێک ماف بوو نەگەیشت؟

**مستەفا هیجری:** ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ناو و عینوانی حکوومەتەکانم زۆر بۆ مۆهیم نییە، گرینگ نێوەڕۆکەکەیەتی. حکوومەتی پاشایەتیی دەتوانێ دێموکراتیک یان دیکتاتۆری بێت، ئەمە هەر ئێستاش لە زۆر وڵاتی دنیادا دەیبینین. بۆیە جمهووریش هەر بەو شکڵەیە. کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکوومەتێکی جمهووری دەزانێ بەڵام هیچ نیشانەیەک لە جمهوورییەت، لە ئیرادەی خەڵک و هاوبەشیی خەڵک لەو حکوومەتەدا نابینی. بۆیە تەنیا ئەوە کە حکوومەتی شا ڕووخا و

حکوومەتێکی بەناو کۆماری جێی گرتەوە ئەوە بە دەستکەوت نازانم. ڕاستە ڕێژیمی پەهلەوی ئازادییەکانی بەرتەسک کردبۆوە و ئازادیخوازانی سەرکوت دەکرد و بەڕاستی خەڵکی ئێران هەڵەی نەکرد لەوەدا کە شۆڕشی کرد، بەڵام مەبەست لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی ئەوە نەبوو حکوومەتێکی وەکوو ئەوەی ئێستا بێنێتە سەر کار. خۆ ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش قەبووڵ کرا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببێتە شێوەی حکوومەتداری، ڕاستییەکەی ئەوە بوو هیچ کەس تەجرووبەی لەوە نەبوو. ڕەنگبێ تەنیا دەسکەوتێک لەو شۆڕشەدا ئەوە بێت خەڵکی ئێران کە حکوومەتی پاشایەتییان دیتبوو، حکوومەتی ئیسلامییشیان تاقی کردوە و دەتوانم بڵێم لەوە بەدوا ئیدی حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک لە ئێراندا نابینین.

**عەلی بداغی**: پشکی کورد لە ئێران لە ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا چی بووە؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو خەڵکی ئێران زەرەری کردوە، بەڵام ئەو خەسارەی بەر کورد کەوتوە و قوربانیدانی خەڵکی کورد لە ڕەوتی خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر زیاترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە تەنیا لە یەکساڵەی بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٤٩٧ کەس لە خۆپیشاندانەکاندا کوژران کە ١٤٨ کەسیان کورد بوون کە ئەو ژمارەیە لە کوژراوانی کورد بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی کورد لە ئێران ئامارێکی یەکجار زۆرە. لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتی خەڵک، بێبەشکردنیان لە بوودجەی گشتی، دواخستنی کوردستان لە ئاوەدانی و پەرەسەندنی ئابووری، لەو جیاوازیدانانەی زۆر بەئاشکرا نەک هەر ئەوانەی لە قانوونی ئەساسیدا بەڕەسمی کراون بەڵکوو لەوەش زیاتر کە بە نایاساییش جیاوازی دادەنرێ لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە؛ بەپێی زۆر فاکتەر کورد لە زیان و خەسارەکانی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاترین بەشی بەرکەوتوە و کورد گوتەنی پشکی شێری پێ بڕاوە. هەڵبەت هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەتا ئێستاش لەگەڵ بێ کورد بەشێوەیەکی پەیگیر و بەبێ دوودڵی دژی ڕێژیم خەباتی کردوە و ئەو خەبات و تێکۆشانەی درێژە داوە. لەبیرمانە سەردەمانێک هێندێک لە خەڵکی ئێران وێنەی خۆمەینیان لە مانگدا دەدیت و تەقەددۆسێکی ئاسمانییان پێ دابوو و بەو جۆرەی ڕاگەیەندرا لە ڕێفراندۆمەکەدا سەتا ٩٨ی خەڵکی ئێران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا. بەڵام کورد دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و سەنگەری خەباتی هەڵبژارد، چونکی دەیزانی ڕێژیمێکی بەو نێوەرۆکە ناتوانێ ئازادیی گەلانی ئێران و مافە ئینسانییەکانیان دابین بکا. بۆیە لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو خەباتە هەم ڕەهەندی ئاگایی و وشیاریی پتری وەرگرتوە و هەمیش ڕادیکاڵتر بووە کە ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینادا دیت.

**عەلی بداغی**: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕا و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەبات. گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ کۆماری ئیسلامی لە چیدایە؟ ئایا ئەوەندەی ئەو هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم گرینگە بۆ خەڵک مەوزووعییەتی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئەو هەڵبژاردنانە بۆ خەڵک گرینگ نییە، چونکە ئێستا ئیدی کەلێنی نێوان ڕێژیم و خەڵک زۆر گەورە بووەتەوە حاڵەتێکی وا هاتۆتە پێشێ هەرچی لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕێژیم بێت ئەوە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێرانە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا شانۆیەکی هەڵبژاردن بەڕێوە ببات لە واقعدا تەنها بۆ پاراستنی شکڵی ئەوەی کە ناوی ناوە جمهووری بۆ ئەوەیەتی و دەیهەوێ بەتایبەت بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێ لە ئێران هەڵبژاردن دەکرێ و خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن و ڕێژیمەکە پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە. دەیهەوێ کۆمەڵێک خەڵک لەسەر سەندووقەکانی دەنگدان کۆ ببنەوە تەنیا بۆ ئەوەی لە چاوی کامێراکانەوە پیشانی بدا خەڵک ڕەوایی بەو حکوومەتە دەدەن و تێیدا بەشدارن. دەنا بەپێی ئایدۆلۆژیی دینیی خۆیان ئەمە حکوومەتێکی ئاسمانییە لەسەر کارە و خەڵک تەنیا وەزیفەیانە ئیتاعەت بکەن. ئەو دامودەزگایانەش دایانمەزراندونە کە یەک لەوان مەجلیسە، لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە ڕەسمییەت بدا بەو بڕیارانەی لە سەرەوەی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەدرێن، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی وەلیی فەقیهەوە. تەنیا بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئەوان لایەنی قانوونی پێ بدرێت و بەسەر خەڵکیدا بسەپێندرێ. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنانە بەناو هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنی خەڵک نییە، هەڵبژاردنی حکوومەتە. حکوومەت نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ و نوێنەرەکانی خۆیشی لەپێشدا لە ناوەندێکی دیکە بەناوی شوڕای نیگابان هەڵبژاردون و لە بەردەم خەڵکی داینــاون هەتا خەڵک لەنێو ئەوانەدا هەڵبژێرن و هەموو ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن نەک هەڵبژاردەی خەڵک، بەڵکوو هەڵبژاردەکانی نیزامی سیاسیین. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی قەتیان نەشاردۆتەوە بۆ ئەوان دەنگی خەڵک ئەهەمییەتێکی نییە. لەبیرمانە ماوەیەک لەوە پێش کە باسی ڕێفراندۆم هاتبووە گۆڕێ، خامنەیی بەئاشکرا لە دانیشتنێکدا ڕایگەیاند بۆ مەگەر خەڵکی ئێران ئەوەندەیان تێگەیشتن و لێکدانەوە هەیە بێن لە ڕێفراندۆمدا بەشدار بن؟ پێشتریش بۆ نموونە کاتێک ئەحمەدینەژاد بۆ دەورەی دووهەم بە ساختەچێتی لە پۆستەکەی داندرایەوە و خەڵک هاتنەسەر شەقام، بە خەڵکەکە گوترا "خەس و خاشاک!"

بەکورتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ئیحتیاجێکی بە دەنگی خەڵک نییە، چونکە باوەڕیان وایە هەڵبژاردەی ئاسمانن و خەڵک فەقەت دەبێ ئیتاعەت بکەن، بۆیە خەڵک نابێ لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار بن، چونکە ئەگەر بەشدار بن خزمەتیان بە بەرەوپێشچوونی ئەو ئیدئۆلۆژییە کردوە و تەمەنی ئەو کارەساتانەیان درێژ کردووە کە تاکوو ئێستا هەر لەژێر چاوەدێری ئەو جۆرە مەجلیس و ئەو شوڕای نیگابان و باقی دامودەزگاکاندا ڕوویان داوە. دیارە ئەوەش هەیە کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم لە باری ئەوەی خەڵک زۆرتر بتوانن بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش گرینگترە. چونکە لەلایەکەوە لە بزووتنەوەی ژیناوە خەڵک بەتەواوی ڕووی قسەیان خستە سەر ناوەندیی بڕیار لە ئێران کە خامنەییان مەبەست بوو و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دا. بۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە ئێستا بە شێوەیەک بیسەلمێنێ مەشرۆعییەت و ڕەوایی دەسەڵاتەکەی هەر لەجێی خۆیەتی و لەوەش بەتەواوی دەترسن و دەزانن کە بەشداریی خەڵک یەکجار لانیکەمی دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی:** حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردوە؟ بۆچی پێتان وایە بەتایبەت خەڵکی کوردستان نابێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟

**مستەفا هیجری:** هەر وەک پێشتریش باسم کرد ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک نین، بەڵکوو هەڵبژاردنی کەسانێکن کە لە مەجلیسدا بڕیارەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بۆیە وەختێک هەڵبژاردنی نوێنەری خەڵک نییە خەڵکیش نابێ بەشداری بکەن. بێجگە لەوە لە بنەڕەتدا دەنگی خەڵک لەو سیستەمەدا هیچ کاریگەری و شوێندانەرییەکی نییە و خەڵکیش ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە و لەسەر ئەوە باوەڕن کە نابێ بەشدار بن. بۆیە خەڵک نابێ بەشداری ئەو دەنگدانە بن، تەنانەت ئەگەر قەرار بێت دەنگی سپیش بدەن هەر نابێ بچنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی نەبنە ئامرازی تەبلیغات بۆ ڕێژیم و شانۆگەرییەکەی.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا ئەگەر بابەتی هەڵبژاردنەکان بەجێ بێڵین، شۆڕشی ژینا وەک خاڵگۆڕانێک لە مێژووی نارەزایەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی چ داهاتوویەکی خستووەتە بەردەم خەڵک و حیزبە سیاسییەکان؟ خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چییە؟

**مستەفا هیجری:** دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ خەڵک هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕێژیمە شارەزا بوون و بەرەبەرە لێی کشاونەتەوە و لێی دوور کەوتوونەوەتەوە. خۆ ئەگەر هەتا جوولانەوەی ژیناش ژمارەی کەسانێک هەبوون کە باوەڕیان وابوو ئەو ڕێژیمە دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێ، یان کاتێک ڕێژیم لەنێو قۆڵەکانی خۆیدا دوو جەمسەرییان ساز دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، یان لەو شوێنانەی پێکهاتەی حەشیمەتەکەیان لە نەتەوە جیاوازەکان بوون هیندێک بابەتی دیکەیان بۆ دنەدانی خەڵک بۆ بەشدارییان دەورووژاند، ئەمە کۆتایی هاتوە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە چەندین شاری ئێران خۆپێشاندان کراوە، خەڵک لە هەموو سینفی جۆراوجۆر نارازین. بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو کە بزووتنەوە خەڵکی لەو تەوەهوماتی ئیسلاحتەڵەبی هێنایە دەر. خەڵکی یەکدەست و یەکپارچە کرد و ئەو پەیامەی دا کە هەموو ئەو قەیران و کارەساتەی بەسەر خەڵکی ئێران هاتوە، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کۆتاییان دێت. بۆیە خەڵک ڕەئسی هێرەمەکەی کردە ئامانج و بینیمان لە جوولانەوەی ژینادا سیمبولەکانی ڕێژیمیان هێنایە خوارێ و شکاندیانیان و ئاوریان تێبەردان. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر پێش بزووتنەوەی ژینا خەڵک لە دڵی خۆیدا دژی ڕێژیم بوو بەڵام بەو سەراحەت و ڕوونییە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و خامنەیی قسەیان نەدەکرد؛ بەڵام لە بزووتنەوەی ژینادا ئیدی ئەو پەردانە نەمان. بزووتنەوەی ژینا هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ خەڵکی دنیای سەلماند کە تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی ئێران ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک وەدی دێت.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو فۆڕمە لە خەباتی نێوخۆی کوردستان چییە؟ ئەوەی ئێمە لە ناشتنی سێ شاخەوانەکەی نەغەدە و وەرزشکارەکەی خەڵکی سەقز بینیمان، ئەوەی ڕۆژانە لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەیانبینین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ لەگەڵ ئەوەیکە ئەو شێوە خەباتە ڕیشەدارە و پێشتریش لە نێو کوردستاندا شکڵی گرتبوو، بەڵام بزووتنەوەی ژینا ئەوەی بەهێزتر کرد بەو مانایە کە بە خەڵکی نیشان دا خەڵک دەبێ یەکپارچە و یەکدەنگ بێ لە هەموو ڕووداوەکاندا. خەڵک بەو قەناعەتە گەیشت تەنیا خۆیەتی کە دەبێ فریای خۆی بکەوێ و پێش ئەوەی چاوی لە وڵاتانی دەرەوە بێی ڕزگاری بکەن یا هەر هێزێکی دیکە یارمەتیدەری بێت، بۆخۆی دەبێ یەکگرتوو بێت. ئێمە لەو ساڵ لە کوردستان ئەوەمان هەم لەو چەند ڕووداوەدا کە ئاماژەتان پێ کرد دیت کە پێشتریش نموونەی ئەوانەمان بۆ نموونە لە بوومەلەرزەکەی کرماشان یان ڕووداوەکانی ژینگەپارێزیدا دیتبوو. ئەمن پێم وابێ ئەوە بەنرخترین دەرس و ئەزموون بوو کە خەڵک فێری بوون ئەوە ڕێگایەکی تازەیە کە بە خەڵکی نیشان دا دەبێ لەوە بەدواش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان ئەو ڕێگایە بەر نەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێوەندیی نێوخۆیان بەهێزتر و بەتواناتری بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک کۆبەندی باسەکەمان و دواپرسیار، کاک مستەفا بفەرموون لە دۆخی ئێستا و لە فازی نوێی خەبات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی خەڵک، ئەرکی ڕێکخراوەکان، ئەرکی حیزبە سیاسییەکان یان بەگشتی نەخشەڕێی خەباتی ئێستا و داهاتوومان چییە؟

**مستەفا هیجری**: هەروەک باسم کرد ئێستا دوای ٤٥ ساڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران لەو تەوەهۆم و دوودڵی دەرهاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێت یا بە قازانجی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. ئێستا خەڵک یەکدەنگ دەڵێن ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوات و کۆماری ئیسلام بۆخۆیشی ئەو پەیامەی وەرگرتوە. بۆیە ئەوەندە ترسەی لە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕێنیشتوە کە بە هەموو شێوەیەک خەریکە سەرکوتی دەکات. ئێمە دەبینین لە گرتنەکان، لە ئەشکەنجەدانەکان و جۆرەها سەرکوت کە تەنیا بە عەقڵی ناقسی کۆماری ئیسلامی دەگات کە لەگەڵ خەڵک بیکات، وەکوو ئەوەیکە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان منداڵانی قوتابخانەکانی ژارخوارد دەکرد و زۆر شتی دی کە ناچمەوە سەری. مەسەلەکە ئەوەیە خەڵک ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر و ئەو ڕێگەیە دەبێ درێژە بدات و نابێ کۆڵ بدات.

ئەگەر ئێستا هەموو شانازییەکی ڕێژیم بەوەیە مووشەکی هەیە و بەوە دراوسێیەکانی دەترسێنێ، دەمەوێ ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی خۆشەویست و تێکۆشەری کوردستان بدەم ئەوانە هیچی نیشانەی بەهێزی و بەتوانایی ڕێژیم نییە، بەڵکوو هەمووی لە ترسانە و کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە گیانەڵڵا و دوا پەلەقاژەکانی مانی خۆی دەکات. ڕێبەرانی

کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان زۆر باش دەزانن کە چەندە لاوازن و فەقەت لە هەمبەر خەڵکدا بە سەرکوت بەهێز دەنوێنن. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هەموو ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە لە دژی حەماس دەیکا و خەریکە یەکێک لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەفروتوونا دەکات، کەچی کۆماری ئیسلامی بەو حاڵەشەوە ئەو جورئەتە بە خۆی نادا بەشێوەی ڕاستەخۆ بچێتە نێو ئەو شەڕەوە. چونکی دەزانێ بەرگە ناگرێ و پشتیوانیی خەڵکی وڵاتی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە من دەگەڵ هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی هاتووە و دەگەڵ ئەو هەموو ژیانە ناخۆشەی خەڵکی ئێران لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە هەیانە؛ بەڵام من لە ئێستادا دوورە دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو کاتێک نزیکترە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

---

## مستەفا هیجری: خەڵکی کوردستان ناچنە گەمەیەکەوە کە ڕێژیم مەیدانەکەی دیاری کردبێت




**ئاماژە:**

کوردکاناڵ" لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و بارودۆخی حیزب پاش ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق لەگەڵ بەڕێزیان وتووێژێکی کردبوو. "کوردستان" ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا پێش ئەوەی تایبەت باس لە پرسی هەڵبژاردنەکان بکەین، پێم باشە جەنابت خوێندنەوەیەکی گشتی لە وەزعی سیاسیی ئێستای ئێران بکەن.

**مستەفا هیجری**: لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێران دەبێ بڵێم کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەتاکوو ئێستا سیاسەتەکەی بەپێی ئێدئۆلۆژییەکەی دارشت بۆ ئیدارەکردنی وڵات. ئەو سیاسەتە ڕۆژ بە ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر گیرو گرفت و قەیران و ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکیدا پێک بێت تاکوو گەیشتۆتە بارودۆخێک کە ئێستا خەڵکی ئێران تێی‌دایە. بارودۆخێکە نە سیاسەتەکانی لە نێوخۆی وڵات سەرکەوتوو بووە نە لە دەرەوە، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی پاراستنی نیزام و ئیدئۆلۆژییەکەیدا چووەتە پێش. لەبیرمانە لە سەرەتادا خەڵک هیوا و هۆمێدی بە کۆماری ئیسلامی بەستبوو، پێیان وابوو بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو ڕێژیمی پێشوو باشتر

لە خزمەتی خەڵکدا دەبێ. لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا کە ئەودەم لە واقعدا مەسەلەی بەرەی چەپ و سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتیی شۆڕەوی لە ئارادا بوو، ئەوانیش دڵیان بەوە خۆش بوو ئەو ڕێژیمەی تازە هاتۆتە سەرکار لەبەر ئەوەی دژی ئەمریکا قسە دەکا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەوان بێت. تەنانەت ئورووپا و ئەمریکاش کیسەی گەورەیان بۆ هەڵدووریبوو بۆ ئەوەی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئێران دامەزرێنن و ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە پارێزراو بێت. بەڵام دیتمان کە هەنگاو بە هەنگاو هەموو ئەوانە پێچەوانەکەی دەرچوو. ئێستا ئێرانێک دەبینین خەڵکەکەی لە برسیەتی و لە نەداری و لە نەهامەتی قەیرانی زۆر و بەرفراوان دەناڵێنێ. بێجگە لەوە کەرامەت، ویستی ئازادیخوازی، نەتەوەخوازی و هەموو ئەو ماف و داخوازییانەی خەڵک هەیانە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڕەسمی ناسراوە، هەمووی لەلایەن ڕێژیمەوە پێشێل دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە زۆر کەس ناچار بووە بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بۆ ئەوەیکە بتوانێ ژیانێکی باشتر بەدەست بێنێ ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکە. هەرچەند ڕۆژ لەوە پێش بینیمان ژمارەیەک لەو کۆچبەرانە لە کەناراوەکانی ئیتالیادا بەلەمەکەیان وەرەگەڕا و ژمارەیەکی زۆریان تێدا چوون. ئەوە بارودۆخێکە بەگشتی خەڵکی ئێران تووشی بووە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا کۆماری ئیسلامی خۆی بە ڕووسیە و چینەوە هەڵواسیوە، ئەگینا بە هۆی سیاسەتەکانیەوە مایەپووچ هاتووەتەوە و هیچ کوێ نییە ڕووی تێ بکا، ئەوانیش لەو پەڕی ئیستفادەکردندان لەو ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی جۆرەها ئیمتیازاتیان دەداتێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئەم دوو وڵاتەی هەبێت. لەو ساڵانەی پێشوودا کۆماری ئیسلامی بە عەرەبستانی سعودی دەگوت "مانگای شیر بدە بۆ ئەمریکا"، بەڵام ئێستا بۆ خۆی بووەتە مانگای شیر بدە بۆ ڕووسیە و چین، لە حاڵێکدا ئەوانیش کۆماری ئیسلامی بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیانی نازانن و تەنیا دەیدۆشن. هەر نموونەی زۆر زیندوو هەڵوێستی ئەمدواییانە چین و ڕووسیە لە پێوەندی لەگەڵ سێ جەزیرەی تونبی گەورە، تونبی چووکە و ئەبووموووسادا بوو کە نەک هەر پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی نەکرد، بەڵکوو دژی ئەو ڕایان دا. ئەوەیکە ئێستا لە دەرەوەی ئێران بە دەست ڕێژیمەوە ماوە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیان کە کۆماری ئیسلامی لە ڕوی ماددی، چەکوچۆڵ و ڕاهێناوە کۆکوپۆشتەی کردوون و ئەوانن ئێستا لە واقعدا بەرگری لە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بۆیە بە قەوڵی فارسەکان "علی ماندە و حوضش."شەڕی غەززە و پەلهاویشتنی بۆ لوبنانیش کۆماری ئیسلامی دەخاتە نێوان دوو بەرداش کە ئایا بەشداری دەکا لە شەڕ دژی ئیسرائیل بە پشتیوانی حیزبوڵڵا کە بێتوو ئەمە ڕوو بدا تووشی زەربەی زۆر گەورە دەبێ. خۆ ئەگەر پشتیوانی لە لوبنانیش نەکا ئەوجار میلیشیاکانیشی نامێنێ. لە ڕاستیدا چەندی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بڕوا هەر ئەوەندەش زیاتر نەگبەتی و بەدبەختی بۆ خەڵکی ئێران بە دی دێ و نائارامی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەربڵاوتر دەبێت.

**عەلی بداغی: ڕێژیم لە بارودۆخەدا بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە سەرقاڵە. ڕاستە ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی مەرگی ڕەئیسییەوە پێشوەختەیە و نیزیک ساڵێک زووتر بەڕێوە دەچێ، بەڵام جیاواز لەوە، تایبەتمەندی یان جیاوازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە چاو هەڵبژاردنەکانی دیکە چییە؟**

**مستەفا هیجری**: سەرفی‌نەزەر لە ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان هەروەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەڵام لە هێندێک شتدا دەتوانم بڵێم جیاوازیی هەیە، ئەویش بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی ناوچە و دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی. یەکێک لەوانە پرسی هەڵکشانی تەمەنی وەلی فەقیهـ و جێنشینیی ئەوە کە دوای نەمانی خامنەیی کێ جێی دەگرێتەوە و وزعی ئێران چی لێ دێتەوە؟ بابەتێکی دیکە ناکۆکیی نێو قۆڵەکانی ڕێژیم تەنانەت ئوسولگەراکانیش لەگەڵ یەکترییە، ئەوەیکە ڕۆژانە لە کاناڵە جۆراجۆرەکان دەبیستین. دیارە ئەوە بۆ ئەوە نییە کیسەی بۆ هەڵدوورین و پێمان وابێ ئەوانە شەڕەکەیان لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و خزمەتگوزاری، ئازادی و بەراوەردەکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکە؛ بەڵکوو کێشەکەیان لەسەر دەسەڵاتی پتر لەو نیزامە سیاسییە گەندەڵە بۆ تاڵانیی زیاترە. ئەگەر خامنەیی نەمێنێ ئەو کێشە نێوخۆییانە بێگومان زیاتر سەر هەڵ دەدەن، چ لەنێو لایەنە سیاسییەکان، چ لەنێو دامودەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم، ئەرتەش و سپای پاسدارانیش.

جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە ئێمە بە ماوەیەکی نیزیکی چەند مانگ لەوەپێش لە ١١ی ڕەشەمەدا دو هەڵبژاردنی دیکەی ڕێژیممان بەڕێ کرد و بینیمان بەشداریی کەمی خەڵک ڕێژیمی تاساند. لە شارێکی وەکوو تاران کە هەشت مێلیون کەس مافی دەنگدانی هەیە، کەمتر لە ٢٥٪ بەشداریان کرد و ژمارەی دەنگی بەشێک لەو نوێنەرانەی تاران ئەوەندە کەم بوو کە لە دەوری یەکەم هەڵنەبژێردران و لە دەوری دووهەمدا دەنگەکانیان لە دەوری ٣٪ و ٤٪ بوو. مەجلیسێک کە بە ناوی نوێنەری خەڵک دەبێ بڕیار بدات و یاسا دابنێ بە دەنگی ٣٪ و ٤٪ ناتوانێ نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە بکا بۆیە ئەو مەجلیسە بەتەواوی نامەشرووعە. بێجگە لەوە ئەو هەلومەرجەی چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا بێتە پێشێ و ئێران تووشی هێندێک گیروگرفتی تازە بێتەوە، ئەوانە هەموویان ئەو جیاوازییانەن کە دەتوانم بڵێم ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا دیاردەی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنە ڕێگەپێدان بە هاتنی مەسعوود پزیشکیان کاندیدایەکی بەناو ڕیفۆرمخوازە. بە بڕوای جەنابت پزیشکیان چی دەوێ؟ پەیام و گوتارەکەی چییە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی باشتر لە هەموو لایەک دەزانێت ئاستی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان چەندە دابەزیوە و خەڵک ئەو حکوومەتەی ناوێت. بۆیە زۆر نیگەرانە لەوەی ئەمجارەش بەشداریی خەڵک لەوەش کەمتر بێت، بۆیە پێویستیان بە کەسێک بوو بتوانێ هەژانێک و گەرموگوڕییەک بخاتە هەڵبژاردنەکانەوە. بۆ ئەوەش کەسێکیان دیاری کردووە کە پشتیوانیی ئیسلاحتەڵەبەکانی هەبێت. هەرچەند بۆخۆی دەڵێ من ئۆسوولگەرایەکی ئیسلاحتەڵەبم بەڵام ئەویش ساڵانێکی دووروودرێژ بە پشتیوانیی خامنەیی بەرپرسایەتیی گەورەی پێ سپێردراوە و هەر لە سایەی ئەو پشتیوانییەشدا ئێستا هاتۆتە ڕیزی بەربژێرەکان. ڕێژیم بەو هۆمێدە هێناویەتی بتوانێ قەیرانەکانی ئێستای پێ تێپەڕێنێ. دیارە کۆماری


سەرچاوە Serchawe

ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا نییە ئیجازە بدا کەسێکی بە مانای ڕاستی ئیسلاحتەڵەب ببێتە سەرۆککۆمار، چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا کە هێرەمی دەسەڵات بەردەوام لاوازتر بووە و لێی هەڵ دەوەرێ، بەرەوڕووی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووەتەوە. بۆیە ڕێژیم هەموو هەوڵ و تەقالای ئەوەیە حکوومەت پتر یەکدەست بێت و چ ئەندام پاڕلمان یان سەرۆککۆمار یا بەرپرسەکانی باڵای سپای پاسداران و ئیتلاعات هیچ زاوییەیکی فکرییان لەگەڵ وەلی فەقیهـ نەبێت.

**عەلی بداغی**: واتە ئەرکی پزشکیان تەنیا بۆ بردنەسەری ئاستی بەشداریی خەڵکە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پزیشکیان بۆخۆشی ئەوە دەزانێ، بۆیە دەڵێ ئەمن هاتووم بۆ ئەوەی ئاستی بەشداریی خەڵک بەرمە سەرێ. بەشێکی دیکەی قسەکەی پزشکیان ئەوەیە دەڵێ ئەمن لەژێر مەنوییاتی وەلی فەقیهـ و یاسا و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا کار دەکەم. دەی باشە خۆ ئەوانەیکە تا ئێستا هاتوونەتە سەر کار هەر لە ژێر مەنویاتی ڕێبەردا کاریان کردوە، وەکوو ڕەئیسی. کەوابوو بۆ خەڵک چە دەگۆڕێ، هەر ئەو سیاسەتەیە کە درێژەی ئەوانەی پێشوویە. ئێمە ئەزموونی ئەوەشمان هەیە ئەو سەرۆککۆمارانەی لەگەڵ وەلی فەقیهـ بە قەوڵی خۆیان زاوییە و جیاوازیی زۆر بچووکیان هەبووە چارەنووسەکەیان دیارە. هەر لە "بەنی سەدر"ەوە بگرە هەتا "کەڕووبی" و "مووسەوی". ڕەفسەنجانی گوتیان مەلەی نەزانیوە و لە حەوزی ئاودا خنکاوە! ئەوانەی دیکەش چ خاتەمی، چ ڕووحانی، تەنانەت ئەحمەدینژادێک کە کاتی خۆی خامنەیی گوتی ڕای وی لە هەموو سەرۆککۆمارەکانی دیکە بە من نزیکترە! بۆیە ئەگەر قەرار بێ پزیشکیان یا هەر کەسێکی دیکەش ببێتە سەرۆککۆمار و کەمترین جیاوازیی لەگەڵ بووچونی وەلی فەقیهـ هەبێت، ئیمکانی نییە ئیجازە بدەن بێتە سەر کار. لە منازرەکانیشدا بینیمان کە پزشکیان هیچ ڕەخنەیەکی لە سیاسەتی سەرەکیی ڕێژیم نەگرتوە، بەڵکوو لەسەر میکانیزمەکان کێشەی کردوە.

**عەلی بداغی**: پزشکیان سەردانی سنەی کرد. لەوێ باسی ئەوەی کرد کورد بۆ ناتوانێ ببێتە ئۆستاندار؟ بۆ سوونییەک ناتوانێ ببێتە وەزیر یا ناتوانێ ببێتە کار بەدەستێکی پایەبەرز لەو وڵاتەدا؟ ئایا ئەوە ڕخنەیەکی جیددی بوو لە ساختاری کۆماری ئیسلامی، یان بە جۆرێک دابەزاندنی ئاستی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە سوونە مەزهەب و بە غیرە سوونییەکانیشەوە؟

**مستەفا هیجری**: لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بڵێم ئەو قسانەی کە پزیشکیان و باقی کاندیداتۆرەکان دەیکەن لە واقعدا من بە گاڵتەکردن بە شعووری خەڵکی ئێرانی دەبینم، چونکە هەمووی ئەوانە هەرکامیان چەندین دەورە لە پۆست و بەرپرسایەتیی باڵادا بوون و هەتا ئێستاش بەتەواوی شەریکن لە هەموو ئەو نەهامەتی و بەدبەختیانەی تووشی خەڵکی

ئێرانیان کردوە. ئەوان پێیان وایە ئەو خەڵکە حافزەی نییە و ئەوە فەقەت چاوی لە دەمی ئەوانە بزانێ دەڵێن چی و خەڵکیش بە قسەی ئەوان بکات. دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا ئەوە بووە، بە تایبەت لەو هەڵبژاردنەشدا پزیشکیان خۆی بە پێشکەتووتر دەزانێ لەوانی دیکە و باس لەوە دەکا لەنێو سوونییەکاندا خەڵکی باش هەیە و لەنێو نەتەوەکاندا خەڵکی هەڵکەوتوو هەیە و دەبێ ئەوانە بخوێنینەوە و بەرپرسایەتیان بدرێتێ. پزشکیان دەیەوێ وا نیشان بدا نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت کورد تەنیا دەغدەغە و کێشەیان ئەوەیە کوردێک ببێتە بەرپرس، لە بەلووچەکان کەسێک ببێتە بەرپرس و دەیهەوێ خواستی خەڵک دابەزێنێ بۆ ئەو چوارچێوەیە. لە حاڵێکدا خۆ ئێمە وەکوو کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە کێشەکەمان ئەوە نەبووە کورد ببێتە بەرپرس یا کورد نەبێتە بەرپرس، ئەمە لە ڕابردوودا و لە ئێستاش لە حکوومەتی ئێستادا بەلووچی تێدا هەیە، عەرەبی تێدا هەیە، تورکی تێدا هەیە و هەموو نەتەوەکانی تێدا هەیە. بەڵام ئەوانە کەسانێکن مەیدانیان پێ دراوە و کەسانێکن لە ویلایەتی فەقیهدا تواونەتەوە بەشێکن لەو حکوومەتە جەهەنەمییەی بەسەر خەڵکدا زاڵە. ئەوانەی لەو ڕێژیمەدا بەرپرسایەتی وەردەگرن نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری حکوومەتن و حکوومەت هەڵیبژاردوون، بۆیە ئەمن پێم وایە خەڵکی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەیان ئەوەندە بەرزە ئامادە نابن لە مەیدانێکدا گەمە بکەن لە کۆماری ئیسلامی بۆی ئامادە کردوون. ئەو شێوە هەڵبژاردنە مەیدانێکە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە و خەڵک دەبێ لە مەیدانی خۆیاندا گەمە بکەن، مەیدانی خەڵکیش بە تایبەتی مەیدانی هاونیشتمانانی کورد ئەو مەیدانەیە بۆ خۆیان خۆڵقاندوویانە و بە یەکگری خەباتەکەیان بۆ هاوپێوەندیی لەگەڵ یەکتری دژی ڕێژیم دەبەنە پێشێ. بۆیە ئەمن داوا و چاوەڕوانی ئەوەم هەیە خەڵک لە مەیدانی بایکۆتکردندا بەرەوڕووی ڕێژیم ببنەوە و جارێکی دیکە "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە بڵێنەوە و ڕیسوای نێوخۆ و دەرەوەی بکەن.

**عەلی بداغی**: بۆچی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی ئێران، بەتایبەت لە کوردستان گرینگە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو بایکۆتکردنە لەم ڕووەوە گرنگە خەڵک نیشان بدا ئەو ڕێژیمەیان ناوێت، نەک بێن لەنێو ئەو نوێنەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆیانی دەستچن کردوە، بە قەولێک بێن لەنێوان خراپ و خراپتردا هەڵبژێرن. ئەوان ئەوەی هەڵیانبژاردوە ئەوەیە ئەو ڕێژیمەیان لە تەواویەتیی خۆیدا ناوێ، کەوابوو لە هەڵبژاردنەکەشیدا بەشداری ناکەن؛ هەروەها لە مەیدانێکدا کە ئەو ڕێژیمە دروستی دەکات ئەوان کاری تێدا ناکەن. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە بە دنیای نیشان بدەین خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەلماندوویەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حکوومەتی وان نییە، بەڵکوو بەسەریاندا سەپاوە.

**عەلی بداغی**: لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین ڕووداوی گرنگ لە کوردستان ڕوویان دا کە

**ئەگەر ئێمە لانیکەم دووانیان بە نموونە وەربگرین یەکیان هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەی ڕابردوو و دووهەمینیان نەورۆز بوو. بینیمان کە لە کوردستان بەڕاستی ئەم دوو ڕووداوە چەندە توانییان تەعبیر لە مافخوازی و شوناسخوازیی کورد لە ئێراندا بکەن. جەنابت ڕۆڵ و سەنگی حیزبی دێموکرات کە لەوانیشدا بەڕاستی دەرکەوت لە ئێستادا چۆن دەبینی. بە تایبەت دوای ئەم ڕووداوانەی دوو ساڵی ڕابردوو کە بە نیسبەتی حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، واتە چۆن باس لە پێگەی و سەنگ و قورسایی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆیی وڵاتدا دەکەن؟**

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی گرینگن. زۆرتر لەو بارەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی هاتنەسەرکاریدا بە زۆر پیلان ویستوویەتی جووڵانەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەین بەرێ یان لاوازی بکا. بۆ ئەوەش هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی، بە تایبەتی لە دوای بزووتنەوەی ژینا کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بزووتنەوەیەدا چەندە شوێندانەر بوو، ئیدی دەستی کرد بە موشەکبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەرێمی کوردستان. ئەو دۆخە لە ڕاستیدا کێشە و گرفتی بۆ ئێمە دروست کرد و خەڵکەکەمان بۆ ماوەیەک ناچار بوون شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بە جێ بێڵن، شەهید و بریندارمان دا و ئەو گیروگرفتانەمان هەبوو کە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ ئەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاساییە. چونکی کاتێک ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک لە بەربەرەکانی داین و بۆ مافی خەڵکەکەمان تێدەکۆشین کە ئەو مافانە ڕێک لە ڕاستای دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دەی ئەویش چی لە دەست دێ لەدژی ئێمە دەیکا و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەوانە زیاد دەکات. کەوابوو ئێمە دەبێ خۆمان بۆ هەموو کێشە و گوشارێک ئامادە بکەین ئەوە بەشێکیەتی کە ڕەنگە هێندێک کەس ئەو بەشە ببینێ و زەقی بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بڵێ وەزعی حیزبی دێموکرات و وەزعی جووڵانەوەی کورد خراپە. لە حاڵێکدا ئەمن بەپێچەوانەی دەبینم. ئەمن پێم‌وایە لە ئێستادا جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشترین دۆخی سیاسی خۆیدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانێک کە بەو هەموو پیلانەی لەدژی گێڕاویانە و هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەری هاتوون خۆی ڕاگرتوە بە پشتیوانی خەڵک و بە توانای خەڵک حیزبی دێموکراتێکە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لە بەر دەستی زەلیلە کە پەنا دەباتە بەر بەغدا بۆ ئەوەی بە دژی ئەو حیزبە ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی لەگەڵی ئیمزا بکات. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو حیزبی دێموکراتە بەهێزە. بێگومان هەتا ئەوکاتەش دژی ئەو ڕێژیمە لە خەباتداین ئاساییە ئەو ڕێژیمە چی لە دەستی بێت دژی ئێمە دەیکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە دەگەڵ هەمووی ئەوانەدا جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا چۆنە، ئایا بەهێز بووە؟ یا لاواز بووە؟ ئەمن لام‌وایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو هەمیشە جێگەی ئێعتماد و باوەڕی خەڵکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتدا و لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیشدا گوێی لێ دەگرن و گرینگی پێ دەدەن و لە دنیاشدا ئێعتباری تایبەتیی خۆیی هەیە. بۆیە ئەمن بە داهاتووی خەباتی حیزبەکەمان هیوادارم. بەڵام ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە


ئەرکی ئێمە و ئەرکی کورد لە ڕۆژهەڵات قورستر دەکات کە مادام ئەو چاوەڕوانییە لە کورد و حیزبی دێموکرات هەیە، ئێمە دەبێ زیاتر وشیارتر و ئاگاهانەتر هەنگاو هەڵێنین لە پێناو درێژەدانی خەباتەکەماندا. ئێستاش هەر ئەوەیکە توانیومانە لە بەرانبەر ئەو هەموو هێرشانەدا خۆمان ڕابگرین نیشانەی ئەوەیە حیزبێکی بەهێزین، حیزبێکی بە توانایین و ئەو فشارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر کۆسپی نەخستۆتە سەر خەبات و تێکۆشان و سیاسەت و بیروبڕواکەمان، بەڵکوو ئێمەی پێداگرتر کردوە لە خەبات و بەرگری و خۆڕاگریدا.

**عەلی بداغی**: **کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

**مستەفا هیجری**: **ئێوەش ماندوو نەبن**

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات



### ئاماژە:

ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرگای زۆر ئەگەر و هەلومەرج و گۆڕانکاریی نوێی بەڕووی ناوچەکەدا ئاوەڵا کردوە. کاریگەریی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی، ئەویش لە سێبەری ئەگەری پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دەکرێ هەم بە هەڕەشە و هەم بە دەرفەت بۆ جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دابندرێ. "کوردستان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەو گۆڕانکارییانە و شوێنداریی ڕووداوەکان لەسەر خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران کردوە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی گشتیی جەنابتان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، ئەویش بە سەرنجدان بە قەیرانی سیاسی و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بچینە نێو باسەکەمانەوە؛ خوێندنەوەتان بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران چییە؟

**مستەفا هیجری**: دۆخی ئێستای ئێران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرینتربوونەوەی درزی نێوان حکوومەت و

خەڵک درێژەی ئەو دۆخەیە کە هەر لەساڵەکانی سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو خراپتر چووە، تا گەیشتۆتە دۆخی ئێستا. پێشبینیی ئەو دۆخەش بە درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات، هەرێم و دونیا بەڕێوەی بردوە، شتێکی چاوەڕوانکراو بووە و بێجگە لەو ئاکامەی ئێستا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو. ڕووداوێک کە قووڵایی ئەم داماوی و کارەساتخوڵقێنییەی کۆماری ئیسلامی خێراتر و ڕوونتر دەرخست، ڕەهەندەکانی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بوو کە لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ دەستی پێ کرد. ئەمن لەو باوەڕەدام پێش دەسپێکی ئەو شەڕە ئیسرائیل زانیاری لەسەر ئەو ڕاستییە هەبوو کە لەباری توانایی هێزی ئاسمانییەوە لە ئێران بەهێزترە، بەڵام درێژەی ئەو شەڕە، بەتایبەت دوای هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤، بۆ ئیسرائیل دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا زۆر لەوە زیاتر لاوازترە کە ئیسرائیل بیری لێ دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە دڵگەرمی و هیوای زۆر بە توانای خۆڕاگریی حەماس و بەتایبەت حیزبوڵڵا لەو بڕوایەدا بوو ئەو دوو هێزە قەڵایەکی بەرگری بێئەملاوئەولای حکوومەتن، بەڵام ئەو شەڕە و بەتایبەت کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان و دەیان ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەری نیزانیی دیکەی ئەو گرووپانە، باڵادەستیی ئیسرائیلی لەباری شەڕی هەوایی و سایبرییەوە چەندقات زیاتر لە پێشوو بۆ بەرچاوی دنیا و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی دەرخست. هەڵبەت نابێ هەڵوێستی جیاوازی ئەمجارەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچەکە بەرانبەر بە جۆرێک لە خەمساردی بەرانبەر بە حەماس و حیزبوڵلا لەبیر بکەین کە دەکرێ بە نیشانەی ئەگەر نەڵێین دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لاوازیی پێگەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا سەیری بکەین. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیارە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆشەگیرییەکی سەختی سیاسی و ئابوورییەدا گیری کردوە. بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگترە، لاوازی و بێزراوبوونی زیاتری ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتە و بەهەر پێوانەیەکی لێکی بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات کۆماری ئیسلامییان ناوێ.

**عەلی بداغی**: بە سەرنجدان بە قسەکانی خامنەیی و فەرماندەرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری شەپۆلێکی دیکەی هێرشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل هەیە. لە ئەگەری ئەو هێرشەدا و لە بەردەوامیی ئەو دۆخەدا پێتان وایە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟

**مستەفا هیجری**: بێتوو کۆماری ئیسلامی هێرشێکی ڕاستەوخۆی دیکە ئەویش لە خاکی ئێران ڕا بکاتەوە سەر ئیسرائیل، مەجالێکی باشتر دەڕەخسێ بۆ ئەوە ئەم وڵاتە هێرشێکی دیکە بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ئاستی وێرانکارییەکەی زۆر زیاتر بێ لە هێرشەکەی پێشوو، و شوێنە هەستیارەکان ئەو جارە بکاتە ئامانج، چوونکە بەدوای هەڵبژاردنی ترامپ دەستی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی ئەوتۆ ئاواڵەترە. درێژە پێدانی ئەو کێبرکێیەش زیاتر بە زەرەری ئێران تەواو دەبێ و، لە دۆخێکی

ئەوتۆدا، مەترسییەکانی پەرەگرتنی زیاتری شەڕیش چاوەڕوان دەکرێ و پێناچێ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم دۆخە نەبینن و بێ لێکدانەوە بیانهەوێ هێرشێکی دیکە بکەنە سەر ئیسرائیل. بۆیە من پێشبینی ڕووبەڕوونەوەیەکی توند و هەمەلایەنەی نیزامی ناکەم.

**عەلی بداغی**: ئەم دۆخە سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامییەی ئێستا چ کاریگەرییەکی بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئێران داناوە؟

**مستەفا هیجری**: لەو دۆخە سیاسی ئەمنییەتی یەی ئێستادا کە شەڕەکە بەگشتی بە زیانی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە، سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، ناڕەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن. خەڵک لە چووکەترین دەرفەت بۆ گەیاندنی پەیامی ناڕەزایەتی و بێزاربوونی لە ڕێژیم کەڵک وەردەگرن و هەست بە یەکریزی و یەکگرتوویی زیاتر لە نێو گەلانی ئێران زیاتر دەکرێ. بەگشتی پێداگرتر بوون لە داخوازەکانی خۆیان، بەتایبەتی کە خەڵک لە تێکشکانەکانی ڕێژیم چ لە شەڕەکانی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنە و چ شکانی هێزە نیابەتیەکان خۆشی دەردەبڕن، و هەر ئەمە ڕێژیمی زیاتر لە پێشوو لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خستۆتە پەراوێزەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای نیگەرانی خەڵک لە داهاتووی ژیان و مەعیشەتیان بەڵام هیوادارترن و لە خەبات کۆڵیان نەداوە.

**عەلی بداغی**: زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە دەوڵەتی مەسعوود پزشکیان تێپەڕی و دەکرێ ئەم ١٠٠ ڕۆژی یەکەمە بە پێوەر بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت وەربگیردرێ. لەم بارەیەوە چۆن باس لە کارنامەی دەوڵەتی پزشکیان دەکەن؟ هەروەها لێکدانەوەتان بۆ هەندێ جووڵەی سیاسیی پزشکیان چییە، بۆ نموونە ئەوە کە بۆ یەکەمجار کوردێکی کردووەتە یەکێک لە جێگرەکانی خۆی، ئایا ئەمە دەکرێ بە کرانەوەی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا تەعبیر بکرێت؟

**مستەفا هیجری**: بەشێوەی گشتی سەت ڕۆژی سەرەتای دەست بەکار بوونی سەرۆککۆمارەکان بە پێوەر دادەنرێ بۆ چۆنیەتیی تێپەڕبوونی باقی سەردەمی دەسەڵاتیان. بەڵام من بۆخۆم لەمێژساڵە بەو قەناعەتە گەیشتووم لە ئێراندا سیستەمێکی ڕەقی نەگۆڕ و چەقبەستوو دینامیزمی جووڵە و کردارە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەویش ڕێبەری گشتی (وەلی فەقیهـ)ە، سەرۆککۆماریش وەکوو باقی بەشەکان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە کە لە بەیتی ڕێبەری دەدرێن ئەرک بەڕێوەبەرن، لە ئێستادا ئەم شارەزایی و هەڵسەنگاندنە لە ڕادەی دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئوروپا و بگرە هەموو وڵاتانی ناوچەکەش هەروایە. بۆ نموونە لەو ساڵانەی دواییدا زۆرجار

لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتانەشمان بیستوە کە وتوویانە ئێمە لەسەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی حیساب دەکەین نەک دروشمەکانیان.

پێوەندیدار بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دیارە دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام نەک وەکوو کرانەوەیەک بەڕووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا. چوونکە کرانەوەی سیاسی پێناسەیەکی دیکەی هەیە کە بۆخۆی پێویستی بە شیکردنەوە و باسێکی زۆرترە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئوتوریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن.

**عەلی بداغی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا و بۆ ئاکامگیرییەک لەسەر ئەو بابەتە؛ پزشکیان ناوی دەوڵەتەکەی ناوە "وفاق ملی"، واتە یەکگری و هاوپێوەندیی هەمەلایەنەی هەموو ئێرانییەکان. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەش کە پزشکیان دەوڵەتی خۆی بە ناوی "دەوڵەتی وێفاق " دەناسێنێ هەر ناوێکی بێنێوەرۆکە. لە ئێراندا باوە هەر دەوڵەتێک ناوێکی بۆ دانراوە وەکوو "دەوڵەتی سازەندەگی" یان "دەوڵەتی وێفاق" و تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار کورد و یەکیان بەلووچ و... بێ دەوڵەت نابێتە دەوڵەتی وێفاق. لە کاتێکدا لە یاسای بنچینەیی (قانون اساسی)دا دەوڵەت لەسەر شەریعەتی ئیسلامی وێلایەتی فەقیە، تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، قسەکردن لەسەر دەوڵەتی وێفاق میللی زۆرتر وەکوو سەهۆڵی برژاو دەچێ! ئەو وێفاق و تەباییەش کە پزیشکیان باسی لێوە دەکات، ئەوەندەی نیشانی داوە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگە و خەڵکەوە نییە. ئەو باسی تەبایی نێوان جەناح و لایەنەکانی بەشدار لە ڕێژیمدا دەکات کە وک وتمان هیچ پێوەندییەکی بە خەڵکەوە نییە. هەرچەند بەو درز و کەلێنە فکری و ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییانەی کەوتۆتە نێو بەرەجۆراوجۆرەکانی ڕێژیمیشەوە، هیچ وێناچێ دەوڵەتی پزیشکیان تەنانەت لە پێکهێنانی ئەو وێفاقەشدا کارێکی پێ بکرێ.

**عەلی بداغی**: بابەتێکی ڕۆژەڤی دیکە گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپییە. لەو بارەیەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکرێ. پێتان وایە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەمریکا دۆخێکی‌تر لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست دەکات کە کاریگەریی لەسەر خەباتی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی دابنێت؟

**مستەفا هیجری**: دۆناڵد ترامپ کەسایەتییەکی پێشبینی نەکراو و پراگماتیکە، بۆیە زۆر بەزەحمەتە لە ئێستاوە بڵێین



سەرچاوە
Serchawe

بەڕوونی چۆن لەسەر ئێران بەرنامەڕێژی دەکا؛ بەڵام بەپێی هەڵسوکەوتی لە ماوەی سەرۆککۆماریی دەورەی ڕابردووی و هێندێک کەسایەتی گرنگی حکوومەتەکەی کە تا ئێستا دیاری کردوون. لەلایەکی دیکەوە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دەورەی پێشوودا، حەول دەدا کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر زەختێکی فرە ڕەهەند بە مەبەستی ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، ئاکامی ئەو زەختە دەتوانێ لە ڕاستای بێهێزترکردنی کۆماری ئیسلامیدا بچێتە پێش و بواری زیاتر بۆ پەرەگرتنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە نێوخۆی وڵات و کار و چالاکی زیاتری ئازادیخوازان برەخسێنێ. بەڵام خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک دوا پرسیار و ئاکامگیرییەکی گشتی لە باسەکەمان. ئەم ئەگەرانەی لە بەردەم کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌دان و ئەو ئەرک و زەرووڕەتانەی کە دەبێ بە هەند وەربگیرێن کامانەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ناسراوە، زۆر لەوە لاوازتر و بەربڵاوترە کە بتوانێ هەلومەرجەکان بە قازانجی خەڵک بقۆزێتەوە. بۆیە کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیە کە دەبێ خۆی سازمان بدا. بۆ ئەم کارە پێش هەموو شتێک پێویستە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە هەموو پێکهاتەکانەوە زیاتر حیساب لە سەر هێز و بتانسێلەکانی خۆی بکات. لایەنە سیاسییەکانیش پێویستە بۆ مەسەلەی ئالترناتیڤسازی ڕوانگە و وەزەمان زیاتر ڕووی لە نێوخۆی وڵات بێ. ڕاستە ئەم کارە ئاسان نییە بەڵام پێویستە کاری لەسەر بکرێ.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## مستەفا هیجری: ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن



"کوردکاناڵ"

**ئاماژە:**

**تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ژینا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی ڕاپەڕین و تاوتوێیی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکرێت، دەسکەوت و کەموکوڕییەکانی لێک بدرێتەوە و وێنایەک لە دوورەدیمەنەکانی بەدەستەوە بدەین. هەروەها بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین کە کۆمەڵگەکە لەو چەقبەستوویە ڕزگار بکات.**

**"کوردکاناڵ" بۆ ئەو مەبەستە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو کە "کوردستان" پوختە و کاکڵی ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕینی ژینا تێپەڕیوە. بەرلەوەی چەند پرس و پرسیارێکی تایبەت لە خزمەت جەنابتدا بێنینە گۆڕێ، پێمان باشە لێکدانەوەی جەنابت لەسەر دۆخی ئێستای ئێران بزانین. ئێرانی دوای ئەم ڕاپەڕینە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی پێش ئەو ڕووداوە هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەبێ باس بکرێ دوو بەشە، واتە دۆخی خەڵک و دۆخی دەسەڵات. بە نیسبەت کۆماری ئیسلامیی هەڵوەرین لە ڕێژیمدا دوای ئەو سەد ڕۆژە زۆرتر بووە و ئەگەر پێشتر گرووپێک، یان بە نیسبەتی کەم خەڵکێک بە دەوریانەوە مابوون و باوەڕیان پێ دەکردن، ئەوەش زۆر لە کەمی داوە. تەنانەت لەنێو هێزەکانی سەرکوتکەر، بەتایبەتی لەنێو مەرجەعەکانی شیعەدا کە پشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، لەنێو ئەوانیشدا درزی تێکەوتووە و ئەو یەکدەستییەی لە هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمدا هەبوو، ئێمە ئێستا ئەوە نابینین. بێجگە لەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیشەوە شکستێکی تەواوی خواردووە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بەشێکی زۆر لە وزە، سامان و دارایی ئەو وڵاتەی تەرخان کرد بۆ ناوەندە ئایینیەکان بۆوەی بتوانێ ئەو نۆرم و بەهاگەلەی بۆخۆیان وەکوو نۆرم و بەهای ئیسلامی دەیناسن، نەوەیی نوێی پێ گۆش بکەن. لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە و تەنانەت کارگە و کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک ئەو سیاسەتە گیرایە بەر. بەڵام ئێستا دەبینین ئەو نەسڵە کە ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەیان لەسەر کردووە و، بە تەمابوون بۆیان ببێتە پشتیوانی ڕێژیمەکەیان، ئەوە ئەوانن لەسەر شەقامەکان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشم دەدەن و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن. بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بکەم بە دەوری بەرچاو و قارەمانانەی ژنانی ئێران کە زیاتر لە خەڵکی دیکە ستەملێکراو بوون. ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو خەڵکە بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان و ئەوانە دەستکەوتی زۆر گرینگن.

بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵانێکە پڕوپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی شیعە و سوونی و نەتەوەکانی جیاوازەکان کە پێکهاتەی ئێران پێک دێنن، لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ؛ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی، بە سیاسەتی هەڵاواردن، بە لێدانی تۆمەتی جیاییخوازی و... . بەڵام ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژە نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بە پێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا. ئەو یەکیەتی و یەکریزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لە بەشەکانی دیکەش وەک ئابووری و سیاسەتی دەرەکی، ڕێژیم تووشی داڕمان و هەرەس بووە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر خەڵک، ئەو خەڵکە لەگەڵ ئەوەی تازیەباری لەدەستدانی خۆشەویستەکانیانن، ناڕاحەتن لەوەی برینداریان زۆرن، خەڵکێکی زۆر گیراون و بێسەروشوێن کراون؛ بەڵام خەڵک براوەن و ئەو وێنایەیان دروست کرد کە خەڵک دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ و نیزامی سیاسیی دڵخوازی خۆی بێنێتە ئاراوە. خەڵک ئێستا ئیدی بەتەواوی ترسیان لە ڕێژیم شکاوە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. بەتایبەتی دەبینین خەڵکی دنیا لە پاڕلمانەکان، دەوڵەتەکان لە نێو ڕۆژنامەنووسەکان، هونەرمەندان و بە

ئیستلاح سلیبریتییەکان، لە هەموو شوێنێک هاتوونەتە پشت خەڵک و بە ئاشکرا دژی ڕێژیم هەڵوێست دەگرن.

دەستکەوتێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە ئەگەر لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەماندیت خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان، داواکان بۆ مووچەی دواکەوتوو، یان داخوازیی سینفییان هەبوو؛ بەڵام لەو سەد ڕۆژەدا دروشمەکان لەوە تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد ئامانج و دروشمی مەرگ بۆ ڕێبەری ڕێژیم بەرز کرایەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە ئەو خەڵکە ئیدی هیچ هیوایەکی بە ڕێژیم نەماوە و ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بووە کە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانەکانی و، بۆ ژیانێکی سەربەرزانەتر دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بڕوا.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا باستان لە دۆخ و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد. بەڵام دەرفەتەکان چی؟ ئەم دەرفەتانە چین کە بۆ پرسی کورد لە ئێران دروست بووە؟ هەروەها کورد چۆن دەتوانێ ئەم دەرفەتانە بقۆزێتەوە و لە پێناو دۆز و پرسە گەورەکەی خۆیدا بەکاری بێنێ؟

**مستەفا هیجری**: گرینگتر لە هەموو شت ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامی و لە ڕێژیمی پەهلەویشدا کورد وەکوو خەڵکێکی یاخی و سەربڕ پێناسە دەکرا. کورد لەو سۆنگەیەوە بەتوندی سەرکوت دەکرا، زوڵمی لێ دەکرا و نەیاندەهێشت سەر هەڵێنێ، بەڵام ئێستا لە تاران، لە تەورێز، لە بەلووچستان خەڵک بۆ پشتیوانی لە کوردستان دروشم دەدەن. ئەوە دەرفتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە زمان خەڵکی دیکەوە دەناسرێ. ئەوە دەرفەتێکی زێڕینە و ئێمە هان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی غەیری کوردستان پێوەندی بگرین و ئەو پێوەندییە، مەعنەوی و سیاسییە کە هاتووەتە پێش بتوانین بەهێزتری بکەین. لێرەدا پێمخۆشە داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەتایبەت لاوەکان بکەم کە ئەو دەسکەوت و یەکگرتوویە بە هەند وەربگرن. ماوەیەکی زۆری کێشاوە، کورد زۆری خوێن داوە تاوەکوو ئازادیخوازی و بەها مرۆییەکانی خۆی بە خەڵکی ئێران و جیهان بسەلمێنێ. لەبیریشمان نەچێ ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بەشێوەی بەربڵاو دەنگی داوەتەوە و دنیا هاتووەتە پشتی؛ لەسۆنگەی ئەو یەکگرتوویەیە. ئێمە شان بە شانی خەڵکی ئێران دەتوانین، ڕێژیم بڕووخێنین و ویست داخوازییەکانی خۆمان بێنییە دی، بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەوەندی ئیمکانمان هەیە و بۆمان دەلوێ دەبێ پتر تێبکۆشن و کەلکی پتر لەو دەسکەوتە وەرگرین.

دەرفەتێکی دیکە کە دێتە پێشێ مەسەلەی ڕۆژئاوایە بە ئەمریکا و ئورووپاوە. ئێستا جیهان دەزانێ کە ئەو ڕاپەڕینە، یەکەم هەنگاو لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد. ئێستا دەزانن کە ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بوون کە داوایان کرد خەڵک بێنە سەر شەقام و مان بگرن و خەڵک بە گوێیان کردن. ئەوە ئیعتبارێکی تازەتری داوە بە کورد و هێزە

سیاسییەکانی کوردستان داوە کە دەبێ بیکەینە دەسمایەیەکی باش بۆ دیپلۆماسییەکی بەهێز. ئەمن هەر لەو سەفەرە کورتەی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەمبوو، ئەو تامەزرۆییەم بینی.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا لە تەنیشت ئەو باسانەی کە لەسەر دەسکەوتەکان و دەرفەتەکانی ئەم جووڵانەوەیە کردتان، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە جووڵانەوەکە لە کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ نموونە ڕۆڵی ماملاستایانی ئایینی. واتە ئەگەر لە دەرەوی کوردستان دەبینین دیاردەی مەندیلفڕێدان هەیە و خەڵکەکە بە بێزراوییەوە لە ئاخوندەکان دەڕوانن، بەڵام لە کوردستان هەم ڕەفتاری ماملاستاییانی ئایینی جیاواز بووە و خەڵکیش ڕێزێکی زۆر تایبەتیی بۆ ڕۆڵی ماملاستایانی ئایینی هەیە. بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جیاوازییانە هەیە؟

**مستەفا هیجری**: جیاوازییەکی گرینگ هەیە لەنێوان ئەو دوو تەیفە لە کوردستان و دەرەوی کوردستان. ئەوەی کە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کە موجتەهیدن خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی هەبووە کە لەسەر ئەو زۆڵموزۆرییەی ڕێژیم لەو ماوەیەدا لە خەڵکی کردووە بێنە جواب. ئەوان بەپێی بنەما ئایینییەکانی خۆیان، دەبێ داکۆکی لە ستەملێکراو بکەن. بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بێجگە لە هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، ئەوانی دیکە هەر لەگەڵ ڕێژیمن و پشتیان لە خەڵک کردووە. بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە. لە کوردستان کەسایەتییە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکن، نیشتمانپەروەرن و لەو ماوەیەدا پشتی خەڵکیان گرتووە و دژی ڕێژیم ڕاوەستاون. هەرچەند ئەوە ڕەنگە بۆ ئەوان تێچووی زۆریشی هەبێت و لەو سۆنگەیەوە تووشی زیندان و لێپرسینەوە و سزای جۆراوجۆر بن، بەڵام ئەوان ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرگرییان لە خەڵک کردووە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لە پێناو خەڵکەکەدا فیدا، کردووە و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم ئەوانی دیکە لەو بارەوە بۆ خەڵک جێگای ڕێزن. بۆیە ئەمن ڕێزی یەکجار زۆرم بۆ ئەو ماملاستا و کەسایەتییە ئایینییانە هەیە و دەستخۆشیان لێ دەکەم و دەڵێم هەر ئەوە شایستەیانە کە بەرانبەر خەڵکەکەیان ئاوا ئامادەی فیداکارین؛ بێگومان کەسایەتی و خۆشەویستی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا ئەم ڕاپەڕینە تێچووی زۆریشی بووە، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکان لەچاو شوێنەکانی دی قورس بووە، ئەوە بە ئاماری کوشتنەکان، ژمارەی برینداران، زۆریی گرتن و ڕەشبگیرەکان و شێوەی سەرکوتی خەڵک لە کوردستانەوە دیارە. بۆ؟ لەبەرچی؟

**مستەفا هیجری**: هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نەتەوەکان بەتایبەتی کورد، لەژێر هەڵاواردنی زۆر ئاشکرادا بووە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کورد هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ئەو ڕێژیمەی باش ناسیوە و زانیویەتی کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە لەدژی ڕاوەستاوە. گەلی کورد لە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە نیسبەتی خەڵکی کورد هەر پیلانگێڕی کردووە، زوڵموزۆری نواندووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێبەرانی جووڵانەوەکەمانی تێرۆر کردووە و دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کورد بووە. لەو سۆنگەیەوە خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتییەکانی کورد لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانییوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنی، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەوەرەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆڵ نادەن.

**کوردکاناڵ**: واتە ئێوە دەڵێن کە ئەو تێچووانە بە هیچ شێوەیەک خەڵک چاوترسێن ناکەن و پاشگەزیان ناکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان. ئەمن پێموایە هەر ئێستا ئەو خەڵکە کە تێچووی زۆریشیان داوە، ئەوان بە ئیرادەترن. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ئەوەی ئێمە لەو ماڵەیەدا لە بنەماڵەی شەهیدان بینیمان، لە بابی شەهیدەکان، لە دایک و خوشک و برا و منداڵی شەهیدەکان، ئەوان هەمووی هاندەر و وەرەبەخش بوون. لەباتی لاڵانەوە و پاڕانەوە، لەباتی لاوازی و کەساسی، بەڵام وەک لیدێرێکی سیاسی خەڵکیان بۆ درێژەدانی خەبات هان دەدا. ئەوە نیشان دەدا، خەڵک دڵبریندارە، نارەحەتە، تازیەبارە، بەڵام لە عەینی حاڵدا، ورەی بەهێزتر و هیوای قاییمترە.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا وەکوو باستان کرد، ئەم ڕاپەڕینە دەسکەوتی زۆری بۆ پرسی کورد بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو دەستکەوتانە بێگومان ڕەنگە کەموکووڕی و کەمایەسییش بە ڕاپەڕینەکەوە دیار بێ، ئەگەر جەنابت بتەوێ خاڵە لاوازەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەی، ئەوانە لە چیدا دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: ئەو سەد ڕۆژە تاقیکارییەکی زۆر گرینگ و مێژوویی بوو بۆ گەلەکەمان و خەڵکی ئێران بە تەواوەتی. لەوەڕاش کە ئەو خەباتە کۆتایی نەهاتووە، پێویستە وەک چۆن خاڵە بەهێز و دەسکەوتەکان باس دەکەین، خاڵە لاوازەکانیش ببینین. ئەمەش بۆ ئەوەیە بۆ داهاتوو خاڵە لاوازەکان بنەبڕ بکرێن هەتا تێچوومان کەمتر بێ. خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی لە ئاستی سەرانسەریدا ئەوەیە لە شارە گەورەکان هێشتا خۆپێشاندانەکان میلیۆنی نین، تەنانەت چەند سەت هەزار کەسییش نین. بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئێران بڕووخێ پێویستە هەمووان بەشدار بن.

لە کوردستانیش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان کە بوومانە، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بە وردبینیی زۆرتر، تێفکرین و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و بە لێکدانەوە و مشوورخۆریی زیاترەوە تێچووی ڕاپەڕینەکەمان کەمتر بکەین و ئەوەندە شەهید و بریندارەمان نەدابا. ئێمە وەکوو خەڵکی کورد کەممان نەهێناوە لە خەباتدا. ئەو دەمەی کە بەشێکی زۆر لە

خەڵکی ئێران خومەینییان لە مانگدا دەدیت و پیرۆزییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ڕێژیمە قاییل بوون، کورد ئەوکاتە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. یانی ئێمە ٤٤ ساڵە قوربانی دەدەین. ٤٤ ساڵە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێژیمە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادییە، ئەو ڕێژیمە زاڵمە و دەبێ بڕوا و و نەمێنێ. ئیدی پێویست ناکا ئێمە لە درێژەی خەباتەکماندا، بمانەوێ بیسەلمێنین کە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕین. بەڵکوو دەبێ شانبەشانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بڕۆینە پێشێ، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەمن دەزانم لاوەکانمان تووڕەن، بێزان لەو ڕێژیمە، چونکە گەورەترین زوڵم لە لاوەکانمان کراوە بە کچ و کوڕەوە. بەڵام خەباتکردن دژی ڕێژیمێکی ئاوا پێویستیی بە تێفکرین و هەڵسەندگاندنە. هیوادارم ئەوە ببێتە دەرسێک لە داهاتوودا، لەگەڵ بەشداری زۆر چالاکمان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام شانبەشانی خەڵکی ئێران بچینە پێشێ، بۆ ئەوەی تێچوومان کەمتر و لە ئەنجامدا دەسکەوتمان زیاتر بێ.

خاڵێکی لاوازی دیکە ئەوەیە هێشتا ئاڵترناتیڤی ڕێژیم دروست نەبووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامەکانی توێژی خوڵەمێشیی کۆمەڵگە بێنێتە سەر شەقام کە هیوادارم لە بەردەوامیی خەبات و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکەدا هەمووان بتوانین ئەو کەمایەسییانە چارەسەر بکەین.

**کوردکاناڵ**: لە دەرەوەی ئەو هیوادارییە بەڕێزتان کە زۆر جێگای سەرنجن، بەڵام پرسیاری خەڵک ئەوەیە کە ئەم ئاڵترناتیوە بۆ دروست نابێ. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆ بارتەقای گۆڕانکارییەکانی، کۆمەڵگەی ئێران ناجووڵێتەوە و ئەو کێشە و ناکۆکییانە چین کە ناتوان لە بارووودۆخێکی ئاوا هەستیاریشدا کە ڕێژیم لە لێواری ڕووخانە؛ ئەوان لە دەوری لانیکەمی خاڵە هاوبەشەکان ساغ ببنەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن سەرەتا کوردستان لە دەرەوەی ئەو باسە دادەنێم. بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن. بەداخەوە هەتا ئێستا کەس بیروبۆچوونی ئەویدیی قبووڵ نییە و هەر کەس پێیوایە بۆخۆی حەقیقەتیی موتڵەقە و ئەوە ئەوانی دیکەن کە دەبێ لە دەوری ئەو بهاڵێن. ئەوە بە داخەوە واقعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام لە کوردستان، ڕاست بە پێچەوانەی ئەو دۆخەیە. لە کوردستان خەڵک لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا، ئەزموونی گەورەیان لە خەباتدا وەدەست هێناوە و تاقیکاریی زۆریان بووە. ئەزموون لە شکاندنی یەکتر، لە کوشتن و بوغزاندنی یەکتر و هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە. بەڵام بەو دەرەنجامە گەیشتوون هیچکام لەوانە ڕێگای



سەرچاوە Serchawe

ڕزگاری نین. ڕێگای ڕزگاری لە یەکگرتوویی و لە بەهێزبوونەدایە. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە، خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزی شوێندانەر. بۆ ئەوەش کە ببێتە هێزی شوێندانەر دەبێ یەکگرتوو بێ. هێز لە یەکگرتووییدایە و بۆ ئەوەی بتەوێ لەگەڵ لایەنی دیکە یەکگرتوویی پێک بێنی، دەبێ حەقانییەتێک کە بیری لێ دەکەیە و باسی لێ دەکەی هەمووی لە خۆتدا نەبینی و لە خەڵکی دیکەشدا ببینی بۆوەی بتوانی بەرنامەی هاوبەشت لەگەڵی هەبێت. ئێستا پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە کوردستان یەکگرتوویی بەکردەوە هەیە و ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو بەشە لە ئێراندا.

**کوردکاناڵ**: هەر ئەم جیاوازییانە لەو ماوەیەدا واقعی سیاسیی گرینگی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە هەرکات ناوەندی هاوکاریی دوای مانگرتنی کردووە، وەڵامی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتووە. بەڵام کاک مستەفای بەڕێز ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، یان ناوەندی هاوکاری هەر بەو مێتۆدە لە خەبات لە کوردستان بەردەوام دەبێ، یان پلان و بەرنامەیەکی دیکەتان بۆ ڕاپەڕین هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان هەر قۆناغێک لە خەبات، ڕێوشوێن و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێ، خەبات ڕەنگی جیاواز بە خۆییەوە دەگرێ و دروشمەکان دەگۆڕدرێن و داخوازیی خەڵکیش دەگۆڕدرێن و دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێ بەپێی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی خۆیاندا پێک بێنن. ڕەنگە ئەو شێوە خەباتە لە ماوەی ئەو سێ مانگە یان ١٠٠ ڕۆژەدا لە پشت سەری خۆمان بەجێمان هێشت، نەتوانین بە عەینی، ئەو مێتۆدە دووبارە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێمە ئێستا هەم لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان و، هەم لە ناوەندی هاوکاریی خەریکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ئەزموونی ئەو ماوەیەین، بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەتوانین بێنینە پێشی کە هەم خەباتەکە بەردەوام بێ، هەم خەڵکیش ماندوو نەبێ و بتوانی بچێتە لە خەباتەکە بچێتە پێش.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا جەنابت دەورە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: من ئەوە قسە و بیرباوەڕی ئێستام نییە، بەڵکوو زۆر لەمێژە گوتوومە لەوەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەڕووخێ و ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و ئەو باوەڕەم بەهێزتر بووە. ئەوەی ئێستا بڕوای منی بەهێزتر کردووە ئەو دەستکەوتانەیە کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا بەدەست هاتووە زۆر گرینگ بوون. بەتایبەتی لە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچستان کە پێویستە، ڕێزی لێ بگرین. بۆیە من ئاراستەکە ئاوا دەبینم، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوا و لە ڕووخان نیزیکتر دەبێتەوە. هۆکاری ئەوەش زۆرتری دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە عەقڵییەت و تێگەیشتنی ئەوەی نییە گوێی لە خەڵک بێ و هەنگاوێک

لەپێناو ویست و داخوازی خەڵکدا هەڵێنێتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکانە لەباتی ئەوەی گوێ لە خەڵک بگرن و داخوازیی خەڵک جێبەجێ بکەن، بەرنامەی خۆیان دەبەنە پێشێ و ئەوە دەبێتە عاملی ڕووخانەکەیان. لەلایەکی دیکەوە بەو وشیاری و ئاگایییە کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی بە دەستی هێناوە، ئەم ڕێژیمە چیدی ناتوانێ بەو عەقڵییەتەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. جا هۆکاری دیکە زۆرن، ئەوەش کە جیهان پشتی کردووەتە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر فشاری بۆ دێنن و ئەو فشارانە لە داهاتوودا زیاتر کاریگەرییان لەسەر کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**کوردکاناڵ**: کاک مستەفا پرسیار زۆرن، بەڵام کات کەم. ئەگەر لە کۆتاییدا پەیامێک، یان بابەتێکی نەگوتراو و باس نەکراوتان مابێت بفەرموون.

**مستەفا هیجری**: من شتێکی کە دەمەوێ پێداگریی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی یەکگرتووییە. داوام لە خەڵکی کورد ئەوەیە ئەوەنەدی لە فکری یەکگرتووی کورد و نێوماڵی خۆماندا هەن ئەوەندەش لە فکری یەکگرتوویی بن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەت نەتەوەی فارس. ئێمە، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە وەکوو عەرزم کردن هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. ئێمە لە کوردستاندا هەرچەند یەکگرتووش بین ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیو. بەڵام بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. بۆ ئەوە هەم دەبێ ئەو سیاسەتەمان درێژە پێ بدەین و حورمەتی خەڵکی دیکە بپارێزین، هەم لەلایەکی دیکە نابێ هیوا و ئومێدمان لە دەست بدەین پێمان وا نەبێ کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەمجارەش، خەڵکی سەرکوت کرد هەمووشتێک تەواوە. چونکە لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا لەو جارەشیان خەڵکیان زیاتر کوشت. بەڵام بەو حاڵەش خەڵک هاتنە مەیدان. ئەو خەڵکە بەو ئاگایییە گەیشتووە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بکەین بە هەڵەکانمان، کەموکوورییەکانمان و بەتایبەتی ئەو یەکگرتووییە بپارێزین و بەرفراوانتری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٢

## مستەفا مەولوودی: سەرەڕای ستراتیژیی جیاوازی لایەنەکان پێویستە ناوەندی هاوکاری بەرین بێتەوە، یان دەنا ناوەندێکی گەورەتر پێک بێنین



**کوردستان**

**ئاماژە:**

**لە هەشت مانگەی شۆڕشی ژینادا پرسی پێگە و چەندوچۆنیی شۆڕشەکە، هەنگاوی بەکردەوە و جووڵە سیاسییەکانی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دواجار نەخشەڕێیەکی سیاسی کە زۆرینەی لایەنەکان لەسەری ڕێک کەوتبێتن لە بابەتە ڕۆژەڤەکانی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێرانە. "کوردستان" بە کۆمەڵێک پرس و پرسیارەوە دیمانەیەکی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**کوردستان: کاک مستەفا ٧ مانگ لەوەپێش و لەسۆنگەی ناڕەزایەتییەکان بە کوشتنی ژینا ئەمینی ڕاپەڕینێکی بەرین لە ئێران وەڕێ کەوت. ئەم ڕاپەڕینە ڕاستە سەرکوت کرا، بەڵام پێتان وایە ڕێژیم توانیبێتی بەسەر دۆخەکەدا زاڵ ببێت؟**

**مستەفا مەولوودی**: من باوەڕم وا نییە کە ڕێژیم توانیبێتی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران سەرکوت بکات. ئەگەر بەهۆی

فشارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک چوار مانگی پێش ئێستا خەڵک بە ڕۆژانە لەسەر شەقام نین و وەک پێشوو ڕۆژانە لە مەیدانەکاندا دیار نین، ئەوە بە مانای ئەوە نییە خەڵک تەسلیم بوون و ڕاپەڕین سەرکوت کراوە. ئەوە نییە ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر شاهیدی نارەزایەتی و لە مەیداندابوون و مانگرتنی چین و توێژەکانی خەڵکی وڵاتین. بۆیە ڕێژیم سەرەڕای ئیدیعاکانی نەک نەیتوانیوە بە سەر دۆخەکەدا زاڵ ببێت، بەک نەیتوانیوە ئیرادە لە خەڵک بستێنێ و خەڵک لە ویست و خواستەکانی پەژیوان بکاتەوە؛ بگرە هەر ئەو ڕاپەڕینە و بەردەوامییەکەی و مافخوازیی خەڵک گەورەترین کێشەی بۆ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە.

ئەو ڕاپەڕینە کە زۆرتر بە بزاڤی ژنان و گەنجان پێناسە کراوە؛ لە بەردەوامیی خۆیدا ئێستاش دەبینین بەربەرەکانێی ئازایانەی لاوان ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا، ڕێژیمیان دەستەوەستان کردووە. ئەمەش وای کردووە کە ڕێژیم هەموو توانا مەزهەبی، قانوونی و ئەمنییەتییەکانی بخاتە گەڕ بۆوەی ئەم جووڵانەوەیە بوەستێنێ. دەبینین کە بە جەریمەکردن و پێشگرتن لە کار و سنووردارکردنی ژنان لە زۆر باری ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتیدا بەربەستی قورسی بۆ دروست کردوون و ڕاستەوخۆش ڕۆژانە لە ئیدارەکان، لە شەقام و شوێنە گشتییەکان بەربینگیان پێ دەگرن، هەستیان خەوشدار و بریندار دەکەن؛ بەڵام ژنان و گەنجان کۆڵ نادەن. ڕێژیم تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە کە ژیان و کاری تاک بخەنە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری، بەڵکوو لە تاکتیکی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک کەڵک وەردەگرێ و ڕۆژانە بە دەیان ڕێستوران و پاساژ و دوکان پلۆمپ دەکرێن و دادەخرێن، بەڵام خەڵک پێملی ئیرادە و گوشارەکانی ڕێژیم نەبووە و نافەرمانیی مەدەنی بە شێوەیەکی بەردەوام درێژەی هەیە. بۆیە ئەگەر کورتی بکەمەوە ئەمن لام وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی ڕاپەڕینی خەڵک سەرکوت بکات و نە دەشتوانێ بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێت و لە نیهایەتیدا ئەوە خەڵک و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکە چارەنووسی ڕێژیم یەکلا دەکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا و بەبۆنەی ١ی مانگی مەی (ڕۆژی جیهانیی کرێکاران) دەبینین کە مانگرتن لە زۆربەی شارەکان لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆریی کرێکاران و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئارادایە و خەڵک و چینی جۆراوجۆریش پشتگیرییان دەکەن. بۆیە بەدڵنیاییەوە ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی ساڵی بەردەوامی و پێشکەوتنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت.

**کوردستان**: پرسی هاوپەیمانی یان ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چەندە لە دامرکاندنی کاتیی شۆڕشەکەدا کاریگەری هەبوو. وەک ئەوەی نەیانتوانی هیوا و هۆمێد بۆ بەردەوامیی خەڵک لەسەر شەقام بێڵێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: من باوەڕم وایە خەڵکی ئێران حیسابی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم یەکلا کردۆتەوە و لێی تێپەڕیون و هەوڵ دەدەن بۆوەی بیڕوخێنن؛ بۆیە لە مەیدانی خەباتەکەشدا زۆر چاوەڕوانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەیان نەکردووە. تەنانەت خواستەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە زۆر بوار و ڕەهەنددا لە پێش بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە تاراوگەیە و، ئەوە بە تەواوی بە دروشم و ویست و جۆری چالاکییەکانیانەوە دیارە. بەڵام سروشتییە ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی بەربەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بیهەوێ لە ڕێژیم تێپەڕێ و نیزامێکی دێموکراتیک و بەرپرس بێنێتە ئاراوە،

**پێویستی بە ئاڵترناتیڤی دیار و جێگای متمانەی خەڵک هەیە کە ببێت بە ئادرەس و جێگەی ئەو ڕێژیمە بگرێتەوە. بۆیە:**

**یەکەم**، بۆ خەڵکی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی وڵات گرینگە بزانن چ کەسایەتی و لایەنێک ڕێبەرایەتیی سیاسیی جووڵانەوەکە دەکات.

**دووهەم**، بۆ دنیای دەرەوەش گرینگە کە نیزامی سیاسیی ئێران بە چ شێوەیەک دەگۆڕدرێ و، ئەو گۆڕانکارییە چەندە کاریگەریی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و ئارامی ناوچەکە دەبێت. چونکە وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران بەو پێگە گرینگە و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سیاسییە هەستیارەی دەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر جێگیری و ناجێگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لە ناوچەکەدا. هەبێت و لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا ئەوە فاکتەرێکی گرینگە.

**سێهەم**، وڵاتانی ناوچەکەش بەو ئەزموونەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستتێوەردەرانە و قەیرانخوڵقێنییەکانی هەیانە، بۆیان گرینگە بزانن ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران چەندە ڕێز لە پێوەندییە سیاسییە باشەکان دەگرێ.

**چوارەم**، بۆ دانیشتووان و پێکهاتەکانی ئێرانیش گرینگە بەپێی ئەزموونێک کە لە ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەیانە، بیر لە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بکەنەوە کە داهاتووی سیاسیی وڵات بەپێی ویستی ئەوان دەستەبەر بکات و جارێکی دیکە ناچار نەبنەوە شۆڕش و ڕاپەڕین بۆ دیسان گۆڕینەکەی وەڕێ بخەن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخە دەبینین بەداخەوە کە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە تا ئێستا ئاڵترناتیڤێکی بەو تایبەتمەندییە پێک بێنێ و خۆی بناسێنێ. ئەوەش دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی هەبێ لەسەر چاوەڕوانی و بیرکردنەوەی خەڵک، بەڵام بەو حاڵەش ئاڵترناتیڤی دێموکراتیک لە خەیاڵگەی خەڵکی ئێراندا غایب نییە و خەڵک بیری لێ دەکاتەوە. من باوەڕم وایە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆی وڵات و بە ئەزموونێک کە لە مێژوودا هەیانە ئۆپۆزیسیۆنی

دژی ڕێژیم و ڕێبەری بۆ داهاتووی ئێران دروست دەکەن و ئەوە نابێ جێگەی نیگەرانی بێت.

**کوردستان**: کوردستان ئادرەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکە بوو. ناوەندی هاوکاریش وەک ڕێکخەری نارەزایەتییەکان لە کوردستان پێناسە دەکرا، کورد زۆرترین قوربانیی لەو شۆڕشەدا دا. بەڵام هەتا ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانیوە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ڕێک بکەون. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەواوی قۆناغەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لە خەبات بەدژی پاوانخوازی و هێرش و سەرکوت بەردەوام پێشەنگ بوون و ڕێژیم نەیتوانیوە قەت بۆ ساتێکیش لە کوردستان ئارخەیان بێت. سروشتییە خەبات و بەربەرەکانێی کورد تێچووی زۆری هەبووە، بەڵام ئەو نەتەوەیە کۆڵی نەداوە، هەر ئەو کۆڵنەدان و خەباتگێڕییەش بۆتە پێناسە و شوناس بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان وایە شۆڕشی "ژینا" ڕەنگە ئەگەر لە کوردستان جەغماغەکەی لێ نەدرابا لەوانە بوو زوو دابمرکێ و ئەو کاریگەری و شوێندانەرییەی ئێستای نەبوا. ئەوە خەڵکی کوردستان بوون لەگەڵ بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا دەنگیان هەڵبڕی و ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خست و لە بەردەوامیی کوردستاندا ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکەش پەلی هاویشت. بۆیە کورد ئەمجارەش لە خەبات و شۆڕشدا پێشەنگ بوو، و مخابن لە تێچووشی شۆڕش و قوربانیدانەشەکدا پشکی شێری بەرکەوت. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" و بە تایبەتیتر حیزبی دێموکرات لەو ڕاپەڕینەدا دەوری بەرچاویان هەبوو. خەڵکی کوردستانیش هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئازایانە لە مەیداندا بوون، بەڵام ڕێنوێنی و هەڵوێستی حیزبەکانیشیان ڕەچاو کردووە. ئەوەش پێوەندییەکی باشی لەنێوان هێزە سیاسییەکان و بزوتنەوەی سیاسی - مەدەنی خەڵکی کوردستان و هەر وەها خەڵکی ئێرانیشدا دروست کردووە و دەکرێ بە بەشێک لە دەسکەوتە باشەکانی شۆڕشی ژینا دابندرێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هاوخەباتی و شوێندانەرییە بەداخەوە حیزبە کوردییەکان تا ئێستا لە داڕشتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتوون کە **لە ڕوانگەی منەوە دوو هۆکاری هەیە:**

**یەکەم**؛ حیزبەکان لەگەڵ ئەوەدا کە پێوەندیی باشیان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام خوێندنەوەیان بۆ ڕووداوەکان و بەو پێیەش هەڵوێستە سیاسییەکانیان زۆر لێک جیاوازە. ئەوەش کارەکەی کەمێک قورس کردوە و زۆر هاسان نییە کە هەموو ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی گشتگیردا کۆ بکرێنەوە.

**دووهەم**؛ چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی کوردستان زۆر گرێدراوی چارەنووسی خەڵکی ئێرانە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتدا ناتوانن هەر بیر لە کوردستان بکەنەوە، بەڵکوو پێویستە بیرێکی جیددی لە

هەموو بابەتەکانی سەرانسەری ئێران لەگەڵ ئێرانییەکان لە تاران و هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بکەنەوە. ئەوەش کێشەکەی دوو هێندە قورستر کردووە، بۆیە زۆر هاسان نییە هەموو حیزبەکان لە ماوەیەکی زەمەنیی ژورتدا بتوانن لە چوارچێوەیەکدا خۆیان ببیننەوە. بەڵام سەرباری ئەو دۆخە ڕوونە کە کورد پێویستە هەم لە نێوخۆیدا کۆدەنگ بێ و هەم لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک لەسەر خەت بێ. لە داڕشتنی پلاتفۆرم و نەخشەڕێی سیاسیدا کورد دەبێ بەپێی سەنگ و قورساییەکەی نەخشی هەبێ و بە بارتەقای خەبات و تێکۆشانەکەی مافەکانی لە داهاتووی ئێراندا جێگیر بکرێت.

**کوردستان**: **بەڕاشکاوی و لە چوارچێوەی پرسیارەکەی پێشوودا بۆچی حەوت مانگ پاش دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا، حیزبی دێموکڕات لە هیچ هاوپەیمانییەکی کوردستان و ئێرانیدا دەرنەکەوتووە؟**

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکرات، حیزبێکی بەئەزموون و وردبینە و بەتەواوی هەست بە هەستیاریی دۆخەکە و ئەرکی سەرشانی خۆی دەکات. بۆ حیزبی دێموکرات هەر کات بیهەوێ زۆر قورس نییە وەک خۆی پێش زۆر هێزی سیاسیی دیکە پلاتفۆرمی تایبەت بە خۆی بڵاو بکاتەوە. لەو پلاتفۆرمەشدا بەزۆری خواست و داوای خەڵکی کوردستان تێیدا ڕەنگ بداتەوە و بەڕوونی بڵێ کە پێویستە چ جۆرە نیزامێک لەسەر کار بێ و چۆن وڵامی پێویستیی سیاسیی پێکهاتەکان و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی بداتەوە. هەروەک لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ دا، کوردستان لە ئێستادا حیزب و گرووپی جۆراوجۆری تێدایە و جیاوازیی دیاریش لە تاکتیک و ستراتیژی حیزبەکاندا هەیە. بۆ نیزیک کردنەوەی هەموو یان زۆربەی حیزبەکان لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی تەواو و گشتگیر، کات و دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی باشی گەرەکە. دیارە دەشزانین کە کات درەنگە، بەڵام بەڕاستی دیالۆگ و قسەکردنەکان بەباشی و تەواوی نەکراوە بۆیە تا ئێستا لێکتێگەیشتنی تەواویش دروست نەبووە.

هەروەها بابەتی کوردستان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تەواوەتیی ئێران و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتەوە هەیە. پێویستە پلاتفۆرمێک لەلایەن کورد -بە تایبەت ئەوەی حیزب تێیدا بەشدار بێت- ەوە بدرێتە دەرێ کە بەڕوونی و بەتەواوی وەڵامی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەستیارەکانی ئێرانی داهاتووی تێدا بەدی بکرێ. دەبێ بزانین لەگەڵ کێ دەکەوینە دیالۆگ، داوای چ جۆرە نیزامێک بۆ داهاتووی ئێران دەکەین، لەسەر چ شتێک ڕێکدەکەوین بۆوەی چارەنووسی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەش بە دەردی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی نەچێ و ئەوەش کارێکی هێند هاسان نییە. پێش هەموو شتێک یەکڕیز و یەکگوتاریی هێزە سیاسییە کوردییەکانی گەرەکە کە تا ئێستا ئەوە نەهاتۆتە دی. لەڕاستیدا خەباتێکی سەختە و دەبێ لەگەڵ ئێرانییەکان لە مەیدانی قسە و دیالۆگدا بیبەینەوە و سەنگ و قورسایی خۆمانمان هەبێت. جیا لەوەش دەکرێ ئەو وەدرەنگکەوتنەش هەمووی بە زیان نەقەبڵێندرێ، بەڵکوو بە دەرفەتێک بۆ شەنوکەوکردنی هەموو بابەت و کەلێن و



سەرچاوە Serchawe

قوژبنەکان دابندرێ. بۆ ئەوەی لە پلاتفۆرم و هاوپەیمانییەکدا خۆمان ببینەوە کە جێگای پەسندی خەڵکی کوردستان بێت و زۆرینەی نیزیک بە تەواوی خواستەکانی خەڵکەکەمانی تێدا دەستەبەر بووبێت.

**کوردستان**: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لانیکەم چوار مەنشوور وەک نەخشەڕێ بۆ ئێرانی داهاتوو بڵاو بوونەتەوە. کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو مەنشوورانە لەسەر ڕەوتی شۆڕشی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بووە حیزب و کەسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا بیر لە جۆری نیزامی داهاتوو لە ئێراندا بکەنەوە و هەر حیزب و لایەنێک لە ڕوانگەی خۆیەوە نەخشەڕێگای داهاتوو دەستنیشان دەکات. ئەوە لەجێدا شتێکی باشە. هەر لەو ڕوانگەوە هەر بەشێک بە ڕادەی تێگەیشتن و دنیابینیی خۆی مەنشوور و نەخشەڕێی خۆی دێنێتە گۆڕێ و لەو ڕێگایەشەوە دەکرێ زۆرتر زانیاری و ناسین لەسەر دنیابینی و هەڵوێستی حیزب و کەسەکان وەدەست بێنی و ئەوە یارمەتی دەکات لە جێگای ئەوەی هەموو حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان بەجیا و یەک بە یەک بکەونە دیالۆگ و قسەکردن، بلۆکی سیاسی دروست ببێت و؛ بلۆکە سیاسییەکان دەکرێ لەگەڵ یەکتر دیالۆگ بکەن. هەر ئەوەش زۆر و کەم چاوەڕوانی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا درووست کردوە. تەنانەت دنیای دەرەوەش زۆرتر سەرنجیان کەوتە سەر بیرکردنەوە لە داهاتووی ئێران. ئەوانە هەموویان دەکرێ بە خاڵی باشی جووڵانەوەکە دابندرێن. بەڵام ئەگەر بپرسین کە ئەو مەنشوورانە بەگشتی چەندە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ئێران داڕێژراون؟ ئاخۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان بەو جۆرەی کە هەیە ناسیوە؟ یان لە داڕشتنی مەنشوورەکاندا چەندە پرژاونەتە سەر هەموو بابەتەکان و وڵامی چاوەڕوانییەکانیان داوەتەوە؟ ئەمن بە ڕاشکاوی دەڵێم نا. چوونکە؛

**یەکەم؛** مەنشوورەکان گشتگیر نەبوون.

**دووهەم؛** لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان وەک هەیە تێ نەگەیشتوون.

**سێهەم؛** لەگەڵ ئەوەدا باس لە جیاوازییەکان دەکرێ بەڵام بەروونی باس لەو جیاوازی و جۆراوجۆرییانە ناکەن کە لەکۆمەڵگەی ئێراندا هەن و دەبێ دانیان پێدا بنرێت. هەر بۆیە ڕێگای گونجاویان بۆ چارەسەری کێشەکان دەستنیشان نەکردووە. لە نیهایەتدا ئەو مەنشوورانە وەک پێویست لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا وەرنەگیراون و نەبوونەتە هۆی یەکیەتیی نێو هێزەکان و بگرە تەنانەت بوونەتە هۆی ئاڵۆزی و بەریەککەوتنیش. لەئێستادا دەبینن لەباتی ئەوەی ببین بە ئادرەس و سەرچاوەی کۆکردنەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەموکوڕییەکان زیاتر دەردەکەون و تووشی لێکدابڕان و لێکترازان دەبن. هیوادارین ئەو ئەزموونانە ببن بە دەرسێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆی حیزبەکان کە ئەگەر بیر لە مەنشوور و نەخشەڕێ دەکەنەوە، با پلاتفۆرمەکە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و پێویستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو پێکهاتەکانی ئێران تێدا بگونجێندرێ.



سەرچاوە Serchawe

**کوردستان**: سەنگی کورد لە دیالۆگەکانی ئێستای نێوان ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی چەندە بووە؟ بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی هەشت مانگی ڕابردوو لە بنەڕەت ڕا پێتان وایە ئەو دیالۆگانە دەسکەوتیان بووبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد بە زۆر پێوانە دەبێ بەهێز بێ و بەهێزیشە.

**یەکەم**، کورد هەموو کاتێک لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا بووە لەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و لەو پێناوەدا هەزینەی زۆری داوە، بەڵام کۆڵی نەداوە.

**دووهەم**، کورد پێش هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێران ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسی و دەنگی پێ نەدا و خەباتی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە کرد و بەبەردەوامی تێکۆشاوە بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک.

**سێهەم**، کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باوەڕیان بە دێموکراسی و ئازادی و مافی سیاسی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی مرۆڤەکان هەیە و بۆ وەدیهێنانی ئەو دروشمانە تێکۆشاون. ئەو فاکتەرانە وای کردوە کوردستان ببێتە چەقی ڕووداوەکان و ئەوەش تایبەتمەندییەکی گرینگی داوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرەڕای هەموو سەختی و دژوارییەکان و تێچوویەک، کوردستان و پرسی کورد لە بزووتنەوەی سیاسیی ئێراندا زۆر دیارە و ناکرێ بە هیچ شێوەیەک پشت گوێ بخرێ. هەربۆیە لەئێستادا بە هەر شێوەیەک باس لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێراندا بکرێت، کوردستان یەکێک لە فاکتۆر و دادە بەهێزەکانە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ. زۆر هێز و دەستە و حیزب و کەسایەتی سیاسییش کە باس لە دیالۆگ دەکەن ناتوانن کوردستان وەک فاکتۆرێکی بەهێز لەبەرچاو نەگرن. لەنێو هەموو ئەو مەنشوورانەی تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە یان قسە لە داهاتووی ئێران دەکرێ، باسی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان و مافی خەڵکی کوردستان کەم و زۆر بوونیان هەیە. هەر ئەوەی کە ئەو بەستێنە دروست بوو و ئێرانییەکان بە خوێندنەوەی جیاواز ئامادەن دیالۆگ بکەن و بەیەکەوە بابەتەکان بێننە بەرباس بۆ خۆی دەسکەوتە. هەروەها بیرکردنەوە لەوەی بە دیالۆگ پێویستە بابەتەکان یەکلا بکەینەوە و هیچ لایەک لانیکەم بوێری ئەوەی نییە دیالۆگ بە ڕێگەیەکی نامۆناسب بزانێ ئەوەش خۆی لە خۆیدا باشە، بەڵام ئەنجامی چی بووە جارێ ناکرێ لەسەر ئەو بابەتە یەکلایەنە قەزاوەت بکەین و حوکمی کۆتایی بدەین. هەشت مانگ زەمانێکی کەم نییە بۆ دەرکەوتنی ئەنجامی دیالۆگ. بەڵام بەو هەمووە جیاوازییانە کە لەنێو هێزەکان و کەسایەتییە ئێرانییەکاندا هەیە، پێویستە کاتی زۆرتر بە دیالۆگ بدرێ و چاوەڕوان بین.

**کوردستان**: کۆمەڵە وەک یەکێک لە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری چووە نێو بەرەیەکەوە کە ئێوە بەڕاشکاوی ڕەتتان کردەوە.

**ئەمە چەندە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و چارەنووسی ناوەندی هاوکاری داناوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: پێوەندیی سیاسی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە پێوەندییەکی سیاسیی تەندروستە. ئەوەی ئەو ماوەیەش بەیەکەوە لە ناوەندی هاوکاری کاریان کردووە، ئەزموونێکی باش بووە. بەڵام هەروەک لە ناوی ناوەندی هاوکاری ڕا دیارە ئەو دوو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە سیاسییەکاندا بەیەکەوە هاوکاری دەکەن و هیچ قەدەغە و قۆرغێک بەڕوونی دیاری نەکراوە کە ئەو دوو لایەنە بەتەنیا نەکرێ لەسەر بابەتێکی سیاسی بەتەنیا خۆیان بەشدار بن. هەروەک تا ئێستا ئەگەر لایەنێک چۆتە نێو هاوپەیمانی یان هاوکاری لەگەڵ لایەنی دیکە هیچ کاردانەوەیەکی نگەتیڤ لەلایەنی بەرانبەر نەبیندراوە، ئەوەش زۆر سروشتییە ئەو دوو حیزبە هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن. خۆ لە کار و تێکۆشاندا خەت و نیشان و دارولەلە بۆ یەکتر دانانێن. بۆ نموونە هەر وەک لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێ کراوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ مەنشووری "جۆرج تاون"ی ئیمزا کرد و حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەدا ڕایگەیاند ئەو مەنشوورەی قبووڵ نییە، بەڵام ئەو بابەتەی بەئاسایی وەرگرت و لەگەڵ کۆمەڵەش لە هاوکارییەکانیدا بەردەوام بووە و بەردەوامیش دەبێت. هیوادارم هاوڕێیانی کۆمەڵەش هەر بەو خوێندنەوەیە بۆ هاوکاری و پێوەندیی سیاسییەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات بڕواننە بابەتی لەو چەشنە.

**کوردستان**: بە ڕای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە ناوەندێکی گەورەتر بە بەشداریی هەموو حیزبەکان دابمەزرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: پێویستی ئەوەی ناوەندێک یان شتێکی گەورەتر لە ناوەندی هاوکاری لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسییەکان بێتە ئاراوە دەمێکە هەستی پێ دەکرێ و لەو پێوەندییەدا حیزبێکی بە ئەزموون و خاوەن کاریگەریی وەک حیزبی دێموکرات چاوەڕوانی زۆرتریشی لێ دەکرێ کە خەم لەو بابەتە بخوات. ئەوە نەک لە خوێندنەوەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا غایب نییە، بگرە زۆر جاران لەنێو تەشکیلات و ڕێبەرایەتیی حیزب ئەو بابەتە باس کراوە. تەنانەت لە ناوەندی هاوکاری و لە دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانی دیکەشدا باس لەو چاوەڕوانی و زەروورەتە کراوە. لە یەک قسەدا بە گشتی بۆ دروستکردنی ناوەندێکی گەورەتر هاوڕا و موافقین بەڵام کەی و چۆن و بە چ پێکهاتە و سیاسەت و فۆرمولێک بێت، ئەوە دیالۆگ و قسەکردنی زۆرتری پێویستە.

من هەر لەو تووێژەدا باسم کردوە بە خۆشییەوە پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان، پێوەندییەکی باش و سالمە، بەڵام لە تاکتیک و ستراتیژیدا جیاوازیی زۆر لە نێوان جەریانەکاندا هەیە هەم لە پێوەندی لەگەڵ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان هەمیش سەبارەت بە تێڕوانینمان بۆ داهاتووی ئێران و چۆنیەتی بەشداری کورد لە کایە سیاسییەکان و بەشداری سیاسی و ئیدارەدانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. بەڵام

سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان ئەوە یەکێک لە پێویستییە سیاسییەکانی کوردستانە کە هەموو حیزبەکان دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکەن و وەک بابەتێکی هەنووکەیی سەیری بکەن. حیزبی دێموکراتیش پێش هەموویان ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ لەو پێناوەدا هەنگاو هەڵێنێت.

**کوردستان**: دوای هێرشە مووشەکییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزب و سەرەڕای زیان و خەسارە گیانی و ماددییەکانی، مێدیاکان بە بەردەوامی باس لەو گوشارانە دەکەن کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بەغدا و هەولێرەوە لەسەر حیزبی دروست کردووە. دۆخەکە ئێستا بە شێوەیەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: گوشارەکانی ئێران لەسەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بابەتێکی تازە نییە. دەمێکە ئەوە لە ئارادایە و هەرجارە بە جۆرێک دەورووژێندرێ. ڕۆژانەش لە دەزگای جۆراوجۆری ڕاگەیاندندا لێدوانی بەرپرسانی سیاسی و ئەمنی و سەربازیی ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبیسین و دەزانین ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان ڕێژیمی ئێران و حکومەتی عێراقدا کراوە. زۆر و کەم لە نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکەش ئاگادارین. بەڵام ئەوە کە ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئەوە جەوهەری باسەکەیە.

سروشتییە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان دەستیان بە تێکۆشان کردووە و جۆر و شێوەی خەباتیش هەر بۆخۆیان دیاریی دەکەن و هیچ دەوڵەت و لایەنێک ناتوانێ ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بستێنێ. بۆیە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بە شێوەی جۆراوجۆر تا سەرکەوتنی کۆتایی درێژەی دەبێت و بەتایبەت هەر ئەوەش لە حیزبی دێموکڕات چاوەڕوان دەکرێت.

**کوردستان**: ئەمن پێموایە ئەوەی حکوومەتی ئێران دەخوازێ ناڕەوایە و لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکانی پێوەندیی باشی دراوسێیەتیی باش ناتەبایە، بۆیە ناکرێ ئەوانە جێبەجێ ببن، بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: **یەکەم**، خەباتی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان تەواو خەباتێکی سیاسی و ڕەوا و ڕێگە پێدراوە.

**دووەم**، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکڕات بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، وا نەجووڵاونەوە و ناجووڵێنەوە کە زیان بە بەرژەوەندیی سیاسیی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق بگەیەنن.



سەرچاوە Serchawe

**سێیەم**، ئەوەندەی ئێمە گوێمان لێ بووە، لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بەرپرسانە بووە. ئەوان پێویستە زیاتریش هەست بە بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان لە ئاست ئەو پرسەدا بکەن.

**چوارەم**، ئەو حیزبانە و بەتایبەت حیزبی دێموکرات ئەزموونی سیاسیی باشیان هەیە و بە سەختییەکان ڕاهاتوون. بەرگەی هەموو قۆناغێکی دژواری خەبات دەگرن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک واز لە خەبات و تێکۆشان بەو شێوەی کە خۆیان بە دروستی دەزانن و هەلومەرج بوار دەدا ناهێنن.

**پێنجەم**، لە کۆتاییدا سەردەمی ئەوە نەماوە ڕێژیمێک بیهەوێ لە وڵاتێکی دیکە ئیرادەی چۆنی پێ باشە ئاوا خۆی بەسەر گەل و دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا بسەپێنێ و بە ئاسانی بۆی بچەسپێ، ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە.

**کوردستان**: کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەو کاتەی بۆ چاوپێکەوتنەکە تەرخانتان کرد.

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# حەسەن شەرەفی: پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە



**دیمانە: عەلی بداغی**

## ئاماژە:

"کوردستان" بە مەبەستی لێکدانەوەی تازەترین دۆخی ئێران، سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و هەلومەرجی خەبات بە دژی ڕێژیم لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە. بەڕێزیان لەو وتووێژەدا باس لە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاڕێشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگاکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

**عەلی بداغی: کاک حەسەن هەڵسەنگاندنی جەنابت بۆ دۆخی یەکانگیریی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و هەروەها ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟**

**حەسەن شەرەفی**: ئەو دۆخەی ئێستا کۆماری ئیسلامی تێیدایە، هەرچەند بەڕواڵەت ئامادەبوونی خەڵک بەدژی ئەو ڕێژیمە

لەسەر شەقامەکان کەمڕەنگتر و تەنانەت بێڕەنگترە، بەڵام ئەوە بەمانای یەکانگیریی و سەقامگیریی وەزعی ئەم ڕێژیمە نییە. تا ئەوکاتەی بێزاریی خەڵک لە نێوەڕۆکی واقعیی ڕێژیم لە جێگای خۆیەتی و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم، دروشمی سەرەکی و هاوبەشی گەلانی ئێرانە؛ قسەکردن لە بوونی سبات لەو ڕێژیمەدا مانا نابەخشێ. بەتایبەت کە وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی نایەکگرتوویی و بوونی ناتەبایی تاریفێکی نییە. هەرچەند هیند وردە هەوڵی ناسەرکەوتوو لەو بارەوە هەبوون، بەڵام شوێندانەر نەبوون.

**عەلی بداغی**: هەر بەو پێیە پێتان وایە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئارێشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**حەسەن شەرەفی**: گرینگترین قەیرانی ڕێژیم ماهییەتی خودی ڕێژیمە کە لەگەڵ دنیای سەردەم نەگونجاو و بۆ خەڵکی ئێرانیش غەیر قابیلی تەحەمولە. لەوە زیاتر ئەو گێرەوکێشانەیە کە ڕێژیم وەک بەرهەمی ڕەفتاری دەستێوەردەرانە، تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە لە ناوچەدا وەک قەیران بەرەوڕووی خۆی کردوونەوە. قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک ئاماژەی پێ کرا، پرشوبڵاوی، یەکتر ئینکارکردن، قبووڵنەکردن و تەنانەت بۆ هێندێکیان زیاتر لە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، دژایەتیکردن لەگەڵ بەشێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە و داخستنی دەرگای هەرجۆرە دیالۆگێک لەگەڵ یەکترە کە ئەوە یارمەتیدەری مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە.

**عەلی بداغی**: لە چەند مانگی ڕابردوودا باس و تەوەری سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان پرسی دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی بووە. پێتان وایە ئەوە لەوەڕا دێ کە مەرگی ئەو ڕێژیمە زۆر نیزیک بۆتەوە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ؟ ئەگەر وایە بە کام هۆ؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: ئەوە کە پرس و باسی سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و تەنانەت ویستی زۆربەی خەڵکی ئێران دروستکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتویی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە و هەیە لە پێویستییەکی واقعیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاشکراشە هەرچی خەبات دژی ڕێژیم جدیتر و بەرینتر دەبێ، ئەو پێویستییە پتر خۆی دەردەخات. بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە مەرگی ڕێژیم بۆخۆی و بە پێی خۆی بەرەوپیلی خەڵکی ئێران نایەت، بەڵکوو ئەوە خەباتی لێبڕاوانە و یەکگرتووانەی گەلانی ئێرانە کە مەرگی ڕێژیم و تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە کورتی دەبڕێتەوە. کەوابوو لە هەر حاڵ و هەلومەرجێکدا پەلەکردن لەو یەکگرتوویی و پێکهێنانی هاوپەیمانییە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**عەلی بداغی:** سەرهەڵدانی بەرینی خەڵک کە لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بە ئاکام نەگەیشت، یان هەتا ئێستا ناکام ماوەتەوە. ئێوە هۆکارەکانی لە چیدا دەبینن؟

**حەسەن شەرەفی:** ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە پاییزی ڕابردوودا کە لە کوردستانەوە وەڕێ کەوت و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هاواری بۆ کرا و دواتر دەکرێ بڵێین سەرانسەری ئێرانی گرتەوە؛ لە جۆری خۆیدا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دژ بەو ڕێژیمە بێوێنە بوو. ئەگەر پێشتر حەرەکەتێک هەرچەند تا ڕادەیەک بەرینیش وەڕێ کەوتبێ، بەمجۆرە هەموو ئێرانی نەگرتبۆوە. ئەگەر پێشتر توێژێک یا سینفێک بۆ داخوازییەکانی خۆی حەرەکەتێکی کردبێ، ئەوجار هەموو ئێران بۆ یەک داخوازی، ئەویش ڕووخانی ڕێژیم لەسەر شەقامەکان بوون. ئەگەر پێشتر ڕووی ڕەخنە لە کردەوەیەک یان بڕیارێکی ڕێژیم بوو، ئەوجار ڕووی حەرەکەتی خەڵک دژ بە هەموو ڕێژیم و لە سەرووویانەوە خامنەیی بوو. جگە لەوە پشتیوانی و حەرەکەتی بێوێنەی ئێعترازیی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتیی خەڵکی دونیاش و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانیشی بۆخۆی مسۆگەر کرد و ئەوانەش وای کرد ڕێژیم خۆی لە لێواری گۆڕ و نەماندا ببینێت.

بەڵام حەرەکەتی وا گەورە و وا یەکگرتووانە و وا یەکدەنگ و یەک داخوازییە کە ڕووخانی ڕێژیم بوو، بۆ ناکام مایەوە؟ هەرچەند ئەمە حەرەکەتێکی تێکڕایی و سەرانسەری بوو، بەڵام چەند توێژ و سینف یان شانیان وەبەر نەدا، یان ئەرکی خۆیان بەووەخت ڕانەپەڕاند کە یەک لەوان کرێکارانی شوێنە پیشەیی و شوێندانەرەکان، یان بازارییەکان کە بەوجۆرەی پێویست بوو ڕەگەڵ نەکەوتن یان بەووەخت نەجووڵان. دیارە ڕێژیم کە خۆی لە مەترسیی جدییدا دەدیت، زۆر زیاتر و بێبەزەییانەتر جینایەتیان خوڵقاند و دەستیان لە هیچ ڕەفتارێکی دژی ئینسانی نەپاراست. هەزاران ژن و منداڵ و لاوی ئەو وڵاتە شەهید کران، سەدان کەس ئێعدام کران و دەیان هەزار کەس قۆڵبەست و زیندانی کران کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاکەش درێژەی هەیە. هەموو ئەوانە و کۆمەڵێک پیلانی دیکەی ڕێژیم لەو هۆیانە بوون بۆ دامرکانەوەی کاتی و نیسبیی ئەو حەرەکەتە.

لەو پێوەندییەدا نابێ ئەوەش نەبینین کە ڕەفتاری هیندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنخستنە نێو ڕیزی یەکگرتوویی خەڵک و هێرش بۆ سەر لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەنۆرەی خۆیان دەوری ناجایزیان گێڕا. بەڵام بە هەموو ئەوانەوە مادام ڕێژیم بەو ماهییەتەوە و بەو ڕەفتارانەوە بیهەوێ درێژە بە تەمەنی بدات، ئەم حەرەکەتە سەر هەڵدەداتەوە و خەباتی دژی بەو ڕێژیمە هەر بەردەوام دەبێت، جا با ئەگەر نزمی و کەمڕەنگییش ماوەیەک بە ڕوخسارییەوە دیار بێت.

**عەلی بداغی:** یانی سەرەڕای ئەو ڕکوودە نیسبی و کاتییەی بە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکاندا دیارە، ئێوە پێتان وایە لە داهاتوویەکی نیزیکدا ناڕەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ دەکەنەوە؟

**حەسەن شەرەفی**: ڕاستە لە ئێستادا کەمڕەنگی و بێڕەنگییەکی نیسبی و کاتی لە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکان دەبیندرێ، بەڵام ئەوە بە مانای کپبوونی خەڵک و ملدان بە ڕەفتاری دژەئینسانیی ڕێژیم نییە. بۆیە مادام گۆڕان لە ماهییەتی ڕێژیمدا نە لە ڕابردوودا پێکهاتووە و نە لە داهاتوودا پێک دێت، هەروەها مادام خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە بەتەواوی بێزراون و بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خۆیانی دەزانن و خەبات لەدژی ڕێژیم بە ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئازادیخوازانەی خۆیانی دەزانن؛ ئەو خەباتە هەر بەردەوام دەبی و دوورەدیمەنی شیاوی لێ بەدی دەکرێ. گرینگ ئەو بەردەوامی و یەکگرتوویی خەڵکی ئێرانە کە ڕازێنەرەوەی ئەو دوورەدیمەنە دڵخوازە دەبێت.

**عەلی بداغی**: پێتان وانییە لە ئێستادا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات هەیە؟ چەندە ئیمکانی یەکیەتیی نێوخۆ و دەرەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر عەرزی واقع هەیە؟

**حەسەن شەرەفی**: کەلێنێکی گەورە و درزێکی پڕنەبۆوە لەنێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەدی ناکرێ کە تا ئەو ڕادەیە ببێتە هۆی ناهۆمێدی، بەتایبەت کە دیتمان چ پشتیوانی و هاوسۆزییەکی بەرین لە زۆربەی وڵاتان بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شەقامی شارەکانی دەرەوە بەڕێوە چوو، و تا ڕادەیەک بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی دەرەوەی وڵات و تەنانەت هێندێ دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ لای حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات.

دیارە نەک بە مانای کەلێنی گەورە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەتوانین بڵێین لەنێوان دروشمەکانی یەکدەنگ و یەکخواستی نێوخۆ و وڵات و هێندێ کردەوەی نادروستی بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن و داخوازە ڕێکخراوەییەکەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن تەفاوەت و ناتەبایی بوونی هەبوو لە ئەوەش هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد زیانی بە نەفسی حەرەکەتە پڕنێوەرۆک و ماناداەرکە گەیاند. هیوادارم ئەو بەشەش لە ئۆپۆزیسیۆن بە واقعبینی بڕوانێتە حەرەکەتەکانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە داهاتوودا ئەزموون لەو ڕەوتەی ڕابردوو وەربگرێت.

**عەلی بداغی**: بۆچوونێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە حیزبە کوردییەکان بارتەقای دەنگی کۆمەڵگەی کوردستان و قورسایی ئەوان لە شۆڕشدا خاوەنداریەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران ناکا. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**حەسەن شەرەفی**: من ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە ناڕاست دەزانم. ڕەنگە حیزبە کوردییەکان بەشێکیان بارتەقای فیداکاریی خەڵکی کوردستان نەجووڵابنەوە یان هەڵوێستی وایان لە خۆیان پێشان نەدابێ کە خاوەنداریەتی لە شوناسخوازی و پرسی



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەییان پێوە دیار نەبووبێ، بەڵام هەشبووە لە هەموو حاڵێکدا پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی نەتەوەکەی لە سەروو هەموو شتێک بووە. هەرگیز بیروڕای گشتییش فیداکاریی خەڵک و حیزبەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە. جیاکردنەوەی نەک نێوەرۆکی، بەڵکوو ڕواڵەتیش لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد و پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورددا نییە.

**عەلی بداغی**: هەر وەک تەواوکەری پرسیاری پێشوو، ئەو بۆچوونەش هەیە کە کورد لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە سەنگەری هەرە پێشەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە بووە، زۆرترین خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە و قورسترین تێچووی داوە و هەتا ئێستاش هەر لە ڕیزی پێشەوە دایە. کەچی دیسان پەراوێز دەخرێ و وەلادەنرێت. بۆ؟

**حەسەن شەرەفی**: لەوەدا کە کورد لە ئێران لە سەرەتاوە ڕازی بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەبووە و بەردەوام لەدژی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک ئەویش لە جۆری دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە بووە، لەم ٤٤ ساڵەدا خەباتی بەردەوام و خوێناویی لەدژی کردووە و لەم حەرەکەتەی دواییشدا دەستپێشخەر و لە سەنگەری هەرەپێشەوەدا بووە؛ نە کورد خۆی بەڵکوو هیچ لایەنێک حاشای لەو ڕاستییە نەکردووە. بەڵام ڕاستە بەوحاڵەش پەراوێز دەخرێت.

لەو بارەیەوە پێویستە بڵێم کورد ئێستا سیمای واقعی و ڕاستینی دێموکراتبوون و ئازادیخوازیی خۆی بە هەمووان سەلماندووە. ئەو دروشمانەی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران گەواهیی ئەوە دەدەن کە کورد بۆتە چاو و چرای ئێران، یان گوتراوە ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان. بەڵام ئەدی کێ پەراوێزی دەخا یان وەلای دەنێ، ئەوانەی بۆچوونیان لەسەر مافی نەتەوەیی کورد و ئازادییەکانی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوان کوردیان دەوێ بەبێ مافەکانی، دەی خەباتی کوردیش بۆ مافەکانیەتی. بەڵام لە بەرانبەردا هەشن ئەوانەی داوا دەکەن کورد دەورێکی فراوانتر لە خەبات بە پانتایی ئێران بگرێتە بەر. بەخۆشییەوە دۆخی کورد لە ئێران ئێستا جۆرێکە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ کورد لە حیساباتی خۆیدا دەخیل نەکات.

**عەلی بداغی**: بێینەوە سەر پرسی پلاتفۆڕمەکان. پێتان وایە گەڵاڵە و نەخشەڕێیەک کە بتوانێ کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات لا بدا دەبێ لەسەر کام بناغە و بنەڕەت داندرابن؟ ئەمەش چ ئەرکێک بۆ هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکان بە دنیابینیی جیاوازی خۆیان دروست دەکات؟

**حەسەن شەرەفی**: بەداخەوە هەڵویستی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بە بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی ڕەقابەت و جیاوازیی بیروبۆچوون چۆتە دەرێ شکڵی دژایەتی و دژبەریی یەکتریی بە خۆیەوە گرتووە، بە جۆرێک چەند لایەنی جدیی ئۆپۆزیسیۆن هەن کە بە هیچ جۆر ئامادە نین لەگەڵ یەکدی تەنانەت قسە و دانیشتنیشیان هەبێت. باقی

لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەرکام لەم چەند لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکییە خۆ دەبوێرن. چونکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر یەک لەو لایەنە دژبەرانە بەکردەوە یانی دژایەتیکردنی چەند لایەنی دیکە کە ئەوەش یارمەتیدەری پێکهێنانی نەخشەڕێگایەک نابێت کە گشتگیر و فرەچەشن و فرەلایەن بێت. بەو حاڵەش ناکرێ لەوبارەوە دەست لەسەر دەست دابندرێ و پێویستە گەلاڵەیەک و نەخشەڕێگایەک بێتە ئاراوە کە لانیکەم لایەنەکانی بەدەر لەو لایەنە دژبەرانە لە خۆی کۆ بکاتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەوڵی شتێکی لەو بابەتەی داوە و گەلاڵەکەشی ئامادەیە و بۆ نەزەردان خستوویەتە بەر نەزەری ئەو لایەنانەی کە بوار و دەرەتانی پێکەوە کارکردنیان هەیە. ئەوەش دەتوانێ بە گرینگی و قورساییەکی کە حیزب هەیەتی ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک چارەساز بگێڕێ و لەو پرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن لەو حاڵەتەی ئێستایدا کەم بکاتەوە.

**عەلی بداغی**: لەگەڵ سپاسی دووبارە بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گشتییەدا ئەگەر قسەیەکتان هەبێ لە کۆتاییدا وەک کۆبەندکردنی باسەکەمان بفەرموون.

**حەسەن شەرەفی**: بەکورتی ئەگەر بڵێم، دڵنیام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەولێژیی ڕووخاندایە و درەنگ یا زوو دەسەڵاتی شووم و نەحسی لەسەر خەڵکی ئێران لادەچێت. دڵنیام خەباتی خەڵکی ئێران سەرەڕای کزی و بێدەنگیی کاتی یا بەرزی و بەرینیی تێکۆشانی بەردەوام دەبێ هەتا بە ئاکام دەگات. لەو نێوەدا ڕووخانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی خەبات، بەردەوامیی خەباتیش بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی خەڵکی ئێران. هەروەها یەکگرتوویی کوردیش یارمەتیدەری بەهێزبوونی کورد دەدا و بەهێزبوونی کوردیش بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەری سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا بووە



**دیمانە: "کوردستان"**

**ئاماژە:**

**"چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" ناونیشانی وتارێک بوو بە قەڵەمی کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و یەکێک لە فەرماندەرانی بەناوبانگی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە کۆمەڵێک باسی بەدووی خۆیدا هێنا و بەڕێز باڵەکی و تەنانەت حیزبی دێموکراتی بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرسیار کرد. "کوردستان" بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی پێکهێنا:**

**کوردستان: تازەترین نووسینی ئێوە لەژێر ناوی "چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" لە نێو خوێنەران و بەردەنگەکان لە سۆسیالمیدیا کاردانەوەی زۆری هەبوو. بە زۆری ئەوەش بوو کە ئەندامێکی ڕێبەریی حیزب کە خۆی جەنگاوەر و فەرماندەیەکی ناوداری حیزبەکەی بووە، چۆن شتی وا دەڵێ؟ ڕوونکردنەوەی زیاترتان بۆ ئەوە چییە؟**

**عومەر باڵەکی**: بۆ وڵامی ئەو پرسیارە پێم باشە لەسەر دوو دەستەواژەی "کەرەسە" و"ستراتیژی" بە کورتییش بێ باسێکمان هەبێ. کەرەسە لێرەدا بە مانای تاکتیکە و ستراتیژی ئەو ئامانجەیە کە ئەو تاکتیکەی دەخرێتە خزمەتیەوە. ستراتیژیی خەباتی مافخوازنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدستهێنان و دەستەبەری مافەکانیەتی لە چوارچێوە حکوومەتێکی دێموکراتێک و فیدراڵدا. بۆ بەئامانج گەیاندنی ئەو ستراتێژییەش جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو زەرفیەتییەکانی خەباتگێڕیی خۆی بە خەباتی چەکدارییشەوە کەلکی وەرگرتووە و وەردەگرێ. لێرەدا من ناتوانم و ڕەنگە دروستیش نەبێ باس لە ئامانجی ستراتێژیی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و نموونە بێنمەوە. بەڵام دەتوانم باس لە ئامانجی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بکەم کە لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا بەڕوونی دەستنیشانی کردوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماددەی یەکەمی بەرنامەی خۆیدا باس لە ئامانج و پڕەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەکا و لە چەند خاڵدا کە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین:**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.

٢- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ساڵانی ڕابردوو و لە ئێستاشدا قورسایی جووڵانەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە سەر شان، ئامانج و ستراتێژییەکەی دیار و ڕوونە. لەلایەکی دی ئەوە مەیدانی خەبات و تێکۆشانە کە شێوازەکانی هەوڵدان و کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو ستراتیژییە دیاری دەکا و هەر لەجێدا بەپێی کات و شوێن و ئیمکانی جێبەجیکردنیان لەلایەن ئۆرگانیزمی حیزبەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ و کاریان لەسەر دەکرێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە و نابی کۆڵی لێ بدرێ ئەوەیە خەباتکاران لە هەر قۆناغێکدا بن و بە هەر مێتۆدێک کار بکەن دەبێ ئامانجیان بۆ وەدیهاتنی ئەو ستراتیژییە بێ.

**کوردستان**: یانی پێتان وایە ڕەخنەگرانی بابەتەکەی پێشووتان بۆ بەرنامە و مێژووی خەباتی پێشمەرگانە نەگەڕابوونەوە و هەستەکی قسەیان لەسەر کردوە؟

**عومەر باڵەکی**: لەپێشدا سپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەم کە بە خەمخۆرییەوە لەسەر ئەو وتارە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

بەڵام لە خوێندنەوەی بۆچوونەکاندا وام هەست کرد کە هیندێک لەو بەڕێزانە تەنیا سەردێری بابەتەکە سەرنجی ڕاکێشاون و کەمتر بایەخیان داوە بە نێوەرۆکی وتارەکە. لە هیچ جێگایەکی ئەو وتارەدا باس لەوە نەکراوە کە بەهێزکردن و تەیارکردنی پێشمەرگە باوی نەماوە، یا نابێ پشت بە هێزی چەکدار کە دیارە مەبەست پێشمەرگەیە ببەستین. بەڵکوو مەبەستی ئەو وتارە ئەوەیە لە داوی دوژمن و نەیارەکانمان نەکەوین کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە ڕێگای دەزگای ڕاگەیاندنەکان و تەبلیغاتی بەربڵاوی خۆیان، خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد کە پاشخانی دەیان ساڵەی هەیە و لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی وەک مافی سیاسیی و مافی نەتەوەیی دامەزراوە، بە شەڕخواز و ماهییەتی گرووپێکی چەکدار بە جیهانی بناسێنن. چونکە خەباتی بەرگریکارانەی هێزی پێشمەرگە لە جووڵانەوەی مافویستی و شۆناسخوازیی خەڵکی کوردستان ناچێتە خانەی گرووپی چەکداری و میلیشیایی، بەڵکوو خەباتی پێشمەرگانە دەچێتە خانەی خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخواز.

هەر لەو نووسینەدا باس لە ڕۆڵی گرینگی پێشمەرگە وەک هێزی چەکدار کراوە کە توانیویەتی کورد لە تواندنەوە و پیلانەکانی دوژمنانی بپارێزێ. هەر لەجێدا کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەڕەنگێزیی نەیاران و دوژمنانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردوە و هێزی نیزامیی خۆی ڕێکخستوە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش بتوانێ پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەزیندوویی ڕابگرێ. ئەوەش نیشانەی بایەخمەندبوونی هێزی پێشمەرگە لە سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەلای نووسەری بابەتەکە، لە ڕابردوو و داهاتووشە.

**کوردستان**: ئەوەی باستان کرد پتر لێکدانەوەیەکی سیاسی بوو یان ئەزموونی کەسێک کە ساڵانێکی زۆر فەرماندەی نیزامیی هێزی پێشمەرگە بووە؟

**عومەر باڵەکی**: دەبێ بڵێم لە هەموو ماوەی تەمەنی حیزباتی و پێشمەرگایەتیمدا لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە هەموو کار و چالاکییەکانمان دەبێ لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و گەلدا بێ. قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم کە دەبێ شەڕ بۆ شەڕ بکرێ، بەڵکوو هەموو کات باوەڕم وابووە کە شەڕ دەبێ لەپێناوی وەدیهاتن و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی و دابینکردنی ئەمنییەت بۆ نیشتمان و خەڵکی کوردستان بێ. ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە هەلومەرجی ئێستادا بە دڵی هەموو لایەک نەبێ کە پێم شتێکی سرووشتییە و ڕوانگە جیاوازەکان جێگای ڕێزن.

هەر لەجێشدا مەبەستێکی دیکەی من لەو نووسینەی باستان کرد ئەوە بوو کە بڵێم هەموو کات و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا زۆرتر لە جارانیش پێویستمان بە خۆڕێکخستنە لەنێوخۆی وڵاتدا. ئێمە ئەگەر بتوانین ڕێکخستنێکی بەهێز و تۆکمە

لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخەین و شەقام بجووڵێنین، لە هەر هەلومەرجێکدا دەتوانین لە بواری چەک و کەرەسەی نیزامییەوە خۆمان تەیار بکەین. پێش هەموو شتێک ئەوی بۆ خەباتی چەکداری پێویستە ئامانجی سیاسی و ئیرادەی نەتەوەییە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هەم ئامانجە سیاسییەکە و هەم ئەو ئیرادەیە هەبووە و لە پیناوی ئەو ئامانجە سیاسییەدا خوێن و قوربانیی زۆر دراوە. ڕاستە سەرکەوتنی نیزامیمان بەدەست نەهێناوە، بەڵام جووڵانەوەکە لەسەر پێیە و هەنگاوی زۆر باشی بڕیون. باشە هەموو لایەکمان ڕاستییەکان ببینین کە لەگەڵ بوونی ئەو ئیرادەیە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان لە دنیای ئاڵۆزی ئەو سەردەمەدا هێندێک فاکتەر هەن کە جاری وایە کە لەبەردەستی بزووتنەوەکەدا نین. وەک: پشتیوانیی دەرەکی، پشتی جەبهە بۆ شەڕ و تەداروکات و کۆمەڵێک بابەتی دی کە لێرەدا من ئیزن بە خۆم نادەم باسیان بکەم .

**کوردستان:** لام وایە بەشێکی زۆری هۆکاری ئەو کاردانەوانە بۆ تێکەڵکردنی چەمکەکانی "شەڕ" و "چەک" دەگەڕایەوە. ئایا جەنابت مەبەستت ئەوەیە بڵێی کورد لاشەڕ بووە و زاتەن هەر مافخوازە و هیچ هەوڵێکی دەستدرێژی بۆ سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەداوە، یان "چەک" بە فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد نازانن؟

**عومەر باڵەکی:** شەڕ درێژکراوەی سیاسەتە و چەک کەرسەی شەڕە، بەو مانایە هەر کاتێک پرسێک لەنێوان دوو لایەن بە وتووێژ و دانوستان بەئاکام نەگەیشت، هەر لایەنە لەبەر خۆیەوە بۆ وەدستخستنی ئامانجەکانی پشت بە هێزی نیزامیی خۆی دەبەستێ و لە ئەنجامدا شەڕ دروست دەبێ. شەڕ هەموو کات دوو حاڵەتی هەیە: یا لایەک لایەکەی دیکە تێک دەشکێنی و بەسەریدا زاڵ دەبێ کە لەو حاڵەتەدا ڕوونە لایەنی تێکشکاو هیچی بۆ نامێنێتەوە. حاڵەتی دوویەم ئەوەیە هەردوو لایەنی شەڕەکە دەگەنە ئەو ئەنجامە کە دەبێ کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بێنن کە لەو حاڵەتدا ناچار دەبن ئیمتیاز بە یەکتری بدەن و پەیمانی ئاشتی لەنێو خۆیاندا بنووسن کە جووڵانەوەی گەلی کورد دەچێتە ئەو بازنەوە. چونکە نە ئێمە دوژمنەکانمان پێ لەنێو چووە و نە دوژمنەکانیشمان توانیویانە گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەنێو بەرن.

لە وەڵامی بەشی دوویەمی پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم ناخی کورد وایە قەت شەڕخواز نەبووە. کورد دەگەڵ ئەوەی نەتەوەیەکی زولملێکراوە و خاکەکەی دابەش کراوە، بەڵام قەت هێرشبەر نەبووە بۆ سەر خاکی نەتەوەیەکی دیکە و ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر کە لێرەدا جێگای باس نییە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بە تێگەیشتنی من گەلی کورد هەموو کات هەوڵی داوە لەگەڵ ڕاستییەکان مامەڵە بکا و بە دیتنی ئەو ڕاستییانەی دووربەری هەولی داوە تێبکۆشی و خەبات بکا بۆ وەدستخستنەوەی مافەکانی و، لە هەمان کاتدا بەو خەبات و تێکۆشانە هەوڵی داوە لە گەردەلوولی ڕووداوەکاندا ون نەبێ و تێدانەچێ.

ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەر بە ئاور و ئاسن وڵامی داوکارییەکانی گەلی کوردیان داوەتەوە و گەلی کوردیش زۆر ئازایانە و بوێرانە توانیویەتی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە ڕێک بخا و لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەلک وەربگرێ. زۆر جارانیش ئەو خەباتە هەتا لوتکەی سەرکەوتن ڕۆیشتوە، بەڵام فاکتەری جۆراجۆری وەک گەلەکۆمەکیی نێودەوڵەتی و یا نەبوونی هاودەنگی و هاوکاری نێو هێزەکانی کوردی و نەبوونی خوێندنەوەی دروست لە هەلومەرجە سیاسیی ناوچە و نێودەوڵەتی بوونە هۆی پاشەکشەی جووڵانەوەکە، بەڵام جووڵانەوە تێک نەشکاوە. چونکە جووڵانەوەی نەتەوەیەک بووە نەک هێزێکی سیاسیی و بۆیە دوای ماوەیەک بۆ جارێکی دیکە جووڵانەوکە پێی گرتۆتەوە. هەروەها کە باس دەکرێ چەک وەک فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەبینێدری یا نا؟ وا دروستە بە جێگای چەک باس لە فاکتەری هێزی گەل بکەین، هەر وەک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، حیزبێکی سیاسی بەتایبەتی کە لە حاڵی خەباتی سەخت و دژوار دایە، پێش هەموو شتێک پێویستە پێگەی جەماوەری لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا بەهێز بکا و ئەو پێگە جەماوەرییە بە شێوەیەک ڕێکبخرێ کە لە هەموو کاتدا بەدەنگ و ڕەنگ پشتگیریی هەڵویستەکانی ئەو حیزبە سیاسییە بکا و لەو کاتەدا کە هێزی گەلت لە گەڵ بوو، لە هەلومەرجی پێویستدا هێزی پێشمەرگە دەتوانێ یەکلاکەرەوەی مەیدانەکە بێت.

**کوردستان**: کاک عومەر ئەو باسەی جەنابت لە کاتێکدا دەکرێ کە وڵاتە نادێموکراتیکەکان، میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان بە شەڕ و توندوتیژی و بەکارهێنانی کەرەستەی شەڕی پێشکەوتوو توانیویانە هەم خۆیان بپارێزن و هەم تەنانەت پرکێشییەکی زۆریش بکەن؛ کەوابوو چۆن جووڵانەوەیەکی دێموکراتیکی مافخوازانە دەتوانێ خۆی لەوە بێبەری بکا؟

**عومەر باڵەکی**: یەکەم نە باشە و نەدروستە جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی گەلی کورد لەگەڵ میلیشیا و وگرووپە تێرۆریستییەکان بە بەری یەکتری بگرین. ئامانجی ئەو گرووپانە گەیشتن بە دەسەڵاتە لە ڕێگای توندوتیژی کە ئەگەر بگەن بە دەسەڵاتیش ناتوانن ئارامی و بەختەوەری و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگەیەکیان بەدی بێنن. چونکە بنەمای کرداریان لەسەر ئیدئۆلۆژیی خۆفەڕزکردن، توندوتیژی و بناژۆخوازی دانراوە. ڕەنگە ئەو گرووپانە بەهۆی وەدەستخستنی چەکوچۆڵ لە مەیدانی کرداریدا هیندێک سەرکەوتن بە دەست بێنن و ببنە خۆراکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو جۆرە سەرکەوتنانە کاتییە. چونکە ئەو گرووپانە ناتوانن ئیدیۆلۆژیی خۆیان بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ویستی خەلک و دنیای سەردەم بگونجێنن. بەڵام جووڵانەوەی گەلی کورد، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و شوناشخوازییە و بەخۆشییەوە لەو توندئاژۆییە بێبەرییە. ئەو شێوە خەباتەی گەلی کورد بۆ وەدستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەڵیبژاردوە دەرئەنجامی سیاسەتی پاوانخوازی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان و هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ناوچەییە کە بە سەری داسەپاوە. بۆیە لە ماوەی لانیکەم نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەو نەتەوە زوڵملێکراوە و هەوڵی داوە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بە پێی هەلومەرج بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کەلک وەربگرێ. ڕەنگە لای هێندێک لە دڵسۆزانی نیشتمان لە سەردەمی

ئێستادا وا وێنا بکرێ کە ڕێکخستنی خەڵک بۆ خەباتی مەدەنی ناتوانێ دەروازەی سەرکەوتن بە ڕووی گەلی کورددا بکاتەوە و سەرکەوتن لەو شێوە خەباتە دا بە خەونێکی شاعیرانە بزانن. بەڵام نابێ چاو لە ئاستی ڕاستییەکان لێک بنین. لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری جۆراجۆر کە لێرەدا هیچ پێویست ناکا باس بکرێن ڕووی لە کزی داوە و وەک سالانی پێشوو ئەو حەرەکەت و جموجۆڵە دیار و بەرچاو نین. بەڵام ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ژووره فکری و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەستی پێ دەکەن و دەیبینن زۆر جیاوازە لەوەی دڵسۆزێکی نیشتمان لای خۆی وێنای دەکا.

**کوردستان**: مەبەستتان پاڕادۆکسی گوتاریی ڕێژیمە لەبارەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردەوە؟

**عومەر باڵەکی**: بەڵێ. ئێمە دەبینین لە بواری تەبلیغییەوە بۆ بیروڕای گشتی ئێران دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامیی ڕێژیم بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژ ساڵە کپ بووە و ئەو بزووتنەوە هەرسی هێناوە و نەماوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی کردەوەدا تەواو بە پێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی خۆیان لەگەڵ پرسی کورد و حیزبەکانی کوردستان دەجووڵێنەوە. چونکە ئەوان دەزانن جووڵانەوەی شوناسخوازی گەلی کورد لەسەر پێیە و لە گەشەکردندایە و دەبێ ڕێگری بکەن لەو گەشەکردن و پەرەگرتوویە. بۆ ئەو مەبەستە هەر لە سەرەتای داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا هەوڵیان ئەوە بووە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان داببڕن، بەڵام هیچ کات لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبوون. لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی جێگیربوونی بەشی ئاشکرای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی -عیراق، دەسەڵاتدارانی تاران بەقسەی خۆیان بۆ ڕێگرتن لە چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابڕانی ئەو حیزبانە لە خەڵکی کوردستان، یەکەم هەنگاویان ئەوە بووە کە سنوور کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئەو کارە خودی فەرماندەی ویشکایی سپای پاسداران دەڵێ: "لەسەر سنووری دەستکردی ئێران-عێراق زیاتر لە دوو سەد مۆڵگەمان بە پێشکەوتووترین کەرەسەکانی شەڕ دروست کردوە." لە حاڵێکدا لەسەر ئەو سنوورە هیچ هەڕەشەیەکی دەوڵەتی دراوسێ لەسەر ئێران نییە و بە دانانی خۆیان تەنیا و تەنیا بۆ پێشگیری کردن لە هاتووچۆی هێزی پێشمەرگەیە و هەر ئەوە نیشانەی زیندووبوونی جووڵانەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانە بە بوونی حیزبەکانی ئەو پارچە لە خاکی نیشتمان. بەڵام لە کرداردا ئەو ڕێکارە نەیتوانیوە خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک دابڕێ و زیندووترین نموونە دەتوانین باس لە١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ دوای شۆڕشی ژینا بکەین کە بۆ جارێکی دیکە بنکە و شوێنی حەوانەوەی ژیانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکەکانی سپای پاسداران. بەڵام لە هەر دوو جاردا شاهیدی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بووین. خەڵکی کوردستان بە هاتنەسەر شەقام و مانگرتن پشتیوانییان لە حیزبە سیاسییەکانی خۆیان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و لێرە دایە کە دەسەڵاتدارانی



سەرچاوە Serchawe

تاران بەتەواوی هەستیان بە شکانی خۆیان لە بەرانبەر جووڵانەوەی شۆناسخوازی و مافویستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەڵام بۆیان نەبوو بە تەجروبە کە بەدوای چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورددا بڕۆن، بەڵکوو ئەوجار کەوتنە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. ئەگەر لەو هەلومەرجەدا پێناسەی ئەو کردارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین:

**یەکەم**، هەروەک گوترا ئەوە نیشانی زیندووبوونی جووڵانەوەی گەلی کورد و بوونی حیزبە سیاسییەکانیەتی لە گۆڕەپانی خەباتدا.

**دوویەم**، نابێ لەبیرمان بچێ ئەو حەرەکەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی جۆرێک لە شەڕە کە لەگەڵ جووڵانەوەی بەرحەقی خەڵکی کوردستان بەڕێوەی دەبا. لەو قۆناغە هەستیارەدا بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا سەرکەوین، جووڵانەوەی گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی پێویستی بە خۆ ڕێکخستنەوە و پاراستنی یەکڕیزی تەشکیلاتی و کارکردن لەسەر ڕەهەند جیاوازەکانی خەبات هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە جووڵانەوەی شۆناسخوازی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی مێژوو و تەجروبە و دووربینیشی سیاسیی کە هەیەتی زۆر زوو دەتوانێ لەو شەڕەش لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

ڕەخنەیەک لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە چ ستراتیژییەک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەبێ چەک ئاکامەکەی سەرکەوتن بووە، ئایا نموویەک بووە؟ مەگەر ئەوە نییە کە چەک و خۆڕاگریی چەکداری هەتا ئێستاش کوردی لە توانەوە و فەوتان ڕزگار کردوە!

**یەکەم**: لە ڕوانگەی خۆمەوە پێم دروست نییە خەباتی ڕزگاریخوازی وڵاتێک بکرێتە نموونە بۆ وڵاتێکی دیکە، دەنا خەباتی ڕزگاریخوازی زۆر وڵات لە مێژوودا هەیە بێ چەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. زۆر خەباتی ڕزگاریخوازیش لەگەڵ ئەوەی خاوەن چەکیش بوون تووشی شکان بوون.

**دوویەم**: هەلومەرجی نێوخۆی وڵاتەکان و ڕادەی تێگەیشتوویی خەڵکەکەیان و سیستمی حوکمڕانی و تەنانەت شێوازی تێڕوانینیان بۆ بابەتەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە ناکرێ بکرێن بە ڕێنیشاندەر و ئۆلگوو. بەڵام دەکرێ لە سەرکەوتن و شکانی ئەو جووڵانەوانە تەجروبە وەربگرین. لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە دروستە کە دڵسۆزانی جووڵانەوە باشە بۆ سەرخستنی جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدوای ئەو ڕێکارانەدا بڕۆن کە هاوسەنگی هەبێ لەگەڵ نیاز و تواناکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەبارەت بە بەشی دوویەمی پرسیارەکە، من لە هیچ جێگایەکی ئەو نووسینەدا باسم لەوە نەکردووە کە خەباتی ڕزگاریخوازی چ بە چەک یا بێ چەک سەرکەوتوو بووە یا نەبووە. باسەکەی من لانیکەم لەو وتارەدا ئەوە نەبووە و لە هەمان کاتدا باسم کردووە کە "ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاری دەکا." مادام شەڕمان بەسەردا سەپاوە بۆ بەرگری و پاراستنی خاک و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوە ناچارین پەنا بۆ بەرگری چەکدارانە بەرین. لێرەدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بەرگریی چەکدارانە یەکێک لە ڕەهەندەکانی خەباتە و ئەو حیزبە لەماوەی تەمەنی خۆیدا بەپێی توانا و هەلومەرجی کوردستان لەو ڕەهەندی خەبات بۆ بەئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی گەلی کورد کەلکی وەرگرتوە و مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاهیدی بۆ ئەو بابەتە دەدا کە ڕۆڵە ئازاکانی و کادر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی حیزبی دێموکرات چەندە فیداکارانە لە بەرەوپێشبردنی ئەو شێوە خەباتە چالاک و هەڵسوور بوون و لە قوناغی ئێستادا ئاکامی ئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەکان لە بەرگری چەکدارانەدا لەسەر شەقام و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەری کوردستان بە زەقی هەست پێ دەکەین. مەبەستی من لەو قۆناغەدا ئەوە بووە کە نەکەوینە داوی تەبلیغاتی ڕێژیم و دارودەستەکەی و بە کوردی دەست لە کراس بێنینە دەر و ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات کە لە ئێستادا بەستێنی لەبار و گونجاویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لەبیر بکەین.

**کوردستان**: ڕەخنەیەکی دیکە لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە ئەمجۆرە وێژمانە بێبایەخکردنی چەک و توانامەندکردنی خۆت وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازییە، ئەویش لە کاتێکدا زلهێزەکان و وڵاتە دیکتاتۆرەکانیش لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بۆمبی ئەتوم و مووشەکیان بەدەستەوەیە!

**عومەر باڵەکی**: لە وڵامی ئەو پرسیارەدا لە پێشدا با ئەوە وەبیر بێنمەوە کە لە وڵامی پرسیارەکانی دیکەدا بەوردی باسم کردووە کە مەبەست لە چەک لەو نووسینەدا چییە و لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە هیچ جێگای ئەو وتارەدا دەستەواژەیەکی وا بەکار نەهاتووە کە باس لە بێبایەخکردنی چەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بکا و خۆم لام شتێکی سەیر بوو کە لای هێندێک لە خوێنەران ئەو خوێندنەوەیەی لێ کراوە. چونکە منیش هەموو کات بە ئێستاشەوە باوەڕم وایە و هەرواش دەمێنێتەوە کە لە هەموو کاتدا ئەوە هێزە هەموو پرسەکان یەک لا دەکاتەوە و ئەوەش پێویستی بە سەلماندن نییە. بەڵام گرینگە بزانین ئەو هێزە سەرچاوەکەی چییە، بۆ چ ئامانجێک بە کاردێ.

بە بوونی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، بزووتنەوەی شوناسخوازی ومافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا پێویستی بە بوونی هێزی نیزامیی (پێشمەرگە ) بەهێز و بەتوانا بۆ داکۆکیکردن لە شوناسی نەتەوەیی خۆی هەبووە وهەیە. ئەو هێزە نیزامییە هاوشان لە گەڵ بەرەو پێش چوونی ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات لە کاتی خۆیدا دەتوانێ کاریگەری یەک لاکەرەوەی لەسەر پرسەکان هەبێ. بۆیە پێویستە ئەوە

دووپــات بـکەمەوە کە مەبەســتێکی دیـکە لەو نووسـینە ئەوە بــووە کە گەلــی کــورد بەگشــتی و دڵســۆزانی گەل و نیشــتمان بەتایبەتی نەکەوینە داوی شەڕی ڕەوانیی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ٤٤ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا پێ بە پێی شەڕ لە کوردستان، شەڕی ڕەوانییشی بردۆتە پێشی و بەتایبەتی لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەبلیغـاتیی نیـزام بە هەموو توانای خۆیان ڕوو بە خەباتگێران و بنەماڵەکانیان شەڕێکی دەروونیـی بەربڵاویـان بەڕێـوە بـردووە و دروست نییە خەباتگێڕان و دڵسۆزانی خـاک و نیشتمان بکەونە داوی ئەو شەڕە ڕەوانییە و خۆمـانی پـێ مەحکووم بکەن. چونکە هەموو لایەکمان باش دەزانین کە ئێرادەی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لە نێو خەباتکـاران و تێکۆشەڕان ونیشـتمان پەروەرانـی کوردسـتان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەهێـزی دایە و بـاوەڕم وایە بە بوونی خەڵک و خەبـاتگێران لە مەیـدانی خەبـاتـدا ئەو ئێـرادە نەتەوەییە بەسـەر ئەو قۆنـاخە و هەموو قۆنـاخە سـەخت و دژوارەکاندا سەر دەکەوێ.

**کوردستان:** سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.

**عومەر باڵەکی:** ئێوەش ماندو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

## مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت




**ئاماژە:**

**بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان یەک لە گەورەترین ڕووداوەکانی ساڵی زایینی بوو کە چاوەڕوان دەکرێ ببێتە سەرەتای زۆر گۆڕانکاریی دیکە لە وڵاتانی تورکیە و تەنانەت کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسیی وڵاتانی دراوسێش هەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە وەک پرەنسیپ و نەخشەڕێ هەمیشە باوەڕی بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە وەکوو باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە و لەم سۆنگەیەوە، بەچاوی ئەرێنی لەو بابەتە دەڕوانێ و هیواداره ئەم پرۆسەیە بە باشترین شێوە ڕەوتی ئاسایی و یاسایی خۆی بپێوێ و ئاکامی دڵخوازی هەر دوو گەلی کورد و تورکی لە تورکیە لێ بکەوێتەوە.**

**"کوردستان" بۆ تاوتوێی زیاتری ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:**

**کوردستان: کاک مستەفا وەک دەروازەی باسەکەمان هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان چیە؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئەو بانگەوازە پێویستە دەبێ بە پاشخانێکی فکری، سیاسی، مێژوویی و حقووقییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بە سەرنجدان بە دۆخ و هەلومەرجی سیاسیی ئێستای کۆمەڵگەی تورکیە و پرسی کورد وەک ئەمری واقعی ئێستای ئەم وڵاتە تاوتوێ بکرێ. لەو پێوەندییەدا ئەمن لام وایە هەتا ئێستا وەک پێویست ئەو هەڵسەنگاندن و وردکردنەوەیە نەکراوە، واتە لایەنی باش و پۆزەتیڤی پەیامەکە خوێندنەوەی تەواوی بۆ نەکراوە و لایەنە باشەکانی نەخستراونە ڕوو. لایەنی نەرێنییەکەش وەک خۆی بەپێی مەنتیقی سیاسی و مێژوویی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە و ئەوە یەکێک لە کەمایەسییەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای دەنگدانەوەی زۆر و باشی ئەو پەیامە جۆرێک هیوا و گەشبینی بە چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد لە لای خەڵکی تورکیە و باکووری کوردستان دروست کردوە. هەروەها پەیامەکە ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێ کە لەمەودوا جۆرێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی کورد لە تورکیە دێتە ئاراوە کە لەگەڵ سەردەم بگونجێ و تێچووی ئەو خەباتە بەتایبەت لەباری گیانی و وێرانکارییەوە کەمتر دەبێ.

**کوردستان**: ئەدی وەڵامدانەوەی پ ک ک، لەو بارەیەوە پێشبینیی چ دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ وەڵامی پ ک ک ئەوەندەی هەستم کردبێ وەڵامێکی یەکدەست و کۆنکرێت بە ناوی کۆنسەی سەرۆکایەتیی کەجەکە یان پەکەکە بەو بانگەوازە نەدراوەتەوە، یان لانیکەم من نەمدیوە. بەڵام ئەگەر قسەی بەرپرسانێکی وەک بەڕێز موراد قەرەیلان بە مەبنا بگرین، ئەوە کە لەپێناو دروستکردنی بەستێن بۆ دیالۆگ و دانوستان ئاگربەستیان ڕاگەیاندوە کاری باش و بەرپرسانەیە و وەڵام و کاردانەوەیەکی ئەرێنی بە پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلان و خۆشکردنی بوار بۆ وتووێژ و دانوستانی زیاترە. جیا لەوە دەبینین لە لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی پەکەکەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە پەکەکە بۆ ئەوەی بەتەواوی وەڵامی بانگەوازی ئۆجەلان بداتەوە، دەبێ سەرەتا ئۆجەلان ئازاد بکرێ و ئەو بۆخۆی سەرپەرستیی کۆنگرەی پەکەکە بکات کە بۆ تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پەیامە دەبەسترێ و وەک بۆخۆیشی دەڵێ بەرپرسایەتیی بڕیارەکە هەڵبگرێت کە قسەیەکی دروستی ڕێکخراوەیی و سیاسییە. ئەوە ئەگەر مەرجیش بێت، مەرجێکی دروست و لە جێگای خۆی دایە، لەبەر ئەوەی ئەو کۆنگرەیە یەکێک لە گرینگترین کۆنگرەکانیان دەبێت کە دەبێ بڕیاری مێژوویی تێدا بدرێت. بەتایبەت کە لە ڕوانگە و ستراتیژیی سیاسی و شێوەی خەبات لە باکووری کوردستاندا پێشبینی ئاڵوگۆڕی جیددی و زۆر جیاوازی دەکرێت.

**کوردستان**: کاریگەریی ئەو بانگەوازە و کۆی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە چۆن دەبینن، بە چ ئاقارێکدا دەڕوا؟

**مستەفا مەولوودی**: تورکیە خاوەنی نیزامێکی سیاسیی جیاوازتر بەنیسبەت ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژی، یان

باشترە بڵێین ئەو وڵاتانەی كوردستانیان بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی كورد و لەبەر چاوگرتنی مافی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەسەردا دابەش كراوە. نیزامی سیاسیی توركیە تا ڕادەیەك نیوەدیموكراتیكە و دەكرێ یاری و كایەی سیاسی و حقووقیی تێدا بكەیت. بۆیە ئاشتی لەنێوان حكوومەتی توركیە و بەڕێز ئۆجەلان و پەكەكە كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەهادینەكردنی زیاتری دیموكراسی لەو وڵاتە دەبێ و كورد دەتوانێ لە بەستێنێكی هەراوتر و گونجاوتر و لە چوارچێوەی یاساییدا حیزب و ڕێكخراوی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەبێت و مەجالی بزووتنەوەی جۆراوجۆری سیاسی، مەدەنی و كۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە كە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پانتایی و بەردەوامیی خۆیدا بە تێچوویەكی كەمترەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەكان هەڵبگیردرێ. بۆ ئەوەش زۆر پێویستە خەڵكی توركیە بە گشتی بە كورد و توركەوە بۆ دروستكردنی ئەو بەستێنە دیموكراتیكە بە سینگفراوانییەوە هەنگاوی بەكردەوە بنێن.

**كوردستان**: ئەگەر پەكەكە چەك دابنێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، سود و زیانەكانی بۆ باكووری كوردستان، ڕۆژاوای كوردستان، باشوری كوردستان و ڕۆژهەڵاتی كوردستان چی دەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: پەكەكە وەك لە مێژووی ئەم ڕێكخراوەیەدا دەیبینین و دەیخوێنینەوە سەرەتا وەك ڕێكخراوێك بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابورییەكانی خەڵكی زەحمەتكێشی توركیە و باكووری كوردستان دەستی بە تێكۆشان كرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات بیركردنەوەی بەنیسبەت كۆی باسە سیاسییەكان لە ناوچەدا بەتایبەت لە كوردستان و لەنێو خەڵكی كوردستان بەگشتی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. لە درێژەی ئەو ڕوستەدا باسی لە كوردستانی گەورە و پێكهێنانی كیانێكی سیاسی بۆ كوردان لە كوردستان كردوە؛ پاشان بە پاشەكشە لەو وێژمانە سیاسییە باسی لە نیزامی سیاسیی كۆنفێدراڵ لە ناوچەكەدا كردوە و هەتا گەیشتۆتە باس لە بەڕێوەبەریی خۆسەری دیموكراتیك كە وەك سیستم و نیزامێكی سیاسی پێناسەكردن و لێتێگەیشتنی بۆ زۆركەس هاسان نەبوو. لەبەر ئەوە كە نیزامێكی ئەزموونكراو و كارپێكراو نەبووە، لانیكەم لە ناوچەكەدا. لە ئێستاشدا لە نامەكەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ئەوە زۆرتریش ناڕوونی پێوە دیارە.

ئەو سیاسەت و بیركردنەوە لە هەموو بەشەكانی كوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هۆی سیاسەتی پەكەكە، دروستكردنی جەریانی شێوە پەكەكە كە ئیلهام لە سیاسەتی گشتیی پەكەكە وەردەگرن، لە سەردەمانێكدا لە هەموو بەشەكان، قسەی لێ دەكرا و حیزبی بۆ دروست دەكرا و ئەوە دەچوو نێو خوێندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەكە و شوێنەواری دەستوەردانی پەكەكەی لە هەموو بەشەكانی كوردستان پێوە دیار بوو. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو پرسە لەو سەردەمەدا نەك بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی كوردستان لە بەشەكانی دیكەی كوردستان نەدەشكایەوە، بەڵكوو دەبوو بە بیانوو بۆ دەستوەردان لە كاری سیاسی و تەنانەت كۆمەڵایەتی لە بەشەكانی دیكەی كوردستان و ڕێگای بۆ دەستوەردانی دەوڵەتانیش خۆش دەكرد.

لە ئێستادا پەکەکە پـرۆژەی هەیە بـۆ خۆگـۆڕین و چەکـداماڵێنیان و بە جـۆرێکی دیـکە تێکۆشـان و خەبـات لە چوارچێـوەی وڵاتی تورکیەدا و بەوەش چاوەڕوان دەکرێ ئەو دەستوەردان و حیزب دروستکردنانە کۆتاییـان پـێ بێـت و تێکۆشـانی سیاسیی پەکەکە لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا سنووردار بکرێت.

**کوردستان**: ئەو بۆشاییەی لە ناوچە سنورییەکان بەهۆی هەڵوەشانەوەی پەکەکە دروست دەبێت کێ پڕی دەکاتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەو جۆرە نییە کە پێمان وابێ بە چەکدانانی پەکەکە بۆشاییەکی قووڵ لە ناوچە سنوورییەکان دروست دەبێت. لەدیوی سنووری ئێران، حکوومەتی ئێران، تەواوی سنوورەکەی لای خۆی تەنیوە. تەنانەت لە هێندێک شوێن سنووری وڵاتـانی دراوسێشی بەزانـدوە. لە سنووری لای تـورکیەش هەر بەو شێوەیە و تەنـانەت بە بیـانووی بـوونی پەکەکە، تـورکیە مەودایەکـی زۆر لە سـنووری عێراقـی بەتـایبەت لە هەرێمـی کوردسـتان بەزانـدوە و بـنکەی نیزامیـی لـێ دانـاون. تەنیـا ناوچەیەکی بەرتەسک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گریلاکانی پەکەکەی لێیە و هەتـا ئێسـتا بـۆ مەدارا لەگەڵ پەکەکە بووە، دەنا دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاسەوانی سنوور ئەو توانا و ئیمکاناتەی هەیە سنوورەکە کۆنترۆڵ بکەن و هیچ بۆشاییەکی ئەوتۆی جێگەی نیگەرانی بۆ هیچ لایەک دروست نەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان



**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ پێنجەمین پلینۆمی خۆی بەڕێوە برد. تازەترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ڕۆژی بیست و پێنجەمی گەلاوێژ، هەشتایەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. "کورد کاناڵ" بۆ باس لەسەر باسە گرینگەکانی پلینۆم و هەروەها لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەی ئەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**عەلی بداغی**: کاک مستەفای بەڕێز، ئەمە یەکەم وتووێژی جەنابتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە دوای کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانەوە. حەوتووی ڕابردووش سێهەمین ساڵڕۆژی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و وەسەریەکەوتنەوەی

بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات بوو. بفەرموون کە یەکگرتنەوەی حیزب و تازەترین کۆنگرەی حیزب سەرچاوەی چ گۆڕانکارییەک و چ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا بووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وایە ئەو گۆڕانکارییەی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکگرتنەوە لە دوای پازدە - شازدە ساڵ لێکجیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا پێک هات، بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی زۆر گرنگ نەک هەر لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەشدا بوو. ئەو دوو لایەنەی حیزبی دێموکرات دوای هەموو ئەزموونەکان لە بێئاکامیی دابڕانەکان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگای سەرکەوتن و خزمەتکردن بە نیشتمان لە بوونی جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و قبووڵکردنی جیاوازییەکان دەست پێ دەکات و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی خاڵە هاوبەشەکان لە نێو جیاوازییەکاندا دەتوانێت ڕێپیشاندەر بێت. ئەوە نەک هەر لەنێو خۆماندا، بەڵکوو شێوەی هەڵکردن و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی غەیری حیزبییش کە هەر کامەی بیروبۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، ئەو لێکنزیکبوونەوە و پێکەوە کارکردن لە جیاتی ململانێ و ناکۆکیی ناسالم ڕێچکەیەکی بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانیش کردۆتەوە. حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندییەدا هەوڵی داوە کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی ئێرانیدا هیچ جۆرە ناکۆکییەک و گرژییەک نەمێنێت و تەنانەت ئێستا ئێمە خەریکی پێکهێنانی هاوکارییەک لە نێوان حیزبە سیاسییە کوردییەکانداین و لە نێو حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا هەر بەو مێتۆدە کار دەکەین.

گۆڕانکارییەکی دیکەی کۆنگرە لە پرسی نوێبوونەوە لە سیاسەتکردن، لە مامەڵەکردن و لێکدانەوەکانمان بە نیسبەت ڕابردوودا دەبینم کە دەبێ چاوخشاندنەوەیەکی زۆر جیددی پێدا بکەین، چونکە سەردەمەکە ئاڵوگۆڕی یەکجار زۆری بەسەردا هاتوە. خەڵکەکەمان ئاگایی و تێگەیشتنیان زۆر لە ئاستێکی سەرەوەیە، بۆیە حیزبی دێموکراتیش دەبێ پتر نوێ بێتەوە و هەروەها ئەوەش کە دەبێ لە ڕووی پرۆژە و بەرنامەوە کار بکەین و ئەوانە چەند خاڵێک لەو خاڵە گرنگانە بوون کە لە کۆنگرەوە تاکوو دەگاتە ئەو پلینۆمەی کە ئیشارەتان پێ کرد، هەموو پێداگرییان لەسەر کراوە و کراونەتە بەرنامەی کار.

**عەلی بداغی**: پێوەندیدار بە تازەترین پلینۆمی حیزب، وەک لە ڕاپۆرتی ڕاگەیەندراوی پلینۆمەکەدا هاتبوو کە لەم پلینۆمەدا باسێکی سیاسیی دەوڵەمەند لە لایەن جەنابتانەوە پێشکەش کراوە. شیکردنەوەکان ئەوەن کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ڕووخاوە. کارتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا یاریی پێ دەکردن، ئەو کارتانەی بەشی زۆری لەدەست داون. جەنابتان برێک بەرفراوانتر چۆن دەڕواننە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران؟

**مستەفا هیجری**: تێکشکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر تەنیا لە بارەی ئایدۆلۆژیکەوە نەبوو، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکانی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا بە تەواوی تێکڕووخاوە. گرینگتر لە

هەموو ئەوانە خەڵکیش پشتیوانیی لێ ناکات. بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دامەزراوەی "گمان" کردوویەتی سەتا حەفتای خەڵک لە ئێراندا لەو ڕێژەیە نارازین و دەیانەوێ ئەم حکومەتە بگۆڕن، تازە ئەوە ڕاپرسیی ساڵێک لەوە پێشە و ئێستا بە دڵنیاییەوە ئەو ئامارە زۆر زۆر زیادی کردووە. واتە ئەم دۆخەی ئێستا داڕووخانی سیستەمێکی فکریی چەقبەستووی کۆنە کە دەیویست شێوەی ئیدارەدانی وڵات بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەوە پێش بگەڕێنێتەوە و بۆخۆی ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی ئیسلامی و وەلی فەقیهـ وەک خەلیفەیەک ببێتە ڕێبەری موسڵمانانی دنیا. بەڵام ئێستا دەبینین کە ئەو خەون و خەیاڵانە هەمووی بە با چوون. هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم کە بەشی زۆری سامان و سەروەتی خەڵکی ئێرانی تێدا خەرج کرا و ئەو حکوومەتانەی وەک سووریە کە بەهۆی یارمەتییە هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە مابوون، ئەوانە ئەوانە هەموویان تێکڕووخاون و هەروەک باسم کرد لە نێوخۆی وڵاتیشدا شەرعییەت و لایەنگریی نەماوە و ڕێژیم لە دنیادا و لە ناوچەکەدا بەتەنیا ماوەتەوە. بۆیە لام وایە کە خێرایی پرۆسەی بەرەو نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر بووە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئێمە پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینین. جەنابتان پێتان وایە کە کۆماری ئیسلامی خۆی دەگرێتەوە یان بەڕاستی ئێستا کاتی دەستبەردان و تەسلیمبوونی گەیوەتێ؟

**مستەفا هیجری**: بە چی خۆی دەگرێتەوە؟ ئەوەی کە هەیبوو لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەمووی داناوە و نەک هەر ئەو سامان و سەروەتەی وڵات هەیبوو، بەڵکوو لەوانەیە داهات و ئیمکاناتی پەنجا ساڵی داهاتووشیان بۆ ئەو مەبەستانە دانابێت. لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێژیم پێگەیەکی نەماوە و ئەسڵەن و ئوسوولەن عەقڵییەتی ئەوە لە ڕێژیمدا بەدی ناکرێ کە بیهەوێ و بشتوانێ بە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانیدا خۆی بگرێتەوە. زۆر لە حکوومەتە نۆرماڵەکان بوێریی ئەوەیان هەیە ئەگەر لە پرۆژەیەکدا شکست دەخۆن، ددان بە شکستەکەیاندا دەنێن و بە دوای دۆزینەوەی چارەسەر و کەموکوڕییەکاندا دەگەڕێن. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆ پێی وا نیە هەڵەی کردبێت. کۆماری ئیسلامی دوای ئەو شکستە قورسەی لە شەڕەی دوازدە ڕۆژەدا ئێستاش پێی وایە شەڕەکەی بردووەتەوە و ئیسرائیل و ئەمریکای تەمبێ کردوە. حکومەتێک بەو عەقڵییەتە بە خۆیدا نایەتەوە و بێجگە لەوە دەرفەت و ئیمکانیشی بۆ ڕێژیم لە بەردەستدا نیە.

**عەلی بداغی**: بەڕێزتان لە باسە سیاسییەکانی پلینۆمدا باستان لە کۆمەڵێک ئەگەر و سیناریۆ بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی لە دڵی قەیرانەکانی ئێستادا کردبوو. ئەگەر بە کورتییش بێت چۆن لەو سیناریۆیانە دەڕوانن و لێکدانەوەتان بۆی چیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەرەکان زۆرن و بە وردی پێشبینی ناکرێت کە چی ڕوو دەدات، بەڵام ئەو ئەگەرانەی کە لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا بە گرنگ زانران،

## سێ ئەگەر بوون:

**یەکەم** ئەوەی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بچێتەوە سەر مێزی وتوویژ و وتووێژی ئەم جارەش هەمووومان دەزانین بە مانای ئەوەیە تەسلیمبوونی موتڵەقی ئێرانە، چونکە وەک باسمان کرد هیچ کارتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە. لە حاڵەتێکی وادا و لە ئەگەری ئەو ڕێککەوتنەدا ڕێژیم حکومەتێک دەبێت کە تێکشکاوە، هەموو هەڕەشەی فەرماندە و سیاسییەکانی ڕێژێم لە وڵاتانی دی هەمووی مایەپووچ دەرچوون، کە دەیگوت بۆیە لە سووریە شەڕ دەکەین هەتا شەڕ نەیەتە نێو وڵاتەکەمان، ئێستا نەک شەڕ هاتووەتە نێو وڵات، بەڵکوو ئاسمانەکەشی لەژێر کۆنترۆڵی دوژمنەکەیدایە. واتە دەبێتە حکومەتێکی زەلیل کە هێندەی دیکە خەڵک لێی دوور دەکەوێتەوە. لە حاڵەتێکی وادا پێشبینی دەکرێ کە دووبەرەکی یان چەندبەرەکییش لەنێو هەرەمی دەسەڵاتدا دروست بێت کە هەر ئێستاش نیشانەکانی دەبینین. چونکە لەو حکومەتانەدا بەرپرسێک نیە کە بەرپرسیارێتیی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە قبووڵ بکات و هەر ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر و ئەوە دەیخاتە سەر شانی ئەوی تر. ئەوەش بۆ خۆی سەرچاوەی دووبەرەکییەکی توندە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێت. ئەوە یەک لە سیناریۆکانە و دیارە هەر لە درێژەی ئەو سیناریۆیەدا بێتوو ڕێژیم مل بۆ وتوویژ و خۆبەدەستەوەدان نەدا، **هەڕەشەی شەڕێکی دیکەی** لەسەرە و پێشبینی دەکرێ لەو شەڕەدا کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا زەربەی زیاتر بخوات. دیارە ئەو شەڕەش هەر بۆ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بێننە سەر مێزی وتوویژ کە ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە تاکوو ئێستاش جێگرەوەیەکی قابیلی قبووڵ نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ وڵاتانی بڕیاربەدەست بۆ گۆڕینی کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نیە و ئەمریکاش بەتایبەتی نایەوێت لەو حاڵەتەدا کە هێشتا شەڕی ئۆکراین تەواو نەبووە و، لە غەززە هێشتا ئاشتییەک جێگیر نەبووە، نایهەوێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ و نائارامی لەو ناوچەیەدا بکرێتەوە. ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە ڕێژیم بە ڕێککەوتن لە وتووێژەکاندا خۆی دەگرێتەوە. هەر بەو هۆکارانەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدا لە حاڵەتێکی وادا چاوەڕوانی و مافخوازیی خەڵکەکەش لە نێوخۆ زیاتر دەچێتە سەرێ. ئەوە یەکێک لە سیناریۆکانە کە ئەنجامەکەی دەگاتە ڕووخانی ڕێژیم. لێکدانەوەکەی ئێمە ئاوا بوو کە لەو ماوەیەدا کە ڕێککەوتن دەکرێت، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی بڕیاربەدەست لە فکری ئەوەدا دەبن جێگرەوەیەک بۆ ئەو ڕێژیمەش پێک بێت، چونکە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی کارێکی وای نەکردوە هیچ متمانەیەکی پێ بکرێت.

**سیناریۆی دووەم ڕوودانی** شەڕێکی دیکە و نەمانی خامنەیی چ لە شەڕدا یان بە هەر هۆکارێکی دیکەیە. لە حاڵەتێکی وادا کێشە و ململانێیەکی یەکجار زۆر لە نێوخۆی وڵاتدا و لە نێو حکومەتدا پێک دێت و ئەنجامی ئەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی زیاتری حکوومەت و ئەوەش بۆ خۆی دووبارە پرۆسەیەکە کە ڕێژیم بەرەو ڕووخان و نەمان دەبات.

**دوایین ئەگەریش** کە باسمان کرد ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی لەبەر هەرەج و مەرەج و لەبەر ئەوەی نەفووز و کۆنترۆڵی بەسەر وڵاتدا نامێنێ، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای سەرکوتی و ڕێژیم لە بەشێک لە وڵات بڕێک دەستیان کورت بێتەوە. لەو حاڵەتەدا بەشێک لە وڵاتی ئێران بەتایبەت ناوچەکانی نەتەوە غەیرە فارسەکان و یەک لەوان کوردستان، لەو ناوچانەدا ئیمکانی کار و چالاکی زیاتر دەبێت و ئێمە بۆ هەر کام لەو ئەگەرانە ئامادەیی خۆمان هەیە.

**عەلی بداغی**: بەڵام خەڵکی کوردستان نیگەرانن و دەڵێن لەو بارودۆخەدا و لە دڵی ئەو هەموو ئەگەرانەدا حیزبی دێموکرات بە تەمای چیە؟

**مستەفا هیجری**: لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ئەوەی کە زۆر زەرووریيە، ئەوەیە ئێمە وەک خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتوو بین و شان بە شانی یەکتر بچینە پێشێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ لایەنگری چ حیزبێکە و چ جۆرە ئینتیمایەکی هەیە. هاوکات حەول دەدەین لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەم بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و هەم بۆ ئیدارەدانی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەبێت.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئەم ڕەخنەیە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە هەر هەیە کۆماری ئیسلامی لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازیی زیاتر ڕۆیشتووە، بەڵام ئێمە جموجۆڵ یان بڵێم بووژانەوەیەکی ئەوتوومان لە ئۆپۆزیسیۆن لە دژی کۆماری ئیسلامیدا نەدیوە. بەڕاستی کاک مستەفا هۆکارەکان چین؟

**مستەفا هیجری**: زۆر هۆکاری هەیە کاک عەلی، بەڵام گرینگترینی ئەوەیە کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆرە لە وڵات دوورن و لە ویست و خواستی نەوەکانی کە دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دایک بوون دوورن. ئەوان زۆرتر لەو ئایدۆلۆژی و بەرنامانەدا چەقیون کە پێشتر بوویانە و ئێستا سەردەمیان بەسەر چووە. لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆتان دەزانن هێزی سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکوو ئێستا بە توندی بەسەر خەڵکدا زاڵ بووە و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک فیداکاریی زۆریان کردوە. خەڵک ڕۆژانە ئیعدام دەکرێن، زیندانی دەکرێن، بێحورمەتییان پێ دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو باج و تێچووە و لەژێر ئەو زەبر و زەنگەدا خەڵک نەیتوانیوە وەک حیزب و ڕێکخراو خۆی و خەباتەکەی بەڕێکخستن بکات. دیارە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاواز و چەند قات باشترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران، چونکە لە کوردستان ئەزموونی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی لە مێژساڵەوە هەیە و هەر حیزبێکیش بە گوێرەی کار و تێکۆشانی خۆی تێکۆشاوە خەڵکانێک بەڕێکخراو بکات، بەڵام تەنیا بە کوردستان کارەکە جێبەجێ نابێت. ئەوانە بەشێک لەو هۆیانەن کە تاکوو ئێستا بەداخەوە یەکگرتوویی لە نێوان حیزبەکاندا



سەرچاوە Serchawe

و لە ئەنجامدا جێگرەوەیەک پێک نەهاتووە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا، لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە کۆمەڵێک جموجۆڵمان بینی. میتینگی پاشایەتیخوازەکان لە میونخ، میتینگی موجاهیدین لە ئیتالیا و لە نێوخۆی وڵاتیشدا ڕیفۆرمخوازە حکومەتییەکان کە باسی ڕێفراندۆمیان وەک ڕێگا چارەی تێپەڕین لە قەیرانەکان پێشنیار کردوە. من ناڵێم وەڵامی ڕاستەوخۆی کورد یان وەڵامی ڕاستەوخۆی حیزبی دێموکرات بەو ئەجێندایانە، بەڵام دەپرسم وێژمانی حیزبی دێموکرات، ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بۆ داهاتووی ئێران چییە؟

**مستەفا هیجری**: با لە بەشی ئاخری پرسیارەکەتەوە دەست پێ بکەم کە مەسەلەی ڕێفراندۆمە. ڕێفراندۆم ئەوەی کە مووسەوی لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاندوە یەکەم جار نیە باس دەکرێ، چەند ساڵ لەوە پێش ڕەزا پەهلەوی و هەندێک گروپی دیکەش ئەو مەسەلەیان خستووەتە ڕوو، بەڵام بە بۆچوونی من باسی ڕێفراندۆم لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە بێجگە لە عەقڵییەتی خۆی کەسی دیکەی قبووڵ نیە، ئاسنی ساردکوتانە. چۆن دەکرێت ئەم ڕێژیمە ئیجازە بدات ڕێفراندۆم بکرێت بۆ ڕووخاندنی، ئەویش حکومەتێک کە ئەسڵەن ویست و ئیرادەی خەڵکی بۆ گرینگ نیە. هەموومان لەبیرمانە لە سەردەمێکدا کە ئەحمەدی‌نەژاد بە فێڵ بەسەر مووسەویدا سەرکەوت، خەڵک کە خۆپێشاندانی کرد و داوای مافەکانی خۆی کرد، خەڵکی بە "خەس و خاشاک" ناو دەبرد، خامنەیی هەر چەند مانگێک لەمەوبەر لە بارەی مەسەلەی ڕێفراندۆمدا باسی ئەوەی دەکرد کە بۆ مەگەر ئەو خەڵکە دەتوانن تەشخیس بدەن کە حکوومەت دەبێت چۆن بێت؟ واتە ئەوان هیچ نرخێک بۆ خەڵک دانانێن. کاتێک باسی خەڵک دەکەن، خەڵکیان تەنیا بۆ کوشتن و بۆ شەرعیدان بە حکوومەتەکەی خۆیان دەوێ. بۆیە قسەکردن لە ڕێفراندۆم لەو هەلومەرجەدا و لە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا "خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن" و هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی فکری خەڵک لە ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

پێوەندیدار بە میتینگی موجاهیدین و پاشایەتیخوازەکان، دیارە هەموو حیزبێک مافی خۆیەتی کۆبوونەوە بکات و چالاکیی خۆی هەبێ، بەڵام لەسەر پاشایەتیخوازەکان و قوورساییان لە ڕێکخستنی خەڵک قسە زۆرە. هەمووان دەزانن کاتێک لە بزووتنەوەی ژینادا حیزبەکانی کوردستان داوایان کرد خەڵک لە کوردستاندا ڕاپەڕێ، خەڵک ڕاپەڕی و ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەری ئێرانیشی گرتەوە و تەنانەت سنوورەکانی ئەو وڵاتەشی بڕی. بەڵام تاکوو ئێستا ڕەزا پەهلەوی چەندین جار داوای لە خەڵک کردوە بێنە سەر شەقام و یەک جاریش خەڵک بە دەم ئەو داوایە نەهاتوە و تەنانەت دووکانێکیش لەسەر داوای ئەو دانەخراوە. بۆیە لەو باوەڕەدام خەڵکی ئێران لەوە تێپەڕیوە کە بێت لە نێوان دوو ئەزموونی شکستخواردووی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا دیسان یەکیان هەڵبژێرێتەوە. چونکی ناچار نیە و زۆر سیستەمی دێموکراتیک و سیستەمی پێشکەوتووی دیکە هەیە کە لە دنیادا ئەزموون کراوە و خەڵک دەتوانن هەڵیبژێرن. بۆیە من پێم وا نیە شانسێک بۆ

سەرکەوتنی پاشایەتیخوازان هەبێ و ئەوەی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ هاتنەسەرکاری ڕێژێمێکی دێموکراتیکی سێکولارە. خەڵکی ئێران ماهییەتی حکوومەتی دیکتاتۆری ئایینی و پاشایەتییان دیوە و بەدوای دێموکراسی و ئازادی و دەستەبەربوونی مافەکانیاندا دەگەڕێن.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا وەک ئاکامگیرییەک لەو باسە، پێتان وایە لە دڵی ئەم قەیرانانەی وا ئێستا ئێران بەرەوڕوویەتی، داهاتووی ململانێ و خەباتی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: من لەوەدا هیچ گومانێکم نیە کە خەڵک سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی کە تاکوو ئێستا ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی و لە داهاتووشدا دەیکا و بە نیشانەی ئیقتدار و دەسەڵاتی خۆی دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترسی کۆماری ئیسلامییە لە خەڵک. ڕێژیمێک کە بەهێز بێت، ڕێژیمێک کە پشتی بە خەڵکەکەی خۆی بەستبێت و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا وەک سیستەمێکی نۆرماڵ قبووڵ کرابێت، پێویستیی بە سەرکوتی خەڵکەکەی نیە و نایە لەسەر شەقام بیانکوژێ یان بیانگرێ و لە زینداندا ئەشکەنجەیان بکات. ئەوە پیشەی حکوومەتە لاوازەکانە هەمیشە لە ڕووخان و هەمیشە لە خەڵکەکەی خۆیان دەترسێن و، ناحەقیشیان نیە چونکە خەڵک لە دژیانە، بۆیە هەر پەنا بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ دەبەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کام ڕێژیمی سەرکوتگەر و دیکتاتۆڕ هەر بە زەبری هێز توانیویەتی خۆی ڕابگرێ؟ ئەمن پێم وایە ڕاستە خەڵکی ئێرانیش چەندی لەژێر زەبروزەنگدا بن، چەندی برسییان بکەن، بێحورمەتییان پێ بکەن و لە مافەکانیان بێبەشیان بکەن؛ بەڵام ئەو خەڵکە ئاگاتر دەبنەوە و باشتر بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە خەبات دەکەن. بۆیە داهاتووی ئەو بەربەرەکانییە لە نێوخۆی وڵات لە نێوان خەڵک و ڕێژیمدا بە سەرکەوتنی خەڵک کۆتایی دێت و لەوەشدا هیچ گومانێکم نیە

**عەلی بداغی**: وەک دواپرسیار و پێداگرتنەوە لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانتان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، ئەگەر قسەیەکتان لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و پەیامی خۆتان ڕوو بە خەڵکی کوردستان و ڕوو بە حیزبە سیاسییەکان مابێت، بفەرموون.

**مستەفا هیجری**: پەیامم بۆ خەڵکی کورد، بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە، و خەڵکانێکیش کە ڕەنگبێ لایەنگری هیچ حیزبێک بەن ئەوەیە کە هەموو ئەو خەڵکە بۆ ئێمەی حیزبی دێموکرات جێگای شانازین. پێم وایە ئەوان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان لە هیچ شتێک دریغیان نەکردوە، و هیچ لەو سەرکوت و زەبروزەنگانە نەترساون و خۆڕاگر بوون. قەت ئەو قسە و شێعر و لاواندنەوەی دایک و باوک و برا و کەسوکاری ئەو شەهیدانەی لەسەر گۆڕی شەهیدان، بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا دەماندی لەبیر ناچن. ئەوانە ورەیان

داوە بە ئێمە و ئەو یەکگرتووییەش بە تایبەتی گەورەترین هێزی ئێمەیە. داوام ئەوەیە ئێمە دەبێ ئەو یەکگرتووییە بەهێزتر بکەین بۆ ئەوەی حیزبەکەمان و بەتایبەت سەرووتر لە حیزبەکەشمان، بزووتنەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەهێزتر ببێت. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەمان لە کۆنگرەدا باس کردووە و لە پلینۆمیشدا پێداگریمان لەسەر کردۆتەوە. کاک عەلی ئێمە حیزبی دێموکرات تەنیا بە حیزبی ئەندام و لایەنگران نازانین، بە بۆچوونی من حیزبی دێموکرات، بیر و هزرە لە مێشک و دڵی خەڵکدا و ئەو هزرە بریتییە لە پێویستیی بەرەنگاربوونەوە دژی ستەم و داگیرکەری و بێبەشبوون لە مافەکانیان. جا ئەو بیر و ئەندێشەیە لە مێشکی هەر کەسێکدا بێت، من وەک حیزبی دێموکراتیان دەبینم و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە مەیدان ئاوەڵاتر دەکەینەوە و زیاتر هەوڵ دەدەین هەموومان پێکەوە بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمان، کوردستان و ئێران زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە بکەینە مەیدانی خەباتێکی مەدەنی و ململانێیەکی بەردەوام و جێگای پەسەندی دنیای ئەمڕۆ دژی حکومەتی چەقبەستوو و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی کە هەموو وڵاتی ئێرانی بە کوردستانیشەوە وێران کردوە. ئێمە هەموومان پێکەوە دەبینە هێز. دەبێ ئەو ڕێگایە بگرین و کۆماری ئیسلامییش بۆیە چاوی لەسەر کوردستانە و بە کەمترین جووڵەی کوردستان ناڕەحەتە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەو یەکگرتووییە چەندە بەهێز و بەتوانایە و چۆن دەتوانێ ئاگر لە دەزگای هەرەمی قودرەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەر بدات. بێگومان سەرکەوتن هی ئێمەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە پەلەقاژەکانی سەرەمەرگدایە. لەو بارەیەوە پێم خۆشە دڵنیایی بە هەموو خەڵک بدەم.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی خەرمانانی ٢٧٢٥

**ئەم چەند دیمانە لەگەڵ هاوڕێ عەلی بداغی ئامادەکراون:**

---

## عەلی بداغی: کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ



**کورد لە ئێران بە نەتەوەیەکی مافخواز دەناسرێ، هەر ئەو مافخوازبوونە و سووربوون لە خەبات دەرخەری ئەوەیە کە مافەکانی بەبەردەوامی پێشێل کراون و نەهاتوونەتە دی. کورد وەک پێکهاتەیەک لە ئێران لە چاخی نوێشدا پتر لە دەیان ساڵە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی خەبات دەکا، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو مافانە بەهۆی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی حوکمەتە دیکتاتۆرەکان وەدی نەهاتوون و پێخوست کراون؛ بەڵام پێ بەپێی ئەوەش خەڵکی کورد کۆڵی نەداوە و ڕازی بەو قەدەرە نەبووە و لەسەر خەباتی مافخوازیی خۆی بەردەوام بووە. پرسی مافی مرۆڤ و سیاسەتکردن لەسەر ئەو بابەتە بۆ گرینگە؟ حیزبەکان چۆن لەسەر ئەو بابەتە سیاسەت دەدەن؟ دوایین هەڵسەنگاندنەکان بۆ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان چین.**

**«کوردستان» ئەو بابەتەی لەگەڵ عەلی بداغی، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کردوە:**

**پرسیار: با بە پێناسەیەکی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێبکەین. ئەو ناوەندە کەی دامەزراوە و کارەکانی چین؟**

**عەلی بداغی**: ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراوەیەکی تایبەت بە چالاکی لە بەستێنی مافی مرۆڤە کە لەلایەن کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبرێ.

ئەو دامەزراوەیە بە سەرنجدان بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران هەوڵ دەدا تریبوونی لەڤاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەروەها سەکۆی فێرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی کلتووری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، هەڵوێست لە بەرامبەر ڕووداوەکان، دانەوەی ڕاپۆرت بە ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئۆرگانە نێونەتەوەییەکان، بڵاوکردنەوەی وتار، وتوویژ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی چالاکان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، منداڵان، ژنان، کرێکاران و هتد بەشێکی دیکە لە چالاکی و پرۆژە کارییەکانی ئێمە پێک دێنن.

**پرسیار**: ئێوە کادرێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتن و بەو پێیە ئەو ناوەندە دەبێ لە حیزبی دێموکرات نیزیک بێ. حیزبی دێموکرات چۆن دەڕوانێتە پرسی مافی مرۆڤ و چۆنی سیاسەت لەسەر دەکا؟

**عەلی بداغی**: ئەمڕۆکە پرسی مافی مرۆڤ وەک یەکێک لە پارامێترەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەوری کاریگەر دەبینێ و تەنانەت دەبینین کە لە هەندێ حاڵەتدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لەلایەن حکوومەتە دیکتاتۆرەکانەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشی بۆ دەخالەتی ئینسانی هان داوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا بە شێوەی سیستماتیک مافی خەڵکی ئێران و بە تایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کوردی پێشێل کردوە و ئەو پێشێلکردنانە لە هەموو بوارە و بەستێنە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری و ئایینیدا بەرهەست و زەق و بەرچاون.

لە لایەکی دیکەوە لەمێژ ساڵە کە گوتار و یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە کە کێشەکانی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تەنیا لە خانەی سیاسەتی دەرەکی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و قەیران خوڵقێنیەکانی لە ناوچەدا قەتیس نەکەنەوە، چونکە گرینگتر لەو بابەتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە بە شێوەی ڕەها و سیستماتیک و دوور لە ڕەخنەی جیدیی کۆمەڵگای جیهانی پیادە دەکرێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەموو ئەو هەل و تریبوون و دەرفەتانەی دەستی دەکەوێ، بۆ لەڤاودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران هەوڵی داوە. دامەزراندنی «ناوەندی مافی

مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان»یش بۆ ئەو ئامانجە بووە هەتا بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەبەرنامە بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشانی هەبێ.

**پرسیار**: ئێوە چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕاپۆرتی وەرزی بەهاری ناوەندەکەتان بڵاوکردەوە کە دێکۆمینتێک بوو لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا. دەکرێ هەندێ وردەکاریی ئەو ڕاپۆرت و دێکۆمینتەمان بۆ باس بکەن؟

**عەلی بداغی**: پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیستماتیکە. لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا مافی خەڵکی کوردستان، چ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان، چ مافە کولتوورییەکانیان، چ مافە نەتەوەیی و چ مافە ژینگەیی و زمانی و بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مافی کورد لە ئێران پێشێل دەکرێ. ئەو پێشێلکارییە هەم سیستماتیکە و هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک، بە زمانی زگماکەوە بگرە هەتا دەگاتە پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشە و پەرەسەندن، لە بەشداری پێنەکردنیان، لە بێبەشکردنیان لە ئیدارەکردنی شار و ناوچەکانی خۆیان ڕا بگرە هەتا دەگاتە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانیان کە لە ئێستادا ڕەنگبێ گرینگترینی ئەوانە بەتاڵانبردنی «ئاوی» کوردستان بێ. لە ئاگردانی دارستانەکانی ڕابرە هەتا دەگاتە بەرگرتن بە چالاکی و جموجۆڵە فەرهەنگییەکان. جا ئەوەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکەماندا بە دێکۆمێنتی دەکەین پتر لایەنی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە.
نوێترین ڕاپۆرتی ئێمە دەڵێ کە لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا سەدان حاڵەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ تۆمار کراوە کە لە چەند بەشی کۆڵبەرکوژی، ڕەشبگیر و گرتنەکان، تەقینەوەی مین، ئێعدام، خۆکوژی و ڕووداوەکانی کاردا پۆلێن کراون.

**پرسیار**: ئەمن چاوم بە وردەکاریی ڕاپۆرتەکە کەوتووە و ئەوەی بەدیم کرد ژمارەی زۆری گرتنەکان و حوکمدانەکان لە کوردستان بوو؟ ئایا ئەوە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

**عەلی بداغی**: بەڵێ هەر چاوخشاندنێکی کورت بەو ڕاپۆرتە و ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ دەنگ و باس و مانشێتی هەواڵەکان پێمان دەڵێ کەشی سیاسی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ناوچەیەکی جیاوازە. لەو بەشە لە ئێران کارکردی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکان زۆر جیاوازە و بە گشتی تێچووی چالاکیی سیاسی لە کوردستان یەکجار لەسەرێیە. وەک بۆ خۆت باست کرد هەر لە بابەت بەندکرانی چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانیدا زۆرترین کەسیان لە بەندیخانەکان پەستاوتوە. باسەکە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس و چالاکی کرێکاری و هەڵسووڕە مەدەنییەکان لە کوردستان نەک لەسەر

کەیسێکی سینفی؛ بەڵکوو بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەگیرێن و؛ بەندکراوە سیاسییەکانیش قورسترین حوکمیان لە دەزگای قەزاییدا بەسەردا دەسەپێ کە زۆربەی جاران دوورخرانەوە بۆ شار و ناوچە هەرە دوورەکان لە کوردستان وەک کەرەج و زاهیدان و مینابی لەگەڵە.

ئێمە دەبینین بۆ تاوانی وەک یەک لە ئێران سزای وەک یەک لە کوردستان دیاری ناکرێ و هۆکاری ئەوەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کوردستان کەیسێکی ئەمنیەتییە بۆ کۆماری ئیسلامی. کوردستان لە ڕوانگەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەری مارەکەیە و دەبێ پان بکرێتەوە، بۆیەش دەبینین تێچووی چالاکیی سیاسی، مەدەنی و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە زۆر لەسەرێیە، بەڵام با ئەوەش بڵێم کە ئەوانە هیچیان کۆڵیان بە ڕوحی بەربەرەکانی و تێکۆشان لە کوردستان نەداوە.

**پرسیار**: ئەوانەی گیراون بە تاوانی سیاسی بەند کراون و حوکم دراون؟

**عەلی بداغی**: نەخێر هەتا ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی سیاسیی پێناسە نەکردوە و زیندانیانی سیاسیی کورد هەمووی بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەگیرێن و حوکم دەدرێن. وەک باسم کرد دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش «تاوانی سیاسی» لەو وڵاتە پێناسە نەکراوە و لە ڕاستیدا ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوە بۆ ئەوەی چی نەیار و دژبەر و ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن هەیە لەو وڵاتەدا، تاوان «هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی وڵات»یان بدرێتە پاڵ و؛ سزای قورسیان لەو سۆنگەیەدا بەسەردا بسەپێندرێ. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم دژبەران و ڕەخنەگرانی خۆی دەمکوت دەکا و ڕاپێچی سووچی زیندانیان دەکا، هەم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵراوی دێ و دەڵێ وڵاتەکەی تاقە یەک زیندانیی سیاسیی نییە!

لە کوردستان ئەو دۆخە بۆ چالاکانی سیاسیی کورد و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکی دیکەیە، واتە تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری...

لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ قورسترە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بۆ کاری وەک یەک، سزای وەک یەک نییە و چالاکی سیاسی هەیە لە کوردستان بە تاوانی! ڕوماڵکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بەڵام هەر هەمان کار لە تاران سزاکەی ٦ مانگ بووە. ئەوە جیا لەوەی لە هەموو ئەو ساڵانەدا کوردستان لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە سەر زیندانیانی سیاسیدا پشکی شێری بەرکەوتوە، هەروەها لە ڕووی سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوەی ٢٥ ساڵ زیندان تا زیندانی هەتاهەتایی.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: بە جۆرێکی دی دێمەوە نێو باسەکە. دەپرسم تاوانی سیاسی یانی چی و زیندانیی سیاسی چ فەرقێکی لەگەڵ زیندانییەکی دیکە هەیە؟

**عەلی بداغی**: تاوانی سیاسی لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە لێک دەدرێتەوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتنیدا تاوانی سیاسیە بریتییە لە هەر جۆرە رەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە سیستمی بەریوەبەریی وڵات لە دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە ناڕەوا نیشاندانی رەفتار و بڕیار و رێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەرێوەبەریی وڵاتە، ئەویش بە مەبەستی گۆڕان.

ئەو ڕەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینارگرتندا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردنی نیزام و سیستمی بەرێوەبەریی وڵاتە. هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لەگەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە و وڵاتدا بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆیدا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پێچەوانە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە. بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک رێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، ویڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی راگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا راست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەڵسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژووره تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ڕیزە ئیدیعایەکی لیل و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی نیزام و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوە و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ.

**کوردستان**: باشە ئەوە کە تاوانی سیاسی لە ئێران کاری پێ ناکرێ چ لە مەوزووعەکە دەگۆڕێ؟

**عەلی بداغی**: قسەکە ئەوەیە کاتێک لە وڵاتێکدا و لە سیستمی دادی وڵاتێکدا تاوانی سیاسی پێناسە کرا، ئیدی چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگاییکردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە، ئەوە لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکاندا وایە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پێناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێوەدانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگاییکردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەڕێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بدا و، ئەوە تەنیا دادوەرە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ڕبەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەڵام بۆ دوای ٤٠ ساڵ تاوانی سیاسی کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ئاماژەت پێدراوە پێناسە نەکراوە و لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیدا کاری پێ ناکرێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەلاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوی کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادڕەسیی ئێراندا هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زیندانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەوڕۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر وڵاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پێودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو وڵاتەیە.

**پرسیار**: بێینە سەر لایەنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کە لە کوردستان پێشێل دەکرێ. مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ڕەهەندەکانی دیکەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەلی بداغی**: ئەگەر پێناسەی ئێمە بۆ مافەکانی کورد هەر ئەو پێناسەیە بێ کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون و ٧٠ ساڵ لە تەمەنیشی ڕادەبرێ، بەداخەوە زۆر لەو مافانە بۆ تاک و کۆمەڵی کورد وەدی نەهاتوون. هەڵبەت وەنەبێ لە ئێران تەنیا کوردستان لە زۆر مافە سروشتی و بنەڕەتییەکانی بێبەش بێ، بەڵکوو وەک دەبینین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆکە بەهۆی ڕەفتارە نەگونجاوەکانی لەگەڵ نۆرم و بایەخە نێونەتەوەییەکان بە ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافی مرۆڤ دەناسرێ. لە ماوەی ٤٠ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بەردەوام لەلایەن کۆمیسیون و شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئورووپا و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە مەحکووم کراوە. بەڵام پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن ڕێژیم بەوەڕا جیاوازە کە هەم سیستیماتیک و بە بەرنامەو

پلان دەکرێ و هەم لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. هۆکارەکەشی بۆ ڕوانگەی زاڵی ئەمنیەتی بۆ سەر کوردستان دەگەڕێتەوە.

لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام و شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، لە لە پەراوێزخستن و لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانیدا، لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک کانگاکانی بەردی زێڕ و بەردی بیناسازی، لە بەتاڵانبردنی ئاوی کوردستان و لەوە لەوە و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

بە گشتی ئەگەر ڕێژیم خۆی لە خۆیدا نادێموکراتیک، سەرکوتگەر و دیکتاتۆرە، بەڵام کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئەو زەبروزەنگ و پێشێلکارییانەدا بەداخەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ و لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی ئێران خەڵکەکەی پتر مافەکانی پێشێل کراوە.

**کوردستان**: مافی مرۆڤ چەندە دەتوانێ لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بخوێندرێتەوە و شوێندانێ لە سەر بڕیاری سیاسیی وڵاتان؟

**عەلی بداغی**: مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. ئێمە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشتر کۆمیسیۆن و ئێستا شووڕای مافی مرۆڤمان هەیە کە کار بۆ جێخستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ و هاندانی دەوڵەتان بۆ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەکا. تەنانەت وردە وردە باسی دەخالەتی مرۆیی خەریکە دەبێتە کارتێک بۆ وڵاتە زلهێزەکان لەسەر یەکلاکردنەوەی قەیرانی سیاسی و مرۆیی وڵاتێک. ئێمە لە بیرمانە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و ئەگەر هەڵە و نالێکییەکانی ساڵی ڕابردوو نەبا دەکرا ئێستا لە قۆناغێکی زۆر شازی سیاسیدا با، بەرهەمی ئەو دەخالەتە مرۆییەیە کە ساڵی ٩١ و دوابەدوای کۆڕەوە مێژووییەکەی باشووری کوردستان بە دروستکردنی مەداری دژەفڕینی ٣٦ دەرەجە درا. یان وەرگرتنی سەدان هەزار کۆچبەر لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوای مردنی «ئایلان» هەر لە سۆنگەی مرۆڤدۆستییەوە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، دیاریکردنی ڕیپۆرتێری تایبەت بە ئێران بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆنگەی گرینگیدانە بەو پرسە لای کۆمەڵگەی جیهانی. خۆ ئەگەر چاوێک بەسەر ئەو ئەو

گەمارۆیانەدا بخشێنین کە لەلایەن شوڕای ئەمنیەت، وڵاتی ئەمریکا و وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپاوە خراوەتە سەر ئێران، بەشێکی گرینگی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بووە.
لە زۆر وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاشدا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەکی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابوورییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەسساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە.

بێگومان وڵاتانی ئورووپایی بەرژەوەندیی خۆیان لە سەرووی هەموو پرسەکانی دیکە دادەنێن، بەڵام هەموو ئەو دەوڵەتانە بیروڕای گشتیی وڵاتانی خۆیان بۆ گرینگە، بۆیە دەکرێ حەسساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێبکرێ. دەبێ لەو بوارەدا مانۆڕی زۆر لەسەر تێگەیاندنی ئەو بیروڕا گشتییە لە دۆخی مافی مرۆڤو کردنی بە ئەهرومی فشار بۆ سەر پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئێران بدرێ؛ ئەوەش ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسانە.
ئەوەش کە چەندە دەکرێ لەو بوارەدا سەرکەوتن وەدەست بێ، ئەوە بە ڕادەی ئەو تێکۆشان و هەڵسووڕانە بەندە کە دەبێ لەو پێناوەدا بدرێ، ئەگینا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو نیزامە سیاسییە نییە کە بە پێخۆشبوونی خۆی بەرەو کرانەوە بچێ، بەڵام ئەزموونی فشاری کۆمەڵگەی جیهانی لە ساڵانی ڕابردوو بۆ سەر ئەو ڕێژیمە لەسەر پرسە ئەتومییەکەی دەری خست کە ڕێژیم چۆن لە بەرانبەر فشاردا پاشەکشە دەکا و دەست بەر دەداتەوە. بۆیە دەبێ لەو بوارەشدا فشاری زیاتری بخرێتە سەر.

**پرسیار**: وەک دوا پرسیار، لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا، بە دەر لە حوکمەت و حاکمییەت، پێتان وایە کێ چیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

**عەلی بداغی**: وەک بە تێر و تەسەلی باسمان کرد کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئیعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.



سەرچاوە Serchawe

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا رادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەڵاتر بێ، وەک چۆن دەبینی لە ساڵدا سەدان کۆڵبەر و کاسبکاری کورد سەرەڕۆیانە دەدرێنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام هیچ کام لەو توندوتیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە راگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

قسە ئەوەیە کە ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو تاکەکانی کورد لە نێوخۆ و هێز و لایەنانە سیاسییەکانی کورد بێ. ئەو ئەرکەش لە رێگەی مانگرتن و کۆر و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەقاودەرانە دێتە دی.

پێش هەموو شتێک وردەکاریی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بە دیکۆمێنت بکرێن و بڵاو بکرێنەوە. ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕەوتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بڕیارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمینێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ خۆشیان وەک نیشانیان داوە کە مافخوازن، دەبێ پتر لەو مافخوازییەدا لە سەنگەردابن و لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بێدەنگ نەبن. تەبیعەتەن ئەوە هەزینەی خۆی هەیە، بەڵام هیچ شتێکیش گرینگتر و بە ئەرزشتر لەو مافانە نییە کە پێویستە هەمانبن و بۆ ئەوە دەبێ تێچووی خۆی بۆ بدەین.

لە ژمارە ٧٢٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

## ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا






**دیمانەی شیوا مورادیان**

**ئاماژە:**

**"ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا" دێکیۆمێنتارییەک بوو کە شیوا مورادیان بۆ ٣٦ ساڵەی تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ئامادەی کردبوو و لە "کوردکاناڵ" بڵاو کرایەوە. ئەم بابەتە بە بەشداریی عەلی بداغی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کراوە.**

**شیوا موراديان**: ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیە کە پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەندە بە بوونی مرۆڤەوە وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. لە ڕوانگەی شەهید قاسملووەوە، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بڕیار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە. (شیکاریی زیاتر لە زمان عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە:)

ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیە کە پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەندە بە بوونی مرۆڤەوە وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی شەهید قاسملووەوە، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بڕیار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە.

**عەلی بداغی**:

ئەوەی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن گوتار بووە. یەک لە تەوەرە سەرەکیيەکانی ئەم گوتارە سەربەخۆ و تایبەتەی دوکتور قاسملووش دێموکراسی و دێموکراسیخوازییە کە هەموو ڕەهەندە فکری و خەباتکارییەکانی دیکەی د. قاسملوو بۆ مانابەخشین بەو دێموکراسییە دەبەستێتەوە. ئەمە هەر قسەی منی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات نیە، بێرنارد کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی د. قاسملوو لە پێرلاشێزی پاریسدا دەڵێ: قاسملوو، ئەتۆ هەموو ژیانت لەپێناو نەتەوەکەت، ئازادی و دێموکراسی نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو دنیا فیدا کرد. یان نووریی دێهکوردی، چالاکی چەپ و دۆستی نیزیکی حیزبی دێموکرات کە لە تێرۆری مێکونووسدا لەگەڵ د. شەرەفکەندی شەهید بوو، لەو بارەیەوە

دەڵێ: قاسملوو لەماوەی سەرکردایەتی کردنی حیزبەکەیدا زۆر شتی فێری ئەندامانی حیزبەکەی کرد، بەڵام بەبایەخترینی ئەوانە دێموکراسی بوو"، بۆیە لەخۆڕا نەبوو کە نازناوی مامۆستای دێموکراسیی پێ درابوو.

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە ڕابردوو و پێشینەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەو کاتەوە، واتە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوییەوە کە د. قاسملوو لە ئورووپاڕا دەگەڕێتەوە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەگرێتە دەست و ئێستا و داهاتووی ئەم حیزبە دادەڕێژێتەوە؛ دەبینین هیچ ڕێبەرێکی سیاسی و هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستان بە قەت د. قاسملوو، و بە قەت حیزبی دێموکراتێک کە ئەو بناغەکەی دارشتۆتەوە، هەوڵی بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا نەداوە. دێموکراسیخوازیی د. قاسملوو و تیۆریزەکردنی ئەو گوفتومانە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی گەلەکەیدا هەمووی لەپێناو دابینکردن و دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسینی کورد لە ئێران بووە، تا ئەو ڕادەیە کە دێموکراسی بۆ ئێران پێش مافی نەتەوەیی بۆ کورد لەو وڵاتە دەخا، چونکی ئەو دێموکراسییە بە بنەمایەک و زەمانەتێک بۆ جێگیربوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەزانێت.

د. قاسملوو لە پانتاییەکی دیکەشدا، ڕوکن و پایەکانی دیکەی گوتارە تایبەت و سەربەخۆکەی وەک فرەحیزبی و پلۆرالیزم هەر لە خزمەتی ئەو دێموکراسیخوازییەدا پێناسە دەکا. چونکی باوەڕی وایە بەبێ پلۆرالیزم و کۆکردنەوەی فرەیی و جۆراوجۆرییە سیاسییەکان ناکرێ ئەو دێموکراسییە لە قەوارەیەکی سیاسی-جوغرافیدا شکڵ بگرێ و دەوامی هەبێ.

د. قاسملوو بە ڕوونی دەڵێ دێموکراسی بۆ ئێمە واتە پلۆرالیزم و ئازادیی ئەندێشە و بیروڕا و دەربڕین. بەڵام ئەم دێموکراسییەی لە وێژمانی د. قاسملوودا دەخوێندرێتەوە، دێموکراسیی زۆرینە نییە. واتە ئەگەر نموونە بە ئێران وەک واحیدێکی سیاسی-جوغرافی بێنینەوە، ناکرێ ئەو دێموکراسییە ئاکامی بڕیاری زۆرینەی ئەو وڵاتە بێت، چونکی ئەم وڵاتە خۆی هەڵگری فرەیی و جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و کولتوورییە و دەبێ کۆمەڵە مافی تایبەت بۆ هەموو ئەو جۆراوجۆرییانە قایل ببین. بۆیە ئەم دێموکراسییە لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە دەبێ توافوقی بێت. دێموکراسییەکی تەوافوقی کە دەرفەتی خۆدیتنەوە و هاوبەشیی سیاسی بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو حیزبەکان و بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەی دەستەبەر کردبێت. ئەو مۆدێلە دێموکراسییە لە گوفتومانی د. قاسملوو، ئێستاش تاکەچارەسەری پرسی نەتەوەکان لە ئێران و مانەوەی وەک وڵاتێک بە شێوەی ئێستایەتی. فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیی ئێستای حیزبی دێموکراتیش کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بەپێی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و جوغرافییەکانی نەتەوەکانی ئێرانە، هەر لە چوارچێوەی ئەو گوفتومانەی د. قاسملوو و دێموکراسیخوازیی ئەودا پێناسە دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ڕوکنێکی دیکەی گوفتومانی د. قاسملوو دابنێین، ئەمەش

بە پێی دۆخ و هەڵکەوتوویی کورد لە ئێران هەر لە چوارچێوەی گوفتومانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملوودا پێناسە دەکرێت. چونکی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان نەبێتە باوەڕ و دانی پێدا نەنرێ و دەستەبەریش نەکرێ، دێموکراسی جێگر نابێ. پێوەندیدار بە ئێران ئێمە دەبینین زیاتر لە ١٠٠ ساڵە دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارس و ئایینزای شیعە بەتوندی سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیی کورد لە ئێرانیان کردوە، بەڵام شۆڕشی ژینا و نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخست ئەوەی شکستی خواردوە هەر سیستمی ناوەندگەرای تاران بووە و حکوومەتی ناوەندی لە ئێران مەحکوومە بە داننان بەوەی پرسی کورد تەنیا بە پێوانەکانی دێموکراسی چارەسەر دەبێ.

لەو بارەیەوە د. قاسملوو نیزیک بە ٦٠ ساڵ لەوە پێش لە کتێبی "کوردستان و کورددا" بەو شێوەیە باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا و دەڵێ "چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراسییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراسی. مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نابێ ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییش، دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکاندا پێک بێ. دیارە ڕزگاریی تەواو لە زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی و دابینکردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بوونی دێموکراسییەوە بەستراوەتەوە و هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش ڕوونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی، خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیشە.

ئەو ڕوانگەیەی د.قاسملوو لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە هەموو کۆنگرەکانی ئەم حیزبەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبدا و لە ماددەی یەکدا هاتوە: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا".

د. قاسملوو لە دوایین وتووێژی پێش شەهیدبوونی کە لەگەڵ عینایەت فانی و تەلەڤیزیۆنی بی بی سی لە سەفەری بێگەڕانەوەیدا کردبووی و ٢٠ ساڵ دوای تێرۆرکردنەوەی بڵاو کرایەوە، دەڵێ: ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستوە، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و هەموو شتێکە و خودموختاری تەنیا بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا



سەرچاوە
Serchawe

چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەش کە دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە. دوایە دێ بە زمانێکی سادە ئەو دێموکراسییە شی دەکاتەوە و دەڵێ دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان، ئازادیی فەرهەنگ، ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دوارۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا، مەگەر سیستمێکی دێموکراتیک نەبێ.

هەر لەو وتووێژەدا دوکتور قاسملوو دەڵێ ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێراندا هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن.

ئەگەر بمەوێ بە کورتی ئاکامێک لەو باسە وەربگرم، دەبێ بڵێم کە دێموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو ئامانجە هەرە بەرزەکە بوو. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەڵێ د. قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو پێش هەموو شوێنێک دێموکراسی لەنێو حیزبەکەی خۆی و کۆمەڵگەکەی خۆی کوردستاندا نەهادینە بکا و ئەگەر حیزبی دێموکرات لەو سۆنگەیە شتێکی لە دەست دەدا، د. قاسملوو دەیگوت ئەوە بەها و باجی دێموکراسییە کە دەبێ بیدەین. د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر حیزبێک، یان وڵاتێک پێویستە دێموکراتیزە بن، دەبێ تاکەکان و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە دێمۆکرات پەروەردە بن و بە بنەماکانی دێموکراسی بار بێن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پرەنسیپەکانی خۆی بۆ تاکی دێموکرات لە کۆمەڵە پێناسەیەکدا فۆرمولە بکا کە لە حیزبی دێموکراتدا بە "سیمای دێموکرات" ناسراوە.

لە گرینگترین بەندەکانی "سیمای دێموکرات"دا باس لە سەربەخۆیی سیاسیی تاکی دێموکرات و حیزبی دێموکرات کراوە کە بێگومان سەربەخۆیی سیاسی کۆڵەکەی تیوریی دێموکراسییە و حیزبی دێموکرات لەپێناو ئەو سەربەخۆیی سیاسییەدا باجی زۆری لە مێژووی خەباتی خۆیدا داوە. دیارە خۆی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" باشترین بەڵگەنامەی تیوریک لەسەر بنەماکانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملووە. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دێموکراسی سێ جۆری هەیە کە دەبێ تەواوکەری یەکتری و پێکەوە بن. دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری. د. قاسملوو باسی ئەوەی دەکرد کە وڵاتانی سۆسیالیستی، دێموکراسیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردوە، بەڵام بەلای دێموکراسیی سیاسیدا نەچوون، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین کراوە بەڵام دێموکراسیی ئابووری بەدی نەهاتوە و بۆیە ئەو دوو سیستمە هەردوو ناکامڵ و ناتەواون. سێ ساڵ دوای تێرۆری د. قاسملوو بینیمان کە

یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا، ڕێک لە بەر نەبوونی ئەو دێموکراسییە سیاسییەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی بوو.

**لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم دێموکراسی گرینگترین توخمی گوتاری فکری و مەنزوومەی فکریی د. قاسملوو بوو.**

***

لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە، ئازادیی تاک بە مانای پێکهێنانی دورگەی تەریک و دابڕاو لە یەکتر نیە و تاک ناتوانێ ئازاد بێ و کۆمەڵگە یەخسیر و دیل.

هەربۆیە بەڕێزیان لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی پێکهێنان حیزب و ڕێکخراو و سەندیکا و چاپەمەنیی ئازاد و دژی هەرچەشنە ئیدئۆلۆژییەکی داسەپێن و خۆسەپێن بوو.

بەکورتی شەهید دکتۆر قاسملوو، داکۆکیکاری گونجاندنی ئەخلاق لە سیاسەتدا بوو و پێی وا بوو کە ئەگەر سیاسەتێ ئەخلاقی نەبێ، ناتەبایە لەگەڵ گەوهەری بوونی مرۆڤ دا کە ئازادییە. ئەخلاق لە ڕوانگەی ئەوەوە، چەمکێکی ئاسمانی و ئابستراکت و میتافیزیکی نیە. بەڵکو ئەخلاق، شیکردنەوەی خودی گەوهەری ئازادییە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لە سیستمی دیموکراتیک دا، نرخ بۆ ئازادی، هەڵبژاردن و بیری ئازاد دادەنرێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، تەنیا دیموکراسی بە سیستمی ئەخلاقی دەناسی و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێداگری دەکرد:

**"هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و تا حیزبی دیموکرات مابێ، دیموکراسی ئامانجیەتی"**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# عەلی بداغی: هێزە کوردییەکان دوژمن و نەیاری هاوبەشیان هەیە و دەبێ هێز و توانای خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ڕێکبخەن



**دیمانەی جەماڵ ڕەسووڵی**

**ئاماژە:**

**ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٥ کۆنفرانسی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی بە بەشداریی ٧ حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نیزیک شاری کۆڵن لە ئاڵمان بەڕێوە چوو.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهێنەری ئەم کۆنفرانسەن بوون. لەو کۆنفرانسەدا کە لە سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی ژینادا بەڕێوە چوو، باس لە پەیام و دەرکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و دەسکەوت و

خەسار و دوورەدیمەنەکانی ئەم بزووتنەوەیە کرا. "کوردستان" لە پەراوێزی ئەم کۆنفڕاسەدا وتووێژێکی لەگەڵ عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" کردوە:

**کوردستان**: کاک عەلی سەرەکیترین کێشە و ئاستەنگی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا و ئەوەندەی بۆ حیزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە چین؟

**عەلی بداغی**: یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی یەکریزی و هاوخەباتی، هاوهەڵوێستی و یەکگوتارییە لەنێوان حیزبە سیاسییەکان. ئەم یەکگوتاری و یەکریزییە بە سەرنجدان بەوەی بزووتنەوەی کورد هەم دەرفەتی زۆر باشی لە بەردەمدایە و هەم هەڕەشە و مەترسیی جیددیشی لەسەرە، بە بوونی ئەم یەکریزی و هاوهەڵوێستییە هەم دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای بزووتنەوەی کورد مسۆگەر دەبن و هەم دەسکەوتی سیاسیی دیکەش بۆ کورد بەرهەم دێ، ئەمە هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەم لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئەو یەکریزی و هاوهەڵوێستییە، ئەم کۆنفڕانسەیە کە دوای چەند مانگ دانیشتن و قسەکردن و دیالۆگی پێکەوەیی ٧ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم دێ. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم ئەم کۆنفڕانسە بەرهەمی کار و دیالۆگی هاوبەشی ئەم ٧ لایەنەیە لە ماوەی ئەو چەند مانگەیە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا کە گەڕێکی نوێی دانیشتنەکان و قسەکردنەکان بۆ لێکتێگەیشتن و بنیاتنانی هەیکەل و قەوارەیەک لە هاوپەیمانی و یەکریزی لە ئارادایە، ئەم کۆنفرانسە دەتوانێ یەکێک لە کارە عەمەلی و مەیدانییەکان و سەرەتایەکی باش بێت.

لەڕاستیدا ئەمڕۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەویش لە بەرامبەر هێزە ناوەندگەراکان چ حکوومەت و چ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت پێویستیی پێیەتی، گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەییە. لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەکی قووڵ هەستی پێ دەکرێ و دەبینین ئەم بۆشاییە بووەتە لەمپەر لەبەردەم سازان و پێکهاتنی حیزب و هێزە سیاسییەکان و، هەروەها چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ، نموونەی هەرە زیانبارەکەشی لە بزووتنەوەی ژینادا دەرکەوت کە کورد نەیتوانی وەک پێویست بەری خەبات و خوێن و ڕاپەڕین و قوربانیدانی خۆی هەڵگرێتەوە. بزووتنەوەکە بەلاڕێدا برا، هەندێ لایەن ویستیان دەستی بەسەردا بگرن و هێزە کوردییەکان پەرتەوازە بوون و تەنانەت دەسکەوتەکانی بزووتنەوەکەشش خەریکە لایەنە غەیرە کوردەکان پاوانی دەکەن و دەستی بەسەردا دەگرن.

دیارە ئەمە زۆر ئاساییە کە ئێمە هێزە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆش شێوەی روانین جیاوازمان هەبێ، بەڵام مەخابن کاتێک جیاوازییەکان دەبنە دژایەتیکردن و پاشقولدانی یەکتر، ئیدی کورد گوتەنی لە گۆڕەپانەکەدا سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە. ئەوە جیا لەوەی کە نەبوونی ئەم گوتاری هاوبەش و هاوهەڵوێستییەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ئاراستەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لە نێوخۆی کوردستانیشی گۆڕیوە و هەم بووەتە هۆی پەرتەوازەیی و هەم سستی و پاسیڤبوون. واتە لە نەبوون و بۆشایی ئەم گوتار و یەکڕیزییەدا ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ ناقۆزرێنەوە، ئاراستە وەرناگرن و ناخۆشە کە دەڵێم بەسەر دەستماندا مندار دەبنەوە.

بۆیە ئێمە بە بایەخ و گرینگییەوە لەو کۆنفرانسە و هەروەها لە هەوڵەکانی ئێستامان بۆ هاوخەباتی و یەکڕیزی دەڕوانین.

**کوردستان**: زیانەکانی نەبوونی یەکگوتاری و ئەو پەرتەوازەیی و فرەگوتاری و فرەهەڵویستییانە چ بوون؟

**عەلی بداغی**: نەبوونی یەکگوتاری زیانی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بەرامبەر بە دەسەڵات و هەژمۆنیی ناوەندەگەراکان گەیاندوە. لەوەدا شک نیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیک و سەرکوتگەرە، ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بەشی زۆریان ڕوانگەی پانئیرانیستی و فاشیزمییان بە نیسبەت مافی نەتەوەکان و کورد وەک نەتەوەیەکی مافخواز هەیە. بەڵام ئەدی لە نێوخۆماندا چی؟ ئایا ئەم نایەکگرتووییە لەمپەر نەبووە لە بەردەم بەهێزبوونماندا؟ ئایا ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین بەباشی سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییەکانمان لە ڕەوتی خەباتدا بەرێکخراوتر بکەین. با... بێگومان با و زۆریشمان لەوە زیان کردوە. هەر لە ساڵانی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و کەفوکوڵی شۆڕش ئێمە چەند دەنگ و چەند گوتارمان لە کوردستان هەبوو. گوتاری نەتەوەیی، گوتاری چەپ و مارکسیستی، گوتاری ئایینی و هەموو ئەوانە درزیان خستبووە نێو بزووتنەوەی کورد و وایان کرد کە بەجێی قایمکردنی سەنگەرەکانی کوردستان لەدژی حکوومەتی ناوەندی کە هێرشی کردبووە سەرمان و کوردستانی لە ئاگر و خوێن وەردابوو، تەنانەت بۆخۆمان شەڕی خۆبەخۆ بکەین. ئەمە لە بزووتنەوەی ژیناشدا دووپات بوویەوە و ئەمن ناچمە نێو ئەو وردەکارییە کە جۆرچ تاون و سڕکردنی ناوەندی هاوکاری، کە بەیاننامەکانی ئەم ناوەندی هاوکارییە بووە هۆی هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەڕینە چ زیان و زەربەیەکی لە بزووتنەوەکەمان دا.

٤٥ ساڵ دوای ئەو ساڵانە ئێستاش ئەو کەلێنەمان تێدایە، بۆیە لەلایەک حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆنە سەراسەرییەکەی بە هەندمان وەرناگرێ، گرینگیمان پێ نادا و هێز و توانامان دەکەوێتە پەراوێزەوە. لە لایەکی دیکەش بەردەوام درز و کەلێنی خستووەتە نێو ئێمە و لێکیان هەڵبڕاندووین و بۆخۆیان براوە بوون. ئەم حەقیقەتە هەیە و تاڵە و دەبێ دانی پێدا بنێین کە بەشێک لە هۆکارەکان خۆمان بووین کە لە نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی گشتگیردا هێزی خەباتگێڕیی هێزە سیاسییەکان

و کۆمەڵگەکەمان یەک بخەین.

مەسەلە ئەوە نیە کە حیزبە سیاسییەکان هەموو هەڵوەشێنەوە و ببن بە یەک، مەسەلە ئەوە نیە حیزبە سیاسییەکان هیچ جیاوازییەکی ڕوانگە و بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر نەبێ، مەسەلە ئەوەش نیە کە ڕەخنەمان لە یەکتر نەبێ و ئەوەندە تەنەزول بۆ یەکتر بکەین کە خۆمان نەناسینەوە، مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، نەیار و بەدخواگەلی هاوبەشمان هەیە و ئێمە دەبێ ئینێرژی و هێز و توانای خۆمان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بەکار بێنین، ئەویش لە پێناو دەسخستن و پاراستنی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە ئێ هەموومانە وەک کورد. بۆیە وتووێژ و هەوڵی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ هاوخەباتی و یەکڕیزیی حیزبە سیاسییەکان کە بێگومان دەبێتە هۆی یەکگرتوویی لە نێوخۆی وڵاتیش ئەم ئیمکانە بە ئێمە دەدا لە بەرامبەر دوژمنان و نەیارانمان بەهێزتر ببین. ئەمە ئەرکێکی حەیاتییە کە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک هەستی بەو زەروورەتە کردوە و هەوڵی بۆ داوە و لە هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێ و بەشبەحاڵی خۆی بە تەواوی لە بەرامبەر ئەو ئەرکەدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا.

**کوردستان**: کۆنفرانسە هاوبەشەکەی کۆڵن داهاتووی کاری پێکەوەیی ئەم ٧ حیزبە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و نەیارە ئێرانییەکان دەباتە کوێ؟

**عەلی بداغی**: هەروەک باسم کرد بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بە هۆی لێکترازانەکان و دوورکەوتنەوەی لایەنە سیاسیەکان و فرە گوتارییەکان و خستنە پێشێی بەرژەوەندیی حیزبی لەهەمبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتی، زۆر دەرفەتی لە دەست داوە. ئێستا دوای بزووتنەوەی ژینا لە سێ ساڵ پێش هەتا ئێستا، دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی ١٢ ڕۆژە هەلومەرجی سیاسی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییش گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا هاتوە. هەمووان دەبینین کە دۆخی ژیئۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندە خێرا لە حاڵی گۆڕاندایە.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستا کەمتر لە مەتن و بەتنی ئەو هاوکێشە گرینگانەدا بووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە لە پەراوێزەوە بێینە نێو مەتن و ببین بە ئەکتەری سەرەکیی گۆڕانکارییەکان. بۆ ئەوەش دەبێ قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز و یەکگرتوومان هەبێ، چەترێکی هاوبەش کە هەمووان لەژێر ئەو چەترەدا هێز و توانای خەباتگێڕی و گۆڕانخوازیی خۆمان بخەینە سەریەک. ئەمە لە نان و ئاو بۆ بزووتنەوەکەمان پیویستترە.

کۆمەڵگەی ئێمە لە تەنیشت جیاوازیی بۆچوون و ڕوانگەی سیاسیی حیزبەکانمان، کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنی ئایینی و زاراوەییشە و هەم ڕێژیم و حکوومەتی ناوەندی و هەم ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمەش کە هێشتا هیچ دەسەڵاتێکی نیە،

دەیانەوێ ئەو جۆراوجۆرییانە و ئەم جیاوازییانە بکەنە سەبەب بۆ لێکترازان و هەڵوەشانی زیاترمان. ئێمە نابێ ڕێگە بەوە بدەین. بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم ٧ حیزبە دەبێ قەوارە و پێکهاتەی هاوپەیمانی و یەکڕیزیی خۆیان زۆر زوو پێک بێنن. شتی هاوبەش لەنێوان ئێمەدا زۆرە و بابەتە ناکۆک و جیاوازەکانیش نابێ ڕێگە لە پێکهاتن و سازانی ئێمە و تێپەڕین لەو قۆناغی گوزارە بگرن و یەکلاکردنەوەی هەندێ بابەت لەسەر جۆری حوکمڕانیی داهاتووی کوردستان با هەڵگرین بۆ بڕیار و ئیرادەی گشتیی خەڵک کە لە پرۆسە و سازوکارێکی دێموکراتیکدا بە دەنگی ئەوان دیاری دەکرێ.

ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە لەدژی پێکهاتە و نیزامێکی سیاسیی سەرکوتگەری پاوانخوازی وەک کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین کە هیچ مافێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ ئێمە بە ڕەوا نابینێ و بە توندترین شێوەی سەرکوتی کردووین و سەرکوتمان دەکا.

ئێمە نابێ ڕوانگە و بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی فارس و هەژمۆنیخوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا نەبینین کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جەوهەری حاکمییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی نیە. ئێمە نابێ چاوی خۆمان لە بەرنامەی وڵاتان و زلهێزان و بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکان لە ئێراندا بنووقێنین کە بێتوو نەبینە ئەو هێز و ئەکتەر و مەرجەعە، زۆر بە ئاسانی وەلا بندرێین و دیسان چارەنووسی ئێمە هەر شەڕ و قوربانیدانی زیاتر بۆ مافەکانمان بێ. بۆیە هەنگاو و بڕیارەکانی ئەم ٧ حیزبە لە کێشانی ئەو نەخشەڕێیە و ئەو دوورەدیمەنە لە خەباتی نەتەوەکەمان زۆر گرینگە.

**کوردستان**: بەڵام هەم پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و هەم ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بۆ مافەکانی نەتەوەکانی ئێران وەک بەربەستێکی جیددی لەهەمبەر داهاتووی ئێران نابینن؟

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنی سیاسیی کوردی دیکەش هەیە کە پەیامی ڕوون و ئاشکرایان ئەوەیە ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای دانانی بە فرەنەتەوە و فرەئایینیی ئەو وڵاتە و دەستەبەربوونی مافەکانی ئەو پێکهاتە و فرەییانە دروست بێتەوە. ئەگینا زەحمەتە سنووری جوغرافیاییەکانی ئەم وڵاتە بە شێوەی ئێستا بمێنێ و بەرپرسایەتیی هەڵوەشان و دابەشبوونی ئەو وڵاتەش لە ئەستۆی ئەو لایەنە ناوەندگەرایانە بوونی خۆیان لە سڕینەوەی ئەوانیدیدا دەبینن و وەک نەتەوەی سەردەسر لە هەموو فۆڕم و شێوەیەکدا هەوڵی سەرکوتی جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران دەدەن.

**کوردستان**: چ شتێک دەتوانێ ئەم ٧ حیزب و لایەنە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە؟



سەرچاوە Serchawe

**عەلی بداغی**: بە خۆشییەوە خاڵی هاوبەش لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرە و خاڵی کۆکەرەوەی حیزبەکانیش لەگەڵ یەکتری کەم نین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ٨ دەیەی ڕابردوودا خەبات و تێکۆشانمان بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. باوەڕیشمان وایە کە وەدیهێنانی ئەم ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەش لەگرەوی یەکگری و یەکڕیزیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەشداریی کارای هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. هەروەها بە سەرنجدان بە ئەزموونی پێنج دەیەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە نەک حاشای لە هەر چەشنە ماف و ئازادییەکی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی کورد لە ئێران کردوە، بەڵکوو بە توندترین شێوەی مومکینیش سەرکوتی کردوە؛ پێمان وایە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدراڵ لە ئێران ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووان. هەڵبژاردنی ئازاد، ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دابینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێو جوغرافیای سیاسی و بەڕێوەبەریی کوردستان، پرەنسیپە جیهانگیرەکانی مافی مرۆڤ و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناو و یەکسانیی ڕەگەزی و هاوبەشییان لە هەموو کایە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان بەشێکی دیکە لەو خاڵە هاوبەشانەن کە دەتوانن کۆکەرەوەی حیزبە سیاسییەکان و بنەماکانی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بن.

**کوردستان**: سپاس کاک عەلی بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا

**عەلی بداغی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەری ٢٧٢٥ی کوردی = جوولای ٢٠٢٥ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ عەلی  بداغی بۆ ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵێک وتوویژو چاوپێکەوتنە بەنرخانە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی